ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/331299536

# وێنەی ڕوونبێژی لە دیوانی شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ی قوبادی جەلیزادە دا - نامەی ماستەر

**Book** · February 2019

CITATIONS
0

READS
2,003

**1 author:**


Darya Jamal Awez Hawezi
Koya University

**26** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Darya Jamal Awez Hawezi on 23 February 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.


وێنەی ڕوونبێژی لەکۆمەڵە شیعری
(شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات)ی
قوبادی جەلیزادە دا
دەریا جەمال حەوێزی

# وێنەی ڕوونبێژی لە دیــوانــی

# ( شەهید بە تەنیا پیاسە

# دەکات ) ی قوبادی جەلی زادە

دەریـــا جـەمـال حـەوێـز حـەوێـزی

بە سەرپەرشتی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

( د. عزیز عبد الله گەردی )

الرَّحْمَنُ ۝ عَلَّمَ الْقُرْآنَ ۝
خَلَقَ الْإِنسَانَ ۝ عَلَّمَهُ
الْبَيَانَ ۝

**سورة الرحمن   الآية ١ ـ ٥**

## تێبینی :ـ

ئەم کتێبە ، لە بنەڕەتدا بریتی یە لە نامەیەکی ماستەرو لە لایەن ( دەریا جەمال حەوێز حەوێزی ) پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی کۆیە کراوە ، بە سەرپەرشتی بەڕێز (پ .ی .د.عزیز عبد الله گەردی )، و لە بەرواری ٢٠٠٨/٥/٢٤ هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە لە لایەن لیژنەیەکی پێکهاتوو لە بەڕێزان :ـ

١. پ . ی . د. نوزاد وقاص سعید سەرۆکی لیژنە
٢. پ .ی . سەردار ئەحمەد گەردی ئەندام
٣. د. عبد السلام سالار عبد الرحمن ئەندام
٤. پ .ی .د.عزیز عبد الله گەردی ئەندام و سەپەرشتیار

لە ئەنجامدا وەك بەشێك لە پێویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی دا بە پلەی ( زۆرباشەی باڵا ) قبوڵ کراوە .

# پێشـکـەشــە ...

ئەم بەرهەمە دیاری و پێشکەشە بە : ـ

- باوکـ و دایکــی دڵسۆزو خۆشەویستم .
- دەزگیرانــی ئازیزم ، ئارەزوو .
- خۆشەویستانم :ـ دەوەن و شنـە، دانەر و ئەڤین ، داهات ، شاکار ، شاهۆ ، برازای چاوگەشم باڤین .

# سوپاس و پێزانین ☙

بە ئەرکی خۆمی دەزانم وەک وەفاداری یەک سوپاس و پێزانین ئاراستەی هەموو ئەو خەڵکانە بکەم کە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بوون بە هۆی گەیشتنی بەرهەمەکەم بەم قۆناغە ، بەتایبەتی :- ...

- ✐ سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێز **پ.د.ئەبەزر مجید أمین** سەرۆکی پێشووی زانکۆی کۆیە بۆ ئەو پشتیوانی و هاوکارییەی گەورەی پێشکەشی کردم لە ڕەخساندنی دەرفەتی درێژەدان بە خوێندنی باڵا .
- ✐ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرۆکی ئێستای زانکۆمان ، بەڕێز **پ.د.خدر معصوم** کە بێ پاڵپشتی و هاوکاری بەڕێزیان هەرگیز خەونی تەواوکردنی ئەو خوێندنەم نەدەهاتە دی .
- ✐ سوپاس و ڕێز و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستای بەڕێزم **د.عزیز گەردی** کە شەرەفی سەرپەرشتی کردنی ماستەرنامەکەی پێ بەخشیم ، هەردەم دەرگای ماڵ و کتێبخانە بەنرخەکەی بۆم لەسەر پشت بوو ، بە دەیەها کتێبی بە نرخ و بە چەندین سەرنجی بە سوود پشتیوانی کردم .

✎ سوپاسی بێ پایانم بۆ شاعیری هاوچەرخ **قوبادی جەلی زادە** کەلە تێبینی و سەرنجە بەنرخەکانی سەبارەت بە شیعرەکان بێ بەشی نەکردم .

هیوادارم هەموو ئەوانە و سەرجەم ئەو دڵسۆزانەی تەنانەت بە یەک ووشەش هانیان داوم بۆ سەرکەوتن ڕێزو سوپاس و پێزانینم قبوڵ بفەرموون ، خوای گەورە نموونەیان زۆر بکات .

# نـــاوەڕۆك

| بـــابـــەت | لاپـەڕە |
|---|---|

| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | |
| **دەروازە** ، وێنەی شیعری پێناسەو جۆرەکانی ................................. | |
| باسی یەکەم : ـ چەمك و زاراوەی وێنەی شیعری .............................. | |
| باسی دووەم : ـ سوودو گرنگی وێنەی شیعری ................................. | |
| باسی سێ یەم : ـ جۆرەکانی وێنەی شیعری ...................................... | |
| | |
| **بەشی یەکەم :** ـ وێنەی لێچواندن ـ الصورة التشبيهية ....................... | |
| باسی یەکەم :ـ پێناسێنێك بۆ وێنەی لێچواندن ................................ | |
| باسی دووەم :ـ بنەڕەتەکانی لێچواندن ........................................ | |
| یەکەم : ـ لێچوو ـ المشبة ........................................ .......... | |
| دووەم : ـ لەوچوو ـ المشبة بە | |

| | |
|---|---|
| ............................................. | |
| سێ یەم :ـ ڕووی لێچوون ـ وجة الشبة<br>..................................... | |
| چوارەم :ـ ئامرازی لێچواندن ـ آداة التشبية<br>................................. | |
| باسی سێ یەم :ـ مەرجی دروست بوونی وێنەی<br>لێچواندن ..................... | |
| باسی چوارەم :ـ مەبەستەکانی وێنەی لێچواندن<br>.............................. | |
| یەکەم : ـ مەبەستەکانی<br>لێچوو.............................................<br>... | |
| دووەم : ـ مەبەستەکانی<br>لەوچوو..........................................<br>.... | |
| باسی پێنجەم : ـ جۆرەکانی وێنەی لێچواندن<br>................................ | |
| یەکەم : بە پێی سادەیی و لێکدراوی دوو<br>لایەنەکە ........................ | |
| ١. لێچـــــواندنی تـــــاك ـ التشـــــبية | |

| | |
|---|---|
| المفرد ........................................ | |
| ٢. لێچواندنی وێنەیی ـ التشبة التمثيلي ....................................... | |
| أ ـ لێچواندنی وێنەیی کە ئامرازی تێدا دەرکەوێت .............................. | |
| ب ـ لێچواندنی وێنەیی کە ئامرازی تێدادەرناکەوێت ......................... | |
| ٣. لێچواندنی تێکدراو کەڵەکەبوو ـ التشبية المركب ......................... | |
| دووەم : ـ بە پێی بوون و نەبوونی ڕووی لێچوون ................................. | |
| ١. لێچواندنی درێژە ـ التشبية المفصل ..................................... | |
| ٢. لێچواندنی پوختە کراو ـ التشبية الجمل ................................ | |
| ـ لێچواندنی بەرەڵای درێژە ـ التشبية المرسل المفصل ـ التشبية التام ............ | |
| ـ لێچواندنی بەرەڵای پوختەکراو ـ التشبية المرسل المجمل ...................... | |
| ـ لێچواندنی جەختاوی درێژە ـ التشبة المؤكد | |

| | |
|---|---|
| المفصل ........................... | |
| ـ لێچواندنی جەختاوی پەختە کراو ـ التشبة المؤكد المجمل ...................... | |
| سێ یەم : بە پێی رووی لێچواندنیان ........................................ | |
| ١. لێچواندن شتێك لە شێوەوجەستەدا ـ التشبية في شكل والجسد ............. | |
| ٢. لێچواندن لە جووڵە ـ التشبية في الحركة .................................. | |
| ـ وێنەی لێچواندنی جولاو ـ التشبية المتحركة ................................ | |
| ـ وێنەی لێچواندنی چەسپاو ـ الثابتة ........................................ | |
| ٣. لێچواندن لە ڕەنگدا ـ التشبية في اللون .................................. | |
| ٤. لێچواندن لە دەنگدا ـ التشبية في الصوت ................................ | |
| ٥. لێچواندن لە هێواشی و خێراییدا ـ التشبية في السرعة ............... | |
| چوارەم : ـ بە پێی ئاشکرایی و نا ئاشکرایی دوو | |

| | |
|---|---|
| لایەنەکە ...................... | |
| ١. لێچواندنی ئاشکرا ـ التشبیة الصریح<br>...................................... | |
| ٢. لێچواندنی شاراوە ـ التشبیة الضمني<br>...................................... | |
| پێنجەم :ـ بە پێی ئاشکرایی و نا ئاشکرایی ڕووی لێچوون ..................... | |
| ١. لێچواندنی نزیکی سواو ـ التشبیة قریب المبتذل<br>............................ | |
| ٢. لێچواندنی دووری نامۆ ـ التشبیة بعید غریب<br>.............................. | |
| شەشەم : ـ بە پێی هەستی و ژیری دوو لایەنەکە<br>................................ | |
| أ ـ دوو لایەنەکە هەستی بن ـ الحسیین<br>...................................... | |
| ١. وێنەی لێچواندن لە ڕووی بینین ـ البصریة<br>................................ | |
| ٢. وێنەی لێچواندن لە ڕووی بیستن ـ السمعیة<br>............................... | |
| ٣. وێنەی لێچواندن لە رووی تام و چێژەوە ـ | |

| | |
|---|---|
| الذوقية ......................... | |
| ٤. وێنەی لێچواندن لە ڕووی بۆن ـ الشمية<br>.................................. | |
| ٥. وێنەی لێچواندن لە ڕووی بەریەککەوتن ـ<br>اللمسية ......................... | |
| ب ـ دوو لایەنەکە ژیری بن ـ العقليين<br>........................................ | |
| ج/ دوو لایەنەکە جیاواز بن ـ المختلفين<br>....................................... | |
| حەوتەم : ـ بە پێی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی<br>ئامرازی لێچواندن ............... | |
| ١. لێچواندنی بەرەڵڵا ـ التشبة<br>المرسل............................................ | |
| ٢. لێچواندنی جەختاو ـ التشبية المؤكد<br>..................................... | |
| باسی شەشەم : ـ جۆری تری لێچواندن جگە<br>لەوانەی وێنەی لێچواندن دروست دەکەن<br>...................................................<br>................... | |
| یەکەم : ـ لێچواندن بە پێی چۆنیەتی هاتن و | |

| | |
|---|---|
| ڕێزبوونی دوو لایەنەکەی ......... | |
| ١. لێچواندنی پێچراو ـ التشبية الملفوف<br>.................................... | |
| ٢. لێچواندنی جیا ـ التشبية المفروق<br>....................................... | |
| ٣. لێچواندنی تەخت ـ التشبية التسوية<br>.................................... | |
| ٤. لێچواندنی کۆ ـ التشبية الجمع<br>......................................... | |
| دووەم : ـ لێچواندنی ئاوەژوو ـ التشبيه المقلوب<br>............................... | |
| سێ یەم: ـ بەپێ ی پیاهەڵدان و داشۆرین<br>.................................... | |
| باسی حەوتەم :ـ هێزی وێنەی لێچواندن<br>...................................... | |
| | |
| **بەشی دووەم : ـ** وێنەی خوازەیی ـ الصورة المجازية ـ ......................... | |
| باسی یەکەم : ـ پێناسەیەك بۆ وێنەی خوازەیی<br>............................... | |

| | |
|---|---|
| جۆرەکانی وێنە لەسەر بنەمای شێوازی بنیاتنانی<br>............................ | |
| ١. وێنەی خوازەیی<br>.............................................<br>.......... | |
| ٢. وێنەی دروست<br>.............................................<br>........... | |
| ٣. وێنەی ئاوێتە<br>.............................................<br>............ | |
| جۆرەکانی دروست لە ڕوونبێژی دا<br>........................................... | |
| ١. دروستی زمانی<br>.............................................<br>.......... | |
| ٢. دروستی ژیری<br>.............................................<br>............ | |
| جۆرەکانی دانە پاڵ | |

| | |
|---|---|
| .............................................<br>....... | |
| ١. دانە پاڵی دروست<br>.........................................<br>........ | |
| ٢. دانە پاڵی خوازەیی<br>.........................................<br>....... | |
| باسی دووەم : ـ گرنگی و سوودی خوازە<br>...................................... | |
| سوودو گرنگیەکانی وێنەی خوازەیی<br>...................................... | |
| باسی سێ یەم: ـ بنەڕەتەکانی دروست بوونی وێنەی خوازەیی .................. | |
| ١. واتای خوازەیی<br>.........................................<br>.......... | |
| ٢. واتای دروست<br>.........................................<br>........... | |

| | |
|---|---|
| | ٣. پەیوەندی<br>............................................<br>................ |
| | ٤. نیشانە<br>............................................<br>.................. |
| | باسی چوارەم :ـ جۆرەکانی وێنەی خوازەیی<br>.................................. |
| | ١. خوازەی ژیری<br>............................................<br>............ |
| | ٢. خوازەی زمانی<br>............................................<br>........... |
| | یەکەم : ـ وێنەی خوازەی ڕەها ـ صورة المجاز المرسل ......................... |
| | گرینگترین پەیوەندیەکانی خوازەی ڕەها<br>..................................... |
| | ١. پەیوەندی گشتی و تایبەتی ـ العموم و الخصوص ......................... |

| | |
|---|---|
| أـ ناوێکی گشتی دەگوترێت و مەبەست کەس یان شتێکی تایبەتە ............ | |
| ب ـ ناوێکی تایبەتی دەگوترێت و مەبەست گشتی یە ........................ | |
| ٢. پەیوەندی شوێن و شوێنگر ـ الحال و المحل .................................. | |
| أـ دەربڕینی شوێن و مەبەست شوێنگر بێت .................................. | |
| ب ـ دەربڕینی شوێنگر مەبەست شوێن بێت .................................. | |
| ٣. پەیوەندی هاوسێ یەتی ـ المجاورة ـ ...................................... | |
| ٤. پەیوەندی پەیوەست و پەیوەستراو ـ اللزومیة و الملزومیة ـ ................. | |
| ٥. پەیوەندی هۆیی و ئەنجامی ـ السبب و النتیجة ـ ......................... | |
| أـ دەربڕینی هۆ کە مەبەست ئەنجام بێت .................................... | |
| ب ـ دەربڕینی ئەنجام کە مەبەست هۆ بێت .................................... | |

| | |
|---|---|
| ٦. پەیوەندی ڕەگەز ـ الجنس ـ<br>............................................. | |
| ٧. پەیوەندی سیفەت و وەسفکراو ـ الصفة و<br>الموصوف ـ ...................... | |
| ٨. پەیوەندی دەرخەرو دەرخراو ـ المضاف و<br>مضاف إليه ـ ...................... | |
| ٩. پەیوەندی زۆربەیی ـ الأکثرية ـ<br>......................................... | |
| ١٠. پەیوەندی کاتی ـ الزمانية ـ<br>....................................... | |
| ١١. پەیوەندی خاوەنداریەتی ـ المملوکية ـ<br>............................... | |
| ١٢. پەیوەندی ئەوەی هەبووە ـ علاقة ما کان ـ<br>.......................... | |
| پەیوەندی تری خوازەی ڕەها کە لەم کۆمەڵە<br>شیعرەدا بەرچاو نەکەوتوون ......... | |
| ١. پەیوەندی ئەوەی دەبێت ـ ما یکون ـ<br>.................................... | |
| ٢. پەیوەندی بەشی و گشتی ـ الجزئية و الکلية<br>.............................. | |

| | |
|---|---|
| ٣. پەیوەندی ئامێری ـ الآلية ـ<br>............................................ | |
| ٤. پەیوەندی هۆزو بنەماڵە ـ القبيلة و العائلة ـ<br>........................... | |
| ٥. پەیوەندی ڕێزگرتن ـ الإحترام ـ<br>......................................... | |
| دووەم : وێنەی خواستن ـ الصورة الإستعارية ـ<br>................................ | |
| بنەڕەتەکانی خواستن<br>..................................................<br>...... | |
| ١. *لێ خواستراو ـ المستعار منه*<br>...............................................ـ | |
| ٢. *بۆ خواستراو ـ المستعار له ـ* ......<br>...................................... | |
| ٣. *خواستراو ـ المستعار*<br>..............................................ـ<br>... | |
| *نیشانەی خواستن ـ القرينة*<br>...............................................ـ | |

| | |
|---|---|
| هەنگاوەکانی دروست بوونی خواستن<br>........................................ | |
| شێوازەکانی شی کردنەوەی وێنەی خواستن<br>................................... | |
| ١. شی کردنەوەی ڕەوانبێژی کۆن<br>.......................................... | |
| ٢. شی کردنەوەی نویٚ<br>...............................................<br>....... | |
| جیاوازیەکانی نێوان لێچواندن و خواستن<br>...................................... | |
| پەیوەندی خواستن بە خەیاڵ<br>................................................. | |
| شێوازەکانی دروست بوونی خواستن<br>.........................................<br>.. | |
| ١. شێوازی بە تەن کردن ـ التجسیم<br>........................................ | |
| ٢. شێوازی بەرجەستە کردن ـ التجسید<br>.................................... | |

| | |
|---|---|
| ٣. شێوازی بەکەس کردن ـ التشخيص<br>....................................... | |
| جیاوازیەکانی نێوان هەرسێ شێوازی (بە تەن کردن ، بەرجەستە کردن ، بەکەس کردن )<br>....................................................<br>................... | |
| ٤. شێوازی هەستگۆڕکێ و دەسەڵاتداری هەستەکان ـ تراسل الحواس و سلطان الحواس<br>...............................................<br>................... | |
| أـ شێوازی هەستگۆڕکێ ـ تراسل الحواس ـ<br>...................................... | |
| ب ـ دەسەڵاتداری هەستەکان ـ سلطان الحواس ـ<br>................................ | |
| جۆرەکانی وێنەی خواستن<br>....................................................<br>.. | |
| **یەکەم :** ـ لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی دوو لایەنەکە .................. | |
| ١/ خواستنی ئاشکرا ـ الإستعارة التصريحية | |

| | |
|---|---|
| ................................... | |
| أ ـ خواستنی گونجاوو نەگونجاو ـ الإستعارة الوفاقية و الإستعارة العنادية ...... | |
| ١. خواستنی گونجاو ـ الإستعارة الوفاقية .................................... | |
| ٢. خواستنی نەگونجاو ـ الإستعارة العنادية ................................... | |
| جۆرەکانی خواستنی نەگونجاو ـ الإستعارة العنادية ـ .......... | |
| أ ـ خواستنی سەرزەنشت ـ الإستعارة التهكمية ............................... | |
| ب ـ خواستنی ستایش ـ الإستعارة التمليحية.......................... | |
| ج ـ جۆرەکانی خواستنی ئاشکرا بە پێ ی جۆری ووشەی خواستراو ............. | |
| ١. خواستنی ئاشکرایی گشتی ـ الإستعارة التصريحة العامة................. | |
| ٢. خواستنی ئاشکرایی تایبەتی ـ الإستعارة التصرحية لخاصة ............... | |
| ٢/ خواستنی درکاو (شاراوە) ـ الإستعارة المكنية | |

| | |
|---|---|
| ............................. | |
| **د ـ خواستنی ڕاستەقینەو خواستنی ڕامانی ـ** الإستعارة التحقيقية والإستعارة التخيلية ................................................... ................ | |
| ١. خواستنی ڕاستەقینە ـ الإستعارة التحقيقية ـ ............................. | |
| ٢. خواستنی ڕامانی ـ الإستعارة التخيلية ـ ................................. | |
| **دووەم :ـ لە ڕووی چۆنیەتی ووشە خوازراوەکەوە** ............................... | |
| ١. خواستنی بنەڕەتی ـ الإستعارة الاصلية ................................... | |
| ٢. خواستنی پاشکۆیی ـ الإستعارة التبيعة .................................. | |
| **سیَ یەم :ـ لە ڕووی گونجاندنی خواستراوەکە لەگەڵ دوولایەنەکە** ............... | |
| ١. خواستنی پالێوراو ـ الإستعارة المرشحة .................................... | |
| ٢. خواستنی پەتی ـ الإستعارة المجردة | |

| | |
|---|---|
| ..................................... | |
| ٣. خواستنی ڕەها ـ الإستعارة المطلقة<br>..................................... | |
| **چوارەم :ـ لە ڕووی سادەیی و لێکدراوی** خواستراوەکە.......................... | |
| ١. خواستنی تاك ـ الإستعارة المفردة<br>...................................... | |
| ٢. خواستنی لێکدراو ـ الإستعارة المرکبە أو التمثيلية ....................... | |
| **پێنجەم :ـ جۆری تری خواستن**<br>............................................. | |
| | |
| **بەشی سێ یەم : ـ** وێنەی درکەیی ـ الصورة الکنائية ....................... | |
| باسی یەکەم : ـ پێناسەیەکی گشتی بۆ وێنەی درکەیی........................ | |
| بنەڕەتەکانی درکە<br>................................................ ........ | |
| ١. ***درك پـــێ كـــراو ـ المكنـــی بـــە -*** | |

| | |
|---|---|
| ........................................ | |
| ٢. درك بــۆكراو ـ المكنـــى عنـــه ـ<br>........................................ | |
| ٣. نيشانه ـ القرينة ـ<br>........................................<br>....... | |
| باسی دووەم : ـ جیاوازی نێوان هەردوو هونەری درکەو خوازە ................ | |
| جۆرەکانی ئاخاوتن<br>............................................<br>....... | |
| ١. دروســــــــــــــــــــت<br>........................................<br>................ | |
| ٢. خـــــــــــــــــــوازه<br>........................................<br>.................. | |
| ٣. درکـــــــــــــــــه<br>........................................<br>................... | |

| | |
|---|---|
| گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان هەردوو هونەری درکەو خوازە .................. | |
| باسی سێ یەم : ـ جۆرەکانی وێنەی درکەیی .................................. | |
| یەکەم :ـ جۆرەکانی وێنەی درکەیی بە پێی مەبەستی درك پێکراوەکە ........... | |
| ١. درکە لە سیفەت ـ كناية في الصفة ........................................ | |
| أ ـ درکەی لە سیفەتی نزيك ـ كناية عن الصفة القريبة ـ ...................... | |
| ب ـ درکەی لە سیفەتی دوور ـ كناية عن الصفة البعيدة ـ.................... | |
| جۆرەکانی درکە لە سیفەت لە ڕووی ئەرێ و نەرێ ........................... | |
| ١. درکەی سیفەتی ئەرێ ............................................... ..... | |
| ٢. درکەی سیفەتی نەرێ ............................................... ..... | |

| | |
|---|---|
| ٣. دركه له خود ـ كناية عن الموصوف<br>...................................... | |
| أـ دركەی خودی له ڕووی ئاشكرایی و نا ئاشكرایی درك پێكراو................ | |
| ١ـ دركه خودی نزيك ـ كناية عن الموصوف القريبة<br>........................... | |
| ٢ـ دركه خودی دوور ـ كناية عن الموصوف البعيدة<br>........................... | |
| ١. دركه خودی ساده ـ كناية عن الموصوف المفرد<br>............................ | |
| ٢. دركه خودی لێكدراو ـ كنايه عن الموصوف المركب ........................ | |
| ٣. دركه له هاوگری ( نسيەت) ـ كناية عن النسبة<br>.......................... | |
| دووەم : ـ جۆرەكانی وێنەی دركەیی لەسەر بنەمای جوانی و ناشیرینی .......... | |
| ١. دركەی باش ـ الكناية الحسنة<br>........................................... | |
| ٢. دركەی دزێو ـ الكناية القبيحة<br>.......................................... | |

| | |
|---|---|
| **درکە و تەوس**<br>..............................................<br>............ | |
| **باسی چوارەم : ـ سوود و گرنگی وێنەی درکەیی**<br>.............................. | |
| **ئەنجام**<br>..............................................<br>.................. | |
| **بیبلۆگرافیای سەرچاوەکان**<br>..............................................<br>. | |
| **پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی**<br>.................................... | |
| **پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی**<br>................................ | |

## قوبادی جەلی زادە کێیە ؟؟؟

***قوباد*** شاعیرێکی هاوچەرخی کوردە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە کۆیەو لە بنەماڵەی جەلی زادەکان ، کە بنەماڵەیەکی ناوداری ئەو شارەن لە دایك بووە، و نازناوی شیعریشی هەر بۆ ناوی نەماڵەکەی دەگەڕێتەوە، قوبادی شاعیر لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە شیعر دەنووسێت، و چەندین کۆمەڵە شیعری بڵاوکراوەی هەیە، وەك : ـ

- ***قەلەمێکی ڕدێن سپی ، ساڵی ١٩٨٨***
- ***تەمتومان ، ساڵی ١٩٩٠***
- ***سێدارەکانی بەهەشت ، ساڵی ١٩٩٨***
- ***هەمیشە ڕوو لە خودا ... هەمیشە مەست ، ساڵی ٢٠٠١***
- ***شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، ساڵی ٢٠٠٥*** ، کە ئەمەش دوا بەرهەمی بڵاوکراوەیەتی کە وەك بەرگی یەکەمی بەرهەمەکانی لە کتێبێکدا دوو جار چاپ کراوە، جارێك وەزارەتی ڕۆشنبیری - ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٥، و جاری دووەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، ئەم کتێبە (چاپی دووەم) ناوەڕۆکی ئەو ئەو لێکۆڵینەوەیەی بەردەستمان پێك دەهێنێت، هۆی هەڵبژاردنی چاپی دووەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیاتر وا باوە دوا چاپ بە پەسەندتر دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەش شاعیر خۆشی ئەم چاپەی پێ پەسەند تر بوو بۆ بەکارهێنانی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چونکە وەك خۆی ئاماژەی پێ کرد لەم چاپەیان شیعرەکانی بە پێ ی ساڵانی بڵاوکردنەوەی ڕێك خراون و جگە

لـەوەش چـەند قەسـیدەیەکی بـۆ زیـادکراوەو هەنـدێکی تریشـی دەستکاری تێدا کردووە.

قوباد نـەك هـەر لـە بـواری شـیعردا، بـەڵکو لـە چـەند بـوارێکی تـری هزری و مەعریفی دا جیّ پەنجـەی خزمـەت و مانـدوو بـوونی دیـارە، بۆ نموونـە: ــ لـە کـۆنگرەی ڕاپـەرین وەك ئەنـدامی دەسـتەی بەڕێوەبـەری یەکێتی نووسەران هەڵبژێراوە، ماوەیەك ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤاری کـاروان بـوو، ماوەیـەك ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری نووسـەری کـورد بـوو، دواتـر ماوەیـەك بەڕێوەبـەری تەلـەفزیۆنی گـەلی کوردستان کـەناڵی هـەولێرو ماوەیـەك بەڕێوەبـەری یەکـەم تەلـەفزیۆنی حکومەتی هەرێم بووە، سەرەڕای ئەمانەش ماوەیـەك جێگـری سـەرۆکی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژو سەرنووسەری گۆڤاری گەلاویژی نویّ بووە.

هەروەها لە ڕووی بەهرەی شیعری یەوە نابێـت ئـەوەش لـەبیر بکـەین کـە قوبـاد تـا ئێسـتا چـەند جارێـك خـەڵات و دیـاری ڕێزلێنـانی پـیّ بەخشـراوە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ٢٠٠٤ دا خـەڵاتی یەکـەم شـاعیری حکومەتی هەرێم ـ ئیدارەی سلێمانی ـ پـیّ بەخشـراوە ، وە هـەروەها دوا خەڵاتیشی ئەوە بوو لـە ڕۆژی٢٠٠٧/١٢/٣٠دا لـە ڤیسـتڤاڵێکی قەشـەنگدا لە شاری لە کۆیـە بـە هـۆی بـەرزو بـە پێـزی شـیعرەکانی خـەڵاتی ڕێـز لێنانی (سەید برایم ) ی پێشکەش کرا.

قوبادی جەلی زادە بەهۆی چەند تایبەتمەنـدی یـەکی شـیعرەکانی لـە شاعیرانی تر جیا دەکرێتەوە، خاڵی هەرە سەرەکی ئەم جیاکردنـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاوەڕۆك و بابـەتی شـیعرەکانی کـە جۆرێـك لـە

تایبەتمەنـدی و تازەگـەری پێـوە دیـارە، بـە شـێوەیەك (( لەوانەیـە لـە ڕۆژهەلأت بە گشــتی و لای خۆمـان بـە تایبــەتی هـیچ بابـەتێك هێنـدەی جەسـتە قسـەکردن لەسـەری خەتـەرناك و ناشـەرعی نـەبێت، سـەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەست بـەوە دەکـەن کە ئینتمایان بۆ کۆمەڵگا دوورو نزیك لەسەر ئەوە وەستاوە خۆیـان لـەو بابەتانە نەدەن کە جەستەیە ... قوبادی شاعیر یەکێکـە لـەو کەسـانەی بە چەکوشی مـەعریفی و شـیعری و جـوانی خـەریکی شـکاندنی کـۆت و پێوەندەکانی جەستەیە ))[١]،ئەمانە خالّی جیاکەرەوەی شیعری قوبـادن لە شیعری شاعیرانی تر،ئەو خاسیەت و تایبەتمەندی یە نـەك هـەر کـەم و دەگمەنە لە شیعری کوردی دا، بەڵکو هـەر نـەبووەو نـی یـە، ئـەوەش بووە بە هۆی زیاتر جوانی بەخشین بە شیعرەکانی ئەو شاعیرە.

قوبادی جەلی زادە تا ئێستا لـە ژیاندایـەو جگـە لـە خـەریك بـوونی بـە شیعر نووسین ، چــەند سـاڵێکە بـە وەزیفـەی دادوەری یـەوە خەریکـەو خاوەن بڕوانامەی بکالۆریۆسـی یاسـایە لـە سـاڵی ١٩٧٦ـ١٩٧٧ەوە لـە کۆلیجی یاسا لە زانکۆی بەغـدا و ئێسـتا سـەرۆکی دادگـای نەوجەوانانـە لە شاری سلێمانی[٢].

---

(١) قوبادی جەلی زادەو هێنانەوەی جەستە لە مـەنفا، دیدارـ گفتوگـۆی تەلعـەت تاهیر،گۆڤـاری گەلاوێژی نوێ ،ژ.٥، ساڵی یەکەم ، کانوونی دووەم ،١٩٩٨، ل ١٥٦.

(٢) هەموو ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە ژیاننامـەی شاعیر، لە لایەن خودی شاعیرو تایبەت بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە نووسراوە.

# کورت کراوەکان

## أ ـ کوردی یەکان : ـ

| | |
|---|---|
| ز | ساڵی زایینی |
| ك | ساڵی کۆچی |
| س . پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ. ل | هەمان لاپەڕە |
| ل | لاپەڕە |
| چ | نۆبەتی چاپ |
| و | وەرگێڕان |
| گ | گۆڤار |
| ژ | ژمارە |
| ب . س | بێ ساڵی چاپ |
| ب . چ | بێ ناوی چاپخانە |
| ب | بەش |
| بگ | بەرگ |

**ب : ـ عەرەبیەکان**

| | |
|---|---|
| ت | ترجمة |
| ع | العدد |
| ط | طبعة |
| د . ت | دون تأريخ الطبع |
| د. م | دون مكان الطبع |
| ج | جزء |

| | |
|---|---|
| مج | مجلد |
| ص | صفحة |

# پـێـشـەکـی

***وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ـ ی قوبادی جەلی زادە***، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی ڕەوانبێژی یە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمان داوە جۆرو شێوەکانی وێنەی ڕوونبێژی لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا دەربخەین ، و ڕوونی بکەینەوە کە

بــەکارهێنانی هونــەرەکانی ڕەوانبێــژی بەگشــتی وە هونــەرەکانی بەشــی ڕوونبێژی بە تایبەتی هەر تایبــەت نــین بــە شــیعری کــۆن وکلاســیك، بــەڵکو هاوشێوەی شیعری کلاسیکی کوردی و شان بە شانی شیعری نەتــەوەکانی تــر، شیعری تازەو هاوچەرخی کوردیش لە پشت بەستن بەو هونەرانە بــێ بــەش نــین ، و زۆرجار شاعیری هاوچەرخی کــورد هونــەرێك لــە هونــەرەکانی ڕوونبێــژی دەکات بە بناغەی دروست بوونی ئەو وێنە شیعریانەی کە دەبێتە هــۆی زیــاتر ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان و بە وێنەی ڕوونبێژی ناویان دەبەن .

***قوبادی جەلی زادە***ش یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کورد کــە لــە بنیاتنانی وێنەی ڕوونبێژی دەستێکی باڵای هەیەو زۆر نموونەی جــوانی وێنــەی ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بەرجەســتە بــوون ، هــەروەکو لــەو نموونــە شــیعرانە دەردەکەوێت کە لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵــە شــیعرەی شــاعیر وەرگــیراون لــە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان .

## ***هۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە :ـ***

وەك ڕوون و ئاشکرایە کە هونەرە ڕەوانبێژی یەکان بە گشــتی لــە ئــەدەب و ڕەخنەی کوردی دا وەك پێویست لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەســەر نــەکراوەو زۆر لایەنی ئەو بابەتە تا ئەمڕۆ بە شــاراوەیی و بــە ناتــەواوی ماوەتــەوە، ئــەم خاڵە گرنگترین هۆکار بوو بۆ هاتنــە کایــەی بیرۆکــەی لــە دایــك بــوونی ئــەو لێکۆڵینەوەیە، وە هۆی تایبــەت کردنــی لێکۆڵینەوەکــەش بــۆ ئــەو کۆمەڵــە شیعرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کــە قوبــاد شــاعیرێکی هاوچــەرخ و نوێگــەرو بــە توانای شیعری کوردی یە، ئەم شاعیرە لە دوو توێی ئەو کۆمەڵــە شــیعرەی دا

چەندین وێنەی ڕوونبێژی زۆر جوان و دڵگیری بۆ بەرهەم هێناوین کە شایستەی ئەوەن ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەو تا ڕادەیەك دەتوانرێت زۆربەی جۆرو شێوەکانی وێنەی ڕوونبێژی لەم کۆمەڵە شیعرەدا بدۆزینەوە، سەرەڕای ئەوەش شاعیرەکە خۆی وکۆمەڵە شیعرەکەشی وەك پێویست مافی خۆیان پێ نەدراوەو تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی فراوان و تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوە، ئەمانە گرنگترین ئەو خاڵانە بوون کە هانی داین بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتە، و هەوڵمان داوە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا پەیوەندی یەکی هاوڕێك لە نێوان وێنەی شیعری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئەو جۆرە شیعرە هاوچەرخانە بدۆزینەوە، هۆکاری چڕکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەش لەو کۆمەڵە شیعرەی شاعیر ناوی ناوە:- ***شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات***، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وویستوومانە لێکۆڵینەوەکە چڕ بکەینەوە بۆ یەك کۆمەڵەی شیعری تا زیاتر بە ناو ناخی بابەتەکە قوڵ بینەوەو بتوانین درێژە بەلق و پۆپەکانی بدەین ، ئەمانە بە گشتی هۆکارەکانی هاتنە کایەی هەڵبژاردنی ئەو لێکۆڵینەوەیە بوون.

## ***گیروگرفتەکان :-***

نووسینی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بێ گومان بێ بەش نابێت لە گیروگرفت و بەربەستی جۆراوجۆر،گرنگترین گیروگرفتیش کە هاتە بەردەم لێکۆڵینەوەکەمان ئەوە بوو کە ئەم بابەتە لە بواری ڕەخنەو ئەدەبی کوردی شتێکی تازەیەو بە داخەوە نووسەرو ڕەخنەگرانمان زۆر کەم لە بارەیەوە دواون ، هەروەها شیعرەکانی قوبادی جەلی زادەش زۆر کەم لێکۆڵینەوەو

توێژینەوەی لە سەر کراوە، واتــە چ لە سەر بابەتەکـە بەگشــتی و چ لــە ســەر شــاعیرو شــیعرەکانی سەرچــاوەی پێویســت بــە زمــانی کــوردی زۆر کــەم و دەگمەن بوو تا بیکەین بە پاڵپشت بۆ کارەکــەمان ، ئەمــەش بــوو بــە هۆیــەك بۆ ئەوەی ناچاربین زیاتر پشت ببەستین بــە سەرچــاوە بیانیــەکان بــە هــەر ســێ زمانی عەرەبی ، فارسی ، ئینگلیــزی، وە بــە شــێوەیەکی ســەرەکی پشــتمان بەست بە سەرچاوە عەرەبیەکان ، بــێ گومــان وەرگێڕانــی ئەوانــەش بــۆ ســەر زمانی کوردی زۆر گرفتی بۆ دروست کردین ،کاتی بە فیڕۆ دایــن و زۆر ئــەرك و ماندوو بوونمان کێشا لە کاتی وەرگێڕانیان، هەروەها لــە هەنــدێك شــوێنیش تووشــی هەڵــەو ناتــەواوی کــردین ، ســەبارەت بــە سەرچــاوەی فارســی و ئینگلیزیش ئەوا وەك پێویست سەرچــاوەمان بــەو زمانانــە دەســت نەکــەوت، هەرچــەندە بــە هاوکــاری مامۆســتای سەرپەرشــتیارم و لێــرەو لــەوێ چــەند سەرچاوەیەکمان کەوتە دەســت ، بــەڵام زۆربــەی ئەمانــەش دوای خوێندنــەوەو ووردبینی کردنی دەرکەوت سوودیان لێ وەرناگیرێت،کاتێــك بــۆ زاڵ بــوون بــە سەر ئەو گرفتە هەوڵماندا لە دەرەوەی ووڵات ئەو جۆرە سەرچاوانە بــە دەســت بهێنین دیسان سەرنەکەوتین بەسەرگرفتەکەدا، چونکە بــۆ بــە دەســت هێنــانی کتێب بەم شێوازە داوای ناوی تەواوی سەرچاوەکەو ساڵ و شــوێنی چــاپی ئــەو کتێبانەمان لێ دەکراو ئەم زانیاریانــەشمان لا نــەبوو، واتــە بــە تێکڕایــی ئــەو گرفتانەی تایبەت بە دەست خستنی سەرچاوەی پێویست گــەورەترین گرفــت و بەربەســت بــوون لەبــەردەم لێکۆڵینەوەکــەمان و لەوانەیــە ئەمانــە بــووبن بــە هاتنە کایەی هەنــدێ کــرچ و کــاڵی لــە لێکۆڵینەوەکــەداو ئــەم گیروگرفتانــە نەبووایە دوور نەبوو کارەکەمان بەهێزترو ڕێکتر بووایە لەوەی ئێستا هەیە.

## ***پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەکە : ـ***

لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا لــە ڕێگــەی ڕێبــازێکی وەســفی شــیکاری ، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ جـۆرو شـێوەکانی وێنـەی ڕوونبێـژی کـراوە بـە پاڵپشتی نموونەی شیعری لە ***ـ کۆمەڵە شیعری شەهید بە تـەنیا پیاسـە دەکات ـ ی قوبادی جەلی زادە***، لـە سەر ئەم بنەمایە لە لێکۆڵینەوەکەدا سەرەڕای ئەم پێشـەکی یـە پێـك دێـت لـە دەروازەیـەك بـۆ ناسـینی وێنـەی شیعری و سوودو گرنگی و جۆرەکانی وێنەی شیعری خراوەتە ڕوو، دواتـر سـێ بەشی جیاکە بریتین لە: ـ

- ☆ لە بەشی یەکەمدا بە ناونیشانی ***(وێنەی لێچواندن )***، باس لەو جۆرانەی وێنەی ڕوونبێژی کراوە کە لە سـەر بنـەمای هونـەی لێچـواندن دروسـت دەبن، ئەم بەشە پێك هاتووە لە چـەند باسـێکی یـەك بـە دوای یـەك کـە بریتین لە:ـ (***پێناسینێکی گشتی وێنەی لێچواندن*** ، ***بنەڕەتـەکانی لێچواندن*** ، ***مەرجەکانی دروست بوونی*** ، ***مەبەستەکانی وێنـەی لێچواندن*** ، ***جۆرەکانی وێنەی لێچواندن*** ، ***جۆری تری لێچواندن*** ، ***هێزی وێنەی لێچواندن***)، ئەمانەش هەمووی بە پاڵپشتی نموونەی شـیعری لـە کۆمەڵە شیعرەکەی قوبادی جەلی زادە شی کراوەتەوە.
- ☆ لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی ***( وێنەی خوازەیی )***، باس لـەو جـۆرە وێنە شیعریانە دەکرێت کـە پشـت دەبەسـتن بـە هونـەری خـوازەو جـۆرە جیاجیاکانی ، ئەم بەشەش پێك هاتووە لە چەند باسێك کە بریتین لـە:ــ(

***پێناسەیەکی گشتی وێنەی خوازەیی ، گرنگی و سوودەکانی خوازە، بنەڕەتەکانی دروست بوونی ، جۆرەکانی وێنەی خــوازەیی*** )، ئـەم باسانەش بە هۆی نموونەی شـیعری لـە چوارچـێوەی کۆمەڵـە شـیعرەکەدا زیاتر ڕوون کراوەتەوە.

☆ لە بەشی سێ یەمدا لە ژێر ناونیشانی ***(وێنەی درکــەیی )***، ئـەو جـۆرە وێنانە باس کراون کە بە هۆی هونـەری درکـەوە پێـك دێـن ، بـە هـەمان شێوە ئەم بەشەش بەسەر چەند باسێکی جیاجیـادا دابـەش دەکرێـت کـە بریتین لە :ـ(***پێناسینێکی گشتی ،جیاوازی نێوان هونەری درکە لەگەڵ خوازە، جۆرەکانی وێنەی درکەیی ، سوودو گرنگی وێنەی درکەیی***)، بۆ هەریەك لە ئەم بابەتانەش لە هـەر شـوێنێك پێویسـت بێـت بـە نموونـەی شیعری گونجاو بە ووردی شی کراوەتەوە.

لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێك ئەو ئەنجامانە دەسـت نیشـان کـراون کـە لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەست هاتوون ، سـەرەڕای ڕێـز کردنـی سـەرجەم ئــەو سەرچـاوانەی کــە ســوودی لێــی وەرگــیراوە لــە لێکۆڵینەوەکــەدا، دواتریش پوختەیــەکی لێکۆڵینەوەکـە بـە هـەردوو زمـانی ئینگلیـزی و عەرەبی خراوەتە ڕوو.

# دەروازە :ـ

# وێنەی شیعری

# پێناسە و جۆرەکانی

## باسی یەکەم : چەمك و زاراوەی وێنەی شیعری

وێنەی شیعری یان وەك هەندێك بە وێنـەی هونـەری* نـاودەنێن بەشـێکی گرنگ لە پێکهاتـەو بنیـاتی شـیعر پێـك دەهێنێـت، بـەڵام بـە پێچـەوانەی هەندێك لە بۆچوونەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بـەکارهێنانی وێنـەی شـیعری بـە

* زاراوەی وێنەی هونەری تەنها تایبەت نی یە بە شیعر، چونکە هونەر فراوانترە لـە شـیعرو گـەر گووترا وێنەی هونەری ئەوا سەرجەم شێوەکانی وێنە دەگرێتەوە نەك هەر وێنەی شیعر، بۆیە بۆ ئـەو وێنانەی لە شیعردا دەردەکەون زاراوەی وێنەی شیعری پەسەندترە نەك وێنەی هونەری.

پەسەندتر دەزانین، چونکە(( لـە کـاتی داهێنـانی شـیعریدا وێنـەکان سـیمای تایبەتی شیعریی وەردەگـرن و لەگـەڵ بنـەماکانی تـری داهێنـانی شـیعرییدا ئاوێتەی یەکتر دەبـن و جیانابنـەوە، بۆیـە زاراوەی (وێنـەی شـعریی )مـان لا پەسەندترە ))[(١)].

وێنـەی شـیعریی وەك هـەر پێکهاتەیـەکی تـری شـیعر هـەر لـە سـەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدانی شیعرەوە هەر هەبووەو تا شیعریش هـەبێت ئـەمیش هەر دەبێت، بەلاّم وەك زاراوەیەکی ئەدەبی تـازە هاتۆتـە کایـەوە، و(( زاراوەی وێنەیی (Imagism ) بە ڕێکەوت لە دایـك بـوو کاتێـك (عرزاپاوەنـدو هیـوم) لە ژوورێکی چای خواردنەوەی ناو مۆزەخانەی بـەریتانیا دانیشـتبوون گوێیـان لە (هیڵدا دۆڵتلێ)* دەگـــــرت هۆنراوەیـەکی دەخوێنـدەوەو ئەوسـا (پاوەنـد) یەکسەر بەدەنگێکی بلّند خۆشحاڵی خۆی دەربـڕی و هـاواری کـرد: ـــ(ئەمــە

---

(١) دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، د.دلّشاد عەلی ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشـی سـەردەم ، چ.یەکەم ،٢٠٠٧، ل ١٦٩.

* عزرا ویسـتون لـومیس باونـد ـ Ezra Weston Loomis Pound شـاعیرێکی گـەورەی ئەمریکی و ڕەخنەگرو میوزیك ژەنیش بـوو، بـە گـرنگترین کەسـایەتی نوێگـەری ئـەدەبی جیهـانی دادەنرێت لە سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، لە٣٠/١٠/١٨٨٥ لەدایك بووەو لـە ١/١١/١٩٧٠ کۆچی دوایی کرد، عزرا باوند لە زانکۆی بنسلفانیا دەیخوێندو لەوێ( هیلّدا دولّیتلّ ١٨٨٦ـ١٩٦١)ی شـاعیری ئـەمریکی ناسـی کـە بـە H.D ناسـراوە، باونـدو هیـوم Hulme و هێڵـدا دولیتـڵ لـە پێشرەوانی ڕێبازی وێنەیی بوون، ڕێبازی وێنەیی شۆڕشێك بوو دژی ڕۆمـانتێکی کـە بـاڵی کێشـابوو بەسەر ئەدەب و پڕبوو لـە ناڵـەو گریـان و گەڕانـەوە بـۆ ڕابـردوو و گۆڕسـتانەکان. ئێنتـەرنێت نــ w.w.w.awu-dam.org w.w.w.ar-wikipedia.org و .w.w.w.arabicnadwah.com.

هۆنراوەیـەکی وێنەییـە)) [1]، بـەڵام وەك زاراوەو ڕێبـازێکی ئـەدەبی جـێگیر نەبوو تا ئەو کاتـەی (( ڕاگەیانـدنی لـەدایکبوونی قوتابخانـەی وێنـەیی لـەڕێی ژمارەیەکی گۆڤاری (هۆنراوە)ی ئەمریکیەوە بـوو ...لـە ژمـارە چـواری ئـەو گۆڤارە کەوا لەکانونی دووەمـی سـاڵی(١٩١٣)دا دەرچـوو...(عـزرا پاوەنـد) بەیاننامەی یەکەمی ئەم قوتابخانەیەی بڵاوکردەوە...و بـەم شـێوەیە پێناسـەی وێنە Image دەکـات : ئـەوەی ئاوێتـە بوونـــێکی Complex ئەندێشـەیی و سۆزی لە چرکەیەکی کاتدا پێشکەش دەکــات. پێشکەش کردنی ئـەم ئاوێتـە بوونە بە شێوەیەکی خێراو ڕاستەوخۆ ئـەو جـۆرە هەسـتکردنە بـە ڕزگـاربوون دەبەخشێ ... ئەو هەسـتکردن بـە نەشـونما کردنـە ناکاوییـە کـەوا لەبـەردەم بەرهەمــە هونەرییــە مەزنــەکان تــاقی دەکەینــەوە یــا پێیــدا ڕەت دەبـین)) [2]، هـەر لـەو سـەردەمەوە لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی بەیاننامـەی ئـەو ڕێبازەدا زاراوەکە لە ناو ئەدەبی جیهانی دا چەسـپاو دواتـریش گەیشـتە نـاو ئەدەبی کوردیمان، و ڕۆڵی گرنگی خۆی لە بـواری لێکۆڵینـەوە ڕەخنەییـەکانی تایبەت بە شیعر وەرگرت. وێنەی شیعری لە شـیعری کلاسـیکی دا ڕۆڵێکـی بەرچاوی گێڕاوە بۆ بنیاتی شیعرەکان ، هەروەکو (م.مەسعود محمد) لـە باسـی وێنەی شـیعری لای (نـالی) وەك نموونەیـەکی شـاعیرانی کلاسـیك دەڵـێ : (( نالی و سەرەڕای پژاندنی ڕەنگ و بێنـی بەهەشـتی هەڵبەسـت بـە ڕوومانـدا

(٢) شاعیرانی وێنەیی و چەمکی وێنەی هـۆنراوەیی ، د.عـادل گـەرمیانی ، گ. ڕامـان ، ژ. ٦١، تەمموزی ٢٠٠١ ز، ل ٣٥ .

(١) ڕاگەیانـدنی ڕێبـازی وێنـەیی ، د. عـادل گـەرمیانی ، گ. ڕامـان ، ژ. ٦٧، ٢٠٠١ ز، ل ٣٥، ٣٦.

وێنــەییێکی هونــەری ئەوتۆشــی لــە لوئلــوئی وشــەو ئاوریشــمی هۆنینــەوە نەخشاندووە، هاوەتای تابلۆی ڕەسامە زلـەکانی جیهـان بێـت، کـورد کەسـی نەبووە بە (ڕیشە) وێنە بکێشێت، نالی هاتووە هەڵبەستی وێنـەگریی کـردووە ))(١)، کەواتــە شــاعیرانی کلاســیکیمان لــەم هونــەرەدا دەســتێکی باڵایــان هەبووە. و ئەم ڕێچـکەیەش بـە درێـژایی قۆناغـەکانی شـیعری کـوردی هـەر نەپســاوەو بــەرەو پــێش چــووە، بــە شــێوەیەك لــە ســەردەمی تازەکردنــەوەی شــیعری کــوردی دا ئــەم هونــەرە نــەك هــەر ڕۆڵــی خــۆی پاراســتووە بــەڵکو زیاتریش بـــــایەخ و گرنگـی پێـدراوە.(( لـە ئـەدەبی کوردیـدا نـوێ بوونـەوە بەچەند سیفەتێکی نوێوە هاتە مەیدان، یەکێ لـە گـرینگترین ئـەو سـیفەتانە دەربارەی وێنەی هونەریە، وێنە لـە ئـەدەبی کـۆن و نوێـدا لـەم بارەیـەوە زۆر جیـاوازن، لـە ئـەدەبی کـۆن (کلاسـیك)دا بـە پـێی شـێوازێکی کـۆنکریتی وێنەیان هۆنیوەتەوە، کە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێینەپەڕانـدووە یـان چـەند وێنەیەکی هونەری کەمو دووبارە بووەوە بـەدی دەکـەین، بـەڵام ئـەم دیاردەیـە لــە هــۆنراوەی نوێــدا پانتاییــەکی فراوانــی داگیرکــردووە، لەهونــەرەکانی ڕەوانبێـژی تێیپەڕانـدووەو وێنــەی ئیحــائی دێتــە ئــاراوە ))(٢)، واتــە ئــەم نوێگەریەی کە شیعری کوردی بەخۆیەوە بینی گڕوتینێکی تـری دا بـە وێنـەی شیعری بە جۆرێك لە شیعری نوێ دا سەرەڕای پشـت بەسـتن بـە هونـەرەکانی

---

(٢) چەپکێك لە گوڵزاری نـالی ، مەسـعود محەمـەد ، هـەولێر ، بڵاوکـراوەی ئـاراس ، چ.دووەم ، ٢٠٠٧ ز ، ل ١٢١.

(٣) ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، شنۆ محەمـەد مـەحمود ، چ.یەکـەم ، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٧ ز، ل ١٦٢.

ڕەوانبێژی بۆ دروست بوونی وێنەکانیان زۆر شێوازی تریش گیراوەتەبەر کە لێرەدا بە پێویستی نازانین زیاتر بچینە ناو ئەو بابەتەوە، تەنها بۆ سەلماندنی ئەو بیرورایە دەتوانین یەکێك لەو شاعیرانەی کە بە ڕای هەندێك لە ڕەخنەگران بە ڕابەری بزووتنەوەی نوێگەری لە شیعری کوردی سەدەی بیستەم دادەنرێت کە ئەویش (گۆران)ی شاعیرە. بکەین بە نموونە بۆ بەرجەستە بوونی وێنەی شیعری لەشیعرەکانی ئەم سەردەمەدا، هەروەکو (م.ڕەفیق حیلمی) لەم بارەیەوە دەڵێ :ـ (( ئینکار ناکرێ کە گەلێکی تر لە بویژەکانی کون و تازەی کورد شعری (بەرز) یان داناوە ،... بەڵام بە من بی ، ئەمانە هیچیان لەم لایەنەوە بە وێنەی گوران کە لە گەشتی هەورامان دا ئەبینری ، دەسەڵاتیان بەسەر (شعری تەصویری) یا نەشکاوە، گوران لە گەشتی هەورامانا( تابلۆ ) ییکی تەواوی بەشی لە وولاتی کوردو چونیەتی رابواردن و ژیانی ئەو کوردانەی کردوە بە(مەوزوعی) شعر،...(تابلۆ)کەی گوران، واتە، گەشتی هەورامان، تابلوییکی فەننی ڕەنگین و شیرینی گیانداره.ناتەواوی تیا نیە))[1] ، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە چۆن لە شیعری کلاسیکی کوردی وێنەی شیعری بەشێکی گرنگی لە بنیاتی شیعر پێك هێناوە بەهەمان شێوە گرنگی و بایەخی خۆی لە دەست نەداوە لای شاعیرانی سەردەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و بەڵکو زیاتریش برەوی سەندووە، (( ئەمەش بەبێ هۆ نییە چونکە لەو کاتەوە کە شیعر هەبووە

(١) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی ، أربیل ، مطبعة التعلیم العالي ، بەرگی ١و٢، ١٩٨٨ز ، ل ١٨١،١٨٠.

هەتا ئەمڕۆ لەسەر وێنە بنیات نراوە، بەڵام بەکارهێنانی لە نێوان شاعیرێك و یەکێکی تردا دەگۆڕێت ))[1]، چونکە هەر شاعیرێك بە پێ ی ئەزموونی خۆی و بەپێ ی ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی پەیڕەوی دەکات بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ چەمکی وێنەی شیعری چووە، هەرچەندە واتای زاراوەکەش جێگیر نی یەو لەئەدەبی جیهانی دا ((چەمکی وێنەی شیعری ئاماژە بۆ(Image)ی ئینگلیزی دەکات کە هاوبەشە لەگەڵ ڕەگی ئەندێشەدا(Imagination) و پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێواندا، چونکە ئەندێشە وێنە لە شیعردا بەرجەستە ئەکات و لە مەودای مەعریفیدا هاوبەشن ))[2]، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە مێژووی ئەدەبی جیهانی دا هەر لە کۆنەوە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی بۆ شی کردنەوەی ئەم هونەرە تەرخان بکرێت، بەجۆرێك کە هەر لەسەرەتای شارستانیە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە هەر درێژەیان هەیە، هەروەکو دەگوترێت ((کۆنترین دەق کە مێژووی ئەدەب دەیگرێتە خۆی لە بارەی ئەو پەیوەندییە ئەفسوناوییەی نێوان شیعرو تابلۆ بۆچوونەکەی (سیموندسی کیوس) یەکە لە دوورگەی کیوسی یۆنانی لە نێوان سالآنی (٥٥٦-٤٦٨ پ.ز) ژیاوەو دەڵێ : ( شیعر وێنەیەکی قسەکەرەو تابلۆش شیعرێکی بێ دەنگە)، لێرەدا شیعرو تابلۆ دەبن بەیەك شت و

(٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ــ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٣ز، ل ٣١.

(٣) وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردی دا، عبدالقادر محەمەد ئەمین ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٢ ، ل ١٠، ١١.

جیاوازیـان تـەنیا لەدەربڕیندایـە، شـاعیریش وەك هونەرمەنـد وایـە، وێنـە دەکێشێ بەڵام کەرەسەی وێنە کێشـانەکەی جیایـە، بـە هـۆی زمـان و واژەی زمانییەوە وێنە بەرپا دەکات ))[١]، کەواتـە هـەر لـەم سـەردەمەوە پەیوەنـدی شیعر بە وێنەوە دەرخراوەو لە سەرەتای شارستانیەتی یۆنانیـەوە گرنگـی بـەم بابەتە دراوەو تا ئەمڕۆ بایەخی خـۆی لەدەسـت نـەداوە، بـەڵام بـۆ سـەرەتای سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردی دا دەگوترێت (( لە ئـەدەبی کـوردی خۆشمانـدا ( شێخ نوری شێخ صالح ) زۆر بە زەقی باس لەو پێوەندییە دەکـات ... دەڵـێ : ئـەو تـأپیرەی لــە قصصــەیەکی جــوان بۆمــان حاصــل دەبــێ، لەگــەڵ چاوپێکەوتنی لەوحەیەك دنیایەکی جوان و گوێ لە مۆسیقا گرتنێکـی خـۆش عەینی تأثیرە ))[٢]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (( ئەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ ئەوەیـە کە نەك هەر لە ئـەدەبی کوردیمانـدا بـەڵکو لـە زمـان و ئـەدەبێکی بـە بـەر فراوانـی وەك ئـەدەبی ئینگلیزیشـدا، زۆرجـار وەك بابـەتێکی ڕازێنـەرەوەی ڕووت و بێ بایەخ لـەو هونەرانـەی ڕەوانبێـژی ڕوانـراوە،... جـا لـە ئـەدەبی کوردیشماندا، نەك هەر خوێنەری ئاسایی بەڵکو گـەلێ لـە شـاعیرو نووسـەرە کوردەکان، بەو چاوە لـە ڕەوانبێـژی دەڕوانـن کـە هونـەرێکی ڕازێنەرەوەیـەو ئەرکەکەی تەنها ئەرکێکی جوانکاریانەی ڕووتەو بۆ خۆی زانسـتێکی زمـان و ئەدەبی عەرەبییەو نامۆیە بە زمـان و ئـەدەبی کـوردی ))[٣]،کـە ئەمـەش بـە

(٤) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ١٠٩.

(١) شیعری وێنەیی ، پەروین عەبدوڵلا، گ. ڕامان ، ژ. ٣٦ ، حوزەیرانی ١٩٩٦، ل ٥٢.

(٢) دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، د. دلشاد عەلی ، ل ١٧٠.

گرنگترین هۆ دادەنرێت بۆ کەمی ژمارەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تایبەت بە وێنەی شیعریی لە ڕەخنەی کوردی دا، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ئەم گرنگی پێ نەدانە(( زۆرجار بە مەبەست بووەو نەشارەزایی و دەستکورتی نووسەرەکانی لە بواری زانستی ڕەوانبێژیدا پێدا پۆشراوە، و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لە زانستی ڕەوانێژی بەگشتی و لە وێنەی شیعریی بە تایبەتی ، گەلێ لاوازو نازانستیانە بێت و ئەو چەند هەوڵدانە کەمانەش کە جارجاریَ لێرەو لەوێ لە بواری شیکردنەوەی وێنەی شیعرییدا ئەنجامدراون، لە ڕاڤەکردنێکی وشەکان زیاتر تێپەڕیان نەکردووە ))[1]، بەڵام بێ گومان ئەمانەش تاکە هۆکارنین و زۆر هۆکاری تریش لەدوای ئەو بابەتە دەوەستن کە بە ڕای ئەم لێکۆڵینەوەیە هۆی هەرە گرنگی ئەو لاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری یە نا ئارامیانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەدەبی کوردی پێیدا تێپەڕبووەو بەم هۆیانەوە تاڕادەیەك لە جیهانی دەرەوە دابڕاوەو وەك پێویست ئاگاداری بەرەو پێشچوونی ئەدەبی گەلان نەبوون و زۆر درەنگ زانیاریان لە بارەی ئەو گۆڕانکاریانە پێ گەیشتووە، هەرچەندە نەتەوەکانیش لە چەندێتی بایەخ دانیان بە زاراوەکەو دیاری کردنی گرنگی وێنە لە شیعردا جیاوازیان هەبووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیروڕای جیاواز نەیتوانیووە زاڵ بێت بەسەرگرنگی و بایەخی وێنەی شیعری و تا ئێستاش هەر گرنگی و بایەخی خۆی پاراستووە، هەرچەندە ڕۆژ بە ڕۆژ بیردۆزو تیۆری تازەتر دێتە کایەوەو چەند ڕێبازی

---

(٣) س . پ. ل ١٧١.

ئەدەبی لەناودەچن و ڕێبازی تر لە شوێنیان سەر هەڵدەدا، بەڵام ئەو بەشە گرنگەی پێکهاتەی شیعر کە بە وێنەی شیعری ناسراوە بایەخی خۆی لە دەست نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت هەرچەندە زۆر لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەیە بۆ وێنەی شیعری بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ بکرێت، و دەتوانین بڵێین (( وێنەی شیعری بەشێکی زۆری بەرکەوتووە لە بایەخدانی لێکۆڵەرەکان و گرنگیان پێ داوەو لێکۆڵینەوەیان بۆتەرخان کردووەو بەرهەمی تایبەتیان لەبارەیەوە نووسیووە، بەڵام لە ڕاکانیاندا هاوڕا نەبوون بەهۆی ڕێبازە ئەدەبیە جیاوازەکان کە هەریەکە لەمانە سەر بە یەکێك لەم ڕێبازانە بوون ، بۆیەش ئەو لێکۆڵینەوانە نەیانتوانیووە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ وێنە بکەن ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ فراوانی و قوڵی بابەتەکە ))[1]، و ئەمەش هۆی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی کە پێناسەیەکی یەکخراو بۆ وێنەی شیعری نەهاتۆتەدی.

دەتوانین گونجاوترین پێناسە بۆ وێنەی شیعری بەم شێوەیە دابڕێژین : وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتی شیعری یەو لە شێوەی تابلۆیەکی شێوەکاری یە، کەرەستەکانی ووشەی جوان و خەیاڵی دەروونی شاعیرن، و بەهۆیەوە شاعیر ئەزموونی خۆی و تێڕوانینی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری دەخاتە ناو چوارچێوەی دەقە شیعرەکەی ، واتە وێنەی شیعری

---

(١) البناء الشعري عند كَشاجّمْ ، ضياء عبدالرزاق أيوب العاني ، رسالة ماجستير ، كلية التربية ، جامعة الأنبار ،١٩٩٦، ص ١٣٢ .

دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی شاعیر ئەوەی لە دڵ و دەروونیـدا دەخولێتـەوە لـە چوارچێوەی شیعرێکدا بیگەیەنێتە خوێنەرو گوێگران بۆ ئـەوەی ئـەو دیمەنـەی ئەو هەستی پـێ دەکـات لـە ڕێگـەی وێنـەی شـیعری بـە ئێمـەی خوێنـەرو گوێگری بگەیەنێت.

## باسی دووەم : سوود و گرنگی وێنەی شیعری

وەك لەمـــەوپێش باســـکرا وێنـــەی شـــیعری گـــرنگترین و بـــەهێزترین پێکهێنەرەکانی بنیاتی شیعر پێك دەهێنێت، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کە ژیان پڕە لە وێنەو دیمەنی جوان و سەرنج ڕاکێش کە هەریەکە لە ئێمـە لـە ژیانی ڕۆژانەی دا هەسـتی پـێ دەکـات و (( ڕۆژانـە مێشـکی مـرۆڤ چـەندین وێنەی تێدا گەلاڵە دەبێ و زانیاری لە بارەیانەوە وەردەگـرێ و جاروبارێـك لـە کاتی پێویستیدا ئەو جۆرە وێنە هەڵگیراوانـە لـە هەسـت و نەسـتی مرۆڤـدا بریسـکە دەداتـەوەو مرۆڤـی هۆنیـار یـان نووسـەر بـە شـێوەیەکی جـوان و کاریگەر ڕەمزی ئەو وێنانە جارێکی تر دەخـولقێنێ و بەرجەسـتەی دەکاتـەوە

))[(١)]،و هەمووومان ڕۆژانە چەندین دیاردەو دیمەنی جوان و سەرنج ڕاکێش هەست پێ دەکەین و وێنەی ئەمانە لە بیرو هۆشماندا جێگیر دەبێت، بەڵام شاعیر هەستێکی ناسکتری هەیە بۆیە توانای ئەوەی هەیە سوود لەم دیمەنانە وەربگرێت و لە شێوەی وێنەی شیعری دا دەریانبڕێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی گرنگی و بایەخی وێنەی شیعری لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و ئەدەبیەکاندا ڕۆژبەڕۆژ بەرەو هەڵکشان بچێت((تا وای لێهات شیعر وێنە وێنە دەخوێنرایەوە بوو بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعری هاوچەرخ، و... وێنەی هونەری لە شیعری نوێدا بریتیە لە کۆمەڵە وێنەیەکی لە دوای یەکی پەیوەست نەك تاکە وێنەیەك، وێنەکانیش بە پێی ڕێکخستنی سروشتی کات بە یەکەوە نەبەستراونەتەوە وەك لە دیمەنەکانی سینەمادا یاخود وێنەگرتنی ڕاپۆرتی لە ئەدەبی چیرۆکیدا ))[(٢)]، هەرچەندە ئەوە شی کردنەوەیەکی زۆر پەسند نی یە بۆ وێنەی شیعری چونکە بەپێ ی ئەم بۆچوونە پێویستە هەموو وێنەیەکی شیعری لە شیعری نوێ دا لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك پێك هاتبێت، ئەمەش مەرج نی یەو ناشێت وێنەی شیعری تەنها ببەستینەوە بە کۆمەڵە وێنەیەکی بەدوای یەك، بەڵکو زۆرجار تاکە وێنەیەك بەرچاو دەکەوێت و بە وێنەی شیعری ناو دەبرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت دیارە مەرجێکە بۆ دروست بوونی شیعرو جیاکردنەوەی لە ڕەگەزەکانی

---

(١) وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، عادل مەجید محمد گەرمیانی ، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی پەروەردە ـ إبن رشد ، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٠ز ، ل ١٨ .

(٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ١٥٦.

تری ئەدەب، لەلایەکی تریشەوە (( هۆیەکی تریش بۆ ئەوەی کە شاعیر پەنا بباتە بەر وێنەی شیعری بۆ گەیاندنی ئەزموونەکەی بە خەڵکی تر ئەوەیە کە خەیاڵ ئەو ئامانجەیە کە بەرەو ڕوومان دەبێتەوە لەکاتی خوێندنەوەی پارچە ئەدەبیەکان ... شاعیر بە خەیاڵ واقیعێکی تازە دەخولقێنێت بە وێنەیەکی جوانتر کە بەرزترە لە واقیعەکە خۆی لە جوانی و کاریگەریدا ))(١)، واتە ئەو دیاردە و دیمەنانەی کە تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە واقیعدا دەیبینن ئەو جوانی یەی نی یە کە هەمان دیمەن شاعیر لە شیعردا وەسفی دەکات بەهۆی مەزراندنی خەیاڵێکی جوان و بەهێز .

گرنگی وێنە لە نێوان پێکهاتەکانی بنیاتی شیعر گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە دەگوترێت (( وێنە ڕەگەزێکی گرینگی شعرەو دەبێتە هۆی دروست بوون و داهێنانی نوێ لە شیعردا، وێنە تەنها بۆ ڕازاندنەوەی ستاتیکای شیعر نەخولقاوە بەڵکو شاعیر بە هۆی ئەندێشەی بەهێزو داهێنەرانەیەوە وێنەی بەرجەستەکراوی هەست و نەست و باری دەروونی دەخولقێنێ ، کە مەبەست ڕوون دەکاتەوەو دەبێتە هۆی تێگەیشتن وکلیلی کردنەوەی دەرگای واتای ناڕاستەوخۆو شاردراوەی ناو بنیاتە پێکهێنراوەکەی دەقەکەی ))(٢)، هەر بەهۆی ئەوەشە کە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بایەخێکی زۆری پێ دراوە، ئەمەش بێ هۆ نەبووەو زۆر هۆکاری گرنگی هەبووە وگرنگترین هۆی ئەو

(١) الصورة الفنية في شعر الطائيين بين الإنفعال والحس ،الدكتور وحيد صبحي كبّابة ، من منشورات إتحاد كتاب العرب ، مكتبة الأسد الوطنية ، دمشق ، ١٩٩٩، ص١٠ - ١٣، إنترنيت : w.w.w.awu-dom.org .

(٢) ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، شنۆ محەمەد مەحمود ، ل ١٦٠ .

بایەخ پێدانەیان ئەوە بوو(( کـە وێنــەی شــیعری وەك ئـامرازێکی ڕەخنــەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت، کە ڕێگا بە ڕەخنــەگر ئــەدات بــە نـاخی دەقــدا تێپەڕ بکـات و نهێنییــەکانی جیهـانی دەق بــەدی بکـات ))(١)،و ڕەخنــەگران پێویستیان بە کەرەستەیەکی لەم شـێوەیە هــەبوو بـۆ بــەکارهێنانی لــە کـاتی شی کردنەوە ڕەخنەییــەکانیان لەســەر شــیعر، و ئــەم بایــەخ پێدانــەش زیـاتر هانی زۆر بوون و بڵاوبوونــەوەی وێنــەی شــیعری داوە لای شـاعیران، تـا ئــەو ڕادەیەی ئەمانە بەسەریەکەوە بوون بــەهۆی ئــەوەی وێنــە لــە شــیعردا ڕۆڵــی خۆی هەر هەبێت و بە جیاوازی قۆناغــەکان گرنگــی خــۆی لەدەســت نــەدات، بەشێوەیەك دەگوترێت (( شیعری کۆن و نــوێ زۆر بــە کــەمی وا دەبــێ بــە بــێ وێنـــەی هونـــەری بێـــت، لەبەرئـــەوەی وێنـــە وەســـیلەیەکی هونەرییـــە بـــۆ گواستنەوەی ئەزموونەکان کە وەسیلەی گواســتنەوەی ئــەزموونیش بــێ دەبــێ گرنگی پێبدرێ بۆیە هەرلە سەرەتای بــوونی شــیعرو وێنــەوە دەبیــنین گرنگــی پێدراوە ))(٢)، ئەمەش بێ گومان بــە چــەندین قۆناغــدا تێپــەڕبووەو چــەندین داهێنان و گۆڕانکاری گەورەی بەســەردا هــاتووە،(( لــە شــیعری کلاســیکیدا وێنەی شیعری زیاتر لە ڕوانگــەی هونــەرەکانی ڕەوانبێژیــەوە ســەیری کــراوەو تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی لایــەنی جوانکــاری شــیعرەکە بــەکارهاتووە، کەچــی لــە شیعری نوێدا ئەم چوارچێوە شکاو وێنە شیعرییەکان پانتایــەتی فراوانترینیــان داگیرکرد، کە بوونە هۆی ئەوەی بە یــەکێك لــە دیــارترین بنــەما گرنگــەکانی

(٣) وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردی دا، عبدالقادر حەمەد ئەمین ، ل ١١.

(٤) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گــەردی ، ل ٣١ .

داهێنـان و هونـەری شـیعری دابنـرێن ))[1]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت ئەوەمان لە بیر نەچێت هەرچـەندە لـە شـیعری هاوچـەرخدا سـەرەڕای پشـت بەستن بە هونەرەكانی ڕەوانبێژی بـۆ لـەدایك بـوونی وێنـە شـیعریەكان پشـت بەستراوە بە بەرجەستەكردنی خەیاڵ و ڕەمـزو ئەفسـانەو هونـەری تـری جـوان كە بە هۆیەوە وێنەكان شێوازێكی جوانتریان وەرگرتووە، هـەر بۆیـەش ڕۆژ بـە ڕۆژ گرنگـی وێنـەی شـیعری لـە لێكۆڵینـەوەی ئەدەبیـدا زیـاد دەكـات. هەرچەنـــدە (( قوتابخانـەی وێنـەیی (The School of images) یەكێكـە لـەو قوتابخانە تەمەن كورتانەی ئەم سەدەیە، تەنیا لە نێو هـۆنراوە ڕەنگـی دایـەوە وەك ڕەگەزێكی وێژەیی، تەمـەنی ئـەم قوتابخانەیـە نزیكـەی پێـنج سـاڵ بـوو (١٩١٣ـ ١٩١٧) ))[2]، واتە تەمەنی ئـەم ڕێبـازو قوتابخانـە ئـەدەبی یـە زۆر كەم بوو بەڵام ڕۆڵی گرنگی خۆی لە ئەدەب و ڕەخنەی جیهـانی دا لـە دەسـت نەدا ، بە شێوەیەك (( بـیری ڕەخنـەی نـوێ گرنگـی بـە گـەلێ لایـەنی كـاری ئەدەبی داوەو گەلێ لەو كێشانەی وەرگرتووە كە پلەی پەیوەنـدییان بـە كـۆن و نوێوە جیـاوازە، یـەكێ لـەو بابەتانـەی وێنـەی هونـەری یەكـە لـە پێشـەوەی بابەتەكانی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپیـەوە دێـت لـە چـارەگی یەكـەمی سـەدەی بیستەم، گرنگیەكی زۆری بە وێنـەی هونـەری داوەو پێناسـەی كـردووەو شـی

(١) شێوازی شیعری گۆران ، پەخشان عەلی ئەحمەد، نامـەی ماسـتەر ، كـۆلیجی زمـان ، زانكـۆی كۆیە ،٢٠٠٧ ز ، ل ٢٢٤ .

(٢) شاعیرانی وێنەیی و چەمكی وێنەی هۆنراوەیی ، د.عادل گەرمیانی ، ل ٣٤ .

کردۆتەوە ))[١]، ئەم بۆچوونانە ئەوە دەسەلمێنن کە بە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی وێنەیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بایەخ و گرنگی وێنەی شیعری وەك ڕەگەزێکی شیعر بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتووە.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژەی پێ کردنە ئەوەیە کە ((وێنەی هۆنراوەیی کەرەسەیەکە لە کەرەسەکانی هۆنراوەو ئەوزارێکی دەربڕینە هۆنیار بۆ بەرجەستە کردنی بیرو بۆچوونەکانی پەنای وەبەر دەبات، هەبوونی وێنەی هۆنراوەیی لە نێو هۆنراوەدا گرنگە وەك گرنکی ئاو بۆ درەخت، وە ئاوێنە پڕ ڕەونەقەکەی هۆنراوەیەو شێوەیەکە بۆ باوەڕ هێنان بە وەرگر لە ڕێی وێنە بابەتیەکەی نێو هۆنراوەکە ))[٢]، هەر بەو شێوەیەش و لەم چەند ساڵەی دوایی دا ئەم گرنگی پێدانە بە وێنەی شیعری ئەدەبی کوردی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی گرتەوەو چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوەو تا ڕادەیەك هەوڵدراوە ئەو بۆشایی یەی ئەم بوارە پڕ بکرێتەوە، چونکە بۆیان دەرکەوتووە کە(( شیعر ڕێگا تاریکەکان بۆ خەڵك ڕووناك دەکا، ئاسۆو ئامانجەکان گەش و نزیك دەکاتەوە، چێژو خۆشی بەگیان ودەرون دەبەخشێ، وشەو وێنەی شیعرییە دەتوانن ئەو هەموو ئەنجامانە بدەنە دەست، بۆیە شاعیری باش و سەرکەوتوو دەبێ ڕەچاوی ڕۆڵی گرنگی وشە بکاو لەشوێنی خۆی بەکاری بێنێ. وەکو کەرەسەیەك وێنەی

---

(٣) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ٤١ .

(٤) وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، عادل مەجید محەمەد گەرمیانی ، ل ٥١ .

باش وجوانی لێ دروست بکا ))[1] ، ئەمانەش بەشێکن لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوون بە زیاتر بلاّوبوونەوە و گەشەکردنی وێنەی شیعری بەو شێوەیەی لە ئەدەبی هاوچەرخدا هەستی پێ دەکرێت.

## باسی سێ یەم : جۆرەکانی وێنەی شیعری

وێنەی شیعری وەك لەو چەند لاپەڕەی ڕابردوو بۆمان ڕوون بۆوە لەلایەن پەیڕەوکەرانی هەر ڕێبازێك لە ڕێبازە ئەدەبیەکان بە شێوەیەك پێناسە دەکرێت و ئەم جۆراوجۆریەش لە پێناسەکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی چەند جۆرو لق و شێوەیەکی بۆ دەست نیشان دەکرێت.

بۆ نموونە(( لە لای ڕۆژئاواییەکاندا زاراوەی وێنە لە پێنج دەلالەتدا خۆی دەبینێتەوە، ١ـ دەلالەتی زمانەوانی ٢ـ دەلالەتی زەینی ٣ـ دەلالەتی دەروونی ٤ـ دەلالەتی ڕەوانبێژی ٥ـ دەلالەتی ڕەمزی ))[2]، و ئەم

(١) لێکۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی، د.عەبدوڵلاّ خدر مەولود، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٤ز ، چ.یەکەم ، ل ١٣٩.

(١) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ٤٧ .

جیاوازیەش لە لێکدانەوەکان وای لێی هاتووە کـە زیـاتر لـە دابەشـکردنێکی بۆ دەکرێت، هەروەکو جۆرەکانی وێنەی جوڵاوو چەسـپاو، وێنـەی تـاك و کـۆو گشـتی و بازنـەیی ...هتـد، و زۆرجـاریش (( ئەوانـەی کـە دیراسـەی جـۆرو شێوازەکانی وێنەی شیعری دەکەن بەرەو چەند ڕێبـازێکی جیاجیـا ڕۆیشـتوون ، و زۆرجار وێنە لای ئەوان بەسەر چـەند بـەش و لـق و سـیفەتێکدا دابـەش دەبێت، وەك ... وێنەی بیستراوو بۆنکراوو هەسـتپێکراوو بەرجەسـتەکراو... هــەروەها هەنــدێ لــە لێکۆلــەرەوەکان وێنــەی شــیعری و پێکهێنــەرە زمانەوانیەکانی پێك دەبەستنەوەو وا سەیری وێنە دەکەن کە بـە شـێوەی تـاك پێك دێت لە ڕێگەی وەسفەوە یان لەسەر بنەمای لێچوون و خواسـتن دروسـت دەبێت ))[1] ، بەم شێوەیە وێنەی شیعری جۆراوجۆر دەبێـت و چـەندین شـێوەو فۆرمی جیاواز لە خۆی دەگرێت، و بەڕای هەندێك لە ڕەخنەگران کە هـەر ئـەو ڕایەش لەم لێکۆڵینەوەدا بە پەسند دەزانرێـت ،(( دەتـوانرێ دوو جـۆر وێنـە دیاری بکەین :ـ یەکەمیان :ـــ وێنـەی ڕاسـتەوخۆ: ـــ کـە بـە تـەنها واتـای ڕاستەوخۆی وشەو دەربڕینەکان خۆیان دەگەێنن ، بێ ئەوەی پشت بـە زانسـتی ڕەوانبێژی بەسـترابێ ،ـــ دووەمیـان : وێنـەی هونـەری : ـــ کـە بـریتین لـەو وێنانەی کە بەمەبەست و بە شێوەیەکی کارامەو هۆشیارانە ئـەنجام دەدرێـن و بـە هـۆی بابەتـەکانی لێکچـواندن و خـوازەو درکـەوە کـە زمـانی دەربڕینـی

---

(٢) دير الملاك ، دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي الحديث ، د. محسن إطيمش ، بغداد ـ الأعظمية ، وزارة الثقافة و الإعلام ، دار الشؤون الثقافية العامة ، ١٩٨٦م ، ص ٢٦٤ .

ئەندێشەن سازدراون ))[(١)]، بێ گومان ئەمــەش لای شـاعیرێك و یــەكێكی تـر یان لە شیعرێك و شیعرێكی تردا دەگۆڕێت، بەم شێوەیە دەبیــنین كـە وێنــەی شیعری جگە لەو جۆرانەی ئاماژەمان بۆ كردووە چــەند جــۆرێكی تــری هەیــە كە بە پێویست نەزانرا بەهۆی باس كردنیان لە كاكڵــەی بابەتەكــەمان دەربچــین كە بریتی یە لە دەستنیشــانكردنی ئــەو جۆرانــەی كـە بــە وێنــەی ڕوونبێــژی نــاودەبرێن ، وەك ئاشــكرایە ڕوونبێــژی بەشــێكە لــە بەشــەكانی زانســتی ڕەوانبێژی و هەر لــە كۆنــەوە زانســتی (( ڕەوانبێــژی بــە تێكڕایــی ... لــەناو خۆیاندا بوون بەو سێ بابەتە... گوزارەكاری، ڕەوانكــاری ، جوانكــاری... لــە ڕەوانكاری * شتێكی تر هەیە كــە تــۆ لێــرەدا یــەك گــوزارە دێنــی و ئــەیبڕی بەسەر گەلێ شت دا لەمەوە، وەك یەك، دركە، خــوازە، خواســتن و شــتی تــر دێتە كایەوە ))[(٢)]، كورتەی مەبەست لێرەدا ئەوەیە كە (( ڕەوانبێژی بــە گشــتی و ڕوونبێژی بە تایبەتی ڕۆڵێكی گرنگی لە بنیاتنانی وێنەی هونەریــدا هەیــە، ڕوونبێژیش پلەو پایەكی بەرزی هەیە بەڵام تاكــە جــۆری وێنــە نییــە، وێنــەی ڕوونبێژیش خۆی لە وێنەی لێكچواندن و خوازەو دركــەدا دەنــوێنێ ))[(٣)]، بــە شێوەیەك دەتوانرێ بگوترێت لە نێوان جۆرەكانی وێنەی شــیعری دا، جــوانترین

---

(٣) بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كوردی دا، دكتۆر دڵشاد عــەلی ، لێكۆڵینەوەیــەكی ڕەخنــەیی بەراوردە، سلێمانی ، چاپخانەی ڕەنج ، ١٩٨٨ز ، ل ٤٧، ٤٨ .

* ڕەوانكاری هەمان واتای ڕوونبێــژی دەگەیەنێت كە بابەتی ئەو لێكۆڵینەوەیە پێك دەهێنێت .

(١) خۆشخوانی، گوزارەكاری ـ ڕەوانكاری ـ جوانكاری ، علاو الدین سجادی، بەغداد ، چــاپخانەی مەعارف، ١٩٧٨م ، ل ٤٤.

(٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١ )، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ٢٢٧ .

و بە پیێزترین وێنە ئەو وێنانەن کە لە سەر بنەمای ڕەوانبێـژی پێـك هـاتوون و لە زانستی ڕەوانبێژیشدا بە تایبەتی پشـت بـە هونـەرەکانی بەشـی ڕوونبێـژی دەبەسـترێت بـۆ هێنانـە کایـەی وێنـەی شـیعری ، هەرچـەندە بـۆ پێناسـەی ڕوونبێژی ناگەینـە پێناسـەیەکی چەسـپاو، چـونکە(( ڕوونبێـژی لای زاناکـانی ڕەوانبێـژی چـەند پێناسـەیەکی جیـاوازی بـۆ کـراوە کـە دەربڕینـەکانیان لـە یەکتری جیـاوازە بـەلاّم لـە واتـادا یـەك دەگرنـەوە، ڕوونبێـژی بـەپێ ی ئـەم پێناسانە... زانستێکە بە هۆیەوە واتایەك لـە چـەند وێنەیـەکی جیـاوازو لـە داڕشتنی جیاوازو ڕوونی لە دەلالەتەکان و هاوتـایی هەریـەك لەمانـە لەگـەڵ باردودۆخەکان دێتە کایەوە ))[1]، سەرەڕای ئەوەش ئەم زانستە تایبەت نـی یـە بـە هـیچ گـەل و نەتەوەیـەك و ئاسـایی یـە گـەر لێکدانـەوەی جیاجیـای بـۆ بکرێـت، و(( ڕەوانبێـژیش لـە هـەموو ئـەدەبێکا، واتـە ئـەدەبی هـەموو میللـەتێکا هەیـە، هەرچـەندە ئەوەنـدە هەیـە زمـانی نوسـینەوەو نموونـەکان ئەگۆڕێن و بەس ! ئەگینا گەوهەری زانیـاری یەکـە هـەمووی هەریەکـەو وەك هەر زانیاریی یەکی تـر سەرچـاوەکەی بـۆلای یۆنانـەکان ئەچـێتەوە ))[2]، ئـەم گرنگـی پێدانـەی وێنـەی شـیعریش بـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە(( یەکێك لەو مەرجانەی کـە هێـزو توانـاو گـوڕی مانـەوە، یـا نەمری بە شیعر ببەخشێ ڕەوانبێژییە. سۆزو ئەندێشەکانی بە وێنـەی جـوان و

(٣) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، أستاذ مادتي البلاغة العربية و المدارس العربيـة و الأنواع الأدبية في كليـة الأداب والعلـوم الإنسـانية في الجامعـة اللبنانيـة ، بـيروت ـ لبنـان، دار الأصالة للطباعة و النشرو التوزيع، الطبعة الأولى ،١٤٠٣ هـ ـ ١٩٨٣م ، ص ٨٣ .

(٤) ڕەوانبێژی ،عزیز گەردی ، بەغداد، چاپخانەی دار الجاحظ ، چ.یەکەم ، ب ١، ل ٧.

ڕازاوە دەجووڵێنیٚ وشەو کەرەسەو چوارچێوە کۆنەکان تـازە دەکاتـەوە ))[١]، و بەهۆی ئەمانەشەوە زۆرجار بـۆ پێناسـە کردنـی وێنـەی شـیعری ڕەخنـەگران دەیبەستنەوە بە هونەرەکانی ڕوونبێـژی و ڕەخنـەگران پـیٚ یـان وا بـووە کـە(( بەشێکی زۆر لە وێنـەکان لەسـەر بنچـینەی ڕەوانبێـژی دروسـت دەبـن، لـە لێچوواندن و خواستن و خوازەو درکە ))[٢] پێك هاتوون، هەرچەندە ئەو ڕایـەش زۆر چەسپاو نی یە و جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەخنـەگران و زۆرجـار بـاس لـە بیروڕای جیاوازی دەکرێـت لـە بـارەی ئـەم حاڵەتـە، بـەڵام هەرچـۆنێك بێـت دەگەینە ڕاستیەك کە ئەم بەشەی ڕەوانبێـژی لـە کۆنـەوە تـا ئـەمڕۆ گرنگـی خۆی پاراستووە لە دروست بوونی وێنە شـیعریەکان و شـێوازێکی گرنگـی بـۆ دروست بوونی وێنـەی شـیعری پێکهێنـاوە، هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە(( وێنە لـە شـیعردا بریتـی یـە لـەو شـێوە هونەریـەی کـە ووشـەو دەربڕینەکان وەری دەگرن دوای ئەوەی کە شـاعیر لـە داڕشـتنێکی ڕوونبێـژی تایبـەت ڕێکـی دەخـات بـۆ دەربڕینـی لایـەنێك لـە لایەنـەکانی ئـەزموونی شـیعری تـەواو لـە قەسـیدەکەیدا، بـە بـەکارهێنانی تواناکـانی زمـان و توانستەکان لـە ڕێکخسـتن و ڕیـتم و دروسـت و خـوازەو هاوواتـاو دژەواتـاو بەرامبەری و بە ڕەگەزکردن و شـتی تـر لـە هۆکارەکـانی دەربڕینـی هونـەری

(٥) لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، د.عەبدوڵڵا خدر مەولود، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٤ ز ، چ. ١، ل ١٤٧.

(١) الشعر العربي المعاصر روائعه و مدخل لقرأته ، الدكتور طاهر أحمد المكي، مصر ، طبع بدار المعارف ،١٩٨٠م ، ص ٨٣ ، ٨٤.

))[1]، و ئەم هونەرانەش کە دەکەونە چوارچێوەی بەشی ڕوونبێـژی لـە زانسـتی ڕەوانبێژی دا لە شـیعری کـۆن و نـوێی کـوردی دا هـەردەم هـەبوون و ڕۆڵـی خۆیان لە بنیاتنانی وێنە شیعریەکاندا بینیوە، و بەم هۆیەشـەوە بـۆ پێناسـەو ناساندنی ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردی دا گوتراوە (( باسێکی زۆر فراوانـە ئـەو هەموو شـتانە ئەگرێتـەوە کـە پـەردە لـە ڕووی گـوزارە لا ئـەدەن و ئەیخەنـە بەرچاوەوە، یا بیروباوەڕێـك ئـەگرن و ئەیخەنـە ڕووەوە تـا گـوێگر یـا خوێنـەر بتـوانیّ بگاتــە بــنج و بنــاوانی مەبەســتەکەو تــیّ ی بگــات ...ووتویانـە: ( هۆش ـ العقل پێشـەوای گیانـە، زانسـتیش پێشـەوای هۆشـە و ڕوونبێـژی وەرگێڕی زانسـتە ))[2]، لەبەرئـەوەی ئـەو هونەرانـەش هـەر تایبـەت نـین بـە ئەدەبی کوردی بۆیە دەتـوانین بـە شـێوەیەکی گشـتی بڵـێین(( زمـانی ئـەدەبی زمانێکی خەیاڵی و وێنەیی یە واتە لە لێچوواندن و خواستن و خوازەو درکـەو ڕەمــزو ئەفســانە پێــك هــاتووە... کـە لای خــەڵکانی شـاعیرو هونەرمەنـد دەردەبڕێت کە بە هەستیان وێنەی لێچـوواندنی شـیاو دروسـت دەکـەن و بـە لێچوواندن و خواستنەکانیان زمانێکی خوازراو دورست دەکەن، بـەم شـێوەیە بەشەکانی زانسـتی ڕوونبێـژی لای هـەموو گـەلان هاتۆتـە کایـەوە ))[3] و بـۆ سـوودو گرنگـی هونـەرەکانی ڕوونبێـژیش دەتـوانین ئـەو ڕایـە وەك نموونـە

(٢) الصورة الفنية في الخطاب البلاغي و النقدي ، تأليف : الولي محمد، الناشر: المركز الثقافي العربي ـ بيروت ـ الحمراء ، الدار البيضاء ،١٩٩٠م ، ص ١٠.

(٣) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا ، عزیز گەردی ، ب ١، ل ١٨ .

(٤) بيان ـ با تجديد نظرو إضافات ، دكتور سيروس شميسـا، تهـران ، چـاپخانه رامـين ، ١٣٧٤، ص ٣٣ .

بهێنینەوە کـە دەگوترێـت (( ڕوونبێـژی ئـەوەمان بـۆ ڕوون ئەکاتـەوە : ئـاخۆ نووسەر یا هۆنەر تا چ ڕاددەیەك توانیویـەتی لـەم بەرهەمـەی دا سـەرکەوتوو بێ ؟! ئەو پیشەیەی دەستی بۆ بردووە تەڕو پـڕەو ئەچـێتە دڵـی خوێنـەرەوە؟! ئایا خاوەنی چەشەو زەوقێکی ئـەدەبی نـەرم و ناسـکە ؟! یـان نـە؟! ئایـا لـە نووسین و هونەرنواندا بە شێوەیەکی کوێرانـە ڕێچـکەی کەسـانی پـێش خـۆی گرتووە ؟! یـاخود خـۆی ڕێچـکەی بـۆ خـەڵکی تـر شـکاندووە ؟! ))[1]، بـەم شـێوەیە شـاعیرانی کـوردیش وەك شـاعیرانی نەتـەوەکانی تـر پشـتیان بـە هونەرەکانی ڕوونبێژی بەستووە لە زانستی ڕەوانبێـژی دا بـۆ دروسـت کردنـی وێنە شیعریەکانیان و ئەم هونەرانـەش تایبـەت نـی یـە بـە هـیچ سـەردەم و قۆنـاغێکی ئـەدەبی و لــە هـەموو سـەردەمێکدا هـەر هەیـەو بـە ڕوونـی بەرچاودەکەوێت ، (( زۆر ئاسایی یە کاتێك بڵێین : زمـان ناتوانێـت ڕاسـتەوخۆ هەموو جیهانی مرۆڤ لە خۆی بگرێت، بەو هۆیەوە پـەنا دەباتـە بـەر خـوازە و لێچـواندن و خواسـتن و ڕەمـزو ڕێبـازە هونەریـەکانی تـری وێنـە ))[2]، بـەم شێوەیە بۆ ئەوەی وێنەی ڕوونبێژی بناسین و بزانین وێنەی ڕوونبێژی چـی یـە و چەند جۆرە دەتوانین پشت بەو پێناسەیە ببەسـتین کـە دەڵێـت:ـ (( ڕوونبێـژی ئـەم چـەند پیشـەو هونـەرە جـوان و قەشـەنگە ئەگرێتـەوە : لێکچـواندن ـ التشبیة ، خوازە ـ المجاز، خـوازەی زمـانی : ئەمـەش دوو لقـە : خواسـتن ،

---

(١) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ١١.

(٢) جماليات الأسلوب ـ الصورة الفنية في الأدب العربي ، الدكتور فايز الداية ، دمشق ـ دار الفكر ، بيروت ـ دار الفكر المعاصر ، مكتبة الأسد ، ١٩٩٦ م ، ص ٣٧ .

خوازەی بەرەڵڵا ، خوازەی ژیری ـ المجاز العقلي ، درکـە ـ الكنايـة ))(١)، ئـەم دابەشـکردنەش تـا ڕادەیـەك پەیوەنـدی هەیـە بـە بۆچـوونەکەی هـەردوو فەیلەسوف و بیرمەندی یۆنان ***ئەفلاتون*** و ***ئەرستۆ***، بـە بـاوەڕی ئـەو دووانـە شاعیران کە دەیانەوێت باس لە شتێك بکەن ئەوا بەیـەکێك لـەم سـێ ڕێبـازە لاسایی دەکەنەوە : ـ

١. لاسایی کردنەوە وەك ئەوەی هەیە .

٢. لاسایی کردنەوە وەك ئەوەی لە واقیعدا دەبینرێت کە وێنەی ئەو شتەیە.

٣. لاسایی کردنەوەی وەك ئەوەی کە پێویستە هەبێت .

ئەم سێ ڕێبازەش هەریەکەیان بـوون بـە هـۆی دروسـت بـوونی هونـەرێك لـە هونەرەکانی ڕوونبێژی(٢).

کەواتە وێنەی ڕوونبێژی لە چەند جۆرە وێنەیەك پێك دێـت کـە بـریتین لـە (وێنەی لێچواندن، وێنەی خوازەیی بەهەردوو جۆرەکەیـەوە وێنـەی خواسـتن و وێنەی خوازەیی بەرەڵڵا، وێنەی درکەیی )، ئەو هونەرانـەش هەریەکـەیان لـە بەشەکانی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شـوێنی خۆیـان بـۆ تـەرخان کـراوەو بەدرێژی لەهەریەکەیان دەدوێین .

لە کۆتایی ئەو دەروازەیـە وەك نموونەیـەك بـۆ وێنـەی شـیعری نموونەیـەکی شیعری ***قوبادی جەلی زادەی*** شاعیری هاوچەرخ دەخەینە ڕوو، کە لە سەر

(٣) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا ، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٢١.

(٤) بڕوانە: ـ هونەری شیعر، هۆراس، وەرگێڕانی حەمید عـەزیز ، سلێمانی ، چاپخانەی چوار چـرا، چ.دووەم ، ٢٠٠٥، ل ١١، و جمهوريـة أفلاطـون ، نقلـها إلى العربيـة حنـا خباز، بغداد، منشورارت مكتبة النهضة ، مطبعة بابل ، ص ٢٨٢.

بنچینەی هونـەرەکانی ڕوونبێـژی چـەندین کۆپلـە شـیعری ناسـك دەهێنێتـە بەرهـەم ، هـەروەکو لـە شـیعرێکدا لـە چوارچـێوەی کۆمەڵـە شـیعرەکەی ***شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات*** کە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ تایبـەت کـردووە، هەروەکو دەڵێ : ـ

**ژانە شیعر** (١)

**لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە**

**ژنێ دەزێ و**

**لێرەش سرووشی شاعیرێ .**

**چریکەمان ، لە دوند و قۆپی ئاسمانا**

**ئاوێزانی یەکدی دەبن .**

**مەگەر هەر شاعیر بزانێ**

**زامی کامیان قورسترە !**

**( لە کۆشکی ئارامی ئەودیو**

**گریەی کۆرپەیێ دەبیستم )**

---

(١) شەهید بە تەنیا پیاسەدەکات ، قوبادی جەلی زادە، هەولێر، بڵاوکـراوەی ئـاراس ـ چـاپخانەی دەزگای ئاراس ، چ.دووەم ، ٢٠٠٧ز ، ل٣٥.

**شەویش پیر بوو ..**

**ئای لەو ژانە تووڵانییە**

**سینگم تادێ تەنگتر دەبێ .**

**زۆر دەترسم**

**بە سەر ئەو شیعرەوە بچم ؟!!** * **ل ٣٥**

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەیدا وێنەیەکی شیعری دەخاتە ڕوو کە لە ناوەڕۆکی دا ***لە دایك بوونی شیعرێك لای شاعیرو لەدایك بوونی منداڵێك بەیەك دەچوێنێت*** لەم ڕووەوە کە هەردووکیان ئێش و ئازاریان هەیە، و لەسەر بنەمای هونەری ( لێچواندن )کە یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی وێنەیەکی شیعری هێناوەتە بەرهەم کە لە بەشی یەکەمی ئەو باسەدا زیاتر ئەم جۆرەی وێنەی ڕوونبێژی شی دەکەینەوە.

کەواتە(( بنەمای پێکهاتنی وێنەی شیعریی ، هونەرەکانی ڕەوانبێژیین ئەم ڕاستیەش بۆ خۆی لەلایەن سەرجەمی لێکۆڵەرو ڕەخنەگرەکانەوە دەست نیشان کراوەو بە گشتیش ئەو بۆچوونەیان خستۆتە بەردەست کە : لێکچواندن ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە کە وێنە بنیات دەنێن ، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوانتریشی لەبەردەمدا دەکرێتەوە، هەر کاتێ ڕووی لەو وێنانە کرد کە ڕەگەزەکانیان لە

---

* لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە سەرجەم ئەو شیعرانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەك نموونە دەخرێنە ڕوو لەم کۆمەڵە شیعرە : ***شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات*** وەرگیراوە، بەپێویستی نازانین لێرە بەدواوە لە کاتی نووسینی نموونە شیعرەکان ئەم سەرچاوەیە لە پەراوێزدا بنووسین، و تەنها ژمارەی لاپەڕەی شیعرەکە لە کۆتایی نموونە شیعرەکە دەنووسین تا خوێنەر بگەڕێتەوە بۆی .

خواستن و خوازەوە وەردەگرن ))[1]، سەرەڕای هونەری (درکە)کە وەك هونەرێك لە هونەرەکانی ڕوونبێژی بێ بەش نابێت لەپێکهێنانی وێنە شیعریی ، و بۆ ئەم حاڵەتەش بەشێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین (( بۆ دەربڕینی واتاکان چەند ڕێبازێکی جۆراوجۆر هەیە، و هەر ئەدیبێك ڕێبازێکی تایبەتی هەیە بۆ دەربڕینی ئەو واتایەی کە مەبەستیەتی ...و گەر ووردبینی ئەو واتایانە بکەین کە لای ئەدیب دەردەچێت دەبینین جیاوازە لە داڕشتنە جیاوازەکان کە لە ناو خەڵکدا گفتوگۆی پێ دەکرێت ، بەڵکو ئەمیان جۆرە هونەریەکی تێدا بەکارهاتووەو ... ئەو هونەر بەکارهاتنە لە وێنەکێشان و دەربڕین لە ڕێبازەکانی ڕوونبێژی بە (وێنەی ڕوونبێژی) ناودەبرێت و ئەمەش وای لە ڕەوانبێژەکان کردکە زانستێکی سەربەخۆی بۆ دیار بکەن کە بە (زانستی ڕوونبێژی) ناونراو لەسەر بنەمای چەند ڕێساو بنچینەیەك دامەزراوە ))[2]، قوبادی جەلی زادەش وەك شاعیرێکی هاوچەرخ بێ بەش نەبووە لە بەرکارهێنانی هونەرەکانی ڕوونبێژی بۆ دروست کردنی وێنەی شیعری ،(( قوبادی جەلی زادە، بە زمانی ڕووت و سادەو خاوەن وێنای ئاشکراو هونەرمەندانە لە هەستە شاعیرییەکانی خۆیەوە دەمانباتەوە نێو مانای جوان، نوێ و خەباتکارانەی شیعرو بەرەو جیهانی جەستەو سروشت و تێکۆشان لەگەڵمان دێت بۆ نەخشاندنی تابلۆ جوانەکانی پەیڤ پاشان بە هەستی شیعری و کارامەیی وێنا جوانەکانی ئاشنامان دەکات و

(١) دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، د. دڵشاد عەلی ، ل ١٦٩ ، ١٧٠.

(٢) بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، إيران ، تهران ، چاپ : مهر ـ قم ، چاپ أول ، ١٣٧٦، ص ١٢٩،١٣٠.

لەو ستایشەدا ڕەهەندەکانی دۆزینەوەو خەیاڵدان بەدی دەکـات و ڕاسـتییەکی بالاتر لە واقیع و لۆجیك لە ئێستاو ئێرەدا بەیان دەکات ))[1].

لەسەر بنچینەی ئەم دابەشکردنە لێکۆڵینەوەکـەمان دابـەش دەکـەین بـە سەر سێ بەشداو هەریەکە لەو بەشانە هونەرێك لە هونـەرەکانی ڕوونبێـژی لـە خۆی دەگرێت و ئەمانیش لەچەند باس و تەوەرەیەك پێك دێن.

# بەشی یەکەم :

# وێنەی لێچواندن

(٣) جوانی پەیڤ نەخشاندنی وێناو تێکۆشانی مانا،ئەکرەمی میهرداد، پێشەکی کۆمەڵـە شـیعری ***شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات*** ، ل ٧.

# الصُّورة التشّبيهية

## باسی یەکەم : پێناسینێك بۆ وێنەی لێچواندن

لێچـواندن بـە واتـای ( التشّبْية )ی عـەرەبی و (Simile)ی ئینگلیـزی بەکاردێت هەرچەندە لـە ئـەدەبی کـوردی دا بـە چـەند زاراوەیـەکی جیاجیـا ناونراوەو هەندێك بە لێکچواندن و هەندێ بە چواندن ناوی دەبـەن ، بـەڵام لـەم لێکۆڵینەوەیەدا لێچواندن بە ڕاستتر دەزانین *.

* لە زۆر سەرچاوەی کوردی دا بۆ ئەو واتایە زاراوەی ( لێکچواندن ) داندراوە، بەڵام لە کاتی تاوتوێ کردنی ئەو بابەتەدا لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بەکارهێنانی لێکچواندن بـۆ ئەو واتایە پەسند نەکرا، و بەڕای مامۆستا هەرچـەندە لەمـەوپێش بـەکاریانهێناوە، بـەڵام ووشـەی لێکدراوی ( لێك + چواندن )بە واتای لێکچوونی هەرلایەك بەبەرامبەرەکەی دێت و تـەنها بـۆ ئـەو جۆرە لێچواندنە پەسندە کە بە( لێکچواندنی دووسەرە) ناودەبرێت، چونکە هەر لایەك لە دوولایەکە

هونــەری لێچــواندن جۆرێکــە لــە هونــەرەکانی ڕەوانبێــژی و بــەر بەشــی ڕوونبێژی دەکەوێت، و ڕۆڵێکــی گرنــك بــۆ دروســت بــوونی وێنــەی شــیعری دەبینێت و زۆرن ئەو شیعرانەی کە وێنــەی لێچــواندنیان تێــدا دەردەکــەوێت، چــونکە (( لێچــواندن پەیوەندیــەکی بەراوردیــە لــە نێــوان دوو لایــەن بــەهۆی یەکبوون و هاوبەشیان لە خاسیەتێك یان حاڵەتێك یان لــە چــەند خاســیەت و حاڵەتێکدا ، ئەو پەیوەندیە دەکرێــت بدرێتــە پــاڵ هاوبەشــیەکی هەســتی ، وە دەکرێت بدرێتە پاڵ هاوبەشیەك لە حوکم و پێویســتیەکی ژیــری کــە هــەردوو لایەنە بەراوردکراوەکــە بەیەکــەوە دەبەســتێت، و بــێ ئــەوەی پێویســت بــەوە بکات دوو لایەنەکە لە جەستەداو لە هەموو خاسیەتێکدا بەیــەك بچــن ))[1]، ئەمەش وای کردووە کە ببێــت بــەگرنگترین و بڵاوتــرین ئــەو هونەرانــەی کــە وێنەی ڕوونبێژی دروست دەکەن، هەر بۆیە لە یەکێك لە پێناســەکانی وێنــەی لێچواندندا دەگوترێت (( وێنەی لێچواندن بەشێکە لــە پێکهاتــەکانی هەســتی ئەدیب ، و بریتی یە لە تیشکێك لە تیشکەکانی کــارە ئەدەبیەکــە، و شــێوەو قاڵبی جۆراوجــۆری وەرگرتــووە بــەهۆی ئــارەزووی ئــەو کەســە لــە چــۆنیەتی دەربڕین ، و یان لە شــێوەی بروســکەیەکی کورتــدا دەبێــت یــان لــە شــێوەی دەبڕینی درێــژ، و دەبێــت بــە پاڵپشــتێك بــۆی بــۆ خســتنە ڕووی ئــەوەی لــە

---

بەوی تر دەچوێنرێت، بۆیە ڕاستتر وایە زاراوەی (لێچواندن) بۆ واتای ( التشبيه ) بەکاربهێنین نــەك ( لێکچواندن )، بەهەمان شێوە لەم لێکۆڵینەوەیــەدا هــەمان بــیرو ڕامــان پــەیرەوکردووە و لێچــواندن بەکاردەهێنین .

(١) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، بيروت ـ الحراء، الطبعة الثالثة ،١٩٩٢م ، ص ١٧٢.

دەروونیەتی لە چوارچێوەی شیعرەکانی دا ))(١)، و بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کە هەر لەکۆنەوە ئەو هونەرە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا کێشاویەتی ، هەموومان کەم و زۆر لە ژیانی ڕۆژانەماندا لێچواندن بەکاردەهێنین و دەیکەین بە هۆکارێك بۆ دەربڕینی بیروڕاکانمان و گەیاندنی بۆچوونەکانمان سەبارەت بەکەسەکان و شتەکانی بەرچاومان ، دەتوانین بڵێین لێچواندن بڵاوترین شێوازی دەربڕینە لە زماندا.

ئەمەی باسکرا لەبارەی بە بەکارهێنانی وێنە لێچواندن و ئالۆگۆڕکردنیەتی لە نێوان مرۆڤی ئاسایی و کەسانی دوور لە شاعیرە ، بەڵام لەکاتی ئاماژە کردن بۆ ئەو باسە لە خودی شیعردا ڕۆڵی گرنگی ئەو هونەرە دەرکەوێت، چونکە ئەو هەموو وەسف و جوانیەی کە شاعیران بۆ ئازیزان و بۆ وڵات و نیشتمان و بۆ هەرچ شتی جوان و سەرنج ڕاکێشی بەرهەستەکانیان هەیە، هەموو ئەمانە لەسەر بنچینەی لێچواندنی شتی نائاشکرا بە شتە ئاشکراکان دەهێننە بەرهەم .

واتە وێنەی لێچواندن بەشێکی گرنگ لە دروست بوونی وێنەی ڕوونبێژی پێك دەهێنێت، و نموونەی ئەمەش لە شیعری کلاسیك و هاوچەرخ واتە لە شیعری کۆن و نوێ ی کوردی دا زۆرەو دەگمەن نی یە، هەروەکو قوبادی جەلی زادە کۆمەڵێك قەسیدەو کۆپلە شیعری زۆر ناسك و جوانی لە ڕێگەی وێنەی لێچواندن بۆ بەرهەم هێناوین ، بۆ نموونە لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ :

-

(٢) جماليات الأسلوب ـ الصورة الفنية في الأدب العربي ، الدكتور فايز الداية ، ص ٩٤ .

**کۆیەی چیا و**

**گوڵاڵە سوور و ڕەشەبا**

**کە لەلاتم وەک سروودەکەی ( دڵدار ) م**

**چاوم لە هیچ برینێکت ناترووکێنم**

**بەڵام وەختێ**

**لە بەرۆکی باواجی تۆم دەترازێنن ..**

**وەکو ئەستێرەیێ دەڕژێم**

**نە پێم دەگاتە هیچ عەردێ**

**نە هەورێکیش**

**گیانی نۆغرۆم دەگرێتە خۆی ..!؟** ل ١١٧

شاعیر لەم کۆپلەیەدا لە ڕێگەی وێنەیەکی لێچواندنەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کاتەی خۆی لە شارەکەی ***شاری کۆیە*** نزیکە وەك سروودەکەی **دڵدار** زیندووەو نەمرە ـ دیارە مەبەستی ***سروودی ئەی ڕەقیب*** ی بەناوبانگە ـ واتە ***خۆی*** بەو ***سرووده*** چواندووە لەو ڕووەوە کە هەردووکیان نەمرن، وە لە چەند دێڕێکی دواتردا بۆ وەسفی حاڵەتی جیابوونەوەی خۆی لەکۆیەو لە شاخی باواجی بناری کۆیە، هاتووە ***خۆی*** دەچوێنێت بەو ***ئەستێرەیەی کەدەڕژێت*** و لە نێوان ئاسمان و زەوی دا دەمێنێتەوە، و لەو خاڵەدا لێچواندنی دروست کردووە لە نێوان خۆی لە کاتی دابڕانی لە شارەکەی و دابڕانی ئەو ئەستێرەیە لە ئاسمان.

بۆ زیاتر ناسینی وێنەی لێچواندن دەتوانین پشت بەو پێناسە ببەستین کە بۆ شی کردنەوەی وێنەی لێچواندن بەو شێوەیە پێناسەی کردووەو دەڵێ (( بریتی یە لە هاوتا کردنی خاسیەتی شتێك بە شتێکی نزیك یان هاوتای خۆی، لە ڕوویەك یان چەند ڕوویەکەوە بەڵام نەك لە هەموو ڕووەکانەوە، کە دەڵێیت : ***(ڕووی وەك گوڵە)*** دەتەوێت باس لە ڕوویەك بکەیت کە لە گوڵ دەچێت لە ڕووی سووری گەڵاکانی و ناسکی و جوانی و بۆنەکەی ))(١)، واتە ناشێت ئەو دوولایەنەی لێچواندنەکە دروست دەکەن تەواو هاوبەش بن لە هەموو خاسیەتێکدا بەڵکو پێویستە خاسیەتێك یان چەند خاسیەتێکی هاوبەشیان هەبێت تا ئەو لێچواندنە دروست بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خاسیەتی جیایان هەبێت بۆ ئەوەی نەبن بە یەك شت.

کەواتە وێنەی لێچواندن هۆیەکە بۆ دەرخستنی خاسیەتێك یان چەند خاسیەتێکی شتێك یان کەسێك و هاوبەشی کردنی لەگەڵ شتێك یان کەسێکی تر، لە ڕێگەی ئەو هاوبەشیەوە وێنەیەکی لێچواندن دێتە بەرهەم کە لە خودی شتەکە خۆی ڕەوانترو ئاشکراترە، بۆیەش (( لێچواندن وەك شێوازێك لە شێوازەکانی دەربڕین گرنگیەکی زۆری هەیە ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵك لەگەڵیا ئاشناو ئاسودەن یان لە نوسینەکانیان بەکاری دەهێنن و پەنای بۆ دەبەن، هەر بۆیە لە هەموو زمانێکدا هەیەو زاناو ئەدیبەکان لە هەموو بوارەکاندا بەکاری دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، وگەر بڕوانیە نوسراوە زانستیەکان و لێکۆڵینەوە یاساییەکان

---

(١) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور، ص ١٧٣ .

و توێژینــەوە ئەدەبیــەکان و هــەر داهێنــانێکی تــر دەبیــنن هــەموویان بــە شێوەیەك لە شێوەکان پەنا دەبەنە بەر لێچـواندن ))[۱]، هـۆی بەکارهێنانیشـی لە شیعردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە (( لێچـواندن لـە نـاوەڕۆکی دا بەرهــەمی خەیاڵی مرۆڤەکە بە لێکدانــەوەی بـیرو هـۆش پـەروەردەکراوەو بـە جیـاوازی ژینگــەکان بەرهــەم دێــت و تازەکردنــەوەی ئەزموونــەکان ڕەنگــی دەکــەن سەرەڕای چەند هۆکارێکی تری جیاواز ))[۲]، واتــە بەرجەســتە کردنــی خــەیاڵ لای شاعیر وا دەکات وێنە لێچواندنەکە جوانترو ناســکتر بێـت لـە واقیعەکـە خۆی، ئەمەش بۆتە هۆی تەشەنەکردنی زیـاتر ئـەو جـۆرەی وێنــەی ڕوونبێـژی لە شیعردا بە گشتی، هەروەکو چەندەها نموونە شــیعری جـوان لای شـاعیرانی کلاسیك و هاوچەرخی کوردی بەرچاو دەکەون کە لە ســەر بنچــینەی هونــەری لێچواندن وێنەی شیعری جوان جوانیان هێناوەتە بەرهەم .

## باسی دووەم:ـ بنەڕەتەکانی لێچواندن

چەند پێکهاتەیەك بەشداری دەکەن لە دروست بوونی لێچواندن کە بە بنەڕەتەکانی لێچواندن ناو دەبرێن، و(( بنەڕەتەکانی لێچوون چوارن: ـ لێچوو، لەوچوو، ئەوزرای لێچواندن، ڕووی لێچواندن. دوو لایەنەکەی بریتی

(٢) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١٧١،١٧٢ .

(٣) البلاغة و التطبيق ، الدكتور أحمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير، طبع بمطابع مديرية الدار الكتب للطباعة و النشر ، جامعة الموصل ، الطبعة الأولى ،١٩٨٢م ـ ١٤٠٢هـ ، ص ٢٦٧.

یە لە : لێچوو و لەوچوو، ئەوانە دوو لایەن و دوو بنەڕەتیان پێ دەگوترێت، بەڵام ئامرازو ڕووی لێچواندن تەنها بنەڕەتن، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە : بە بێ بنەڕەت لێچواندن دروست دەبێت بەڵکو نەبوونی باشترە لە بوونی، بەڵام بێ دوو لایەنەکە لێچواندن بوونی نابێت ))[1]، ئەمە بەگشتی وەك پێناسینێکی کورت بۆ هەر چوار بنەڕەتەکە بەڵام بۆ ئەوەی وێنەی لێچواندن لە نزیکەوە بناسین و بتوانین لە جۆرەکانی تری وێنەی ڕوونبێژی جیا بکەینەوەو شێوە جیاکانی دیاری بکەین پێویستە بە چەند دێرێك لە هەریەك لە بنەڕەتەکانی لێچواندن بدوێین .

## یەکەم : لێچوو ـ المشـّبە :

***لێچوو*** بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنانی وێنەی لێچواندن پێك دەهێنێت، و بریتی یە لەو بەشەی کە خاسـیەت و سـیفەتەکانی تێـدا ڕوون نـی یـە بـێ هێـزەو بـەهۆی بەرامبـەرو هاوتـاکردنی بـە شـتێکی تـر ئـەو شـتە ڕوون دەکرێتەوە، چونکە لێچوو(( بنچینەی لێچواندنە، و هەموو بەشـەکانی تـر بـۆ ئەوە دەهێنرێت ئەم دەربخەن و ئاشکرای بکەن و سۆزی نووسەرو شـاعیری بـۆ کێش بکەن بۆ ئەوەی هاوبەشیەك دروست بکات لە نێـوان داهێنـەرو وەرگـرو خوێنەر یان گوێگر، و هەست بکرێت بە کاریگەریـەکانی و توانـای خـەیاڵی و تێگەیشتن لە بیرو بۆچوونی ))[2]، کەواتە بۆ ئەوەی وێنەی لێچـواندن دروسـت

(١) البلاغة و الأسلوبية ـ مقدمات عامة ، يوسف أبو العدوس ( إعداد)، المملكة الأردنيـة الهاشميـة ، عمان ، الدار الأهلية للنشرو التوزيع ، الطبعة العربية الأولى ،١٩٩٩م ، ص ٩٨.

(٢) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ٩٩ .

ببێت چەند بەشێك پێویستە بوونی هەبێت ئەم ڕستەو ئاخاوتنە بـە لێچـواندن دابنرێت ، گرنگترین بنەڕەتیشیان ئەوەیـە کـە « ئـەبێ شـتێك هـەبێ ، ئـەو شتەش سیفەتێکی تیـابێ ، ئـەو سـیفەتەش پێویسـت بـە ئاشـکرا کـردن و داگرتن ـ تأکید ـ بێت، جا بۆ ئەوەی ئەو سیفەتەی بە سەردا سـاخ بکەینـەوە دێنین بە شتێکی تری ئەچوێنین کە هەمان سیفەتی تیـابێ ، ئـەم شـتەش کـە خاوەنی سیفەتەکەیە پێ ی ئەوترێ (لێ چوو ـ المشـبة) »[1]، بـۆ نموونـە وەك : لێچواندنی ***میوەیەکی شیرین بە هەنگوین*** و لێچواندنی ***کەسێك بە شێر لە ئازایەتی دا***[2] دەبینین ، لەم دوو ڕستەیەدا هەست بە بوونی بنەڕەتی ***لێچوو*** دەکـەین کـە گەیەنراوەتـەوە ئاسـتی بەرامبەرەکـەی ، لـە ڕسـتەی یەکەمـدا **میوەی شیرین** لێچووە بۆ **هەنگوین** ، لە ڕستەی دووەمدا **پیاو** لێچووە بـۆ ***شێر.***

## دووەم : ـ لەوچوو ـ المشّبة بە :

بنەڕەتی دووەم لە چـوار بنەڕەتەکـەی لێچـواندن لـە ڕووی گرنگـی یـەوە ***لەوچووە***، کـە گرنگـی و بایـەخی خـۆی هەیـە بـۆ دروسـت بـوونی وێنـەی لێچواندن، و سیفەتێك یـان چـەند سـیفەتێکی بـە ئاشـکراو بـە شـێوەیەکی ڕوونتر تێدایە بە بەراوورد کردنی لەگەڵ لێچوو، بۆیـە هـەوڵ دەدرێـت لێچـوو بگەیەنرێتە ئاستی ئەم لـە ڕوویـەك یـان لەچـەند ڕوویەکـدا، واتـە« لەوچـوو

(٣) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٢٤.

(١) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١٣٩ .

لایەنێکی لێچواندنەو ئەو وێنەیەیــە کــە مەبەســتی لێچــوو ڕوون دەکاتــەوەو زۆرجار ئەو وێنەیە یان ئەو سیفەتە لە لەوچوو بــەهێزترو ڕوونــترە لــە لێچــوو ))[۱]، ئەم بنەڕەتە دەبێتە هۆیەك بۆ ئەوەی ئەو شتەی مەبەســتمانە ئاشــکرای بکەین لە لێچواندنەکەدا، واتە جگە لە لێچوو کــە ئــەو شــتە ئەســڵیەیە کــە مەبەســـتتە(( ئەبێ شتێکی تریش لەولاوە هەبێت تا سیفەتی ***لێ چوو*** ی پــێ ساخ بکەینــەوەو ڕوون بکەینــەوە، بۆیــە ئــەبێ ئەمەشــیان هــەمان ســیفەتی تیابێ بەلاّم جۆرێکی وا گەلێ لەو گەش و پڕشنگدار تر بێ، ئەوەشــیان پــێ ی ئــــەووترێ ( لەوچووــــ المشــــبة بــــە) ))[۲]، بــــۆ نموونــــە : لــــە ڕســــتەی ***زانست وەك مۆمە بۆ ڕێ نیشاندان***، دیارە کە قسەکەر بۆ ئــەوەی گرنگــی ***زانست*** بۆ گوێگر ڕوون و ئاشکرا بکات، ***زانست*** ی کردووە بە لێچوو و ***مۆم*** دەکات بە لەوچوو و وێنەی لێچواندنیان لێ دروست دەکات.

## سێ یەم : ڕووی لێچوون ـ وجە الشّبە :

دوای ئەوەی دوو لایەنەکەی لێچواندن باسکرا، پێویستە ئەوە بزانین کە بنەڕەتێکی تر هەیە کە ئەم دووانە تێیدا هاوبەش دەبن و بە ***ڕووی لێچوون*** ناسراوە، کە بریتی یە لەو خاسیەتەی کــــە دوو بنەڕەتەکەی پێشووی تێدا کۆدەکرێتەوە،واتە(( بریتی یە لەو واتایەی کە دوو بنەڕەتەکە تێیدا بەشدار

(۲) س. پ. ل ۹۹.

(۳) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ۱، ل ۲٤.

دەبن ، و پێویستە لە لێچوودا بەهێزتر بێت لە چاو لەوچوو ))[1]، واتە سیفەتێکی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەنەکەیە کە وێنە لێچواندنەکەی لەسەر بنیات دەنرێت .

## چوارەم : ئامرازی لێچواندن ( أداة التشّبیه ): ـ

بنەڕەتی چوارەم و دوا بنەڕەت بۆ دروست بوونی لێچواندن، ئامرازێکە کە ووشەیەکی سادە یان لێکدراوەو هەردوو لایەنە سەرەکیەکە بەیەك دەگەیەنێت و بە ئامزار یان ئەوزاری لێچواندن ناو دەبرێت، کەواتە دەتوانین بۆ ناسینی ئامراز بڵێین (( جگە لە( لێ چوو ـ لەوچوو ـ لێکچوون ) زۆرجار ووشەیەك ئەهێنرێ وەکو ئەڵقەیەك سیفەت و پەیوەندی ئەم سەرو ئەوسەر بەیەکەوە ئەبەستێ ئەو ووشەیەش بە(ئەوزارـ أداة) ناوئەبرێ ))[2]،و لە زمانی کوردی دا زۆر شێوەی هەیە، بۆ نموونە: وەکو، وەك، وێنە، چەشنی، ئاسا، ئەڵێ ی، لەو...ئەچێ، لەو...ئەکا، تەزر، چوون، گوایە، گـــۆیا، چـما، وێنە، تەرز، چون [3]، سەرەڕای ئەوەش ئەو ئامرازانەی لە شیعری کوردی دا بەکارهاتوون هەموویان تایبەت نین بە زمانی کوردی و(( ئەوزار لە شیعری کوردیدا تەنیا جۆرێك نی یە بەڵکو چوار کۆمەڵە، ئەویش:ـ ١) ئەو

(١) الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، دروس و تمارين ، الجزائر ، دار الهدى ـ عين مليلة ،( د.ت )، ص ٣٣ .

(٢) ڕەوانبێـژی لە ئەدەبی کوردی دا ، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٢٤ و ٢٥.

(٣) بڕوانە : خۆشخوانی ـ گوزارەکاری ، ڕەوانکاری ، جوانکاری ، علاءالدین سجادی ، ل ٤٤ ، و ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا ، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٣٢ ،٣٣.

ئەوزارانەی کە تایبەتن بە زمانی کوردی. ٢) ئەو ئەوزارانەی کە هاوبەشن لە نێوان زمانی کوردی و فارسی.٣) ئەو ئەوزارانەی کە لە زمانی فارسی یەوە وەرگیراون. ٤) ئەو ئەوزارانەی کە لە زمانی عەرەبی یەوە وەرگیراون، کە خۆی لە خۆیدا دوو بەشن ئەو بەشەی کە لە زمانی عەرەبیدا ئەوزارن وە ئەو بەشەی کە لە زمانی عەرەبی دا ئەوزار نین بەڵام شاعیری کورد وەری گرتوون و وەکو ئەوزار بەکاری هێناون ))[١]،ئەم جۆرانەش هەموویان لە شیعری کوردی دا بە گوێرەی زمانی شیعری سەردەمی شاعیر کەم و زۆر دەرکەوتوون و هەریەکەو ڕۆڵی خۆی بینیوە بۆ دروست بوونی لێچواندنەکان، هـــەرچەندە هەبوونی ئامراز مەرج نی یە، بگرە لە هەندێ شوێنا نەبوونی باشتریشە بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەو خاڵە بین کە بێ ئامرازی ئاشکراو نائاشکرا لێچواندن دروست نابێت[٢]، ئامرازەکانی لێچواندن چەند جۆرێکی جیاوازن و ناکرێت لێرەدا باس لەهەموویان بکەین.

بنەڕەتەکانی لێچواندن هەریەکەیان بە سەر چەند شێوەو جۆری جیاجیا دابەش دەکرێن ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەتە بە وێنەی لێچواندن پێویستە زیاتر باس لە جۆرەکانی وێنەی لێچواندن بکەین، و بە پێویستی نازانین لەمە زیاتر باس لە بنەڕەتەکانی لێچواندن بکەین ، تەنها بۆ ناسینی هەر چوار بنەڕەتەکە نموونەیەکی شیعری

(٤) ئەوزاری لێکچواندن لە شیعری کوردیدا، سـەردار ئەحمـەد گـەردی ، گ. کـاروانی ئـەکادیمی ، ژ.٢، بەهاری ١٩٩٧، ل ٥٢.

(٥) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١١٩، و ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٣٢ ، ٣٣.

شی دەکەینەوە کە هەر چوار بنەڕەتەکەی تێدا بەرچاو بکەوێت ، بۆ نموونە قوبادی جەلی زادە لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ : ـ

**پەرۆشی چیم بی ..**

**هەڵدەفڕم وەکو ،**

**باڵندەیەکی بێ ئەنوا و تەریو**

**قژێ هەر دەبێ گیانی شەکەتم**

**بگرێتە گونجی هێلانەو پەسیو !؟** ل ١٢٠

لەم کۆپلە شیعرەدا هەر چوار بنەڕەتی لێچواندن دەرکەوتوون : ـ

*من ، (کە بەڕاناوی م دەرخراوە )* ← *لێچووە*

*وەکو* ← *ئامرازی لێچواندنە*

*هەڵفڕین* { *ڕووی لێچوونە، کە هەردوو لایەنی لێچوو و لەوچوو تێدا هاوبەشن*

*باڵندەیەکی بێ ئەنوا و تەریو* ← *لەوچووە، شاعیر خۆی بەو باڵندەیە دەشوبهێنێت*

## باسی سێ یەم:ـ مەرجی دروست بوونی وێنەی لێچواندن

بێ گومان هەموو شتێك و هەموو هونەرێك بۆ ئەوەی دروست بێت پێویستی بە بوونی چەند مەرجێك هەیە تا بەم بابەتە ناو بنرێت، وێنەی لێچواندنیش وەك هونەرێك لە هونەرەکانی زانستی ڕەوانبێژی تا بە وێنەی لێچواندن بناسرێت پێویستە چەند مەرجێك هەبێت بۆ دروست بوونی کە گرنگترینیان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە:ـ

١. پێویستە لێچواندن لە نێوان دوو شت بکرێت کە گونجاوبن بۆ لێچووندان، و ناکرێت دوو شت بەیەك بچوێنرێت کە تەواو لە یەکەوە دووربن و هیچ خاسیەت و سیفەتێك کۆیان نەکاتەوە، بەڵکو(( ئەو کاتەی نووسەر یا هۆنەر دوو شت ئەکا بەیەك و لێکیان ئەچوێنێ، ئەبێ گوزارەیەك یا پەیوەندی یەك یا خاسەوێژێکی تایبەتی هەبێ ئەم لاو ئەولا بگەیەنێتە یەکترو ئاشنایەتیان لە نێوان پەیدا بکات جا ئەو گوزارەیە یا ئەو پەیوەندی یە یا ئەو خاسەوێژە ئەبێ بە بنەی بناغەو

لێکچواندنەکەی لەسەر دائەمەزرێ ))[1]، و ئەم هاوبەشیە وێنەی لێچواندن دێنێتە دی .

٢. مەرجە ئەو دوو لایەنەی کە لێچواندنیان لە نێواندا دروست دەکرێت تا ڕادەیەك لەگەڵ یەك هاوتا بن و بۆ ئەوە بشێن کە هاوبەشیان لە نێواندا دروست بکرێت و (( لێچواندن لە خودی دژیەکدا شیاو نابێت ،... هەروەکو بە کەسێکی ترسنۆك بگوترێت : ***دەڵێی شێرە، بە چاوچنۆك بگوترێت دەڵێی حاتەمە*** ))[2]، واتە ناشێت وێنەی لێچواندن لە نێوان شتە دژەکان کە هیچ هاوبەشیان لە نێواندا نی یە دروست بکرێت و دژیەك بکرێتە بنەڕەتێك لە بنەڕەتەکانی وێنەی لێچواندن.

٣. مەرج نی یە هەرکاتێك ئامرازی لێچواندن لە ڕستەیەکدا بینرا ئەو ڕستەیە بە لێچواندن دابنرێت، بەڵکو بوونی ئامرازی لێچواندن لە نێوان دوو لایەنی (نەرێ) دا لێچواندن دروست ناکات، و بۆ دروست بوونی وێنەی لێچواندن پێویستە دوو لایەن هەبن کە هەردووکیان ئەرێ بن ، و(( لێچواندن پەیوەستە بە ڕستەی ئەرێ و لە نەرێ دا دروست نابێت ،(ئەو وەك شێر نی یە) لێچواندن نی یە ))[3]، کەواتە لێرەدا تەنها مەبەست ئەوەیە کە دوو لایەنەکەی لێچواندن ناشێت نەرێ بن ، بەڵام گەر دوو لایەنەکە خۆیان ئەرێ بوون و لە ڕستەکەدا کارێکی نەرێ هەبێت ئەوە دەشێت بە لێچواندن دابنرێت ، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت

---

(١) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل٣٠ .

(٢) بیان ـ با تجدید نظرو إضافات ، دکتور سیروس شمیسا، ص ٦٦، ٦٧ .

(٣) س. پ. هـ. ل.

:ـ ***( من وەك ئەو كاری خراپ ناكەم )***، لەم ڕستەیەدا ***من*** لێچووە، ***ئەو*** لەوچووە، ***وەك*** ئامرازی لێچواندنە، ڕووی لێچوون بریتی یە لە ***نەكردنی كاری خراپ***، واتە لێچوو و لەوچوو هیچیان نەرێ نین بەڵام ڕووی لێچوونەكەیان نەرێ یەو ئەمەش دەشێت لە لێچواندندا ڕوو بدات.

٤. وەك لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ كرد بۆ ئەوەی لێچواندن بێتەدی پێویستە دوو لایەن هەبن و یەكێك لەمانە ڕوون و ئاشكراتر بێت ، كەواتە لە دروست بوونی وێنەی لێچواندن ((هیچ شتێك بەخۆی ناچوێنرێت، وە بە شتێكی تریش ناچوێنرێت لە هەموو ڕوویەكەوە، چونكە دوو شت كە لە هەموو ڕوویەكەوە بەیەك چوون و هیچ جیاوازیەك نەبوو لە نێوانیاندا كەوا بوو ئەو دووشتە دەبن بە یەك شت، بەڵكو لێچواندن لە نێوان دوو شت دەبێت هاوبەشیەك لە واتادا لە نێوانیاندا دەبێت و ئەم دووانە پێ ی دەناسرێن ، بەڵام لە هەندێ شتدا جیادەكرێنەوە))[1] و دەبێ خاڵێكی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو لایەنە هەبێت بۆ ئەوەی لێچواندنی پێ بێتە دی بەڵام نابێت یەك شتیش بن، لەبەرئەوە لێچواندنی شتێك بە خودی خۆی پەسند نی یە، واتە ناتوانین شتێك بە خودی خۆی بچوێنین[2]، بەڵكو بوونی هاوبەشی و جیاوازی لە نێوان دوولایەنەكە وێنەی لێچواندن دروست دەكات.

---

(١) كتاب نقد الشعر، لقدامة بن جعفر ، الكاتب البغدادي ، تحقيق : كمال مصطفى ، الناشر : مكتبة الخانجي بمصر و مكتبة المثنى ببغداد، ١٩٦٣، ص ١٢٢.

(٢) بڕوانە : بيان ـ با تجديد نظرو إضافات ، دكتور سيروس شميسا ، ص ١١٤ .

٥. بۆ ئەوەی وێنەی لێچواندن بە هێزو کاریگەر بێت پێویستە ئەو واتایەی کە لە نێوان دوو لایەنەکە دروست دەکرێت تا ڕادەیەك دوور بێت، چونکە وێنەی لێچواندن بەو هۆیەوە دێتە دی کە واتا دەگوازرێتەوە لە خودی شتێك بۆ شتێکی تر لە ڕێگەی هاوبەشی کردن، و هەرکاتێك ئەم گواستنەوەیە دوور بوو لە بیروهۆش تێکەڵ بوو بە کەمێك خەیاڵ ئەوا لێچواندنەکە جوانترو کایگەرترە لە دڵ ودەروون ، تا دوو لایەنەکە لەیەك دووربن ئەوا لێکچواندنەکە جوانتر ئەبێت و ئەمەش دەری دەخات کە ئەو شاعیرە هەستی ناسکترە لە خەڵکی سادە [1]، بۆیە ئەو وێنانەی پشت بەخەیاڵ دەبەستن بۆ دروست بوونی لێچواندنەکە بەهێزترن.

٦. بۆ ئەوەی وێنەی لێچواندن هێزە هونەری یەکەی خۆی لە دەست نەدات پێویستە چەند خاسیەتێکی تێدا هەبێت تا توانای کارتێکردن و هەڵچوون بە دەست بهێنێت، هەر بۆیەش ڕەوانبێژان بە پێویستی دەزانن چەند بنەمایەکی تێدا بێتە دی کە گرینگترینیان ئەمانەن :

أ) پێویستە مەبەست لە لێچواندنەکە هێنانەدی هووشەکاریەك بێت ،واتە ئامانجی جوانکردن

یان ناشرین کردنی لێچوو بێت.

---

(٣) بڕوانە : ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٢٨، و البلاغة الواضحة ، البيان و البديع ، للمدارس الثانوية ، تأليف : علي الجارم و مصطفى أمين ، إنتشارات سيد الشهداء، مكتبة سيد الشهداء عليه السلام ، قم ـ پاساژ ، صاحب الزمان ، إيران ، چاپ دوم ، ١٣٧٤ هـ .ش ، ص ٦٥.

ب) دووری نەناسراو بگەیەنێتە ئاستی نزیکی ناسراو.

ج) پێویستە لێچواندن بکەوێتە نێوان دوو شتی دوور لەیەك و ئەو دووانەش لە شتی دەگمەن بن.

د) بە هۆیەوە کورتبڕی بهێنەدی[1]، واتە هووشەکاری و کورتبڕی ئامانجی لێچواندنەکە دەبێت .

٧. پێویستە لێچواندن لە نێوان دوو شتدا بکرێت کە لە واقیعدا بوونیان هەبێت و ناشێت هەردوو لایەنەکە هیچ بوونێکیان نەبێت ، چونکە (( لێچواندن ، لە تێگەیشتن دوور دەبێت ئەگەر شاعیر وێنەی لێچواندنی لە نێوان دوو شت پێکهێنا کە بوونیان نەبێت،یان لە نێوان هەستیو خەیاڵی ....، نزیکترین جۆریش بۆ تێگەیشتن ئەوانەن کە لە نێوان هەستیو هەستی پێك دێن چونکە هەستەکان پەنجەرەی مێشکی مرۆڤن بۆ ناسینی جیهانی دەرەوە ))[2]، لەبەرئەوەی بە ئاسانی بە مەبەستەکە دەگەین .

(١) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ٥١ ـ ٧٦ .

(٢) البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، رسالة دكتورا ، نجم مجيد علي ، كلية الآداب ، جامعة بغداد، ١٩٩٦، ص١٧٢.

## باسی چوارەم : مەبەستەكانی وێنەی لێچواندن

وێنــەی لێچــواندن وەك گــرنگترین هونــەر لــە هونــەرەكانی ڕوونبێــژی بــۆ دروست بوونی وێنەی شیعری بــۆ چــەند مەبەســتێك دێــت، و مەبەســتەكانی وێنەی لێچواندنیش جۆراوجۆرن ((باشترین و بەهێزترین لێچواندن ئەوانەن كــە بەیەكێك لەم چوار شێوەیە دروست بوون : ـ ١) دەرخســتنی ئــەو شــتەی كــە هەستی پێی نەدەكرا بۆ شێوەیەك كە هەستی پێ بكرێ .٢) دەرخســتنی ئــەو شــتەی كــە نــەریت نــەبووە بــۆ بەنــەریت بــوون ،٣) دەرخســتنی ئــەوەی كــە ڕاستەوخۆ نەدەناسرا بۆ ناساندنی بە شێوەیەكی ڕاســتەوخۆ و بــێ لێكدانــەوە ... ٤) دەرخستنی ئەوەی كە هێــزی نیــە لــە خاســیەتێكدا بــۆ بــەهێزبوونی تێیدا ))[1]، بەڵام بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو مەبەستانە باشتر وایــە بــە ســەردوو گروپدا دابەش بكرێن : ـ

(١) كتاب الصناعتين الكتابة و الشعر، تصنيف : أبي هلال الحسن بن عبد الله بن سهل العسكري ، توفي : ٣٩٥ هـ ، تحقيق : علي محمد البجاوي و محمد أبو الفصل إبـراهيم ، دار الفكـر العربـي ، الطبعة ٢ ، كويت ، د. ت ، ص ٢٤٦ ـ ٢٤٩ .

## یەکەم : مەبەستەکانی لێچوو :ـ

لەبەرئەوەی مەبەستی سەرەکی لێچواندن بۆ ئەوەیە کە لێچوو ئاشکراتر بکات، بۆیە زۆربەی مەبەستەکانی وێنەی لێچواندن بۆ لێچوو دەگەڕێنەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە :ـ

١. دەرخستنی حاڵەتی لێچوو و ڕوونکردنەوەی کاتێك کە لێچوو ناسراو نی یە پێش لێچواندنەکە و لە ڕێگەی هاوبەشی کردنی لەگەڵ لەوچووەکە ئەم حاڵەتە دەردەخرێت .
٢. دەرخستنی بڕی حاڵەتەکە، کاتێك کە حاڵەتێکی نەناسراوی دەدرێتە پاڵ کە ڕوون نی یە تا بە هاوشێوەیەکی نەخرێتە ڕوو، دەرخستنی بڕی حاڵەتی لەوچوو بە پێ ی زۆرو کەمی.
٣. چەسپاندنی خاسیەتێکی لەوچوو لە مێشکی گوێگر بۆ جوانکردنی لەوچوو، و چەسپاندنی لێچوو و نوێکردنەوەو دەرخستنی لە مێشکی گوێگردا.
٤. دەرخستنی ئەندازەی بەهێزی یا بێ هێزی لێچوو.
٥. پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەو ڕازاندنەوەی لێچوو .

٦. داشۆرین و ناشرین کردنی لێچوو لە هەندێ حاڵەتدا [1].

## دووەم : ـ مەبەستەکانی لەوچوو :

مەبەستەکانی تایبەت بە لەوچوو لە دوو خاڵدا کورت دەکرێنەوە کە بریتین لە : ـ

١. لەوانەیە هەندێك جار مەبەستی تایبەت بە لەوچوو بگەڕێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەو بایەخ پێـدان ، وەك ***لێچواندنی برسیەك بۆ ڕوویەکی جوان و درەوشاوە بە نانێکی بەتام*** بەهۆی بایەخ پێدانی ئەو تەنها بە نان و هیچی تر،کاتێك کە دەوویسترێت کەم لە ڕووی لێچوون بە ڕاستەقینە یان پڕوپاگەندە بچوێنرێت بە زۆرەکە[2]،هەروەکو ئەم مەبەستەی وێنەی لێچواندن لە شیعرێکی دا قوبادی شاعیر دەردەکەوێت کە بۆ بەرزی (م.علاء الدین سجادی) نووسیوویەتی و دەڵێ: ـ

**هاتووم ئارامگەی غەریبیت**

---

(٢) بڕوانە : جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، طبعة جديدة منقحة ، إعتنت بها نجوى أنيس ضو، مجازة في اللغـة العربيـة ، نشر بخشايش ، قم ، إيران ، نوبه الطبع الأولى ، الصيف ١٤٢١هـ ١٩٩٨م ،ص ١٧٠و١٧١، و ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٥٥ ـ ٥٩ .

(١) فخرالدين الرازي بلاغياً، تأليف : مـاهر مهـدي هـلال ، منشـورات وزراة الإعـلام في الجمهوريـة العراقية، بغداد، دار الحرية للطباعة ، ١٩٧٧ـ ١٣٩٧، ص ١٣٤، و الايضاح في علوم البلاغـة ، المعاني و البيان و البديع ، مختصر تلخيص المفتاح ، تأليف الخطيب القزويني ، ص ١٣٧.

**گوڵ باران کەم**

**بنووشتێمەوە بەسەرتا وەکو گومەز**

**باسکەکانم بکەم بە کێل**

**ئاوی* یەکەم**

**کەڵە سەربازی نەمری لێ هەڵکەنم**

**بە زمان .. بە لێو .. بە دوو باڵم**

**گەردی خەفەت**

**لە سەر سینگی جەوهەردارت ڕابماڵم ! ل ٩١**

*من ـ کە بە ڕاناوی (م ) دەرکەوتووە لە : ـ بنووشتێمەوە* ← *لێچووە*

*وەکو* ← *ئامرازی لێچواندنەکەیە*

*نووشتاندنەوە و سێبەر کردن بە سەر گۆڕەکەدا* ← *ڕووی لێچوونی نێوانیانە*

*گومەز* ← *لەوچووە*

لەم لێچواندنەی سەرەوەدا مەبەستی لێچواندنەکە ئەوەیە شاعیر ئاواتی ئەوە دەخوازێت کە خۆی بکات بە گومەزی گۆڕەکەی مامۆستا سجادی تا سێبەری لێ بکات ، و مەبەستەکەی بەرئەم جۆرە دەکەوێت.

* لە کۆمەڵە شیعرەکەدا لەم شوێنەدا نووسراوە( ئاوی ) بەڵام بە پێ ی واتـای دێرەکـە بێـت دەبـێ هەڵەیەکی چاپ هەبێت و بریتی بێت لە : ( ناوی )، دوای ئەوەی ئەو سەرنجە خرایە بەردەم شـاعیر، خۆشی پشتگیری کرد لە بوونی هەڵەی چاپ لەم شوێنەدا.

٢. مەبەستێكی تری لەوچوو بریتی یە لە(( دەرخستنی ئەوەی كە لەوچوو بەهێزترە لە لێچوو لە ڕووی لێچوونەكە، ئەمەش بە هۆی ( لێچواندنی ئاوەژووـ التشبية المقلوب ) دروست دەبێت ))[1]،كاتێك كە لێچوو دەبێتە لەوچوو و لەوچوو دەكرێتە لێچوو، وەك لە لاپەڕەكانی داهاتوودا ئەم جۆرە دەناسێنین .

(١) دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العالمي ، مكتب التحقيق و تأليف الكتب الدراسية ، المركز العالمي للعلوم الإسلامية ، مطبعة الأمير، قم ، إيران ، سنة الطبعة ١٣٧٧ ش ، ١٤١٦هـ ، ق ، ص ١١٤.

## باسی پێنجەم:ـ جۆرەکانی وێنەی لێچواندن

وێنەی لێچواندن وەك گرنگترین بەشی وێنەی ڕوونبێـژی بـە هـۆی بـوون و نـەبوونی بنەڕەتـەکانی و چـۆنیەتی ڕیزبـوونی بنەڕەتـەکان و بـەهۆی چـەند بنەمایەکی تر وەك لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکەین دابەش دەکرێـت بـۆ چـەند شێوەو جۆرێکی جیاجیا کە هەریەکـەیان بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان وێنـەی لێچواندن دروست دەکەن ، واتـــە (( لێکچواندن وەکـو درەختێکـی زل گـەلێ لق و چڵی لێ دەبێتەوە و بە هەموو لایەکدا پەل بلاّو دەکاتـەوە، ئـەو هونـەرە بـەگوێرەی هـەر چـوار بنـەماکان و بـە گـوێرەی هەسـتی و ژیـری، لـە ڕووی ژمارەو، بەگوێرەی ڕیزبوونی لێچووو لەوچوو بەسـەر چـەند جۆرێکـدا دابـەش دەبێت ))[1]،جا بۆ ئەوەی لقەکانی ئەو درەختە تێك نەئالێن باشتر وایـە بـەپێ ی چەند تەوەرەیەك جۆرەکانی وێنەی لێچواندن ،بە تایبەتی ئـەو جۆرانـەی لـە دیوانەکەی بەردەسـتمان بەرجەسـتە بـوون دیـاری بکـەین، کـە گرنگترینیـان بریتین لە :ـ

### یەکەم: ـ بە پێ ی سادەیی و لێکدراوی دوو لایەنەکە :

(١) هونەری لێکچوواندن لە شیعرەکانی ( بێخـود ) دا، هەڵمـەت حوسـێن محێـدین (١ــ ٢) ، گ . ڕامان ، ژ. ٦٢، ساڵی شەشەم ، ئاب / ٢٠٠١ ، ل ١٩.

١. ***لێچواندنی تاك ـ التشبيه المفرد*** [1] **:ـ** کە بە لێچواندنی دوور لە وێنەیی ( **تشبية غير التمثيلي** ) ناسراوە، و ئەو جۆرەیە کە هەردوو لایەنەکەی ووشەی تاکن و لێکدراون نیـــن ، وەك ***( ئازاد وەك نەوزادە لە زیرەکی دا)،*** لەم نموونەیەدا ***ئازاد*** لێچــووەو ***نەوزاد*** لەوچــووە کــە هــەردووکیان ووشەی تاکن و ئەم جۆرەی لێچواندن بە لێچــواندنی تــاك دەناســرێت [2]، هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**ئەمشەو شیعر چی بیستووە . .**

**بۆ وەك پاییز**

**گەڵای قژی دەڕنێتەوە**

**بلێی زریان**

**شاعیرێکی ، بە زنجەوە ڕانەدابێ ؟؟** ل ٤٧

*شیعر* ⟵ *لێچووە*

---

(٢) بۆ وەرگێڕانی هەموو ئەو زاراوانە لە سەرچاوە عەرەبی و فارسیەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی پشتم بەم فەرهەنگانە بەستووە :ـ فەرهەنگی دەریـا، عەرەبی ـ کوردی ، ئـا: ڕزگـار کـەریم ، ناشر : نەشری ئیحسان ،کتابخانه ملی إیران ، تهران ، ١٣٨٥، بەرگی ١و٢، و فەرهەنگی بابان ـــ فارســی ـ کــوردی ، شــکرالله بابــان ، إنتشــارات کردســتان ، ســنندج ، إیــران ،١٣٨٤، و فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ، ئەدەب ـ ڕەخنەی ئەدەبی ـ تیۆری ئەدەبی ، دانانی : بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی ، هەولێر، بلاۆکراوەی ئاراس ، چ ١، ب ١، پیتی ( ئـــ ) تا کۆتایی ( جێ ) ساڵی ٢٠٠٤ ،و فەرهەنگا گولی ، فارسی ـ کوردی ، مەسعود خالد گــولی ، دهۆك ، دەزگایا سپیێرز یا چاپ و وەشانێ ، چاپا ئێکێ ، ٢٠٠٢ ، ســەرەڕای فەرهــەنگۆکی کۆتایی کتێبەکەی مامۆستا عزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، ب ١.

(٣) بروانه : تهـذيب البلاغـة ، الـدكتور عبـد الهـادي، المجمـع العلمـي الإسـلامي، مطبعـه نهضـت ، ١٣١٨هـ ،١٣٧٧ هـ ش ، ص٨٣ .

| | | |
|---|---|---|
| *پایز* | ← | *لەوچووە* |
| *وەك* | ← | *ئامرازی لێچواندنە* |
| *وەرین و ڕنینەوە* | ← | *ڕووی لێچوونە* |

لەم وێنەیەدا **شیعر** لێچوویەکی تاکەو تەنها بە تاکە ووشەیەك وێنەی لێچووی پێکهێناوە، ***پایز*** لەوچوویەکی تاکە، و ئەم دوو وێنە تاکە لە ڕووی ***وەرین و ڕنینەوەدا*** هاوبەشن و لەم ڕووەوە وێنەی لێچواندنیان لێ دروست کراوە، جگە لەم وێنەیەش لە هەمان کۆپلەدا لێچواندنی تر هەیە: ـ

| *لێچوو* | *لەوچووە* |
|---|---|
| *گەڵا* | *قژ* |
| *وەرینی گەڵا* | *ڕنینەوەی قژ* |

٢. ***لێچواندنی وێنەیی ـ التشبية التمثيلي*** : ئەو لێچواندنەیە کە دوو لایەنەکەی لە کۆمەڵە بەشێکی لێکدراو پێك هاتووەو بەیەکەوە وێنەیەکی بەیەك بەستراو پێك دەهێنن و ڕووی لێچوون لەو وێنە بەیەك بەستراوە دروست بووە [١]، و ئەو جۆرە هونەرترین جۆری ڕووی لێچوونە،و لە چەند بەشێکی لێکدراو پێکهاتووەو لە چەند شت دارێژراوە،واتە وەك تابلۆو وێنەیەك وایەکە لەچەند بەشێکی جۆراوجۆر

(١) بڕوانە: س. پ. هـ. ل.

پێکهاتووه[1] دەتوانین بۆ ناسینی لێچواندنی وێنەیی پشت بەو پێناسەیە ببەستین کە وای بۆ دەچێت ((لێچواندنی وێنەیی دروست دەبێت بە هۆی لێکدانی بەشێك لەگەڵ بەشێکی تر بە شێوەیەك گەر لێکدراوەکە هەڵبوەشێتەوە ئەوا لایەنێك دەردەچێت و ناگونجێت بۆ هاوشێوە کردنی لەگەڵ لایەنەکەی تر، چونکە مەبەست لەم جۆرە لێچواندنە ئەوەیە کە ئاوێتەیەك بخاتە بەر چاوت کە سەرنج ڕاکێش بێت و چاو لە بەرامبەری دەستە وەستان بێت))[2]، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەم خاسیەتانەی لە لێچواندنی وێنەیی دا هەیە بۆتە هۆی زیاتر پەسند کردنی لێچواندنی وێنەیی بەسەر جۆرەکانی تری لێچواندندا بە جۆرێك کە (( لە نێوان جۆرەکاندا لە هەمووان بەرزترو بەهێزترە، چونکە بیروبۆچوونەکە فراوانەو ووردبینیەکی زیاتری پێویستە،و ئاسۆی خەیاڵ تیایدا فراوانترە، و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو کۆمەڵی جیاوازو نزیك کردنەوەیان گرانترە لە نزیکردنەوەی دوو کەس لە یەکتری و گەیاندنی یەکێك بۆ ئاست یەکێکی تر))[3]، ئەم هۆیانەش وای کردووە

---

(٢) بڕوانە: بیان ـ با تجدید نظرو إضافات، دکتور سیروس شمیسا ، ص ١٠٧و ١٠٨ .

(١) التصویر البیاني في شعر المتنبي ، دکتور الوصیف هلال الوصیف إبراهیم ، أستاذ البلاغة و النقد بکلیة اللغة العربیة ، جامعة الأزهر ، مکتبة الوهبة ، القاهرة ـ ١٤ شارع الجمهوریة ـ عابدین ، الطبعة الأولی ، ٢٠٠٦ م ، ص٢٣.

(٢) بدایة البلاغة ، الدکتور السید إبراهیم الدیباجي ، ص ١٤٤.

چەند شێوەیەك بۆ لێچواندنی وێنەیی بێتە ئاراوە، بۆ نموونە دەتوانین ئەو دوو جۆرەی خوارەوە بۆ لێچواندنی وێنەیی دەستنیشان بکەین(1) : ـ

**أـ لێچواندنی وێنەیی کە ئامزاری تێدا دەرکەوێت : ـ** واتە لێچواندنێکی وێنەیی هەیە وەك ئەمەی لەمەوپێش شی کرایەوە، بەڵام بە پشت بەستن بە ئامرازێك لە ئامرازەکانی لێچواندن ئەو وێنەیە دروست بووە، بۆ نموونە قوباد دەڵێ : ـ

**ئەو ئێوارەیەی جێتهێشتم ..**

**گەواڵەیێ باوەشی کرد**
**بە فرمێسکی غوربەتیما** ‹ **وێنەی یەکەم**

**وەکو سیروان**
**بە سەر شانی منا گریا** ‹ **وێنەی دووەم** **ل ٦٦ و ٦٧**

لەم چەند دێرەدا شاعیر لێچواندنی وێنەیی دروست کردووە : ـ

*گەواڵەیەك باوەشی کردووە بە فرمێسکی غەریبی شاعیر* ‹ *وێنەی یەکەم، لێچووە*

واتە : ـ فرمێسکم بە خوڕبوو تێکەڵ ببوو بە گەواڵەیەك

(٣) بڕوانە : البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، كلية التربية ـ جامعة بغداد ، قسم علوم القرآن الكريم و التربية الإسلامية ، عمان ـ الأردن ، دار المناهج للنشر و التوزيع ، الطبعة الأولى ، ١٤١٧ هـ ـ ٢٠٠٧ م ، ص ٢٧١ ـ ٢٧٤.

*وەکو* ⟵ *ئامرازی لێچواندنە*

*ڕووباری سیروان بە خوڕ دێتە خوارەوە* ⟵ *وێنەی دووەم ، لەوچووە*

*داباریـن و هاتنەخوارەوە کە سیفەتێکی هاوبەشە لە نێوان ئەو گەواڵەو فرمێسکەی شاعیر دەیبارێنێت، لەگەڵ ڕووباری سیروان* } *ڕووی لێچوون*

هەروەها لەناو ئەم لێچواندنە وێنەیەش لێچواندنی تر بەرچاو دەکەوێت : ـ گەواڵە بە مرۆڤێك دەشوبهێنێت کە باوەشی بە شاعیردا کردووە ، واتە ***گەواڵە*** لێچووە، ***مرۆڤ*** لەوچووە.

**ب ـ لێچواندنی وێنەیی کە ئامرازی تێدا دەرنەکەوێت :** ـ واتە لێچواندنێکی وێنەیی هەیەو ئامرازی تێدا دەرنەکەوتووەو تەنها لە ڕێگەی واتاو شوێنەکەی لە ڕستەکەدا ڕوون دەبێتەوە، هەروەکو قوبادی شاعیر دەڵێ : ـ

**تەماشاکە قوباد ،**
**<u>چ دکتاتۆرێکی دڵڕەشە بەفر</u>**
**ژوڕناڵی هەموو ڕەنگەکانی داخست و**
**فلچەی هەموو هونەرمەندانی سپی کرد !** } **وێنەی یەکەم**
**دەستی بۆ شەرەفی ،**

**گوڵەباخە چارشێو بەسەرەکان درێژ کرد و**

**ڕووت ڕووتی کردنەوە ، قژ ڕووت**

**قوڵ ڕووت** **وێنەی یەکەم**

**سینگ ڕووت**

**قاچ ڕووت !** **ل ٤٤١**

لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا لێچواندنێکی وێنەیی بێ ئامراز هەیە :ـ

*وێنەی یەکەم :ـ دکتاتۆرێکی دڵڕەش کە ڕەنگەکان لەناو دەبات و فڵچەی لەوچووی پێش دەستی هونەرمەندان تێك دەشکێنێت و ... هتد*

*خراو*

*وێنەی دووەم :ـ بەفر هەموو ڕەنگەکان دادەپۆشێت و گوڵەباخ ڕووت دەکاتەوە*

*لێچووی دواخراوە*

*ڕووی لێچوون ← لە ناوبردنی ڕەنگەکانی ترو داماڵینی ڕووتکردنەوەی مرۆڤ و گوڵەباخ*

*ئامرازی لێچواندن دەرنەکەوتووە*

سەرەڕای ئەم دوو جۆرەی لێچواندنی وێنەیی (( زۆر جۆری هەیە، لەوانە : ١) ئەوەیە کە تەنها مەبەست ڕوون کردنەوەو پێشاندانی وێنەکی بێت و نەگونجێ تاکە وێنەکان بە یەك بچوێنرێن...،٢) ئەوەیە کە بکرێ تاکە تاکی وێنەکان بەیەك بچوێنرێن بەڵام ئەمەیان مەبەست نەبێ بەڵکو مەبەست

پێشاندانی وێنەکە بێت و بەس ))(١)، بۆ نموونەی جۆری یەکەم بڕوانە ئەم شیعرەی قوباد کە دەڵێ :ـ

**کچ و .. چیا**

**بۆ چیایێ شیعرم نووسی**
**کچێک سینگی ڕووت کردەوە.**
**هەڵپەی ماچی دەمێکم بوو**
**زنەیەک لێوی تەزانم !** — **وێنەی یەکەم**

**دوو کۆترن ..**
**لە ناو هەموو خانەیەکی لەشی مندا**
**هێلانەیان چێ کردووە و**
**هەڵنافڕن !**
**کە بە ئاگام .. چاوم لێیە**
**وەک خڕۆکەی سوور و سپی**
**بە بنج و ڕیشەی دەمارا**
**دێن و دەچن .** **ل ٥٦** — **وێنەی دووەم**

*وێنەی یەکەم :ـ لێچوو* — *شاعیر بۆ چیایێ شیعری نووسیووە ، بەڵام کچێك سینگی ڕووت کردۆتەوە ، هەڵپەی ماچێکی دەمێکی بوو ، زلەیەك لێوی تەزاند*

---

(١) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی، ب ١، ل ٥٢، ٥٣ .

*وێنەی دووەم : ـ* دوو کۆتر لە ناو خانەکانی لەشی شاعیر هێلانەیان کردووەو هەڵنافڕن و دێن و دەچن
*لەوچوو*

*ڕووی لێچوون* ← کچ و چیا لە ناو لەشی شاعیردا شوێنی خۆیان گرتووەو وەك خرۆکەی سوورو سپی دێن و دەچن

*ئامرازی لێچواندن* ← وەك ، دەرکەوتووە

بۆ نموونەی جۆری دووەمیش بڕوانە ئەو شیعرەی خوارەوە : ـ

**بۆ پێشەوە ..**

**تا (حەمامۆك ) بەکوڵ گۆرانیت بۆ بڵێ**

**شەنگەبی دەم ڕووبارەکان ..**

**وەکو بەژنی لاسە شۆڕی زامەکانت**

**ڕووەو هەتاو هەڵدەچن و**

**قژی سەوزیان دادەهێنن** ل ١١٦

لەم کۆپلەیەدا لێچواندنێکی وێنەیی لە جۆری دووەم هەیە: ـ

شەنگەبی دەم ڕووبارەکان ← *وێنەی یەکەم، لێچووە*

وەکو ← *ئامرازی لێچواندنە*

بەژنی لاسە شۆڕ ← *وێنەی دووەم ، لەوچووە*

هەڵچوون ڕووەو هەتاو ← *ڕووی لێچوونە*

سەرەڕای بوونی ئەو لێچواندنە جیاجیانــە دەشــێت وێنــە تاکــەکان بەیــەك بچوێنرێت ،واتە دەشێت ***شەنگەبی*** بکرێت بە لێچوو، ***لاسە شۆڕ*** بکرێت بــە لەوچوو.

سەرەڕای ئەم جۆرانە ڕەوانبێژان جۆرێکی تر بۆ لێچواندنی وێنــەیی دەســت نیشان دەکەن کە بە لێچواندنی لێکدراوی خەیاڵی نــاوی دەبــەن، وای پێناســە دەکەن کە (( ئەو جۆرەیە کە وێنە گشتی بوونی نــی یــە لــە دەرەوە واتــە ئــەو لێچواندنەیە کە خەیاڵ دروستی دەکــات و لــە جیهــانی مــاددی دا بــوونێکی ژیری نی یە بەڵام ئەو بەشانەی کە پێکیان هێناوە لــە هەســت پــێ کراوەکــانن ، واتــە وێنەکــە پێکهاتــەی خەیاڵــە بــەڵام بەشــە پێکهێنــەرەکانی هەســت پــێ کراون ، ئــەو جــۆرە لــە شــێوازی لێچــواندن بــە ( لێچــواندنی خەیاڵی ـ التشبية الوهمي ) دەناسرێت[1]، هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**دەستار**

**دەستارێکی مات و کپە ..**

**دەسکی ، قەدی دار بەڕووەو**

**هەر لینگەی سینگی شاخێکە**

**دەستاڕیکە گەرووەی پڕ لە ئەژدەها و**

**مۆتۆکە و کۆت و بەکرۆکە.**

**بە کەزی شۆڕان ناگەڕێ .**

---

(١) بڕوانە :ـ التصوير البياني في شعر المتنبي ، الدكتور الوصيف الهلال الوصيف إبراهيم ، ص ٣١٩ ، و بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، ص ١٣٦.

**<u>دەستارێکی مات و کپە</u> .. <u>وڵاتی من</u>**

**هۆ کوڕینە ..**

**کێ ئەو دەستارە مەزنەی بۆ دەگەڕێ ؟!           ل ٣٢**

| | | |
|---|---|---|
| *وڵاتی من ( کوردستان )* | ← | *وێنەی لێچووە* |
| *دەستارێکی مات و کپ* | ← | *وێنەی لەوچووە* |
| *سوڕانیان ، کە بە هەموو کەس ناکرێت* | ← | *ڕووی لێچوون* |

لـەم وێنەیـەدا وەك دەبینرێـت لێچـواندنی وڵات بـە دەسـتاڕو هاوبەشـی کردنیان لە بوونی هەندێ شت بە لێچواندنێکی دوور لە واقیع و بـە شـتێکی نائاسایی دادەنرێت و گوێگر بە ئاسانی وەرناگیرێت بۆیە دەتوانرێت لـە جـۆری لێچواندنی خەیاڵی دابنرێـت ، سـەرەڕای ئـەم لێچـواندنە وێنـەیی یـە چـەند لێچواندنێکی تر لە هەمان کۆپلە شیعردا بەرچاو دەکەون کە بریتین لە :ـ

| *<u>لێچوو</u>* | *<u>لەچوو</u>* | *<u>ڕووی لێچوون</u>* |
|---|---|---|
| *قەدی دار بەڕووی کوردستان* | *دەسکی دەستاڕ* | *سوڕاندنەوەیان* |
| *شاخەکانی کوردستان* | *لینگی دەستاڕ* | *هێزو بەرزیان* |
| *ئەشکەوتی شاخەکانی کوردستان* | *گەرووەی دەستاڕ* | *بوونی ئەژدەهاو مۆتۆکە* |

٣. ***لێچواندنی لێکدراوی کەڵەکە بوو ـ التشبیه المرکب :*** لەم جۆرەیاندا چەند وێنەیەکی لێچواندن هەیە بەڵام بە شێوەیەك هەریەکە لە وێنەکان بە سەربەخۆ هاتوون، واتە(( شاعیر دەتوانێت ئاوێتەیەك دروست بکات لە چەند وێنەیەك، ئەم ئاوێتەیە لە دوو وێنە زیاتر پێك دێت ، و وێنەیەك بە ووشەکان دەکێشرێت کە دەیکاتە هەست پێکراو بە چاو یان بەریەك کەوتن ، دواتر وێنەیەکی تر لە نزیکیەوە دادەنێت و واتاکەی بریتی نی یە لە واتای هیچ لە وێنەکانی تر، بەڵکو ئەنجامی ئەمانە، ئەنجامی دوو واتای پەیوستن بە یەکەوە ))[(١)]، بۆ دروست بوونی هەر وێنەیەکی لێچواندن لێچوویەك دێت و لەوچووەکەی بە دوادا دێت ، دواتر لێچوویەك لەگەڵ لەوچوویەکی تر، هەروەکو قوباد لە شیعرێکی تری دا دەڵێ :ـ

**ئێستاکە ئێمە وەک جووجەڵەی سەقەت، شوێن گەنمی**
**ژەهراوی**
**دەکەوین**
**هەنووکە ئێمە وەک بێچووە گورگ، لە پشت ڕێوییە**
**سیحربازەکانەوە ،**
**شەڕی کەرانەی خۆمان دەکەین ! ل ٤٣٧**

(١) الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الإسلام ـ دراسة ، د. صاحب خليل إبراهيم ، دمشق ، مكتبة الأسد الوطنية ، من منشورات إتحاد كتاب العرب ، ص ١٨٨ ، إنترنيت نـ w.w.w.awu-dom.org .

لەم کۆپلەیـەدا دوو وێنـەی لێچـواندنی لێکـدراو دەرکـەوتوون لـە جـۆری لێچواندنی کەڵەکە بوو : ـ

١) **وێنەی یەکەم :**

| | | |
|---|---|---|
| *ئێمە* | ← | *لێچووە* |
| *وەك* | ← | *ئامرازە* |
| *جووجەڵەی سەقەت* | ← | *لەوچوو* |
| *شوێن کەوتن* | ← | *ڕووی لێچوون* |

٢) **وێنەی دووەم : ـ**

| | | |
|---|---|---|
| *ئێمە* | ← | *لێچووە* |
| *وەك* | ← | *ئامرازە* |
| *بێچووە گورگ* | ← | *لەوچوو* |
| *شەڕ کردن لە پشت ڕێوییە سیحربازەکان* | ← | *ڕووی لێچوون* |

واتە ئـەو دوو لێچـواندنە بـە دوای یەکـدا هـاتوون بـەڵام هەریەکـەیان بـە سەربەخۆ هاتووەو هەریەکەو لێچـوو و لەوچـووی خـۆی هەیـەو جیـاوازە لـەو جۆرەی بە لێچواندنی وێنەیی دەناسرێت ، بۆیە بە ***وێنــەی لێچــواندنی لێکدراوی کەڵەکەبوو*** ناودەبرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان کۆپلەدا لێچواندنی تـریش بەرچـاو دەکـەوێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە: ـ

| *لێچوو* | *لەچوو* | *ڕووی لێچوون* |
|---|---|---|
| *گەنم* | *ژەهر* | *کوشندەیە و بە دوای* |

| | | |
|---|---|---|
| | | *دەکەون* |
| *گەنمی ژەهراوی بۆ جووجەڵە* | *خواردنی خراپ بۆ مرۆڤ* | *شوێن کەوتن* |
| *ڕێوی* | *سیحرباز* | *فێڵ و هەڵخەتاندن* |
| *شەڕی کەرانە* | *شەڕی مرۆڤەکان* | *نەفامی و بێ ئەقڵی* |

پێش کۆتایی هێنان بەم بابەتە دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کەوا بەپێ ی هەندێ بیروڕاو هەندێ جار ( لێچواندنی وێنەیی ) لەگەڵ ( لێچواندنی لێکدراوی کەڵەکە بوو) بەیەك جۆر دادەنرێت، بەلام ئەوە ڕاست نی یە، بەڵکو لێچواندنە کەڵەکەبووەکان جیادەکرێنەوە لە لێچواندنی لێکدراوی وێنەیی، لەم ڕووەوە کە لە جۆری یەکەمدا پێویست بە ڕێکخستن ناکات،و گەر هەندێکی لێ لابرا ئەوا کارناکاتە سەر بەشەکانی تر[1]، چونکە لە لێچواندنە کەڵەکەبووەکان هەر لێچوویەك لێچوویەکی خۆی لەگەڵەو چۆن ڕیزبکرێن واتای ڕستەکە ناگۆڕن، بەلام لە لێچواندنی وێنەیی هەموو ووشەکان بەسەریەکەوە لێچواندنەکە دروست دەکەن و ناکرێت لێك جیا بکرێنەوە.

(١) بڕوانە : ـ الإيضاح في علوم البلاغة ، المعاني و البيان و البديع ، تأليف : الخطيب القزويني هو جلال الدين أبو عبدالله محمد قاضي القضاه سعد الدين أبي عبد الرحمن القزويني ، ص ١٣٣.

**دووەم: بە پێ ی بوون و نەبوونی ڕووی لێچوون دابەش دەبێت بۆ [١]: ـ**

١. **لێچواندنی درێژە ـ التشبية المفصل:** ئەو جۆرەیە کە ڕووی لێچوونی تێدا دەرکەوتبێت ، هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**مەمک**

**ئێستە مەمکت ..**

**دوو پشیلەی خڕیماڵین**

**هەتا زێتر ،**

**دەستیان بەسەر سەرا بێنم**

**پتر چاوی حەز لێک دەنێن.** ل ٢٣

لەم کۆپلە شیعرەدا وێنەیەکی لێچواندن هەیە کە ڕووی لێچوونی تێدا دەرکەوتووە : ـ

*هەردوو مەمکی ئافرەتێک* ⟵ *لێچووە*

*هەردوو پشیلەی خڕی ماڵی* ⟵ *لەوچووە*

*چاوی حەز لێك دەنێن لە کاتی دەست پیا هێنانیان* ⟵ *ڕووی لێچوون*

---

(٢) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١٤٧.

٢. **لێچواندنی پوختەکراو ـ التشبية المجمل** [*] :ـ ئەو جۆرەیە کە ڕووی لێچوونی تێدا نەبێت و تەنها دوو لایەنەکەو ئامرازی لێچواندن دەربکەوێت ، هەروەکو قوبادی شاعیر دەڵێ : ـ

**هەنگ**

**<u>کەناری ڕابەری سترانەو</u>**

**<u>هە نگیش سەرکردەی ماچ</u>**

**من گوڵ بوومایە ،**

**ڕەدووی هەنگ دەکەوتم !!       ل ٤١٩**

لەم کۆپلە شیعرەدا، دوو وێنەی لێچواندن دەرکەوتوون ، بەم شێوەیەی خوارەوە: ـ

١) **<u>وێنەی یەکەم : ـ</u>**

کەناری ←——— لێچووە

ڕابەری ستران ←——— لەوچووە

ڕووی لێچوونی نێوانیان دەرنەکەوتووە .

---

[*] ئەم جۆرەیان م. عزیز گەردی لە کتێبەکەی دا : ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم، بە( لێچواندنی قولە) ناوی دەبات .

**٢) وێنەی دووەم :**

هەنگ ⟵ لێچووە

سەرکردەی ماچ ⟵ لەوچووە

ڕووی لێچوونی نێوانیان

دەرنەکەوتووە .

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین بەڕای هەندێ لە ڕەوانبێژان لەسەر ئەو بنەمایانەو بەپێ ی دەرکەوتنی ئامرازو ڕووی لێچوون وێنەی لێچواندن چوار لقی تریشی لێ دەبێتەوە کە ئەمانەن : ـ

١. **لێچواندنی بەرەڵلاّی درێژە ـ التشبیة المرسل المفصل**،کە هەندێ جار بە ( **لێچواندنی تەواو ـ التشبیه التام** ) یش ناودەبرێت .
٢. **لێچواندنی بەڕەڵلاّی پوختەکراو ـ التشبیة المرسل المجمل.**
٣. **لێچواندنی جەختاوی درێژە ـ التشبیة المؤکد المفصل .**
٤. **لێچواندنی جەختاوی پوختەکراو ـ التشبیة المؤکد المجمل**،کە بە (**ڕەوان ـ البلیغ**)یش ناودەبرێت[1]، ئەم سێ جۆرەی سەرەتا وەك لە ناونیشانەکانیان دیارە لە کۆکردنەوەی دوو لەو جۆرانە دروست دەبن کە لەمەوپێش باسمان کردن و بە پێویست نازانرێت دووبارە باسیان بکەین، بەڵکو دەتوانین بۆ شی کردنەوەی ئەم جۆرە ئاوێتانە پشت بە شی کردنەوەی هەریەك لەم جۆرانە ببەستین کە ئاوێتەکەیان دروست کردووەو

(١) بڕوانە : ـ علم أسالیب البیان ، الدکتور غازي یموت ، ص ١٤٧.

هەریەك بە جیا باسمان لێوەکردن، جۆری چوارەمیش کە لێچواندنی جەختاوی پەسندکراوـ ڕەوان ـ البليغ (( ئەو جۆرەیە کە دوو لایەنەکەی دەرکەوتووەو ڕووی لێچوون و ئامرازی لێچواندن دەرنەکەوتووەو هۆی ناونانی بە ڕەوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لابردنی ڕووی لێچوون و ئامراز دەبێتە هۆی یەکبوونی دوو لایەنەکەو جیاکردنەوەیان ، و لێچوو بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی لەوچوو و ئەمەش زیادە ڕۆییەکە لە توانای لێچواندندا، بەلاّم دەرکەوتنی ئامراز دەبێتە هۆی لاواز بوونی لێچوو و نەگەیشتنی بە ئاستی لەوچوو و دەرکەوتنی ڕووی لێچوون دەبێتە هۆی ئالۆز بوونی و پەستانی لەیەك سووچدا ))[١]، ئەمەش شتێکی نائاسایی نی یەو دەشێت ڕوبدات چونکە(( ڕووی لێچوون و ئامرازی لێچواندن دەکرێت یەکێکیان یا هەردووکیان لا ببرێن بەبێ ئەوەی ئەو لابردنە لێچواندنەکە بگۆڕێت و بیکات بە شێوازێکی تر لە شێوازەکانی ڕوونبێژی ))[٢]، هەروەکو قوبادی جەلی زادە دەڵێ : ـ

(٢) الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، ص ٣٧.

(٣) البلاغة و التطبيق ، الدكتور أحمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير، ٢٦٨.

**مێخەک**

**تۆ خۆریت و .. قژت شەوی ئەنگۆستەچاو**

**دڵ لە ژێر پێی هەردووکیانا**

**گۆی زەوییە،**

**نیوەی نسێ و نیوەی هەتاو ! ل ١٣٧**

لەم کۆپلە شیعرەدا زیاتر لە وێنەیەکی لێچواندن بەرچاو دەکەوێت: ـ

| *لێچوو* | *لەوچوو* | *ڕووی لێچوون* | *ئامراز* |
|---|---|---|---|
| *تۆ* | *خۆر* | *دەرنەکەوتووە* | *دەرنەکەوتووە* |
| *قژ* | *شەوی ئەنگوستە چاو* | *دەرنەکەوتووە* | *دەرنەکەوتووە* |
| *دڵ* | *گۆی زەوی* | *دەرنەکەوتووە* | *دەرنەکەوتووە* |
| *نیوەی دڵ* | *نسێ* | *تاریکی و ڕەشی* | *دەرنەکەوتووە* |
| *نیوەکەی تری دڵ* | *هەتاو* | *سپی و ڕوونی* | *دەرنەکەوتووە* |

وەك دیارە لەم کۆپلەیەدا (٥) پێنج لێچواندن بەرچاودەکەون ، و دەتوانین هەرسێ لێچواندنی سەرەتا بەو جۆرەی لێچواندن دابنێین کە بە **لێچواندنی ڕەوان** ناودەبرێت ، چونکە ئامرازو ڕووی لێچوونیان دەرنەکەوتووە.

### سێ یەم : ـ بە پێ ی چۆنیەتی ڕووی لێچوونی نێوانیان : ـ

بەپێ ی خاڵی هاوبەشی نێوان دوو لایەنەکە ، واتە ئەو خاسیەتە یان خاسیەتانەی دەبێت بە ڕووی لێچواندن ، دەتوانین وێنەی لێچواندن بۆ چەند جۆرێك دابەش بکەین،کە گرنگترینیان بریتین لە[1] : ـ

١. ***لێچواندن لە شێوەو جەستەدا ـ التشبية في الشكل و الجسد***: واتە ڕووی لێچواندنی نێوان دوو لایەنەکە بریتی بێت لە شێوەو جەستەیان ، هەروەکو قوباد لە شیعرێکی تری دا دەڵێ : ـ

**هەڵدێران**

**تۆپی زەوی ،**

**گەورەترین و گەرمترین و لووسترین مەمکە**

**هەموو پیاوەکان هەڵدێران**

**بە تەنیا من**

**دەست و پەنجەم لە گۆیەکەی**

**گیر کردووە ! ل ٧٣٨**

(١) بڕوانە : ـ عيار الشعر، محمد بن أحمد بن طباطبا العلوي ، شرح و تعليق : عباس عبد الستار ، ماجستير في الأدب العربي ، مراجعة : نعميم زوزو ـ دبلوم دراسات العليا في اللغة العربية و آدابها، منشورات محمد علي بيضون ، دار الكتب العلمية ، بيروت ـ لبنان ، طبع ٢ ، ٢٠٠٥ م ، ص ٣٢ ، و كتاب الصناعتين الكتابة و الشعر، تصنيف : ـ أبي هلال الحسن بن عبد الله بن سهل العسكري ، ص ٢٥١ ـ ٢٥٥.

لەم کۆپلەیەدا ***تۆپی زەوی*** لێچووە، ***گەورەترین و گەرمترین و لووسترین مەمك*** لەوچووەیەکی لێکدراوە، ڕووی لێچووی نێوانیان لە شـێوەی ***خـڕی و لووسی*** ئەم دووانەیە ، بۆیە بە ***لێچواندن لە شێوە*** دادەنرێـت ، هەرچـەندە لێچواندنێکی تر هەیە لە نێوان ***مەمك*** و ***تۆپی زەوی*** لە ڕووی ***گەرمی*** ، وەك لە ووشەی ***گەرمترین*** دا دەرکەتووە، بەڵام ئەمەیان بـەم ئـەم جـۆرەی ئێسـتا ناکەوێت .

٢. ***لێچواندن لە جووڵە ـ التشبیة في الحركة*** : ـ دەشێت جووڵەی دوو شت بکرێـت بــە ڕووی لێچـوونی نێوانیــان و لەســەر ئــەم بنەمایــە وێنــەی لێچواندن دروست بکرێت ، هەروەکو قوباد دەڵێ : ـ

**وەک کاکە سوار**

**ئەم گەواڵەیە سەرخۆشەو**

**بەلادادێ .**

**بڵێی ئەمیش ، پشکۆی لە جەرگی دا بژی ؟**

**ئەها.. شانی لەو کێوەدا و**

**بەسەر یاڵ و ڕەوەزاندا**

**کەوتە سەرپشت !**

**جەمانەکەی ، بە لکی دار بەڕوانەوە ..**

**بوو بە ئاڵا.** **ل ٦٨**

| | | |
|---|---|---|
| *گەواڵە* | ⟵ | *لێچووە* |
| *وەك* | ⟵ | *ئامرازی لێچواندنە* |
| *کاکەسوار* | ⟵ | *لەوچووە* |
| *بەلا داهاتن ، شان لە کێو دان ، کەوتنە سەر پشت* | ⟵ | *ڕووی لێچوونە* |

لەم لێچواندنەدا ڕووی لێچوونی نێوانیان بریتی یە لە چەند جووڵەیەك وەك ئاماژەی پێ کرا، بۆیە بە جۆری ***لێچواندن لە ڕووی جووڵە*** دادەنرێت.

هەروەها نزیك لەم جۆرە هەر لە سەر بنەمای بوون و نەبوونی جووڵە لە وێنەکەدا دەتوانین دوو جۆری تر بۆ وێنەی لێچواندن دەستنیشان بکەین ، کە بریتین لە :ـ

١. ***وێنەی لێچواندنی جوڵاو ـ المتحرکة:*** ـ زۆرجار وێنەیەکی لێچواندن لە نێوان دوو شتدا بەرچاو دەکەوێت کە هەست بە بوونی جۆرێك لە جووڵەو چالاکیەکانی تێدا دەکرێت،و دەکرێت بە وێنەی جوڵاو ناوبرێت ، (( وێنەی جوڵاو ئەو وێنە دینامیکییەیە کە بەردەوامی و سروشتی تێدایەو تیشکە واتاییەکانی هەرگیز ناوەستێ ، جووڵە دەرخستنی پەیوەندییە شاراوەکانە ... هەر جووڵە گیان دەداتە بەر وێنەو چالاکی و

بــەردەوامی پــێ دەبەخشــێ ))[١]، هــەروەکو قوبــادی جــەلی زادە لــە شیعرێکی تری دا دەڵێ : ـ

**کۆتەڵ**

**(کۆیە) لەو شەوە تووشەدا**

**نوقمی بەفر بوو بەجارێ .**

**کۆتەڵەکە، بوو بە حاجی ڕاستەقینە و هاتە خوارێ**

**شەقام .. شەقام ، کۆڵان کۆڵان**

**وەک پڵینگێکی بریندار**

**ڕایدەکردو دەیچریکان .** **ل ٤٣**

لەم کۆپلەیەدا قوباد جووڵەیەکی داوە بە ***کۆتەڵی حاجی قادر***، ***کۆتەڵ لە شوێنی خۆی دێتە خوارەوە، بە شەقام و کۆڵانەکانی کۆیەدا دەگەڕێت، ڕادەکات ، دەچریکێنێت***، دیارە ئەمانە هەمووی جووڵەن و دراونەتــە پــاڵ جەســتەی بــێ گیــانی کۆتــەڵ ، و ***کۆتــەڵی حــاجی قــادر*** کــراوە بــە لێچوو ، ***پڵینگێکی بریندار*** لەوچووە، ڕووی لێچوونی نێوانیان بریتی یە لە ***ڕاکردن و چریکاندن*** ، و ئەم جۆرە وێنە لێچواندنەی بــەم شــێوەیە جووڵــەی تێدا بێت بە ***وێنەی لێچواندنی جوڵاو*** دادەنرێت.

---

(١) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ٢١٩.

٢. ***وێنەی لێچواندنی وەستاو (چەسپاو) ـ الثابتة*** : ـ هەندێ وێنەی لێچواندن هیچ جۆرە جووڵەو چالاکیەکی تێدا نی یەو بە وێنەی وەستاو یان چەسپاو ناودەبرێت ،کە (( ئەو وێنەیەیە کە وەسفی شتێکمان بۆ دەکات لە دۆخێکی جێگیرو وەستاودا،... سیماکانی وێنەی وەستاو بریتییە لە وەسفکردنی شتێك لە چرکەیەکی دیاریکراوداو گرنگی بە خاسیەتە هەستیەکانی دەدات بە بێ ئەوەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئەو شتە پێشان بدات لە ماوەیەکی درێژخایەندا، لەبەرئەوە دەتوانین وێنەی وەستاو بە تابلۆیەك بچوێنین کە دۆخێکی وەستاوی هەیەو تەنیا یەك لایەن دەخاتە ڕوو ))[1]، بۆ نموونە قوباد لە شیعرێکدا دەڵێ : ـ

**بنوە لەو دوندانە بنوو ..**

**هەموو شتێ ، جوانە لەوێ**

**<u>هەموو شتێ</u> <u>سپییە</u> <u>وەکو</u>**

**<u>ڕیشی بەفرت</u> !** **ل ٧٣**

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی لێچواندن هەیە : ـ

١) **<u>وێنەی یەکەم : ـ</u>**

*هەموو شتێ ...* ⟵ *لێچوو*

*لەوێ*

*وەکو* ⟵ *ئامرازی لێچواندن*

---

(٢) س. پ. ل ٢١٣.

| | | |
|---|---|---|
| *ڕیشی تۆ* | ← | *لەوچوو* |
| *سپیەتی* | ← | *ڕووی لێچوون* |

**٢) وێنەی دووەم : ـ**

| | | |
|---|---|---|
| *ڕیشی تۆ* | ← | *لێچوو* |
| *ئامرازی لێچواندن* | ← | *دەرنەکەوتووە* |
| *بەفر* | ← | *لەوچوو* |
| *سپیەتی* | ← | *ڕووی لێچوون* |

ئەم دوو لێچواندنەی لەم نموونەیەدا بەرچاوکەوتن ، هەردووکیان بێ بەشن لە هەموو جۆرە جووڵەیەك ، و تەنها بە شێوەیەکی وەستاو وێنەکان دەرکەوتوون ، ئەم جۆرە وێنە لێچواندنانەی بەم شێوەیە دەرکەون بە ***وێنەی لێچواندنی وەستاو*** ناودەبرێن.

٣. ***لێچواندن لە ڕەنگ دا ـ التشبية في اللون : ـ*** زۆرجار ڕەنگ دەبێتبە ڕووی لێچوون لە نێوان دوو لایەنەکەی لێچواندن و(( کاریگەری ڕەنگ لەسەر هونەرو هونەرمەندان گرنگیەکی گەورەی هەیە، بە هۆی ڕەنگێك حاڵەتێکی دیاریکراویان دەردەبڕی و بەهۆی ڕەنگێکی تر حاڵەتێکی تر...، و وێنە لە هونەردا پێویستی بەو ڕەنگانە هەیە کە فڵچەی وێنە کێش دەیپڕژێنێت ، بەڵام شیعر وێنەی جولاوە کە لە دەربڕینی شیعری پێك دێت ، بۆیە هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان

شیعرو تابلۆو لە نێوان وێنەی چەسپاو لەسەر تابلۆیەك و وێنەی جولاو لە دێرە شیعرێك یان چەند دێرێكدا ))(١)، هەروەكو لەم شیعرەی قوبادا دەردەكەوێت : ـ

**دەریا**

**دوو دووند لە چیایێ زیز بوون**

**پەنایان بردە بەر سینگت ..**

**دوو زەردەپەڕ**

**لە هەنگاوی خۆر دابڕان .**

**بە قژتا خۆیان هەڵواسی !** ل ٢٩

لەم كۆپلە شیعرەدا چەند وێنەیەكی لێچواندن بەرچاو دەكەوێت كە بەكورتی شی دەكەینەوە :ـ

| *لێچوو* | *لەوچوو* | *ڕووی لێچوون* |
| --- | --- | --- |
| *دوو مەمك* | *دوو دووند* | *خڕی وبەرزی* |
| *قژی ئافرەتێك* | *زەردەپەڕ* | *ڕەنگی زەردیان* |

(١) الصورة في التشكيل الشعري ـ تفسير بنيوي ، الدكتور سمير علي سمير الدليمي ، وزارة الثقافة و الإعلام ، دار الشؤون الثقافية العامة ، مطبعة آفاق العربية ، بغداد، ١٩٩٠، الطبعة الأولى ، ص ٦٧، ٦٨.

لــەم نموونەیــەی ســەرەوەدا دوو لێچــواندن هەیــە، وەك ئاشــکرایە ڕووی لێچــوونی دووەم لــە ڕووی ***ڕەنگــی زەردی*** دوو لایەنەکەیــە ، بۆیــە ئــەم لێچواندنەیان بە ***لێچواندن لە ڕووی ڕەنگ*** ناو دەبرێت.

٤. ***لێچواندنی لە دەنگ دا ـ التشبیة في الصوت :*** ـ زۆرجار لێچواندن لە ڕووی دەنگ دروست دەکرێت ، هەروەکو شاعیر دەڵێ : ـ

**تۆ نامبیستی**
**بەڵام لەو چۆلەکە پرسە**
**چۆن وەک هەور دەناڵێنم و**
**چۆن فرمێسک دڵۆپ دڵۆپ**
**شوێن پێی کۆچەکەت هەڵدەگرێ !** ل ١٠٣

*( ڕاناوی لکاوی م ) لە : ـ نامـبیستی* ⟵ *لێچوو*
*هەور* ⟵ *لەوچوو*
*ناڵین* ⟵ *ڕووی لێچوون*

وەك ئاشکرایە ***ناڵین و هاوارکردن*** جۆرێکە لە دەنگەکان، و بــە هــۆی ئــەم دەنگەوە وێنەی لێچواندن دروست بووە، بۆیە بە ***وێنەی لێچواندن لە ڕووی دەنگ*** دادەنرێت .

٥. ***لێچواندن لە هێواشی و خێرایی ـ التشبية في السُّرعة :*** ـ دەکرێت خاسیەتی خێرایی و هێواشــی لــە نێــوان دوو شــتتدا بکرێــت بــە هــۆی دروست بوونی لێچواندن ، بۆ نموونە قوباد دەڵێ : ـ

**شـۆڕش**

**سەگوەڕێ سەرێ لە دوونام**

**خۆم کوتایە شەوێ چاوت**

**نووستم**

**نووستێ !**

**کات ، کۆرپە بوو لەبەینمانا**

**خەوێ لێ کەوت .** **ل ٣٨**

| | | |
|---|---|---|
| *کات* | ← | *لێچوو* |
| *کۆرپە* | ← | *لەوچوو* |
| *خەو لێ کەوتن* | ← | *ڕووی لێچوون* |

***خەوتنی کات*** بە واتای ***هێواش ڕۆیشتنی کات*** یان ***وەستانی کات*** دێت ، کەواتە ئەو جۆرەیە کە بە ***لێچواندن لە هێواشی و خێرایــی*** دادەنرێــت ، هەروەها لە هەمان کۆپلەدا لێچواندنێکی تر هەیە:ـ ـ ***شەو*** لێچــووە، ***چــاو*** لەوچــووە ، ڕووی لێچــوونی نێوانیــان بریتــی یــە لــە ***ڕەشــی*** ، بــەڵام ئــەم لێچواندنەیان بەر ئەم جۆرەی ئێستا ناکەوێت و بەر جۆری ڕەنگ دەکەوێت.

سەرەڕای هــەموو ئــەم جۆرانــەش لەوانەیــە ئــەو واتایانــە ئاوێتــە بکــرێن لەگەڵ یەکتر، و گــەر لــە شــتێکدا ڕێــك بکــەوێت دوو یــان ســێ لــەم واتــاو سیفەتانە یەکبگرن ئەوا لێچواندن بەهێزترو ڕاستەقینەتر دەبێت و شیعر پێــی جوانتر دەبــێ بــەهۆی بــوونی ئــەم چــەند بەڵگەیــە کــە پاڵپشــتی دەکــەن لــە هاوبەشی نێوانیان .

## چوارەم : ـ بە پێ ی ئاشکرایی و نائاشکرایی دوو لایەنەکە : ـ

لەمەوپێش ڕوون کرایەوە وێنەی لێچواندن لــە ڕووی داڕشــتنی زمانــەوانی بریتی یە لە دوو بەش و ئەم دوو بەشە دەکرێت یــەکێکیان دەرنەکــەون، بــەڵام ئەو کاتەی دەرناکەون ئەوا لە ڕووی واتاوە بە وەهمی هــەر بــوونی هەیــە،[1] و دەرکەوتن یان دەرنەکەوتنی دوو لایەنە سەرەکیە بووە بــە هــۆی جیاکردنــەوەی دوو جۆری تر لە وێنەی لێچواندن کە بریتین لە: ـ

١ . ***لێچواندنی ئاشکرا ـ التشبیة الصریح :*** ئەو لێچواندنەیە کە لە دەربڕیندا ئاشکرایە بەهۆی دانانی لایەنێك لە دوولایەنــە لــە قــاڵبی لێچــواندنێکی ناسراودا[2]، واتە یــەکێك یــان هــەردوو لایەنەکــە بــە ڕوون و ئاشــکرایی دەردەکەون ، هەروەکو لەم شیعرەی قوباد دەردەکەوێت : ـ

(١) بڕوانە : ـ جمالیات الأسلوب ـ الصورة الفنیة في الأدب العربي ، الدکتور فایز الدایة ، ص ٧٢ .

(٢) بڕوانە : ـ دروس في البلاغة ، الشیخ معین دقیق العاملي، ص ١٠٩ـ ١١١.

**مەحاڵ**

**ڕۆژگارێکە باوەش دەکەین بە یەکترا**

**کەچی وەکو ئاو و چەوری**

**تێکەڵ نابین**

**دەبێ بە شوێن موستەحیلێکا بگەڕێین ،**

**یا من بکا بەچەوری و**

**یا تۆ بکا بە ئاو !!     ل ١٢٨**

| | | |
|---|---|---|
| *من و تۆ ، کە بە ڕاناوی لکاوی (ین)* | ← | *لێچووە* |
| *لە :( تێکەڵ نابین ) دەرکەوتووە* | | |
| *وەکو* | ← | *ئامرازی لێچواندنە* |
| *ئاوو چەوری* | ← | *لەوچووە* |
| *تێکەڵ نەبوون* | ← | *ڕووی لێچوون* |

واتە هیچ لە دوو لایەنە سەرەکیەکەی لێچـواندن شـاراوە نـین و هـەردووکیان لای ئێمە ئاشکران.

٢. ***لێچواندنی شاراوە ـ التشبیة الضمني :*** ـ ئەو جۆرەیان پێچەوانەی لێچواندنی ئاشکرایە، واتـــە « ئەو لێچواندنەیە کە لێچوو و لەوچوو لە شێوەی لێچواندنێکی ئاشکرا دەرناکەون بەڵکو لە داڕشتنەکە درکاندنیان بۆ دەکرێ، ئەم جۆرە لێچواندنە دروست دەکرێت بۆ

ڕوونکردنەوەی ئەو حوکمەی کە دەکرێت لە لێچوودا دەستەبەر بکرێت ))[1]، بۆ نموونە بڕوانە ئەو شیعرەی قوبادی جەلی زادە کە دەڵێ : ـ

**دەمێک کەڵە کێوی ئاسا ..**

**دڵت دەدەی ،**

**بە پیرە بەفری سەد ساڵە و**

**بە نیو قەدی ،**

**دارە بەنێکی قەندیلی**

**دیوان ل ٦٤، ٦٥**

| | | |
|---|---|---|
| *تۆ ، دەرنەکەوتووە بەهۆی ڕاناوی لکاوی (ی): ـ دەدەی* | ← | *لێچووە* |
| *کەڵە کێوی* | ← | *لەوچووە* |
| *ئاسا* | ← | *ئامرازی لێچواندنە* |
| *ساردی و بەرگەی ساردی گرتن* | ← | *ڕووی لێچوون* |

وەك لە شی کردنەوەی شیعرەکەدا دەردەکەوێت ، لێچواندنەکە وەك جۆرەکەی پێشوو ئاشکرا نی یە و بەڵکو تا ڕادەیەك شاراوەو

---

(١) الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، ص ٤٦.

داپۆشراوەو پاش بیرکردنەوەیەك ئنجا لــە مەبەســتەکە دەگــەین ، ئەوەیــە کــە بە ***لێچواندنی شاراوە*** ناودەبرێت .

هۆی ســەرهەڵدانی ئــەم جــۆرەی لێچــواندنیش بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــە(( شاعیران پەنا دەبەنە بەر شــاردنەوەی لێچــواندن و هێنــانی بــە نائاشــکرا بــۆ ئــەوەی نــەتوانرێ زوو پــێی بگــەن ولــە ســەر ڕاســتیەکانی بوەســتن بــە بــێ ووردبینی کردن و لێکدانەوە، ولەم کاتەشدا دوو خاسیەتی هەیە : ـ

**یەکەم : ـ** جوانیــەك لــە خــودی خــۆی دا دەبەخشــێ، چــونکە ئاشــکرایە هەرشتێك تا زیاتر لیٚ ی ووردبینەوە وداوای لە سەر زۆر بێــت و بــە ئەســتەم و دوای بیرکردنەوەی زۆر پیٚ ی بگــەین ئــەوا باشــتر و بــەهێزتر لــە دەروونــدا دەچەسپێت وکاریگەری زیاتردەبێت .

**دووەم : ـ** هوشەکاریەك دروســت دەبێــت لــە نزیــك کردنــەوەی لێچــوو و لەوچوو بە شێوەیەك هیچ وێنەیەکی تر پیٚ ی ناگات ))[(١)]، جــا بــۆ ئــەوەی ئــەم جۆرە لە جۆرەکانی تر جیا بکەینــەوە پێویســتە خاســیەتێکی لێچــواندنی نــا ئاشکرا باس بکەین کە گرنگترینیان ئەمانەن : ـ

١. لێچــواندنەکە بــە ئاشــکرایی دەرنابڕێــت، بــەڵکو تــەنها لــە واتایەکــدا دەردەکەوێت.
٢. هیچ پەیوەندیەکی ووشەیی نی یــە لــە نێــوان لێچــوو و لەوچــوو، بــەڵکو هەریەك لەمانە دەتوانرێت بە سەربەخۆیی لەوەی تر دەرکەوێت.

(٢) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ٤٠ .

٣. لێچوو لەو جۆرەدا تا ڕادەیەك سەرسوڕهێنەرە، چونكە گوێگر ڕاستەوخۆ پیێ ی ناگات، بەڵكو پێویستی بە بەڵگەیەك هەیە بۆ پەسندكردن و دان پیانانی و بەهێنانی لەوچوو ئەو واتایە لە مێشك نزیك دەخاتەوە[١].

كەواتە هۆی دروست بوونی ئەو دوو جۆرە ***لێچواندنی ئاشكراو شاراوە***، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە (( كاتێك شاعیر لێچواندێك دروست دەكات یان دادەڕێژێت ئەوا واتای دەستنیشانكردنی پەیوەندی نێوان دوو شت یان زیاتر دەگەیەنێت، و ئەو پەیوەندیە لەوانەیە ئاسایی بێت و ئاشكرا بێت، لەو كاتە ئەو لێچواندنە دەبێتە لێچواندنێكی ئاشكرای ئاسایی، وە دەكرێت پەیوەندیەكە شاراوە بێت و كەس نەیبیستبێ یان زۆر دەگمەن بێت ئەوا ئەو لێچواندنە دەبێتە لێچواندنێكی داهێنەرو بەهرەمەند، و ئەو خاسیەتە داهێنەرە دەبێتە پێوەرێك بۆ زمانەوانەكان بۆ دیاری كردنی هێزی شیعرو شاعیرەكەی ))[٢]، وەك لە نموونەكانی ئەو لێكۆڵینەوەیەدا دەردەكەوێت قوباد وەك شاعیرێكی هاوچەرخی كورد لەم جۆرە وێنەی لێچواندنەی زۆرە كە داهێنان و بەهرەمەندی شاعیر دەردەخەن.

---

(١) بڕوانە : دروس في البلاغة ، الشیخ معین دقیق العاملي ، ص ١١٠.

(٢) الصورة الفنیة في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور، ص ١٠٧.

## پێنجەم : بەپێ ی ئاشکرایی و نائاشکرایی ڕووی لێچوون [1] :-

١. **لێچواندنی نزیکی سواو - التشبية قريب مُبتذل :-** ئەو جۆرەیە کە ڕووی لێچونەکەی ئاشکرایە و بیر دەگوێزرێتەوە لە لێچوو بۆ لەوچـوو بـە زۆر بێ بیرکردنەوەو ووردبینی کردن ،وەك ***( لێچواندنی ڕوویەك بەگوڵ لە سووری دا)***، وەك قوبادی شاعیر دەڵێ :-

**سبەی دەڕۆی ..**
**( لە ئەلبومی یادگارا ) ،**
**وێنەم وەک بنە نێرگزێ**
**لە ڕیشەوە هەڵدەکێشی .. !**
**دەربەست نایەی ،**
**لە هەڕەتی بەهاریدا**
**زامی سەختی گەڵا ڕێزان**
**چۆنە ئێشی !!** **ل ١٠٧**

| | | |
|---|---|---|
| *وێنەی شاعیر* | ← | *لێچووە* |
| *بنە نێرگز* | ← | *لەچووە* |
| *وەك* | ← | *ئامرازی لێچواندنە* |
| *هەڵکێشان لە ڕیشەوە* | ← | *ڕووی لێچوونە* |

(٣) بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، ص ١٦٠.

وەك دیارە ئەو لێچواندنە ئاشكراو سواوە بۆیە بـە جـۆری ***لێچــواندنی نزیکی سواو*** دادەنرێت.

٢. **لێچواندنی دووری نامۆ ـ التشبیة بعید غریب** : ئەو جۆرەیە کە تیایدا بۆ گوێزانەوەی بیر لە لێچوو بۆ لەوچــوو پێویســت بــە هــۆش و ووردبینــی کردن هەیە بە هۆی نا ئاشــکرایی ڕووی لێچــوونەکەی ، هــەروەکو قوبــاد لە شیعرێکی دا لە شێوەی ئەمەدا دەڵێ : ـ

**<u>پاییز ، منداڵێکی لاسارە ..</u>**

**بە قەدی هەر درەختێکدا هەڵگەڕێت ،**

**ڕوومەتی زامار دەکات و**

**پرچی دەرنێتەوە.** **ل ٥٧٦**

لەم کۆپلەیەدا چەند لێچواندنێك دەردەکــەوێت ،کــە ڕووی لێچــوونەکانیان تا ڕادەیەك ئاڵۆزە و جۆرێــك لــە بیرکردنــەوەو مانــدووبوونی پێویســتە تــا بــە مەبەستی وێنەکە دەگــەین ، بۆیــە بــە لێچــواندن لــە جــۆری ***دووری نــامۆ*** دادەنرێن : ـ

| *<u>لێچووەکان</u>* | *<u>لەوچووەکان</u>* | *<u>ڕووی لێچوون</u>* |
|---|---|---|
| *پاییز* | *منداڵێکی لاسار* | *هەڵگەڕان بە قەدی درەختەکان و زامدارکردن و ڕنینەوەیان* |
| *هاتنی وەرزی پاییز* | *هەڵگەڕانی منداڵی لاسار* | *ئازار دان و داماڵینی گەڵاو پرچ* |

*بەسەر درەخت*

لە کۆتایی ئەو بابەتەدا ڕاستی یەك هەیە کە پێویستە بیزانین ئەویش ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەو جۆرە جیاوازانەی ڕووی لێکچوون لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، بە جۆرێك لە شیعری کلاسیکی کوردی دا زیاتر وێنەی لێچوونی نزیك و ئاشکرا بەکاردەهات، بەڵام (( شاعیری هاوچەرخ ئاوڕ لە بابەتە ڕەوانبێژانە ناداتەوە کە ڕووی لێچوون و پەیوەندی یە لێچواندنەکە ئاشکرا بێت و خوێنەر بە ئاسانی بۆی بچێت و تێ ی بگات ، بەڵکو ئێستا خەمی یەکەم و بنەڕەتیان ئەوەیە کە نیشانەیەکی وەها بهێننە دی کە ئاماژە بۆ حاڵەتێك بکات و زۆربەی ئەم حاڵەتانە بریتی دەبێت لە هەست کردنی شاعیر بە ژینگەی دەوروبەری ، لە ڕووی هەست و سۆز و دەروونی و بیروبۆچوونەوە کە دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر))[1]، هەروەکو لەم شیعرانەی قوبادی جەلی زادەدا کە خرایە ڕوو و لەمەودوا دەخرێنە ڕوو هەست بەو خاڵە دەکرێت .

## شەشەم : ـ بە پێی هەستی و ژیری دوو لایەنەکە[2]: ـ

(١) دیر الملاك ، دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر ، د. محسن إطيمش ، ص ٢٤١ .

(٢) جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٦٢.

**أـ دوو لایەنەکەی هەستی بن ـ الحسیّین** : ئەمەش بەچەند شێوەیەك دەبێت ، لەبەرئەوەی ((هەندێ هونەرمەند ، چ بە شارەزایی بیردۆزەیی بێ چ بە مەشقی دوورو درێژ بێ، دەتوانن بە هۆی لاسایی کردنەوەی شێوەو ڕەنگەوە شت بنوێنن، هەندێکی تریش بەهۆی بەکارهێنانی دەنگەوە، ئەمە ئەنجام دەدەن ))(١)، هەندێك خاسیەتی تر دەکەن بە هۆی لێچواندن ، بۆ نموونە لە بینراو وەك ***لێچواندنی ئافرەتێك بە ڕۆژ لە پرشنگی دا*** ، یان لە بیستراو وەك ***لێچواندنی دەنگی هاواری پیاوێك بە گرمەی هەور***، یان لە تامکراو وەك ***لێچواندنی میوەیەکی شیرین بە هەنگوین*** ، یان لە بەریەککەوتن وەك ***لێچواندنی جەستەیەك بە ئاوریشم*** ، یان لە بۆنکراو وەك ***لێچواندنی بۆنێك بە مسك و عەنبەر*** .

بێ گومان ((کاتێك کە شاعیر وێنەی شیعریی لە هۆنراوەکەیدا دەخوڵقێنێ و وەختێك خوێنەری شیعر دۆست و ڕەخنەگری لێهاتوو ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە یان گوێیان لێ دەبێت هەست دەکەن هەر وێنەیەك لە ڕێگەی هەستێکەوە باشتر بۆی وەردەگیرێ ، واتە چەندە ئەو وێنانە بە هەستی بینین و بەچاو وەریان دەگرین دەبینین پتر بەهۆی هەستەکانی دیکەی مرۆڤی وەك بیستن و چێژکردن و بۆن کردن و هەستی دەست لێدانەوە ئەو وێنانە وەردەگرن ))(٢)، و هەستە ئاشکراکانی مرۆڤ بەشێکی گرنگ پێك

(٣) هونەری شیعر ـ شیعر ناسی ، ئەرەستۆ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی ، عزیز گەردی ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠٠٤، ل ١٥.

(٤) وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردی دا، کریم شارەزا ، گ. ڕامان ، ژ. ٩، ساڵی یەکەم ١٩٩٧، ل ٧.

دەهێنن لە دروست بوونی وێنە لێچواندنەکان و (( لێچواندن لەبەرئەوەی بریتی یە لە بەستنی هاوشێوەیی یەك لە نێوان دوو شت کە هاوبەشن لە خاسیەتێك یان چەند خاسیەتێکی دیاریکراو لە ڕەنگ یان شێوە یان قەبارە یان درێژی یان سیفاتی تر))(١) و لەبەرئەوەی وێنەی لێچواندن هاوبەشیەك لە نێوان دوو شت دێتە کایەوە، بۆیە وێنە (( بە جۆرێك بەستراوە بە هەستەکان بۆ گواستنەوەیەکی هونەری بیرو لێکدانەوەکان لە جیهانی ڕووتی خۆیان بۆ جیهانی هەستی لە ڕێگەی پشت بەستن بە یەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستەکە بە هۆی ( بینین ، بیستن ، چەشتن ، بۆنکردن ، دەست لێدان)... و بە هۆی ئەو هەست پێکردنە شاعیران وێنەکانیان لە سەر بنەمای هەستی بنیات ناوە بۆ ڕەنگدانەوەی شتەکان و سیفەتەکانیان لە ڕەنگ و دەنگ و بۆن لەدەروونداـ ))(٢)، بەڵام پێش ئەوەی شێوەکانی وێنەی لێچواندنی هەستی دەست نیشان بکەین پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کەوا جگە لەم شتانەی کە لای هەمووان ئاشکرایە کە هەستین ، ووشەکانی وەك (( مرۆڤ، من، تۆ...کورتکراوەی (حافظ، سعدي)... هەرکاتێك ئەو ووشانە بە لێچوو داندران بە هەستی دادەنرێن چونکە دەتوانین هەستیان پێ بکەین ))(٣)، کەواتە دەتوانین لە ڕووی پشت بەستن هەستەکان وێنەی لێچواندن بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەی دابەش بکەین :ـ

(١) البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، ص ١٧٠.

(٢) مستويات البناء الشعري عند الطغراني ، أحمد عبد الله حمود العاني ، رسالة ماجستير، كلية التربية ، جامعة الأنبار، ١٩٩٧، ص ٢٢٥.

(٣) بيان ـ با تجديد نظرو إضافات، دكتور سيروس شميسا ، ل ٧٦ ، ٧٧ .

١. ***وێنەی لێچواندن لە ڕووی بینبین ـ البصّرية***: ـــ ئـەو جـۆرە وێنـە لێچواندنەیە کە لەسەر بنەمای هەستی بینین و بەرچاو کـەوتنی سـیفاتی دوو لایەنەکە دروست دەبێت، وەك ئاشکرایە (( چـاو ئـامێری شـاعیرانی وێنەیی یەو بەشەکانی جەستەی ئازیزانی پێ وێنـە دەکێشـن ، و هـەموو شتێکی جـوانی سروشـتی بـە دەلالەتـە وێنـەیی یـەکان وەردەگـرن وەك گەوهەری جیاجیا لەناو یـەك قاوغـدا ))[١]، لـەم جـۆرەدا پێویسـتە دوو لایەنەکەی لێچواندن و ڕووی لێچواندن بەر هەسـتی بیـنین بکـەون ، وەك قوباد لە شیعرێکیدا دەڵێ :ـ

**کێو**

**بۆیە مەمکی تۆم خۆش دەوێ**

**لە کێو دەچێ**

**کانی و ..**

**بنارو ..**

**هەوراز و ..**

**دوندی هەیە !**

**هۆ کچی جوان ..**

**ئەگەر کێوێ بمتۆرێنێ**

**مەمکت دەکەم بە دەسگیران ؟؟!** ل ٤٤

(٤) البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، ص ١٧٩.

| | | |
|---|---|---|
| *( مەمك ) ی ئافرەتێك* | ← | *لێچووە* |
| *کێو* | ← | *لەوچووە* |
| *لە ... دەچێ* | ← | *ئامرازی لێچواندنە* |
| *خڕی و بەرزی* | ← | *ڕووی لێچوونە* |

وەك ئاشکرایە لێچوو، لەوچوو، ڕووی لێچوون ، هەموویان بەرچاو دەکەون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن ، بۆیە بە ***وێنەیەکی لێچواندن لە ڕووی بینین*** دادەنرێت.

٢. ***وێنەی لێچواندن لە ڕووی بیستن ـ السّمعية:*** ئەو جۆرە وێنانەن کە بەر هەستی بیستن دەکەون ، بێ گومان (( لەم سەردەمە هاوچەرخەماندا هەندێك هەن کە دەنگ بە کلیلی کاریگەریەکانی تر لە شیعر، و هەستی بەرجەستە بۆ ووشەکان دروست دەکات ، و هەندێ جار دەیکات بە شتێکی خاوەن پەیوەندی یەکی بەهێز بەو هەستەو بە ئاسانی لێی جیا ناکرێتەوە، و گرنگترین شتێش لەمانەی وێنەی بیستراو یان دروست بوونی زەنگی ووشەکانە لەسەر ناخی گوێ یان (گوێ ی هەست) ))(١)، و بەهۆی بیستن لێچواندنی نێوانیان وەردەگیرێت و وێنەی لێچواندنیان لێ دروست دەکرێت، و (( بیستن یەکێکە لە پەنجەرەکانی وەرگرتنی شتەکان

---

(١) الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الإسلام ـ دراسة ، د. صاحب خليل إبراهيم ، ص ١٣، ١٤.

و هەست پێکردن و کاریگەربوون پێیان و وێنەکێشانیان ، و ڕۆڵـی هەیـە لە وەرگرتنی شێوەکانی هونەر وەك مۆسیقا، و شـیعر لـە بەدەسـتهێنانی پلەی جوانی دا پشت دەبەستێت بـە دەنـگ کـە کاریگەریـەکی تایبـەتی لەو کەسانە دەکات کە دەبیستن و گوێ دەگرن لـە ترپـەو فسـکەو هـاوارو نالە ))[١]، هەروەکو قوباد چەند وێنەیەکی لێچواندنی لەسەر ئـەم هەسـتە بنیات ناوە، هەروەکو دەڵێ : ـ

**شەوی سێیەم شاعیری هات ..**

**تریفەی زیوی شیعرێکی**

**بە عیشقی بێ گەردت بڕی**

**هەتا پۆل پۆل**

**چاوی ئەستێرە هەڵژڕا**

**وەك خاڵە سێوە بۆ گوڵێ**

**گۆرانی بۆ بەژنت چڕی !!** ل ٧٠

*شاعیری* ⟵ *وێنەی لێچووە*

*خاڵە سێوە* ⟵ *وێنەی لەوچووە*

*وەك* ⟵ *ئامرازی لێچواندنە*

*ڕووی لێچوون* ⟵ *چڕین و گوتن*

---

(٢) التصوير البياني في شعر المتنبي ، دكتور الوصيف هلال الوصيف إبراهيم ، ص ، ص ٣٠٨ .

وەك لە شی کردنەوەکەدا دەرکەوت، لەم کۆپلەیەدا ڕووی لێچوون بەر هەستی بیستن دەکەوێت، بۆیە بە ***وێنەی لێچواندنی بیستراو*** دادەنرێت.

٣. ***وێنەی لێچواندن لە ڕووی تام و چێژ ـ الذوقیة :*** ـ ئەو وێنە لێچواندنانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای چەشتن و تامکردنی شتەکان بنیات نراوە، و تامی دوو شت بووە بە بنەما بۆ دروست کردنی وێنەی لێچواندن لە نێوانیاندا، (( تامکردنی شتەکان شوێنەوارێکی گەورە لە وەرگرتن و هەست پێ کردن و وێنەگرتن داگیر دەکات، و لە شیعردا بە هۆی تینوویەتی هەست بە تامی ئاو خواردنەوەو تێر ئاو بوون کراوە، و بە هۆی برسیەتی هەست بە تامی خواردن و تێربوون کراوە، و تامی شتە تامکراوەکان جیاوازە، وەك تاڵ و شیرین ، و هەیانە ترشە، وە هتد، و شاعیر بە هۆی هەستکردنی بە شتەکان بە هۆی ئەو هەستە دەتوانێت لە پێکهێنانی وێنەی لێچواندن بەرجەستەیان بکات ))[(١)]، هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**<u>من تاڵترین پەنجەم</u>**

**<u>تۆ شیرینترین هەنگوین</u>**

**ناوێرم تامت بکەم ، نەبادا**

**ژنەکەم ببێ بە زنگەسوورە و منداڵەکانم بە هەنگ و**

(١) س. پ. ل ٣١٤ .

**بە ڕووحمانەوە بدەن** **ل ٣٥٠**

| *لێچوو* | *لەوچوو* | *ڕووی لێچوون* |
|---|---|---|
| *من* | *تاڵترین پەنجە* | *تاڵی* |
| *تۆ* | *شیرینترین هەنگوین* | *شیرینی* |

لەم وێنەیەدا تامی ***تاڵی و شیرینی*** بوون بە خاسیەتی هاوبەشی نێوان لێچوو و لەوچووەکان ، واتە تام و چەشتن بوون بە ڕووی لێچوون ، بۆیە بە وێنەی ***لێچواندن لە ڕووی تام و چێژ*** دادەنرێت.

٤. ***وێنەی لێچواندن لە ڕووی بۆن ـ الشّمیة***: ـ ((بۆنکردن پەنجەرەیەکە لە پەنجەرەکانی هەستکردن بەشتەکان،کاتێك لای شاعیر هەستێکی دیاریکراو بەرامبەر بە شتەکان هەیەو لە ڕێگەی ئەم هەستەوە وێنەی دەگیرێت و دوای ئەوەی کار لە هەستی دەکات، کاریگەری دەبێت بۆ دەربڕینی ئەزموونە شیعریەکەی، و هونەرمەندی داهێنەر ئەو کەسەیە کە پشت دەبەستێت بە درکاندنی هەستەکان بۆ دروست بوونی وێنەی تازە کە وا دەکات وەرگر کاریگەر بێت لەگەڵی و هەستی پێ بکات و چێژێکی هونەری و چێژێکی ویژدانی پێ دەدات))(١)، ئەم هەستەش

(١) س. پ. ل ٣١١.

هاوشـێوەی هەسـتەکانی تـر بـێ بـەش نـەبووە لـە پێکهێنـانی وێنـە لێچواندنەکان، بۆ نموونە قوباد دەڵێ : ـ

**لەگەڵ شرقەی دەرگای حەوشە**

**دوو کاریلە ڕادەپەڕن**

**دوو خونچە گوڵ دەکرێنەوە**

**دوو شوشە بۆنی وەنەوشە** ل ٨٦

| *لێچوو* | *لەوچوو* | *ڕووی لێچوون* |
|---|---|---|
| *دوو منداڵی شاعیر* | *دوو کاریلە* | *سادەیی و بێ دەسەڵاتی* |
| *دوو منداڵی شاعیر* | *دوو خونچە گوڵ* | *جوانی و کرانەوەیان* |
| *دوو منداڵی شاعیر* | *دوو شووشە بۆنی وەنەوشە* | *بۆنخۆشی* |

لەم کۆپلە شیعرەدا وەك لەسەرەوە شی کرایەوە چەند وێنەیەکی لێچـواندن دەردەکەون، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە لێچـواندنی سـێ یەمـە، ڕووی لێچوونی نێوان ***دوو منداڵ*** لەگەڵ ***دوو شووشە بۆنی وەنەوشە*** بریتی یە لە ***بۆنی خۆشیان***، و ئەم جۆرە وێنەی لێچواندنە بە لێچواندنی بۆن ناودەبرێت.

٥. ***وێنەی لێچواندن لە ڕووی بەریەك کەوتن (بەرجەستە بوون) ـ اللمسّیـە*** **:** ـ هەستی بەریەك کەوتن یەکێکـە لـە هەسـتەکانی مـرۆڤ و وەك هـەر هەستێکی تر بەشداری دەکات لە دروسـت بـوونی وێنـە لێچواندنەکـان

، (( بەریەك کەوتن یەکێکە لە پەنجەرەکانی هەست پێکردن بە شتەکان و وەسفکردن و وێنەگرتنیان، و هونەرمەندی داهێنەر دەتوانێت سوود لەم هەستە وەربگرێت بۆ وێنەکێشانی شتە بەرجەستەکان لە ڕێگەی سیفاتەکانی لووسی و زبری و خاوی و گرژی نەرمی و ڕەقی ))(١)، هەروەکو لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:ـ

**صابوون**

**ئەو بنە هەنجیرە دەمێکە ،**

**خۆی ڕووت کردۆتەوە**

**چاوەڕێی ڕێژنەیەک بارانە ،**

**تا خۆی لە بەردا بشوات**

**لە دەستی ڕاستیا، گەڵایەکی پان**

**لە لیفکەیەک دەچێ زبر زبر**

**لە دەستی چەپیدا، گەڵایەکی چووک**

**لە بنیسکە سابوونێک دەچێ ،**

**لینج لینج !** **ل ٦٥٢**

| *لێچوو* | *لەوچوو* | *ڕووی لێچوون* | *ئامرازی لێچواندن* |
|---|---|---|---|
| *گەڵایەکی پانی هەنجیر* | *لیفەکە* | *زبری* | *دەرنەکەوتووە* |
| *گەڵایەکی بچووك* | *بنیسکە صابوون* | *لینجی* | *لە ... دەچێ* |

(١) س. پ. ل ٣١٧.

لەم کۆپلەیەدا ڕووی لێچواندنەکان بریتین لـە ***زبـری*** ، ***لینجـی*** ، کـە بـە هەسـتی بەریـەك کـەوتن وەردەگیرێـت و لـە ڕێـی ئـەم هەسـتەوە لێچـواندن دروست بووە.

***ب ـ دوو لایەنەکە ژیری بن ـ العقّلیین*** : واتە هەردوو لایەن بەر هـیچ هەستێك لە هەستەکان نەکەون ، واتە هەریەکە لە لێچوو و لەوچوو بـەر هـیچ لە هەستەکان نەکەون تـەنها بـە ئـەقڵ وەربگیرێـن، و(( هەریـەك لەمانـە بـە ئەقڵ هەستی پێ بکرێت نەك بـە هەسـتەکان وەك:( لێچـوانی نەخوێنـدەواری بە مردن)))[1]، پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کـە ئـەو لێچـواندنانەی تیایـدا هەستی بە ژیـری دەچـوێنرێت مانـدووبوونی زیـاتر پێویسـتە بـۆ تێگەیشـتن، چونکە ژیری شاردراوەتەوە لە ژێر هەستی یەکە بە هۆی بەهێزیەکـەی[2] بۆیـە ئەم جۆرەیان زیاتر پەسند دەکرێت . هەروەکو قوباد لە شیعرێکدا دەڵێ : ـ

**ئێستاش شاعیر بێ کوڕ و ماڵ و مەئوایە**
**بەهار وەک سۆزی غەریبیت هەڵۆەدایە**
**خاک دەستەمۆی کارەساتە**
**( نە بگرەو بەردەی کابانە**

(١) تهذيب البلاغة ، الدكتور عبد الهادي ، ص ٨١ .

(٢) بڕوانە ـ بيان ـ با تجديد نظرو إضافات، دكتور سيروس شميسا، ل ٧٦ ، ٧٧ .

**نە ئوحە ئوحی گاوانە )**

**هەر قەتارە**

**قەتاریش کۆچی ناوەختی عێلە ساتە        ل ٢٣٧**

لەم کۆپلەیەدا ***بەهار*** لێچووەو ***سۆزی غەریبیت*** لەچووە، ئاشکرایە ئەم دووانە بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەون بەڵکو تەنها بە ئەقڵ و ژیری وەردەگیرێن .

**ج ـ دوو لایەنەکە جیاواز بن ـ المُختلفّين : یان** وا دەبێت لێچوو ژیری و لەوچوو هەستی دەبێت وەك ***لێچواندنی تورەیی بە ئاگر***، یان لێچوو هەستی و لەوچوو ژیری دەبێت ، وەك ***لێچواندنی ئاخاوتن بە ئاکاری بەرزو جوان*** ،کەواتە دەتوانیین بڵێین(( مەبەست لە لێچواندنی ژیری ئەو جۆرەیە کە ڕووی لێچوون تێیدا ژیری یە و جا دوو لایەنەکە ژیری بن یان هەستی، یان بەشێکیان ژیری بن و بەشێك هەستی، چونکە ڕووی لێچوون پاڵنەرێکە بۆ بەستنەوەی لایەنێکیان بە لایەنەکەی تر کە ئەو خاسیەتەی تێدا بەڕوونتر دەرکەوتووەو مەبەست گەیاندنی لایەنی دووەمە بەو، و مەبەستی لێچواندنەکەش بریتی یە لە ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان دوو لایەنەکەو هاوبەشی ڕووی لێچوون لە نێوان لێچوو و لەوچوو ))[١]، بۆ نموونە قوباد دەڵێ :ـ

(١) التصوير البياني في شعر المتنبي ، دكتور الوصيف هلال الوصيف إبراهيم ، ص ٣٢١.

**چیم بۆ نەکردی ..**

**هێندەم کڕنۆش برد بۆ بەژن و باڵات**

**تەمەن کلۆر بوو**

**وەک پیرەدارێ**

**دڵم ئەگەر چی کلاوی بەفر بوو**

**لە ژێر پێخوستی ئازاری قورسا**

**ژەنگی هەڵهێنا و**

**ڕژی بە جارێ !!** ل ١١٨، ١١٩

*تەمەن* ⟵ *لێچوویەکی ژیری یە*

*پیرە دار* ⟵ *لەوچوویەکی هەستییە*

*وەك* ⟵ *ئامرازی لێچواندنە*

*کلۆر بوون* ⟵ *ڕووی لێچوون*

لەم کۆپلەیەدا وێنەیەکی لێچواندن هەیە لە نێوان ***تەمەن*** و ***پیرەدار***، ***تەمەن ژیری یە*** چونکە بەرهیچ هەستێك لە هەستەکان ناکەوێت ، بەلاّم ***پیرەدار هەستی یە*** چونکە بە هەستی بینین وەردەگیرێت ، بۆیە بە لێچواندنی جیاواز لە ڕووی هەستی و ژیری دادەنرێت .

کەواتە کاتێك ڕووی لێچواندن ژیری دەبێت کە بنچینەی ڕووی لێچوونە ئەقڵەو کاتێك هەستی دەبێت کەوا بەر هەستێك بکەون[(١)]، ئەمە خاڵی جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو جۆرەی سەرەوەیە.

## حەوتەم:ـ بە پێ ی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئامرازی لێچواندن

ئامراز یان ئەوزار بە بەشێکی گرنگی پێکهاتنی وێنەی لێچواندن دادەنرێت و (( ئەوزار وەك بنەمایەك دەردەکەوێت ئەو کاتانەی کە دەریش ناکەوێت هەست بە بوونی دەکەیت وە ئەگەر لێکچواندنەکە بگەڕێنینەوە بۆ دۆخی بنچینەیی ئەوا دیسان دەردەکەوێتەوە چونکە لادانی ئەوزار بۆ کورت بڕی و زێدە ڕۆیی یە ....، واتە هەموو لێکچواندنێك ئەوزاری تیایە بەلاّم هەندێ جار بۆکورت کردنەوەی ئاخاوتن دەرناکەوێ ، بۆیە بوونی بە باش دادەنێن ))[(٢)]، لەم ڕووەوە واتە لەسەر بنەمای دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئامرازی لێچواندن وێنە لێچواندنەکان دوو جۆرن [(٣)] :ـ

---

(٢) بڕوانە : الإيضاح في علوم البلاغة ـ المعاني و البيان و البديع ، مختصر تلخيص المفتاح ، تأليف : الخطيب القزويني هو جلال الدين أبو عبدالله محمد قاضي القضاه سعد الدين أبي عبد الرحمن القزويني ،( د.ت )، ص ١٢٨ .

(١) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ٥٤.

(٢) بڕوانە ـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٣٤ ، ٣٥، و علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١٤٧.

١. **لێچواندنی بەرەڵلا ـ *التشبیة المُرسَل* :** ئەو جۆرەیە کە ئامرازی لێچواندنی بە ئاشکرا تیادا دەرکەوتبێت، وەك ئەو شیعرەی خوارەوە : ـ

**من و .. تۆ**

**شیعرم .. لە پرچی تۆ دەچێ ..**

**دەیبڕنەوە .**

**لەودیو درویێنەی مقەستا　　　ل ٨٤**

لەم دێرە شیعرەدا لێچواندنێك هەیە کە ئامرازی لێچواندنی بە ئاشکرا تێدا دەرکەوتووە و ئەم جۆرەیە کە ***لێچواندنی بەرەڵلا*** ناودەبرێت : ـ

*شیعرم* ← *لێچووە*

*پرچی تۆ* ← *لەوچووە*

*لە ... دەچێ* ← *ئامرازی لێچواندنە*

*بڕین بە مقەست* ← *ڕووی لێچوونە*

٢. ***لێچواندنی جەختاو ـ التشبیة المؤکد*** :ـ ئەو جۆرەیە کە ئامزاری تیادا نەبێ ،کەواتە تەنها لە لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێچوون پێك دێت ، هەروەکو قوبادی جەلی زادە دەڵێ : ـ

**دڵ**

**ئەم دڵەی من ، وڵاتێکی بچکۆڵەیە**

**نە ئاڵای هەیە**

**نە سنوور**

**نە پاسەوان**

**کەچی : نە هیتلەر بۆی داگیر کرا**

**نە شەوەزەنگ و**

**نە خەزان .**

**ئەم دڵەی من لەوساتەوە**

**چاوەکانی پشکووتووە .**

**بە بێ تەقە، بێ خوێن ڕشتن**

**عیشقێک داگیری کردووە !!** ل ٤٦

| | | |
|---|---|---|
| *دڵ* | ⟵ | *لێچووە* |
| *وڵاتێکی بچکۆلە* | ⟵ | *لەوچووە* |
| *نە بوونی ئاڵاو سنوورو پاسەوان و داگیرکردن* | ⟵ | *ڕووی لێچوونە* |
| *ئامرازی لێچواندن* | ⟵ | *دەرنەکەوتووە* |

لەو لێچواندنەدا ئامرازی لێچواندن دەرنەکەوتووە بۆیە بەر جۆری ***لێچواندنی جەختاو*** دەکەوێت.

## ***باسی شەشەم : جۆری تری لێچواندن جگە لەوانەی وێنەی لێچواندن دروست دەکەن***

سەرەڕای ئەو هەموو جۆرەی وێنەی لێچواندن کە لە چەند لاپەڕەی پێشوو جیا کرایەوە، لێچواندن جۆری تریشی زۆرە،کە ناشێت بە جۆری وێنەی لێچواندن ناویان ببەین ، بەڵکو هەر بە جۆری لێچواندن بە شێوەیەکی گشتی دادەنرێت ، بەڵام هەر بۆ ناسین بە چەند دێرێك باس لە هەریەکەیان دەکەین .

***یەکەم : ـ لێچواندن بە پێ ی چۆنیەتی هاتن و ڕیز بوونی دوو لایەنەکەی دابەش دەکرێت بۆ[1] : ـ***

١. ***لێچواندنی پێچراو ـ التشبيه الملفوف*** :ـ جۆرێکی لێچواندنە کەلە زیاتر لە چەند لێچواندنێکی یەك بەدوای یەکدا هاتوو پێك دێت، بەڵام بە شێوەیەك هەموو لێچووەکان بەدوای یەك و هەموو لەوچووەکانیش بەدوای یەك بێن ،هەروەکو قوباد لە شیعرێکدا دەڵێ : ـ

**ئینجانەی ژن**

**ئێوارەی گشت پێنج شەممەیەک ، لە سووچێکی (( ئەبو سەنا ))**

**<u>من و</u>**

**<u>موکری و</u>**

**<u>مامە غەفوور</u>**

**سێ ئینجانەین**

---

(١) بڕوانە :ـ جواهر البلاغة في المعاني و البيان و البديع ، تأليف معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ٦٠.

**سێ ئینجانەی سپی سپی**

**ئینجانەیەک پڕ لە گوڵی ئایین.**

**ئینجانەیەک پڕ لە گوڵی سیاسەت**

**ئینجانەیەک پڕ لە گوڵی ژن .** **ل ٢٦١، ٢٦٢**

لەم شیعرەدا ***لێچواندنێکی پێچراو*** دەردەکەوێت، کە لێچووەکانی پێکەوەو و لەوچووەکانی پێکەوە هاتوون ، وەك لە خوارەوە شی دەکرێتەوە :ـ

| لێچووەکان | لەوچووەکان | ڕووی لێچوون |
| --- | --- | --- |
| *من (شاعیر)* | *ئینجانەیەکی پڕ لە گولێ ژن* | *دەرخستن و پیشاندان ، ئینجانە گوڵ دەردەخات شاعیر لەکاتی مەستی دا باسی ژن دەکات* |
| *موکری* | *ئینجانەیەکی پڕ لە گوڵی ئایین* | *دەرخستن و پیشاندان ، ئینجانە گوڵ دەردەخات موکری ڕۆماننوس لەکاتی مەستی دا باسی ئایین دەکات* |
| *مامە غەفور* | *ئینجانەیەکی پڕ لە گوڵی سیاسەت* | *دەرخستن و پیشاندان ، ئینجانە گوڵ دەردەخات مامە غەفور لەکاتی مەستی دا باسی سیاسەت دەکات* |

وەك دەردەکەوێت لەم کۆپلەیەدا سێ لێچوو :ـ ***من (شاعیر)، موکری ، مامە غەفور***، بە دوای یەکدا هاتوون ،دواتر سێ لەوچوو بۆ ئەو لێچووانە هاتوون ، ئەمانیش بە دوای یەکدا ڕیز بوون ، ئەم جۆرەی لێچواندن کە

لێچـوو و لەوچـووەکانی بـەم شـێوەیە ڕیـز دەبـن بـە لێچـواندنی ***پێچـراو*** ناودەبرێت.

٢. ***لێچواندنی جیا ـ التشبیة المفروق*** :ـ بریتی یە لە کۆکردنـەوەی هـەر لێچوویەك لەگەڵ لەوچووەکەی خۆی ، واتە چـەند لێچـواندنێك هەیـە بـە شێوەیەك ڕیز بوون هەر لێچوویەك لەوچـووەکەی خـۆی بـەدوادا هـاتووە، دواتـر لێچـوویەك لەگـەڵ لەوچـوویەکی تـر، بـەم شـێوەیە هـەموو لێچواندنەکان بە سەربەخۆیی دێن بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیـەك لـە نێـوان وێنەکاندا هەبێت،هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**ﭿ ﭾ ﭿ**

**ـ وەک ئەو باسی بۆ دەکردم ـ**

**پێ و بەلەک خڕو خۆڵ**

**سینگێکی تێرو پڕ وەک بەرخی دابەستی**

**لێوێکی گۆشتنی ماچاوی ، تەڕو بڕ وەک ڕووبار** ل ٤٩١

لەم کۆپلەیەدا چەند وێنەیەکی لێچواندنی لەم وێنەیە بەرچاو دەکەون :ـ

| *لێچووەکان* | *لەوچووەکان* | *ئامراز* | *ڕووی لێچوون* |
| --- | --- | --- | --- |
| *سینگێك* | *بەرخی دابەستی* | *وەك* | *تێرو پڕی* |
| *لێوێکی گۆشتنی ماچاوی* | *ڕووبار* | *وەك* | *تەڕی* |

لەم کۆپلەیەدا وەك دیارە دوو لێچـواندن دەرکـەوتوون و هەریـەك لەمانـەش بە شێوەیەك هاتوون کە هەر لێچـوویەك لەگـەڵ لەوچـووەکەی بـەدوای یەکـدا

هاتوون، دواتر لێچوو لەگەڵ لەوچوویەکی تر بە هـەمان شـێوە، ئـەم شـێوەیە بە ***لێچواندنی جیا*** ناودەبرێت .

٣. **لێچواندنی تەخت ـ التشبیة التسّویة :ـ** واتە چەند لێچواندنێك بە دوای یەکدا دێن بەڵام بە شێوەیەك ژمـارەی تـەنها لێچـوو زۆربێـت و لەوچـوو هەر تەنها یەك دانە بێت، بۆ نموونـە قوبـادی جـەلی زادە لـە شـیعرێکدا دەڵێ :ـ

**بە من بوایە ..**

**دڵم ئاگردانێ دەبوو ، برایمۆکی ئەم دنیایە**

**لە ڕۆخیا گرمۆڵە بوایە .**

**بەڵام .. چاوم**

**بەڵام .. سەرم**

**دەسم ، دڵم**

**لەو ڕۆژەی پێوەم ڕسکاون**

**وەکو خۆم زنجیر کراون !!** ل ١٣٣

لەم کۆپلە شیعرەدا، ***چاوم*** ، ***سەرم*** ، ***دەسم*** ، ***دڵم*** ، هەموویان لێچـوون ***خۆم*** = واتە ***خودی شاعیر*** لەوچووە، واتە چـوار لێچـوو هەیـەو تـەنها یـەك لێچوویان هەیە، ئەم جۆرەیە کە بە ***لێچواندنی تەخت*** ناودەبرێت .

٤. **لێچواندنی کۆ ـ التشبیة الجمع :ـ** چەند لێچواندنێك هەیە بەڵام بە شێوەیەك هاتوون کە ژمارەی تەنها لەوچووەکان زۆربێت و هەموویان بۆ یەك لێچوو دەگەڕێنەوە، بۆیە بە لێچواندنی کۆ ناسراوە بەهۆی کۆکردنەوە لە نێوان لەوچووەکان ، هەروەکو قوباد لەشیعرێکدا دەڵێ : ـ

**بە ئەسپایی ماچتان دەکەم ..**

**منداڵینە ماچم بکەن**

**ماچی خوایی :**

**شیرن .. وەکو شیلەی شەکر**

**گەرم .. وەکو گڕی ئاگر**

**سپی .. وەکو کوولووی بەفر !** ل ٨٨

لەم کۆپلە شیعرەدا لێچواندنێکی کۆ دەرکەوێت کە لە یەك لێچوو و کۆمەڵێك لەوچوو پێك هاتووە، وەك دیارە ***ماچی خوایی*** لێچووە ***شیلەی شەکر ، گڕی ئاگر ، کوولووی بەفر*** هەریەك لەمانە بە جیا لەوچوون بۆ ئەو لێچوویە دەگەڕێنەوە، ڕووی لێچوون بریتی یە لە: ***شیرینی ، گەرمی ، سپیەتی*** ، ئەمانە هەریەکەیان سیفەتێکی هاوبەشی نێوان لێچوو و لەوچووەکان پێك دەهێنن، واتە لە وێنەیەکدا ماچی خوایی وەك شەکرە لە شیرینی دا، لە لێچواندنی دووەمدا ماچی خوایی وەك ئاگرە لە گەرمی دا، لە سێ یەمیشدا ماچی خوایی وەك بەفرە لە سپیەتی دا،واتە لەهەر سێ وێنە لێچواندنەکە هەر ماچی خوایی لێچووە بەڵام سێ لەوچووی جیاوازی هەیەو هەموویان بۆ ئەو لێچووە دەگەڕێنەوە.

هەروەها هەر لەم ڕووەوەو بەپێ ی ژمارەی لێچواندنەکان چەند جۆرێکی تر وێنەی لێچواندن دەستنیشان بکەین ، وەك (( لێچواندن لە نێوان شتێك و شتێکی تر یان لە نێوان شتێك لەگەڵ دووشت دا... یان لە نێوان شتێك لەگەڵ سێ شت ... یان لە نێوان شتێك لەگەڵ چوار شت ... یان لە نێوان شتێك لەگەڵ پێنج شت دروست دەبێت ))(١) .

***دووەم : ـ لێچواندنی ئاوەژوو ـ التشبیة المقلوب*** :ـ وەك لەمەوپێش ڕوون کرایەوە بۆ دروست بوونی لێچواندن لە ئەسڵدا پێویستە ڕووی لێچوون تیایدا لە لەوچوو بەهێزتر بێت لە لێچوو، بەلام جاری وایە ئەدیب لەم ڕێسایە لادەدات ومەزن بە بچووك و بەهێز بە لاوازو زۆر بە کەم دەچوێنێت، وەك ئەوەی کە دەڵێ :ـ ***مانگ وەك ڕووی یارەکەمە***، لە ڕاستی دا ڕووی یارەکەی وەك مانگە بەهۆی درەوشانەوەی ڕووی یارەکەی، بەلام قسەکەر لێچواندنەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە واتە لێچواندنی ئاوەژوو یان ئەوەی زۆرجار بە پێچەوانەی لێچواندن ناودەبرێت ئەو جۆرەیە کە ئەم لێچواندنەی کە تیایدایە جێگۆرکێ لە نێوان دوو لایەنەکەی لێچواندن کراوە بە (لێچواندنی ئاوەژوو) ناودەبرێت (٢).

---

(١) حسن التوسل إلى صناعة الترسل ، شهاب الدين محمود الجليي ، ٧٢٥ هـ، تحقيق و دراسة :أكرم عثمان يوسف، الجمهورية العراقية ، وزارة الثقافة و الإعلام، دار الرشيد للنشر، سلسلة كتاب التراث (٨٦)، دار الحرية للطباعة ،١٩٨٠، ص ١١٩،١٢٠

(٢) بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، ص ١٧١ .

***سێ یەم: ـ بەپێ ی پیاهەڵدان و داشۆرین دوو جۆری تر بۆ وێنەی لێچواندن دیاری دەکرێت:*** (( ئەگەر مەبەست پێدا هەڵدان بێت ئەوا خراپ بە باش، ناشرین بە جوان ، نزم بە بەرز، بچووك بـە گـەورە .. تـاد دەچـوێندرێ، بەلاّم ئەگەر بۆ مەبەستی داشـۆرین بێـت ئـەوا لێکچـواندنەکە ڕێچـکەیەکی پێچەوانە دەگرێتە بەر واتە باش بە خراپ ، بەرز بە نزم ، جوان بـە ناشـرین ، گەورە بـە بچـووك... تـاد دەچـوێندرێ ))[1] ،کەواتـە بـاش و خراپـی وێنـەی لێچواندن بەپێ ی مەبەستی لێچواندنەکە دەبێت لە داشۆرین و پیاهەڵدانـدا، لەبەرئەوەی لێچواندن نزیکترین شتە بۆ تێگەیشتنی وێنە لەم سـەردەمەدا، و کاتێك کە ڕەخنەگرە کۆنەکان باسـی لـێ دەکـەن بـە هۆکارێکیـان دانـاوە لـە هۆکارەکانی جـوانکردنی ئاخـاوتن، و ئەرکەکـەیان دیـاری کـردووە بـە زیـاتر ڕوونکردنەوەی واتاو جەخت لەسـەر کردنـی، و لێچـواندنیان کـردووە بـە دوو بەش : جوان ، ناشرین ، جوان ئەوەیـە کـە شـتی نائاشـکرا دەردەخـات ...، ناشرین پێچەوانەی ئـەم دەبێـت[2]، واتـە ئـەو لێچـواندنەوانەی پیاهەڵـدانی تێدایە بۆ لێچووەکە بە لێچواندنی باش یـان جـوان و ئەوانـەی داشـۆرینە بـۆ لێچوو بە لێچواندنی خراپ و ناشرین ناودەبرێن.

## باسی حەوتەم : هێزی وێنەی لێچواندن

(١) هونەری لێکچوواندن لە شیعرەکانی ( بێخود) دا ، هەڵمەت حوسێن محێدین (١ـ ٢) ، ل ١٧.

(٢) بڕوانە:ـ صورة المرأة في الأدب الأندلسي في عصر الطوائف و المرابطين ، الدكتور محمد صبحي أسعد أبو حسين ، عضو الهيئة التدريسية بكلية الآداب جامعة الزرقاء الأهلية ، عالم الكتب الحديث ، إربد ـ الأردن ، ١٤٢٦ هـ ، ٢٠٠٥ م ، ص ٢٧٩ .

هێزو بایەخی وێنەی لێچواندن بە پێ ی جۆرەکانی لێچـواندن بەسـەر چـەند پلەیەکدا دابەش دەکرێت، جـا بـۆ ئـەوەی پلـەو هێـزی جۆرەکـانی لێچـواندن دەستنیشـان بکـەین پێویسـتە چـەند بیروبۆچـوونێك دەسـت نیشـان بکـەین سەبارەت بە باشـترین و بـەهێزترین جۆرەکـانی وێنـەی لێچـواندن ، وەك لـەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتی دەکەینەوە : ـ

١. هەنـدێ بۆچـوون وای بـۆ دەچـن باشـترین لێچـواندن ئـەو جۆرەیـە کـە لێچواندنەکە نەناسراو بێت، و (( بەشێك لە ڕەوانبێژان وای بۆ دەچـن کـە بـەهای لێچـواندنی هونـەری بەرزدەبێتـەوە کاتێـك هاوشـێوە کردنەکـەی دوور بێت لە بەرچاوو نزیك نەبێت لە هەست وهۆش ))[١]،واتـە گـەر دوو شتی زۆر ئاشکراو ڕوون لێچواندنیان لە نێوان دروست کـرا ئـەو هێـزەی نابێت

٢. لەبەرئەوەی هێزی لێچواندن پەیوەستە بە داواکردن کە لێچوو هاوشـێوەی لەوچـووە، و بـوونی ئـەوزار و ڕووی لێچـوون پێکـەوە ئـەو داوایـە لەناودەبەن، بۆیە نـزمترین پلـەی لێچـوواندن لـە هێـزدا ئەوجۆرەیـە کـە هـەموو بنەڕەتـەکانی دەرکـەوتوون، لادانـی ئـەوزار بەتـەنیا یـان ڕووی لێچـوون بەتـەنیا هێـزی لێچـواندنەکە کـەمێك زیـاتر دەکـات، چـونکە لادانی یەکێکیان هێزێك دەداتە یەکبوونی لێچـوو و لەچـوو ئەمـەش بـە لێچواندنی پەسند( **التشبية البليغ** ) ناسراوە، بەڵام ئەگەر تەنها ئەوزار دەرنەکەوت یان تەنها ڕووی لێچواندن دەرنەکەوت ئەوا تا ڕادەیـەك پلـەو

---

(١) علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١٧٩.

هێـزی لێچـواندن لـە بـواری ڕەوانبێـژی دا بـەرز دەبێتـەوە، چـونکە دەرنەکەوتنی هەریـەکێك لەمانـە یـەکبوونی لێچـوو و لەوچـوو بـەهێزتر دەکات، هەر بۆیـەش بـە ڕای هەنـدێ ڕەوانبێـژان بـەهێزترین لێچـواندن بریتی یە لە لێچواندنی ڕەوان ـ التشبية البليغ ، کە لـەو جـۆرەدا تـەنها دوو لایەنەکە هەیە و لێچوو دەبێت بـە لەوچـوو و جیاوازیـان لـە نێـوان نامێنێت[1] .

٣. وەك ئاشکرایە لێچواندن لە دوو لایەن پێك دێت کـە یـەکیان بـەوەی تـر دەچوێنرێت ، و بەڕای هەندێ لە ڕەوانبێژان باشـترین لێچـواندن ئەوانـەن گەر پێچەوانە کرانەوە کەم نەکـەن، واتـە هـەموو لێچـووەکان لـە کـاتی لێچـواندنیان بـە بەرامبەرەکـەیان هاوشـێوەی بەرامبەرەکـەیان بـن، وە بەرامبەرەکەیان بە تەواوی هاوشێوەی ئـەمان بـن لـە شـێوەو واتـادا، وە لەوانەیە شتێك بە شتێك بچوێنرێت لە شێوەداو لە واتادا جیاواز بن، لـە وانەیە لە واتایەکدا بەیەك بچوێنرێن و لە واتایەکدا جیاواز بن[2] .

٤. ژمارەی لێچواندنەکان و زۆرو کەمیان دەبێـت بـە بنەمایـەك بـۆ دیـاری کردنی بەهێزیی و بێ هێزیی لێچواندنەکان بە جۆرێك بـە ڕای هەنـدێ بـە ڕەخنـەگران (( لێچـواندن بـە چـەند شـێوەیەك دادەڕێـژرێت پەسـندترین شێوەیان ئەوەیە کە چـەند لێچـواندنێك لـە دێرێـك دا کۆبکرێتـەوە ....

(٢) بڕوانـە : البلاغـة الواضـحة ، البيـان و البـديع ، للمـدارس الثانويـة ، تـأليف : علـي الجـارم و مصطفى أمـين ، ص ٦٧، و جـواهر البلاغـة ـ في المعـاني و البيـان و البـديع ، تـأليف : معلـم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٧٧.

(١) عيار الشعر، محمد بن أحمد بن طباطبا العلوي ، ص ١٧.

یان شتێك بە كۆمەڵێك شت بچوێنرێت لە دێرێكدا یان لـە دەربڕینیكـی كورت دا.... یـان شـتێك لـە چـەند خاسـیەتێك بـە چـەند حالـەتێكی هاوشـێوە بچـوێنرێت ))[1] ، و زۆری ژمـارەی لێچـواندنەكان نیشـانەی بەهرەمەندی و دەست ڕەنگینی شاعیری پێـوە دیـارە(( جـوانی لێچـواندن بە كۆكردنەوەی چەند لێچواندنێك دیاری دەكرێت ))[2] بۆیـە بـە مـەرجێك بۆ بەهێزی لێچواندن دادەنرێت .

(٢) كتاب نقد الشعر، لقدامة بن جعفر ، الكاتب البغـدادي ، تحقيـق : كمـال مصـطفى ، ص ١٢٦، ١٢٧.

(٣) التبيان في البيان ـ للطيبـي ، شرف الدين الحسين بن محمد بن عبد الله ، المتوفي سـنة ٧٤٢ هـ ، تحقيق : د. توفيق الفيل ، الأستاذ المساعد بكيلة الآداب جامعة الكويت و عبدالله لطيف لطف الله ،المدرس الأول للغة العربية بوزارة التربية بدولـة الكويـت ، مطبوعـات جامعـة الكويـت ، الطبعة الأولى ، ١٩٨٦، ص ١٧٢ .

# بەشی دووەم ـ
# وێنەی خوازەیی

# ﴾ الصُّورة المجَـــازية ﴿

## باسی یەکەم : ـ پێناسەیەك بۆ وێنەی خوازەیی

وێنەی خوازەیی جۆرێکە لە جۆرەکانی وێنەی ڕوونبێـژی و ڕۆڵێکـی گـرنگ لە پێکهێنانی بنیاتی شیعری پێك دەهێنێت، و(( خوازە ئەوەیـە نـاوی شـتێك بۆ شتێکی تر بەکاربێ ، ئەمەش بە هۆی گواستنەوە دەبـێ لـە ڕەگـەزەوە بـۆ جۆر، یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز، یـان لـە جـۆرەوە بـۆ جـۆر، یـان بـۆی هەیـە پەیوەندی هاوئەرکی بێ ))[1]، کەواتە بۆ پێناسە کردنـی دەتوانرێـت بگوترێـت (( خوازە بریتی یە لە تەوزیف کردنی واتایەك بـۆ دوور لـەوەی بـۆی دانـدراوە بە تەوزیف کردنێکی تایبەتی وەك تێبینی یەك کـە هونەرمەنـد هەسـتی پـێ دەکات لـە چوارچـێوەی کـارە هونـەری یەکـەی، و خسـتنە سـەری ژیـانێکی

(١) هونەری شیعر ـ شیعر ناسی ، ئەرەستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی ، عزیز گەردی ، ل ٧٨.

تازەیە بۆ ئەم شتە کە لەمەوپێش نەیبووە، و بریتی یە لە دروست کردنی پەیوەندی تازە لە داڕشتنێکی تازەدا لە نێوان شتێك و شتێکی تر لە چوارچێوەی ئەزموونی هونەرمەندا ))[1]، و هەندێ لە ڕەخنەگران وێنەی خوازەیی بە جۆرێکی سەرەکی وێنەی شیعری دادەنێن و پێ یان وایە (( دەکرێت وێنە لەسەر بنەمای شێوازی بنیاتی دابەش بکەین بۆ : -

١. ***وێنەی خوازەیی*** :- ئەو وێنەیە کە لەسەر بنەمای خوازەیی و گوێزانەوە دروست دەبێت و گرنگترین جۆری ( وێنەی لێچواندن و خواستن )ە.
٢. ***وێنەی دروست***:- یان ئەو وێنانەی لەسەر بنەمای هاوسێ یەتی دروست دەبن و بەناوبانگترینیان : - خوازەی ڕەها،و خوازەی زمانی و وێنەی درکەیی یە.
٣. ***وێنەی ئاوێتە - لێکدراو***:- وێنەیەکی شیعری گەورەیە کە کۆمەڵێك وێنەی سادە بەشداری دەکەن لە دروست بوونی ))[2]، هەرچەندە ئەم دابەشکردنە بۆ جۆرەکانی خوازەو جۆرەکانی ڕوونبێژی چەسپاو نی یە، بەڵام خستە ڕووی ئەم بۆچوونە تەنها بۆ دەرخستنی گرنگی وێنەی خوازەیی یە لە نێوان جۆرەکانی وێنەدا.

بێ گومان هەموو ووشەیەك لە زماندا بۆ واتایەك دادەنرێت، و(( هەر ووشەیەك مەبەست لێ ی هەمان ئەو شتە بێ کە بۆی داندراوە ئەوا بە ***دروست*** دادەنرێت، وەك ***شێر*** بۆ گیاندارێکی دڕەندە، ***دەست*** بۆ ئەندامێکی

(٢) الصورة في شعر المتنبي ،أستاذ النقد و البلاغة ، كلية البنات ، جامعة عين شمس ، مصر، منشأة المعارف جلال حزي و شركاه بالأسكندرية ، مطبعة عصام جابر، ٢٠٠٢م ، ص ٢٨١.
(٣) البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، ص ١٦٩.

لەش ، بەم جۆرە، بەلاّم ئەوەی مەبەستی دوور لـە خـۆی دەگەیـەنێت بـەهۆی پەیوەندی یەك كە لە نێوانیاندا هەیە ئـەوا ***خـوازە***یـە، وەك شـێر بـۆ ***ئـازا***، ***دەست*** بۆ بەرهەم و هێز، لەبەرئەوەی بەرهەم بەدەست پەیدا دەبێ ، هێـز لـە دەست دەردەكەوێت ))[1]، كەواتە واتای دروست بۆ هەر ووشەیەك بــووە بـە بناغەیەك بۆ دروست بوونی واتای خوازەیی، و(( دەشێت بگوترێـت كـە خـوازە لە دروست كۆنترە لە دەركەوتندا، و مرۆڤ ناچار بوو پـەنا بەرێتـە بـەر خـوازە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونـی، ئەمـە بـووە هـۆی هاتنـە دی بـیری گواستنەوە بۆ خوازە ))[2]، و خوازە بوو بە هۆیـەك بـۆ دروسـت بـوونی واتـای دووەم بۆ واتا ڕاستەقینەكان . هەروەكو لە پێناسەیەكی تردا بـۆ ئـەو هونـەرە دەگوترێت (( خـوازە لـە زمانـــدا بریتـی یـە لـە ڕێگـای بەیـەك بەسـتنەوەی شوێنێك بە شوێنێكی تر، واتـە بریتـی یـە لـە بـەكارهێنانی ووشـەیەك كـە گواستراوەتەوە لە شوێنی خۆی لە زماندا بـۆ واتایـەكی تـر ))[3]، بـەلاّم دەبـێ ئەوەشمان بـیر نەچـێت هـەموو ووشـەیەكی دروسـت یـەك جـۆر نـین بـەڵكو(( دروست لە ڕوونبێژی دا دوو جۆرە :ـ ١) زمانی ٢) ژیری :ـ

(١) حسن التوسل إلى صناعة الترسل ، شهاب الدين محمود الجليي ، تحقيق و دراسة :ـ أكرم عثمان يوسف ، ص ١٠٤.

(٢) البلاغة و الأسلوبية ، د. محمد عبد المطلب ، دراسات أدبية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، ١٩٨٤ م ، ص ٦٩،٧٠.

(٣) الحقيقة و المجاز في القرآن الكريم ، د. علي محمد حسن : الطبعة الأولى، مطبعة السعادة ، بيروت ، لبنان ، ١٩٧٤م ، ص ٨ .

١. ***دروستی زمانی*** :ـ بریتی یە لە بـەکارهێنانی ووشـە لـەو واتایـەی لـە ڕاستی دا بۆی دانـدراوە وەك ئـەوەی دەڵـێین ***ڕۆژ*** کـە مەبەسـتمان ئـەو ئەستێرە گەشاوەیە کە بەو نـاوە ناسـراوەو هـەموو بەیانیـەك هەڵـدێت و هەموو ئێوارەیەك ئاوا دەبێت .

٢. ***دروستی ژیری*** :ـ بریتی یە لە دانە پاڵی واتا بۆ خاوەنی ڕاسـتەقینەی ، وەك ***نەڕەی شێر*** کە ***نەڕە*** دراوەتە پاڵ شێر کە خـاوەنی ڕاسـتەقینەیەتی .))(١)

واتاکان هەموویان لە شـوێنی بـەکارهێنانی ڕەسـەنی خۆیانـدا نـەماون ، بەڵکو هەندێ جار ئەم ووشانە لە شوێنی تر بەکاردێن ، و لـە ڕێـی ئـەو دوور بەکارهێنانەی واتـا دروسـتەکان وێنـەی خـوازەیی دێتـەدی ، هـەروەکو(( لـە پێناسەیەکی تردا بـۆ خـوازە گـووتراوە خـوازە ووشـەیەکە کـە بـۆ مانایـەکی ئەدەبی بۆ شتێکی تر بەکاربێت هـەروەك دەگووترێـت :ـــ ***چـاوی دەرزی ، قاچـی کورسـی*** ، کـە ئـەم دەسـتەواژانە دوور لـە واتـای ڕاسـتی خۆیـان بەکارهاتوون و لە واتای خۆیان دوورخراونەتـەوە بـۆ جـوانی بەخشـینێك بـەو ووشەیەی کە دەمانەوێت وەسفی بکەین))(٢)، لەمەوە دەگەینـە ڕاسـتی یـەك کە هـەر واتایـەك لـە سـەرەتادا دەدرێتـە پـاڵ ووشـەیەك، ئـەم دانەپاڵـەش

(٤) علم أساليب بيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ١٩٧، ١٩٨.

(٥) بڕوانـە :ـ Modern Rhetoric Harcoutt ,Brooks , cleanth , Robert pem warren (1970), Brace and world , P: 435

هەمووکاتێك تەنها بە یەك شێوە دەرناکەوێت، بەڵکو (( دانە پاڵ بەسەر دوو جۆر دا دابەش کراوە : ـ

١. ***دانە پاڵی دروست***: ـ ... دانەپاڵی دروست ئەوەیە کە بۆی داندراوە نە لە واقیع و نە لە گریمانەی واقیعی دا نی یە بەڵکو وەك ئەوە دەردەکەوێت.

٢. ***دانە پاڵی خوازەیی*** :ـ بریتی یە لە دانە پاڵی شتێك بۆ دوور لە ئەسڵی خۆی بە هۆی پەیوەندی یەك لەگەڵ نیشانەیەك کە ڕێگرە لە بەردەم دانە پاڵی دروست دا ))(١)، ئەمەی کۆتایی بووە بە هۆی دروست بوونی هونەری خوازە. لەسەر ئەم بنەمایە (( دەتوانیت بڵێ ی :ـ خوازە بریتی یە لە ووشەیەکی بەکارهاتوو بۆ واتایەکی تری دوور لەو واتایەی کە خودی خۆی لە ڕاستی دا دەیبەخشێ بە پێ ی جۆرەکەی ، سەرەڕای بوونی نیشانەیەك کە ڕێگرە لە بەردەم ئەو واتایەی خۆی دەیبەخشێ لەهەمان شێوەدا ))(٢)،کەواتە هەر کاتێك ووشە لە واتای دروستی خۆی دوور خرایەوە دەبێتە خوازە، بەڵام ئەمە نابێت بە مەرجێك بۆ ئەوەی هەموو خوازەیەك بە هەمان ڕادە بەهێز بێت، بەڵکو لە ڕووی بەکارهێنانی ووشەیەك لە ڕستەیەك بۆ ڕستەیەکی تر هێزی بەکارهێنانی ئەم ووشە خوازەییە جیاواز دەبێت. زۆرجار بەکارهێنانی ووشەیەك لە ڕستەیەکدا لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی هەمان

(١) دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العاملي ، ص ١٣١.

(٢) مفتاح العلوم ، تأليف : أبي يعقوب بن أبي بكر محمد بن علي السكاكي ، مطبعة مصطفى البابي و أولاده بمصر ، الطبعة الأولى ، ١٣٥٦ هـ ـ ١٩٣٧م ، ص ٥٩٠.

ووشە لە ڕستەیەکی تردا کە لەمەی دووەمدا خوازراوەکە بـە شـێوەیەکی بەهێزتر دەردەکەوێت[1]، نموونـەی ئـەوە زۆرە لـە زمانـدا وەك (( پەیوەندی **تەمەنی پیری** بە **ژیان** ەوە، وەکو پەیوەنـدی ئێـوارە وایـە بـە ڕۆژەوە، ئیتر دەتوانین بە ئێوارە بڵێین **پیری ڕۆژ** و بە تەمەنی پـیری بڵـێین **ئێوارەی ژیان** یان **ئاوا بوونی ڕۆژ**،... **پەرش و بڵاوکردنەوەی دانەوێڵە** بۆ **چاندن** ، پێی دەگوترێ **تۆودان** بەلاّم هیچ وشە نییە بۆ ئـەوە بـەکاربێ کە شـتێك دەپرژێنـێ ، جـا پەیوەنـدی ئـەم بلاّوکردنـەوەی تیشـکە بـە هەتاوەوە وەکو تۆودان وایە، لێرەدا دەربڕینێکی وەکو **تۆودانی تیشـکی خواکرد بەکاردێ** ))[2]، سەرەڕای ئەوەش نموونەی تری واتای خوازراو لە زماندا دەبیـنین وەك ئەمانـەی سـەرەوە بـەهێزنین بـەلاّم هـەر بـە خـوازە دادەنرێن، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا ناشـێت بـە هـۆی دانـانی خـوازە بـە پێچەوانەی واتای دروسـت و ڕەسـەن بـە واتایـەکی ناڕاسـت و دوور لـە ڕاستی دابنرێت، چونکە(( خوازە درۆ نی یە، لـە سـەر ڕاسـتی وەسـتاوە تەنها ئەوەیە کە ئێمە تێمانپەڕاندووە لە مەبەسـتی ووشـەکان بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕاسـتی یـە وا دەربـڕین کـە دەربڕینێکـی تایبـەتی هەیـە کـە کاریگەریـەکی بـەهێزترو تونـدتر دروسـت بکـات لـەوەی لـەکاتی

---

(٣) بڕوانـە:ـ A Study of metaphor, Moo I j , J.J. A. ( 1976 ), North Holland , publishing company, p.135

(٤) هونەری شیعر ـ شیعر ناسی ، ئەرەستۆ ، وەرگێڕانی لـە ئینگلیـزی و پێشـەکی و پەراوێـزی ، عزیز گەردی ، ل ٧٩ .

بەکارهێنانی ووشەکان لە شوێنی خۆیان دروستی دەکەن ))[1]، ئەمە خاڵی جیاکردنەوەی نێوانیانە.

کەواتە بۆ پێناسەی خوازە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ، خوازە هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی لەسەر بنچینەی گواستنەوەی واتایەك لە شوێنی ڕەسەنی خۆی بۆ شوێنێکی تر گواستراوەتەوە بە هۆی بوونی هاوبەشی و پەیوەندی یەك لە نێوان هەردوو واتای ڕەسەن و واتای خوازراو، بە شێوەیەك کە پێویستە نیشانەیەك هەبێت لە ڕستەکەدا ئەوە دەربخات واتا خوازراوەکە مەبەستە نەك واتای دروست و ڕەسەن.

ئەمەی لەو چەند لاپەڕەیەدا باسکرا پێناسینێکی کورتە بۆ هونەری خوازەو وێنەی خوازەیی و لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم بەشەدا زیاتر باسی جۆرو بەشەکانی دەکەین ، بەڵام هەر بۆ ناساندنی زیاتری ئەو هونەرە بە شی کردنەوەی نموونەیەکی شیعری قوبادی شاعیر کۆتایی بەم باسە دەهێنین ، کە دەڵێ : ـ

**دەنووم ..**

**دەنووم ..**

**لە سەر شلکەی ڕانت دەنووم**

**دەنووم خەوی یەکجارەکی !!!**     **ل ٧٥**

(٥) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور ، ص ١٣١.

قوبادی جەلی زادە لەم شیعرەیدا لە ئاخاوتنێك دایە لەگەڵ کەسێك و لە شوێنێکدا پێ ی دەڵێ :ـ ***دەنووم لەسەر شلکەی ڕانت دەنووم*** ، بەڵام دواتر دەڵێ : ***دەنووم خەوی یەکجارەکی***، کاتێك دوا ڕستەکە دەبیستین یان دەخوێنینەوە هەست بەوە دەکەین ***(نووستن)*** لە واتا ڕەسەنی خۆی بەواتای ***(خەوتن)*** بەکارنەهاتووە، ئەم دوور بەکارهاتنەش بە هۆی بوونی نیشانەیەك دەردەکەوێت کە لە دەستەواژەی ***خەوی یەکجارەکی*** دا بەرجەستەبووە، و لەڕێگەی ئەوەوە دەردەکەوێت دەستەواژەی ***دەنووم*** بۆ واتایەکی خوازراو و بە واتای ***(مردن)*** بەکارهاتووە، و هەمووومان ئەوە دەزانین کە ***خەوی یەکجارەگی*** واتای ***مردن*** نەك ***نووستن*** دەگەیەنێت و ئەم واتا خوازراوەش وێنەیەکی ڕوونبێژی لە جۆری وێنەی خوازەیی پێك هێناوە،کەواتە: ـ

**واتای دروست و ڕاستەقینەی ( دەنووم) ←── *نووستن***

**واتای خوازەیی ( دەنووم ) ←── *مردن***

**نیشانە بۆ بوونی واتای خوازەیی ←── یەکجارەکی**

ئەمە هونەری خوازەیە کە ناوەڕۆکی ئەو بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان پێك دەهێنێت .

## باسی دووەم : گرنگی و سوودی خوازە

وێنەی خوازەیی ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی بنیاتی شیعری پێك دەهێنێت، بە شێوەیەك دەگوترێت (( گومان لەوەدا نی یە کە خوازە

کاریگەریــەکی گــەورەی هەیــە بــۆ ڕوون کردنــەوەی بــۆ چــوون و ئــەزموون و جوانکردنی ئەو وێنەیەی کە بۆ دەرخستنی ئەزموونەکـە دەردەبڕێـت و خـوازە ئامێرێکی گەورەیــە لــە ئامرازەکـانی دەربڕینــی شــیعری ... و بــەکارهێنانی خوازە لە وێنەدا سێبەرو ڕەنگی جۆراوجۆری پێ دەبەخشــێ و وای لێ دەکـات کە ئەوەی شاعیر لە بۆچوون و سۆزەکان کـۆی کردۆتــەوە لــە ڕێگــەی ئەمــەوە دەری ببڕێت ))[١]، ئاشکراشە ئەم گرنگی دانە بە وێنەی شــیعری و بــە وێنــەی خوازەیی بەتایبەتی شتێکی تازە نی یەو(( پەیوەسـت بــوونی شــیعر بــە وێنــە زۆر کۆنە، و مرۆڤ هەر لە سەرەتای ناسینی خۆیەوە بەرەو وێنە کێشــان چــووە بــۆ دەربڕینــی بۆچــوونەکانی و لــە کۆنــەوە تێبینــی ئــەو لایەنــەی کــردووە، هــەروەکو ئــەفلاتون بــۆ ئــەوە چــووە کــە ئــەو وێنانــەی شـاعیرو وێنەکێشــان دەیخەنە بەرچاو خەڵك ئەوانەن کە لە دەروونیاندا هەن ، وە دوای ئــەو ئەرســتۆ هاتووەو گوتوویەتی:ـ مرۆڤ ناتوانێت بە بــێ وێنــە بــیر بکاتــەوە، و مــەزنترین شت ئەوەیە کە توانای خوازەمان هەبێت، و هەریەك لــە ئــەفلاتون و ئەرســتۆ بەهای خوازەو لاسـایی کردنــەوەیان بەرزکردۆتــەوەو یەکــەمیان بــە بنچــینەی جیاکردنــەوەی نێــوان جۆرەکــانی شــیعری ئــەو ســەردەمەی دانــاوە، وە دووەم کردوویەتی بە بنچینە بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و زانســتە پراتێکــی و تیۆریەکانی تر، و بــە نیشــانەیەکی بەهرەمەنــدی دانــاوە ))[٢]، ئــەم گرنگــی

(١) التصوير البياني ، د. حفنى محمد شرف ، الأستاذ المساعد للبلاغة و النقد الأدبي بكلية دار العلوم ، جامعة القاهرة ، الناشر مكتبة الشباب ، مطبعة العثمانية ، مصر، شارع إسماعيل سرى بالمنيرة ، الطبعة الثانية ، ١٩٧٢، ص ٧٨.

(٢) الصورة الفنية في شعر الطائيين بين الإنفعال والحس ، الدكتور وحيد صبحي كبّابة ، ص ٨ .

پێدانەش بووە بە بناغەیەك بۆ لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و ئەدەبیەکانی دواتر، تا ئەو ڕادەیەی لە هەر قۆناغێك لە قۆناغە مێژووییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دا بە شێوەیەك لە شێوەکان گرنگی و بایەخی خوازە دەرکەوتووەو پێناسەو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەروەکو لە ڕەخنەی نوێ دا ئەوەندەی (( بواری دروست و خوازە بایەخ و بەهای زانایانی بەخۆیەوە دیتووە هیچ بوارێکی تر ئەمەی بە خۆیەوە نەدیتووە،و زانایانی ڕەوانبێژی ، زمان ، مێژوو نووسانی ئەدەب، هەموویان بایەخیان پێ داوەو هەندێ جار لە سنووری لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژیەکان دەرچووەو چووەتە ناو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و فەرهەنگی... و لەمەوە سروشتییە کە پرۆگرام و بۆچوونەکانی ئەم بوارە جیاجیا بن و زانایان لە ڕێبازو ڕێڕەویان لەم بارەیەوە هاوڕا نەبن، بەلاّم لەگەڵ جیاوازی نێوانیان ناکرێت هیچ یەکبوونێکیان لە نێواندا نەدۆزینەوە سەبارەت بە بنەڕەتە سەرەکیەکانی ئەم بابەتە ))[(١)] ، بەڵکو هەموو ئەمانە لەو خاڵەدا کۆکن کە گرنگی خوازە پلەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دا، هەروەکو شاعیرو ڕەخنەگری ئینگلیزی (کولردیج)* گرنگیەکی زیاتر بە وێنەی

---

(١) التصوير البياني ، د.حفنى محمد شرف ، ص٥٥.

* سامۆئیل تایلۆر کۆلردج Samuel Taylor Coleridge شاعیرو ڕەخنەگرو فەیلەسوفی ئینگلیزی لە ١٧٧٢/١٠/٢١ لەدایك بووە، خراپی تەندروستی و نالەباری باری ئابوری ژیانی و چەند هۆیەکی تر وای لێ کردووە زیاتر بەرەو شیعری خەیاڵی بڕواو لەم بوارەدا بە پێشڕەو دادەنرێت، کۆلردج ژیانێکی سەختی بەسەربردو لەساڵی ١٨٣٤ کۆچی دوایی کرد. بڕوانە : ئێنتەرنێت : .w.w.droob.com,w.w.w.alhawali.com,w.w.w.incompetech.com.

خوازەیی دەدات کاتێك دەڵێ :ـ (( شیعر بە بێ خوازە قەبارەیەکی بێ گیانە، چونکە وێنەی خوازەیی بەشێکە لەو وزەیەی کە ژیان بە شیعر دەبەخشێ ، لە لای هەندێ ڕەخنەگری تر بەهای وێنەی هونەری ئەوەندە بەرز دەبێتەوە بە ڕادەیەك هەر قەسیدەیەك بۆ خۆی وێنەیەکی شیعرییەو لە کۆمەڵێ وێنەی شیعری تر پێکهاتووە ))(١)، ئەمەش کاری کردۆتە سەر زۆربوونی لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی یەکانی تایبەت بە وێنەی خوازەیی، و ئەم هۆیانەش هەموویان بوون بە هۆی ئەوەی (( زاراوەی دروست و خوازە لە ڕەخنەی نوێ دا ناوی (وێنە)ی وەرگرتووە، وێنە ئەو زاراوەیە کە ئەدیب لە ڕێگەیەوە بیری خۆی دەردەبڕێ و ئەزموونی خۆی وێنە دەکێشێ ، زاراوەی وێنەی شیعری سەرجەم ڕێگاکان دەگرێتەوە کە دەشێن بۆ دروست بوونی دەربڕینێك کە دەبێتە هۆی دیارکردنی هاوشێوەیی و هاوبەشی لەگەڵ شتێکی تر، ئەمەش لەسێ شێوەدا دەبێت : لێچواندن، خوازە،ڕەمز ))(٢)،هەر بۆیەش زۆرجار دەبینین (( ڕابەرانی بواری ڕەوانبێژی هەردەم گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن کە پێویستە بە هۆشیاری یەوە خوازە بەکاربهێنین ))(٣) و ئەم جەخت کردنەوەیان بۆ بەکارهێنانی خوازە بووە بە هۆی ئەوەی هەندێ بیروڕا دەیکەن بە بەشێك

---

(٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ـ ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ١٠٣.

(٣) الصورة في شعر بشار بن برد ، د. عبد الفتاح صالح نافع ، دار الفكر للنشر و التوزيع ، عمان ـ الأردن ،١٩٨٣، ص ٧٨.

(٤) Rhetoric , Peter Dixon, The Critical Idiom, Fonder Editor : John D. Jump ( 1969- 1976) , Methuen London and New York , p.42.

لە پێکهاتەکانی شیعرو بۆ پەیوەندی وێنە بە خوازەوە دەڵێین ((وێنە، خوازە، ڕەمز، ئەفسانە، ئەو تاکانەن کە لەیەك ناونیشاندا کۆ دەکرێنەوەو بنیاتی سەرەکی شیعر پێك دەهێنن ، جا هەر شێوەیەك بن، هەروەکو بۆچوونێکی تازە دەڵێ : دوو بنەما سەرەکیەکەی داڕشتنی شیعر(وەزن و خوازە)یە، ئەم دووانە پێکەوە بەستراون و یەك لەدوای یەك دێن ، و پێویستە لە پێناسەمان بۆ شیعر شوێنێکی فراوانیان بۆ دابنێین کە هەردووکیان لە خۆ بگرێت ))(١)، هەروەها لە سەردەمی بوژاندنەوەی هزری و ئەدەبی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنیسانس دا* زیاتر گرنگی ئەو هونەرە لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا پەرەی سەند ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی فراوان بوونی هزرو بیری تاکەکانی کۆمەڵ وای کرد واتای تازە بۆ ووشەکان بێتە دی ،((گەر سەیر بکەین لە ڕێنیساندا تا ڕادەیەك نیگەرانی و پەستانێکی ئێجگار زۆر کەوتە سەر بەکارهێنانی واتاکان کە فۆڕمی زمان بەرگەی ئەو هەموو واتایەی نەدەگرت و زۆر واتا دەرکەوت کە وەك ئەمانە نەبوو کە مرۆڤ بە

(٥) نظرية الأدب ، الدكتور شفيق يوسف البقاعي ، منشورات جامعة السابع من أبريل ، الجماهيرية العربية الليبية ، ط ١، ١٤٢٥م ، ص ٣٨٧.

* ڕێنیسانس Renaissance ڕێبازو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و هزری یە بە شێوەیەکی بەربلاو لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزدەهەم لە وولاتانی ئەوروپادا سەری هەڵداو لەگەڵ خۆی دا کۆمەڵێك بیری نویٚ ی هێنایە کایەوە کە تەعبیری لە بەرژەوەندی چینە تازە پێگەیشتووەکان دەکرد،و کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەی لە سەرجەم بوارەکانی زانست و زانیاری و ئەدەب و هونەردا هێنایە دی لەو وولاتانەدا، بڕوانە: ـ ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر بەناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ ، دکتۆر کەمال مەزهەر، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان ، چاپخانەی شڤان ، چ. دووەم ، ٢٠٠٤، ل٢٠ـ ٢٧ .

شێوەیەکی ئاسایی بە کاری دەهێنان لـە ئاخـاوتنی دا ››[1]،کەواتـە هۆیـەکی تری گرنگی دان ئەم هونەرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ووشـەکانی زمـان ڕۆژ بـە ڕۆژ زیادیان کرد بە هـۆی هاتنەکایـەی بۆچـوون و داهێنـانی تـازە، ئەمـەش پێویستی بە هاتنەکایەی ناوی تازە دەکردو لـە توانـای زمـانیش دا نـەبوو بـۆ هەر ووشەیەك واتایەك دابنێت،بۆیە خوازە سـەری هەڵـدا، هـەر بۆیـەش لـە بۆچوونێکی تردا گوتراوە:ـ ‹‹ خوازە سامانێکی گەورەیە لـە زمانـدا لـە چـەند ڕوویەکـــەوە، لەوانـــە:ــــ ١) زیـــاد بـــوونی دەربڕینـــەکان و جۆراوجـــۆری بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی هونەری لە دەربڕینـدا، وەك ناونـانی ***بـاران بـە ئاسمان*** ....٢) ڕێ خۆشکردن بە دانانی زاراوە بۆ ئەو شتانەی کە زاراوەیان بـۆ دانەنراوە لە هەستی یەکاندا وەك:ـ ***قاچی درەختەکە، بن باخەڵی دۆڵەکە، ملی دۆلکەکە....،***٣) ڕێ خۆشکردن بۆ دانـانی وێنـە بـۆ واتاکـان ... ٤) هێماکردن بۆ ڕاستی واتاکان ››[2].

ئەم هۆیانەی باسکران بـوون بـە هـۆی ئـەوەی لێکۆڵێنـەوەی تایبـەت بـە خوازەو وێنە خوازەیی لە ئـەدەب و ڕەخنـەی ئـەدەبی هاوچـەرخدا ببێـت بـە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی شاعیر، و شـیعرەکانیان لـە سـەر بنـەمای خـوازە لێك دەدرایەوە، چونکە‹‹ وێنە پێـوەرێکی نـەگۆڕە بـۆ هاوسـەنگی لـە نێـوان شیعرو شاعیراندا، لە ڕاستی دا ئەدەب بریتی یە لە تەرازووی شیعر بـە واتـا

---

(١) Rhetoric, Peter Dixon, The Critical Idiom, Fonder Editor : John D. Jump , p.43.

(٢) علوم البلاغة ـ البيان و المعاني و البديع ، تأليف المرحوم ، أحمد مصطفى المراغي ، أستاذ اللغة العربية بكلية دار العلوم ، راجعه و أشرف على تصحيحه : أبو الوفا مصطفى المراغي ، مـدير مكتبة الأزهر ، ط ٥، المكتبة الحمودية التجارية ،( د.ت) ، ص ٢١٤، ٢١٥.

ڕەخنەیی یەکەی ، لـە ژێـر تیشـکی ئـەم بۆچـوونەدا هەنـدێ لـە ڕەخنـەگرە هاوچەرخەکان وای بۆ دەچن کـە :ـ وێنـە چەسـپاوە لـە هـەموو شـیعرێکداو هەموو شیعرێك خۆی بۆ خـۆی وێنەیـە، بۆچـوونەکان دێـن و دەڕۆن ، شـێواز دەگۆڕێت ،کێش دەگۆڕێت، تا ڕادەیەك بابەتی سەرەکی دەگۆڕێـت بـێ ئـەوەی هەستی پێ بکەین ، بەلاْم خوازە وەك بنـەمای ژیـانی شـیعر هـەر دەمێنێـت وەك پێوانەیەك بۆ بەرزی و بە توانایی شـاعیر))[1] هـەر هەیـەو هـەر دەبێـت، هەربۆیەش ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی خوازە لە ئەدەبی جیهانی دا زیـاتر دەبێـت، تـا ئەو ڕادەیەی(( بەلای (کـولێردج)ەوە: شـیعر بـە بـێ خـوازە قەبارەیـەکی بـێ گیانە، چونکە وێنەی خـوازەیی بەشـێکە لـەو وزەیـەی کـە ژیـان بـە شـیعر دەبەخشێ ))[2] ، سەرجەم ئەوانەی باسکران گـرنگترین ئـەو خالاْنـە بـوون کـە هۆکاری بەهێز بوون بۆ پەرەسەندنی ئەو هونەرە ڕەوانبێـژی یـە، بـەلاْم لەگـەڵ ئەوەشدا سەرەڕای گرنگی خوازە بـە گشـتی وەك هونـەرێکی ڕوونبێـژی گـەر کەمێك زیاتر قوڵ بینەوەو بـەرەو وێنـەی خـوازەیی ، دەبیـنین (( تایبەتمەنـدی وێنەی خوازەیی لەوەدایە کـە ڕاسـتەوخۆ وەرگـر بـۆ مەبەسـت ناچـێت، وەك ئەوەی داڕشتنی تر دەیکـات، بـەڵکو ئـەو وونـی دەکـات لـە مەبەسـتەکەو دەیخولێنێتـەوەو لایـەنێکی واتاکـەی بـۆ دەردەخـات و لایـەنی تـری لێ دەشارێتەوە تا کار بکاتە سـەر حـەزکردنی بـۆ زانـین ، و کاتێـك وەرگـر ئـەو

---

(١) إصداء دراسات أدبية نقدية ، أ.د. عناد غزوان ، كلية الأداب ، جامعة بغداد، مـن منشـورات إتحـاد كتـاب العـرب ، ديمشـق ،٢٠٠٠،إنترنيـت : w.w.w.awu-dom.org ، ص ٨٨ ، ٨٩ .

(٢) ديلان و تاقيكردنەوەى شيعرى ، د. دلْشاد عـەلى ، ل ١٦٨.

وێنەی خـوازەیی یـە وەردەگرێـت و لێ ی وورد دەبێتـەوەو لایـەنی شـاراوەی واتاکە دەبینێ ئنجا بە تەواوی لە مەبەست دەگات ))[1].

کەواتــە بــە شــێوەیەکی گشــتی دەتــوانین ســوود و گرنگیــەکانی وێنــەی خوازەیی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە کە گرنگترنیان بریتین لە: ـ

١. ***جەخت کردن لە سەر واتا:ـ*** وەك ڕوون کرایەوە، گواستنەوەو لادان لـە واتـای دروسـت بـۆ بـەکارهێنانی خـوازەیی لـە دەربڕینـی واتایـەك لـە واتاکان، گرنگترین مەبەستی بریتـی یـە لـە جـەخت کـردن لەسـەر ئـەو واتایەو چەسپاندنی لە دەروونی وەرگردا.

٢. ***سەرنج ڕاکێشانی دەروونی بۆ دەق*** :ـ لادانی واتای دروست بۆ خوازە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی دەروونی وەرگر بۆ ئەو دەقە، ئەمـەش بـە هۆی جوانی بەکارهێنانی ووشەکان دەبێت.

٣. ***کورتبڕی :ـ*** جۆرەکـانی خـوازە زۆرجـار دەبنـە هـۆی گەیانـدنی واتـای مەبەست بە شێوەی کورتبڕی، بێ گومان کورتبڕی یەکێکـە لـە گـرنگترین مەبەستەکانی ڕەوانبێژی،کە دەڵێ ی :ـ ***دۆڵەکـە دەڕوا***، ئـەوا کـورتترە لەوەی بڵێی :ـ ***ئاوی دۆڵەکە دەڕوا***،و ڕستەی یەکەم بە هـۆی خـوازەوە دروست بووەو بوونی هونەری خوازە ئەم ڕستەیەی کورت کردۆتـەوە،و کـە دەڵێ ی: ـ ***فەرمانده لەشکرەکەی شکاند***، کورتترە لەوەی بڵـێ ی :ـــ ***سەربازەکانی فەرمانده لەشکریان شکاند***.

---

(٣) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور ، ص ٣٢٦.

٤. **وورد ی لە دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان واتاکان :**ـ دیمەنێکی تربۆ بەهێزی و ڕەوانی جۆرەکانی خوازە بریتی یە لە بەهرەمەنـدی لـە گـۆڕینی پەیوەندی یەکە لە نێوان واتای ڕاستەقینەو واتای خـوازەیی ، بـە جۆرێـك کە خوازە باشترین وێنەکێشی واتا مەبەستەکە دەبێت، وەك دانـانی **چـاو** بۆ **سیخوڕ** کە چاو بەشێکە لە جەستەی ئەو کەسە.

٥. **هووشـەکاری :**ـــ زۆربـەی شـێوەکانی خـوازە بـێ بـەش نابێـت لـە هووشەکاریەکی جوان کە کاریگەر دەبێت بۆ دروسـت بـوونی خوازەیـەکی جوان و سەرنج ڕاکێش.

٦. **بەرزکردنەوەو داشۆرین :**ـ یەکێك لە خاڵەکانی ڕەوانـی خـوازەو هـۆی جوانیەکـەی، بریتـی یـە لـە بەدەسـتهێنانی مەبەسـتی قسـەکەر بـۆ بەرزکردنەوە یان داشۆرین .

٧. **جوانکردنی زمان و پتەوکردنی :**ـ خوازە زمان و ئاخاوتن فراوان دەکات و هاوکاری ئەدیب دەکات بۆ دەربڕینی واتاکانی بە وێنەی جۆراوجۆر(١) .

بە هۆی ئەمانـەوە گرنگـی وێنـەی خـوازەیی لـە لێکۆڵینـەوەکانی بـواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی هەردەم لە بەرزبوونەوەدایەو« لەناو ئـەو هونەرانـەی ڕەوانبێژیدا (خوازە) لە هەموویان زیـاتر بۆتـە جێگـای گرنگـی پێـدان و لـە هەردوو ڕەخنەی ئەوروپی و عەرەبیدا بەردەوام کراوەتـە بنەمایـەکی سـەرەکی و لە پێناسە کردنی وێنەی شیعرییدا هێمای بۆ کراوە، تەنانـەت لـە ڕەخنـەی

(١) بڕوانە :ـ الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيـان ، علـم المعـاني ، علـم البـديع ، إبـن عبـد الله شعيب ، ص ١١٤ ـ ١٢٣، و جواهر البلاغة ـ في المعـاني و البيـان و البـديع ، تـأليف : معلـم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٨٤.

عەرەبیداو لای هەنـدێ لــە ڕەوانبێــژە عەرەبــەکان هونــەری (خــوازە) هێنــدە فراوان کراوە کـە هــەموو هونــەرەکانی ڕوونبێــژی (البیــان)ی گرتۆتــەوە ))[1]، هەر ئەم گرنگیەشی وای کردوووە کە هەندێ لە ڕەخنەگران پێ یـان وایــە(( بــۆ ئــەوەی نووســینەکان گــەرم و ڕەنگــاوڕەنگ و زینــدوو بــن پێویســتە زمــانی خــوازەیی پشــتگوێ نــەخرێت ، بــەڵکو پێویســتە پــەرەی پــێ بــدرێت و ئــەو خوازانە بەکاربهێنرێن کە لە ژیاندانــن و نــەمردوون ))[2] و بــۆ ئــەوەی خــوازە گرنگــی و جــوانی خــۆی لــە دەســت نــەدات ناشــێت خــوازەی ســواوە و لە ناوچوو بەکاربهێنرێن .

## باسی سێ یەم :ـ بنەڕەتەکانی دروست بوونی وێنەی خوازەیی

بۆ ئەوەی وێنەی خوازەیی بێتــە دی پێویســتە چــەند بنــەڕەتێك هــەبن کــە مەرجن بۆ دروست بوونی، و بنەڕەتەکانی خوازە بە شــێوەیەکی گشــتی بــریتین لە :ـ

١. ***واتای دروست*** :ـ کە بریتی یە لەو واتایەی لە ئەسڵدا بــۆ ئــەو ووشــەیە هەیە کە خوازەکەی لێ پێکهاتووە،و(( زانایان کۆکن لەسەر ئــەوەی خــوازە ئەســڵێکی هەیــە کــە دانــانی یەکەمیــەتی ، یــان ئــەو دروســتەیە کــە

---

(٢) دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، د. دڵشاد عەلی ، ل ١٧٠.

(٣) Modren Rhetoric Harcourt, Brooks , cleanth , Robert pem warren (1970 ) , Brace and world, P. 444.

بەرامبەری دەوەستێت ))[1]، ئەم واتا دروستەش مەرجێکـە بـۆ دروسـت بوونی وێنـە خـوازەیی یەکـە، بـەڵام ئـەو واتایـە بـە ئاشـکرا لـە وێنـە خوازەیی یەکە دەرناکەوێت، بەڵکو ئـەو واتایـە دەگوازرێتـەوە بـۆ واتـای خوازراو و خۆی دەرناکەوێت تەنها هەستی پیّ دەکرێت.

٢. ***واتای خوازراو:*** ـ بریتی یە لە واتای دووەمی ئەو ووشەیە، لـە وێنـەی خوازەیی دا دوو واتا هەیە، و جیاوازی هەیە لە نێـوان ***(واتـا)و(واتـای واتا)***، یان واتای یەکەم و واتای دووەم ئەوەیە : ـ ***واتـا*** بریتـی یـە لـە چەمکی ئاشکرای زاراوەکە کە بە بیّ پەیوەستێك پیّ ی دەگـەین ، بـەڵام ***واتای واتا*** ئەوەیە لە ئەقڵدا واتایەك بۆ ئەو زاراوەیـە هەیـە بـەڵام ئـەو واتایە دەگوازرێتەوە بۆ واتایەکی تر، و بە واتـای واتاکـە ناگـەین بـە بـیّ بوونی وێنە ڕەوانبێژیەکانی وەك وێنەی لێچوانـــدن و وێنـەی خـوازە بـە جۆرەکانیەوە [2].

٣. ***پەیوەندی :*** ـ بۆ دروست بوونی وێنە خـوازەیی یەکـە مەرجـە پەیوەنـدی یـەك هـەبێت لـە نێـوان واتـای دروسـت و واتـای خـوازەیی ووشـەکە. پەیوەندی ئەو بابەتەیە کە هاوبەشی یەك دروست دەکـات لـە نێـوان واتـا

---

(١) أبحاث في بلاغة القرآن الكريم ، محمد كريم الكواز، مؤسسة الإنتشار العربي ، بيروت ـ لبنـان ، الطبعة الأولى ، ٢٠٠٦، ص ٢٣.

(٢) بڕوانە ـ معجم النقد العربي القديم، الدكتور أحمد مطلوب، الجزء الثاني ( ر- ي)، وزارة الثقافة و الإعلام العراقية ، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامية ،١٩٨٩، ص ٣٢٧.

ڕاستەقینەکەو واتا خوازەیی یەکە، و گواستنەوە لە یەکەم بۆ دووەم ئاشکرا دەکات[١]، و گەر هیچ پەیوەندی یەك لە نێوانیاندا نەبێت ئەوا وێنەی خوازەیی بوونی نی یە.

٤. ***نیشانە :ـ*** پێویستە لە وێنەی خوازەیی دا نیشانەیەك لە ڕستەکەدا هەبێت بۆ بوونی واتا خوازەیی یەکە،(( نیشانە: ـ بریتی یە لە هۆکارێك لە نێوان واتای بۆ داندراوو واتای خوازراوی و بەو ناوەوە ناونراوە چونکە ئەو بەشەیە پەیوەندی واتای دووەمی پێوە بەستراوە))[٢]، هۆی پێویستی بوونی نیشانەش لە خوازەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (( نیشانە سوودی هەیە بۆ ڕێگرتن لە واتای ڕاستەقینە، و ئەم ووتەیە وا دەردەخات کە ئەرکی نیشانە بریتی یە لە داپۆشینی واتای ڕاستەقینەو گواستنەوەی سەرنج تەنها بۆ واتای خوازەیی ، کەواتە دروست هیچ ڕۆڵێکی لە دارِشتنی خوازەیی دا نی یە، بەڵام گەر مەبەست واتای دروست نەبێت بە هۆی ئەو نیشانەیە ئەوە واتای ئەوە نی یە کە هێزو ژیان دادەماڵێت لە دارِشتنە خوازەیی یەکە، کە کەسێك بە ***(شێر)*** ناو دەنێین مەبەستمان دانە پاڵی ئازایەتیەکی بێ وێنەیە بۆ ئەو کەسە کە

(٣) بڕوانە ـ الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، ص١٠٠.

(١) البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، ص ١٦٨.

لە واتای دروستی خۆی دا بەدەست نایـەت ))[1]،و بـۆ ناسـاندنی زیـاتری بنەڕەتەکانی خوازە دەتـوانین ئـەو بنەڕەتانـە ببەسـتینەوە بـە ئەرکـەکانی خـوازە، وەك لـە ناسـاندنی دا دەردەکـــەوت ،(( خـوازە بـە سـێ ئـەرك هەڵدەستێت:ـ

١. بەکارهێنانی واتا دوور لەوەی بۆی داندراوە.
٢. بوونی پەیوەندی و هۆیەك لەنێوان واتای داندراوی خۆی و ئـەو واتایـەی بۆی دەخوازرێ ... .
٣. نیشانەیەك بۆ ئەوەی واتـای خـوازراو مەبەسـتەو مانـای خـودی خـۆی مەبەست نی یە ))[2].

لەسەر ئـەم بنچـینەیە دەتـوانین لـە هـەر وێنەیـەکی خـوازەیی دا بـە ئاسانی بنەڕەتەکانی خوازە دەست نیشان بکەین .

بۆ ئەوەی زیاتر بنەڕەتـەکانی وێنـەی خـوازەیی بناسـین نموونەیـەکی شـیعری شی دەکەینەوە، بۆ نموونە قوبادی جەلی زادە لە شیعرێکدا دەڵێ : ـ

**شەڕێک**

**شیرینتر لە ئاشتی**

**بەفر لە شاخی ئەزمەڕەوە**

(٢) المجاز في البلاغة العربية ،الدكتور مهدي صالح السامرائي ، ساعدت جامعة بغداد على نشره ، دار الدعوة ، حماه ـ سورية ، الطبعة الأولى ،١٣٩٤ هـ ـ ١٩٧٤م ، ص ٢١٧.

(٣) دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العالمي ، ص١٢٠.

**دا**

**بە**

**زی**

**یەکە یەکە ،**

**پەلی گرتین بۆ (( کۆنە )) کەو لە کیسەی خۆی ،**

**کەوشی زستانی و**

**گۆرەوی بەن و**

**پاڵتۆی خوری و**

**ماپیێچی نەرمی بۆ کڕین ل ٦٠١**

*واتای دروست* ← *بەفر لە شاخی گوێژە دابەزی و ئێمەی بردە بازاڕی (کۆنە) و جلی زستانی بۆ کڕین*

*واتای خوازراو* ← *بەفر وەك مرۆڤێك هاتە خوارو پەلی گرتین بۆ جل کڕین*

*نیشانە* ← *پەلگرتنی بەفرو کڕینی جل لە کیسەی خۆی نیشانەیە بۆ بوونی واتای خوازەیی کە مرۆڤە*

*پەیوەندی* ← *هۆیی یە، بەفر هۆیەکە بۆ کڕینی جلی زستانی*

وەك لە شی کردنەوەکەدا دەردەکەوێت ، لەم نموونەیەدا ***وێنەیەکی خوازەیی*** هەیەو بنەڕەتەکانی ئەمانەن کە دەست نیشان کران .

## باسی چوارەم :ـ جۆرەکانی وێنەی خوازەیی

هونەری خوازە بــە شــێوەیەکی ســەرەکی دابــەش دەکرێــت بــۆ دوو جــۆری سەرەکی : ـ

١. ***خوازەی ژیری :ـ*** ئەو جۆرەی خــوازە لەســەر بنچــینەی ئــەقڵ و ژیــری دروست دەبێت ،(( ئەوەیە کە نسبەتی شتێك بدرێتە لای شتێکی تــر کــە ئەم نسبەتە لە ڕاســتی دا حــەق نــی یــە بــەو بــدرێ ، وەکــو ئــەڵێ : ـــ ***کۆشکێکم دروست کرد*** ، ئەمە ڕاستە ئەو کەسە کە ئەمە ئەڵێ بووە بە هۆ بۆ دروست کردنەکە، بــەڵام ئەســڵی دروســت کردنەکــە کرێکارەکــانی دروستیان کردووە، جا ئەم خوازەیە پێی ئەووترێ خــوازەی ژیــری چــونکە

ژێــری یەکــە ئــەم فەرمانــە ئــەدا ))[1]،کەواتــە ئــەم جۆرەیــان ئــەقڵ و ژیری دەبن بە هۆی دروست بوونی* .

٢. ***خوازەی زمانی*** :ـ لەم جۆرەیاندا زمان دەبێتە بناغەی دروست بوونی . ((خوازەی زمانی :ـ گواسـتنەوەی ووشـەیە لـە واتـا زمانەوانیەکـەی وەك زاراوەی ***شێر*** لەو ئاژەڵە دڕندەیـە بـۆ مـرۆڤ ، لێـرەدا لادەدەیـت لـەوەی زمانەوانان دایانناوە، چونکە ئەم ناوە بۆ ئەم واتایە داندراوە ))[2].

کەواتە بۆ ناساندنی زیاتری ئەو جۆرەیان دەتوانین بڵـێین ((خـوازەی زمـانی بریتییە لە واژەییێك کە بە دوو شەرت لە غەیری مانای ڕاسـتەقینەکەی خـۆی دا بەکاربرێ :ـ ئەوەل : دەبێ علاقەو پێوەنـدێکی نزیـك لـە نێـوان ئـەو دوو مانایەدا هەبێ. دوهەم : هەروەها پێویستە نیشانەو قەرینەیەکیش هـەبێ کـە نەهێڵێ ئیرادەی مانای ڕاستەقینەی واژەکە بکـرێ ، علاقـەو هـۆگری پێوەنـد لە مابەینی مانای ڕاستەقینەو مانای مەجازی دا یا مشابە دەبـێ یـا غــەیری مشابە ))[3]، بەم شـێوەیە لـە سـەر بنـەمای چـۆنیەتی ئـەو پەیوەنـدی یـەی

---

(١) ئەدەبی کوردی ولێکۆلێنەوە لە ئەدەبی کوردی ، عـلاء الـدین سـجادی ، بەغـدا ، چـاپخانەی مـەعارف ، ١٩٦٧م ، ل ٩٣.

* ئەم جۆرەی خوازە لە لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکاندا زۆر گرنگی پێ نەدراوەو زیاتر بایەخ بە جۆرەکەی تر دراوە، ئێمەش هەر ئەوە بە ڕاستتر دەزانین کە ئەم جۆرە زیادە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی و لەمە زیاتر لەسەری نەدواین .

(٢) الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبـن عبـد الله شـعيب ، ص ٨٩ .

(٣) گەشتێ لە عیلمی بەلاغة ـ معاني ، بيان ، بديع ، عروض ، قافية ، کوردی ـ فارسي ـ عربي ، تأليف محمد سعيد إبراهيم محمد ، أذربايجان غربي ، مهاباد ،١٣٦٤، ل ٤٨ .

دەكەوێتە نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی دوو جۆر خوازەی زمانی لێك جیادەكاتەوە، جۆرێكیان پەیوەندی نێوان واتا دروست و خوازراوەكە لێچواندنە، جۆرەكەی تریان لێچواندن نی یەو پەیوەندی ترە .

سەرەڕای ئەو دابەشكردنە زۆر دابەشكردنی تر بۆ جۆرەكانی خوازە كراوە، هەروەكو بە پیێ ی هەندێ بۆچوون ((خوازە بەسەر چوار جۆردا دابەش دەكرێت : خوازەی تاكی ڕەها ، خوازەی تاكی خواستن، خوازەی لێكدراوی ڕەها، خوازەی لێكدراوی خواستن ))[١] ، هەروەها لە شێوە دابەشكردنێكی تردا خوازە دابەش دەكەن بۆ (تاك، لێكدراو)، و پیێ یان وایە خوازەی تاك لە تاكە ووشەیەك پێك دێت بەڵام بۆ خوازەی لێكدراو دەڵێن :ـ (( لە خوازەدا واتایەك لە ڕستەدا دوور لە واتای دروستی خۆی بەكارهاتووە، بەڵام ئەگەر ڕستەیەك لە واتایەكی دوور لە واتای دروستی خۆی بەكارهات ، ئەوا بە (خوازەی لێكدراوـ مجاز مركب) ناو دەبرێت، وەك: ـ ***پۆل پشوویەتی*** ، واتە ***مامۆستا نەهاتووە*** ))[٢]،كەواتە بەپیێ ی ئەم دابەشكردنە (( خوازەی لێكدراو :ـ بریتی یە لە گوتنێكی تەواو لە دوور لەوەی بۆی داندراوە بەهۆی پەیوەندی یەك و بوونی نیشانەیەك...، وەك :ـ ***دەبینم قاچێك پێش دەخەی و ئەوی تر دوادەخەی***، لێرەدا حاڵەتی دوو دڵی لە قسەكردن بە دوو دڵی لە

---

(١) جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٨٠.

(٢) مجاز در چند غزل حافظ شيرازي ، پايان نامەی تحصيلی جهت أخذ درجه كار شناسی در رشتەی زبان فارسي ، پشتيوان عمر محمد أمين ، دانشگاه صلاح الدين ـ أربيل ، دانشگده زبان ، رشتەی زبان فارسي ، ٢٠٠٦ م ، ١٣٨٥ هـ ش ،ص٣٠.

ڕۆیشتن چوواندوە و لێکدراوی تایبەت بە دوودڵی لە ڕۆیشتن خوازراوە بۆ دوودڵی لە قسە کردن))[1]، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو دابەشکردنانە، لەبەر ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا جۆری خوازەی ژیری بە جۆرێکی زیادە و ناپێویست دەزانرێت، کەواتە تەنها باس لە دوو جۆرە سەرەکی یەکەی خوازەی زمانی دەکەین کە بریتین لە :ـ

(( ١) ڕەها ٢) خواستن، لەبەرئەوەی پەیوەندیەکە گەر لێچواندن بوو لەگەڵ ئەو واتایەی بۆی داندراوە ئەوە ***خواستنە*** گەر نا ***ڕەها*** یە،... کەواتە جۆری یەکەم ***ڕەها*** ئەو جۆرەیە کە ئەو پەیوەندیەی بۆی بەکارهاتووە لەگەڵ ئەو واتایەی بۆی داندراوە پەیوەندی یەکی دوور لە لێچواندنە، وەك ***دەست*** گەر بۆ ***بەرەکەت*** بەکارهات، لەبەر ئەوەی هۆیەکە بۆی، وە مەرجە لە ووتندا نیشانەیەك هەبێ بۆ ئەو گەیاندنی ئەو واتایە))[2]، هەروەکو لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەردوو جۆرەکە بە درێژی و بە پاڵپشتی نموونەی شیعری باس دەکەین .

## ***یەکەم :ـ وێنەی خوازەی ڕەها۔ صورة المجاز المرسل***

(٣) موجز البلاغة ، للعلامة الشيخ الإمام محمد طاهر بن عاشور ، ص ٣٧، إنترنيت :ـ مكتبة صيد الفوائد.w.w.w.Saaid.net .

(٤) الإيضاح في علوم البلاغة ، المعاني و البيان و البديع، مختصر تلخيص المفتاح، تأليف الخطيب القزويني ، ص ١٥٤، ١٥٥.

وەك لەمەوپێش باسکرا، خوازەی ڕەها جۆرێکە لە دوو جۆرە سەرەکی یەکەی خوازە،و بۆ پێناسە کردنی دەگوترێت:ـ خوازەی ڕەها (( ئەو جۆرەیە کە پەیوەندی نێوان واتای بەکارهێنراوی خۆی و ئەو واتایەی بۆی دانـدراوە پەیوەندی یەکی دوور لە لێچوواندنە ))[1]، لەم پێناسەیەدا دەگەینە ئەوەی کە بوونی پەیوەندی نێوان واتای یەکەم و دووەم، یان واتای دروست و خوازراو هۆیەکە بۆ لێك جیاکردنەوەی ئەو جۆرە خوازەیە لە جۆرەکەی تر کە بە خواستن ناسراوە.

پەیوەندی یەکانی نێوان واتای دروست و واتای خوازراو کە دەبنە هۆی دروست بوونی وێنەی خوازەی ڕەها زۆرن و لە ژمار نایەن، بەلاّم هەر بۆ نموونە لە چەند پەیوەندی یەکی هەرە دیاریان دەدوێین، و تەنها ئەو پەیوەندی یانەی لەو کۆمەڵە شیعرەی بەردەستمان بەکارهاتوون بە پێویست دەزانین بە شێوەیەکی درێژترو بەپاڵپشتی نموونەی شیعری شی بکرێنەوە.

## *گرنگترین پەیوەندیەکانی خوازەی ڕەها[2] : ـ*

(١) البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، ص ٣٣٢.

(٢) بڕوانە: بیان ـ با تجديد نظرو إظافات، دكتور سيروس شميسا، ص ٤٦ ـ ٥٧، و الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان، علم المعاني ، علم البديع، إبن عبد الله شعيب، ص٨٤ ، ٨٥ ، و ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عەزیز گەردی، ب ١، ل٨٢ ـ ٨٦ ، و گەشتێ لە عیلمی بەلاغە ـ معاني ، بيان ، بديع ، عروض ، قافية ، كوردي ـ فارسي ـ عربي ، تأليف محمد سعيد إبراهيم محمد ، ل ٤٨ ـ ٥٠.

١. ***پەیوەندی گشتی و تایبەتی ـ العموم و الخصوص ـ*** :ـ دابەش دەکرێت بۆ دوو شێوە :ـ

أ ) *ناوێکی گشتی دەگوترێت و مەبەست کەس یان شتێکی تایبەتە* :ـ وەك دەگوترێت :ـ ***پێغەمبەر دەفەرمووێت***، کە مەبەست پێغەمبەری ئیسلامە، هەروەها قوباد دەڵێ : ـ

**ژن ،**

**نەیهێشت مامەڕیشێکی تر بم و لە گۆڕەپانی شارێکدا**

**کۆتەڵێک بۆ ئازایەتیم دابتاشم ل ٢٩٨**

*واتای دروست ⟵ ژن نەیهێشێت شاعیر ببێتە کەسێکی وەك مامەڕیشە*

*واتای خوازراو ⟵ ژن نەیهێشتووە شاعیر ببێتە پێشمەرگەیەکی قارەمان*

*نیشانە ⟵ تەنها ژنێك هەیە نەیهێشتووە ، ناشێت هەموو ژنانی مەبەست بێت*

*پەیوەندی ⟵ گشتی یە ، ناوێکی گشتی هەیەو مەبەستی کەسێکی تایبەتی یە*

ب) *ناوێکی تایبەتی دەگوترێت و مەبەست گشتە* :ـ هەروەکو بەکارهێنانی ***(زولفەقار)*** بە مانای ***شمشێر***، بە هۆی نازناوی شمشێرەکەی ئیمام عەلی. یان وەکو قوباد لەم شێوەیە دەڵێ : ـ

**هەڵەبجە**

**کۆترە شینکەکانی ه ە ڵ ە ب ج ە ،**

**لە نێوان**

**مەمکە گومبەزییەکانی عەمبەر خاتوون و**

**سینگە هەڵقرچاوەکەی عومەری خاوەردا ،**

**گۆڕستانێکن لە دەنووک ! ل ٥٦٣**

*واتای دروست ←——— مەمکەکانی عەمبەر خاتوون و سینگە هەڵقرچاوەکەی عومەری خاوەر.*

*واتای خوازراو ←——— مەمکی چەندەها ئافرەتی هەڵەبجەو سینگی چەندین پیرەمێردی هەڵەبجە*

*نیشانە } گۆڕستانێکی هەڵەبجە کە پێکهاتووە لە چەندین مەمکی ئافرەتان و سینگی چەندەها پیرەمێرد و دەنووکی چەندەها کۆترو باڵندەکان .*

*پەیوەندی } بەش بۆ گشتی یە، مەمکی ئافرەتێك بەناوی عەمبەر خاتوون و سینگی پیرەمێردێك بە ناوی عومەری خاوەر وەك بە شێك لە بڕی مەمکی سەرجەم ئافرەتان و سینگی سەرجەم پیرەمێردانی هەڵەبجە دەرکەوتووە .*

٢. ***پەیوەندی شوێن و شوێنگر ـ الحال و المحل ـ*** :ـ ئەمیش بە دوو شێوە دەردەکەوێت :

أ) ***دەربڕینی شوێن و مەبەست شوێنگر بێت*** :ـ وەك ***( ئەو پۆلە چۆڵ کرا )***، واتە:ـ ***خوێندکارانی ئەو پۆلە چۆڵیان کرد***، هەروەها قوبادی شاعیر لە جۆری ئەمە لە شیعرێکیدا دەڵێ :ـ

**ڕووبارە شکاوەکان ئەوەندە بە تاڵووکە گلۆر دەبنەوە ،**

**پیراناگەن ئاوڕێک لەو درەختانە بدەنەوە ، کە لە**

**بیابانەکانی**

**خۆی دا، شەونمیان لە دەمیدا وشک بووە**

**ل ٥٢٢**

***واتای دروست*** ⟵ *ڕووبارە شکاوەکان بە پەلە گلۆر دەبنەوە*

***واتای خوازراو*** ⟵ *ئاوی ناو ڕووبارە شکاوەکان گلۆر دەبێتەوە*

*نیشانە* ⟵ *گلۆر بوونەوە بۆ ئاوی ڕووبار دەبێت و ڕاستەوخۆ ڕووبار ناگرێتەوە*

*پەیوەندی* ⟵ *شوێنی یە، ڕووبار گوتراوەو مەبەست ئاوی ئەو ڕووبارانەیە*

ب ) ***دەربڕینی شوێنگر مەبەست شوێن بێت*** :- وەك ***:- چام بینی بە دەستی ئازاد***، واتە ***پیاڵەی پڕ لە چام بە دەستی ئازاد بینی*** ، هەروەها قوباد دەڵێ :-

**چاوی بەفر ، سپی سپی**

**نە ڕەشکێنەی تێدایە و**

**نە ڕووناکی**

**کەچی نە جارێک ،**

**بۆ لمی بیابان ڕێ هەڵە دەکات و**

**نە جارێکیش ، بە سەر شانی دار خورمایەکدا**

**دەبارێ !** **ل ٦٢٥**

| | |
|---|---|
| *واتای دروست* | *بەفر چاوی سپی سپی یە و ناچێتە ئەو شوێنەی لمی بیابان و دارخورمای لێ یە* |
| *واتای خوازراو* | *بەفر چاوی کوێرە بەڵام ڕێ هەڵە ناکات و لە ناوچە بیابانەکان و بەسەر باخی دارخورماکان ،( واتە لە عەرەبستان ) نابارێت* |
| *نیشانە* | *لمی بیابان ، دارخورما نیشانەن بۆ ناوچەی عەرەبستان، دەرکەوتنی ئەو دوو شتە ئاماژەیە بۆ ئەو ناوچەیە* |
| *پەیوەندی* | *شوێنی یە، شوێنگر گوتراوەو مەبەست شوێنی ئەو شتانەیە، لمی بیابان و دارخورما لە بڕی عەرەبستان بەکارهاتوون کە شوێنی ئەو دووانەیە.* |

٣. ***پەیوەندی هاوسێ یەتی ـ المجاورة ـ***: واتە بەکارهێنانی واتایەك بەهۆی هاوسێ یەتی لە شوێنی واتایەکی تر کە بە هۆی نزیکیان لە مێشکدا لێکدانەوەی ئاسانە، بۆ نموونە دەگوترێت :ـ ***ئەوەی سواری زەریا بێت لە خنکان ناترسێت*** ، کە مەبەست ***لە کەسێکە سواری کەشتی ناو زەریا دەبێت و ترسی لە خنکان نی یە***، هەروەها قوباد دەڵێ :ـ

**ئەمشەو شاعیر**

**( ڕشتەی مرواری ) فرمێسکەو**

**بە گەردەنی گڵکۆتەوە**

**خەونامەیەکی نامۆیە**

**ئەمشەو نەورۆز**

**<u>بێ بۆنی کەوا و سەڵتەکەت</u>**

**ئازارێکی نابەڵەدە و**

**کزەی جەرگێکی بۆ سۆیە** **ل ٩٤، ٩٥**

*واتای دروست* ← *نەورۆز بێ بۆنی کەواو سەڵتەی مامۆستا سەجادی وەك ئازارە*

*واتای خوازراو* ← *نەورۆز بە بێ مامۆستا سەجادی وەك ئازارە*

*نیشانە* *ڕشتەی مرواری ،کەواو سەڵتە،نیشانەن بۆ مامۆستا سەجادی*

*پەیوەندی* ← *هاوسێ یەتی یە، کەواو سەڵتەی مامۆستا لە برِی خۆی بەکارهاتوون ، و ئەم دووانە لە یەکەوە نزیکن و هاوسێین*

٤. ***پەیوەندی پەیوەست و پەیوەستراو ـ اللزومية و الملزومية*** :ـ واتا بەکارهێنانی پەیوەست و پەیوەستراو لە شوێنی یەکتر، هەروەکو قوباد لە شیعرێکدا دەڵێ :ـ

**<u>خۆر</u>**

**<u>دزێکی مەعلانە ..</u>**

**بێ ئەوەی شووشەی پەنجەرەکان بشکێنێ ،**

**شەپقەی پڕ دەکات لە ڕەنگی پەردە و**

**لە ڕەنگی قەنەفەو لە ڕەنگی فەرش و**

**لە ڕەنگی بەڕماڵ و**

**لە ڕەنگی تابلۆ !** **ل ٥٥٥**

*واتای دروست* ⟵ *خۆر دزێکی مەعلانە و ڕەنگ دەدزێت*

*واتای خوازراو* ⟵ *تیشکی خۆر دێتە ژوورو زاڵ دەبێت بەسەر ڕەنگەکان*

*نیشانە* ⟵ *شووشەی پەنجەرە ناشکێنێت و تێ دەپەڕێت*

*پەیوەندی* ⟵ *پەیوەستراو گووتراوەو مەبەست پەیوەستە خۆر بەکارهاتووە لە بری تیشکی خۆر*

٥. ***پەیوەندی هۆیی و ئەنجامی - السبب و النتیجة -*** :- کە بە سەر دوو شێوەدا دابەش دەکرێت:-

*أ) دەربڕینی هۆ کە مەبەست ئەنجامەکەی بێت:-* وەك دەگوترێت :- ***دەستی هەیە*** ، کە مەبەست ***هێزو توانا*** یە، چونکە ***دەست*** هۆیە بۆ بەدەست هێنانی ***هێزو توانا***، هەروەکو قوباد دەڵێ :-

**ناچار بە پەپوولەیەکی زەیستانم گووت :**

**تکایە ئەم توورەکە پڕ لە فیشەکە ،**

**بدە بە کۆڵتا**

**ناچار بە مێرووولەیەکی بێوەژنم گووت :**

**تکایە ئەم فەردە خۆڵەم ،**

**بۆ بگەیەنە سەربان !** **ل ٦٣٨**

*واتای دروست* ⟵ *بە پەپوولەیەکی زەیستانم گوت توورەگە فیشەك بە کۆڵ دابدات، بە مێرووڵەیەکی بێوەژنم گووت فەردە خۆڵ بباتە سەربان*

*واتای خوازراو* ⟵ *هەڵگیرسانی شەڕ نەك هەر کاری لە مرۆڤ کرد، بەڵکو ژیان و ئارامی زیندەوەرەکانیشی تێکداو ناچاربووین ئەرکی جیاجیایان پێ بسپێرین*

*نیشانە ⟵ توورەگە فیشەك ، فەردە خۆڵ ، نیشانەن بۆ بوونی واتای خوازەیی*

*پەیوەندی ⟵ هۆیی یە ، ئەو شتانەی گوتراون هۆی هەڵگیرسانی شەڕن ، و هۆیەکان گوتراون و مەبەست ئەنجامە*

ب) *دەربڕینی ئەنجام کە مەبەستی هۆیەکەی بێت* :ـ واتە شتێك دەردەخرێت کە ئەنجامی کارێکە لە بڕی ئەوەی هۆیەکەی بگوترێت ، هەروەکو قوباد لە شیعرێکدا دەڵێ :ـ

**دیسان مەکتەب سپی دەچنەوە ،**

**لە وردە شووشەی پەنجەرە**

**دیسان گۆڕستان ڕەش دەچنەوە ،**

**لەسەردوولکەی بێوەژن    ل ٦٣٥**

*واتای دروست* ← *دیسان مەکتەب سپی دەچنەوە لە ووردەشوشە ، و گۆڕستان ڕەش دەچنەوە لە بێوەژن*

*واتای خوازراو* ← *دیسان شووشەی پەنجەرەکان دەشکێن ، گۆڕستانەکان پڕ دەبن لەو ژنانەی بێوەژن بوون و بۆ مێردە کوژراوەکانیان دەلاوێنەوە، شەهید زۆر بوون*

*نیشانە* ← *وورده شووشە، سەردولکەی بێوەژن ، نیشانەن بۆ واتای خوازەیی*

*پەیوەندی* ← *ئەنجامی یە، ئەو شتانەی گوتراون ئەنجامی شەڕن، واتە شەڕ هۆیە و دەرنەکەوتووەو ئەنجام لە بڕی هۆ دەرکەوتووە*

٦. ***پەیوەندی ڕەگەز ـ الجنس ـ :*** ـ واتە ڕەگەزێك وەك پەیوەستێك بۆ ئـەو شتەی کە مەبەستە، بۆ نموونە: ـ

**هەڵەبجە**

**بچووکترین**

**جوانترین**

**تەنیاترین**

**کچی ژەهرە !!**    **ل ٥٦٧**

*واتای دروست* ← *هەڵەبجە بچووکترین جوانترین تەنیاترین کچی ژەهرە*

*واتای خوازراو ——◄ شاری هەڵەبجە کچێکی بچووك و جوان و تەنیایەو پڕ لە ژەهرە*

*نیشانە ——◄ هەڵەبجە شارێکی کوردستانە کە ژەهراوی کراوەو کچێك نی یە*

*پەیوەندی ——◄ ڕەگەز ، کچ کراوە بە ڕەگەزێك بۆ هەڵەبجە*

٧. ***پەیوەندی سیفەت و وەسفکراو ـ الصفة و الموصوف ـ*** : ــ واتە بەکارهێنانی سیفەت لە شوێنی ئەو وەسفکراوەی کە دەرنەکەوتووە وەك بەکارهێنانی نازناوی ***:ـ مستەفا بۆ کەسێکی پاك و بێ گوناه***، کە لە ئەسڵدا سیفەتێکی پێغەمبەری ئیسلامە، هەروەها قوباد دەڵێ :ـ

**یا ڕەحمان و یا ڕەحیم**

**یا مەننان و یا کەریم**

**وەک چۆن خوێنی کوێر پڕ دەکەیتەوە**

**لە پێکەنینی چرا.**

**وەک چۆن بەرد غەرق دەکەیتەوە**

**لە تۆفانی دڵ .**

**وەک چۆن کار مامزو گەڵ دەبەخشیتەوە**

**بە سەحرا ،**

**دووشێک لە ئاگرم بدەرێ**

**پەنجەرەیەکم بدەرێ لە هیدایەت ل ٣٠٣ ، ٣٠٤**

واتای دروست     یا ڕەحمان و یا ڕەحیم وەك چۆن خوێنی کوێر پڕدەکەیتەوە لە پێکەنین ،
بەرد لە لافاوی دڵ غەرق دەکەیت ،کارمامزو گوڵ دەدەیتە سەحرا،
دووشێك ئاگرو پەنجەرەیەك هیدایەتم پێ بدە

واتای خوازراو   ئەی خوای بەخشندەو میهرەبان کە لە توانات داهەیە کوێرەکان بە
پێکەنین بخەیت،دڵەکان وەك بەرد ڕەق بکەیت ،سەحرا پڕ بکەیت لە گوڵ
وکارمامز، کە هەموو کارێکت بەدەستە ڕەحم بکەو هیدایەتم پێببەخشە

نیشانە ——— ئەو کردارانەی هاتوون نیشانەن بۆ بوونی واتا خوازەیی یەکە

پەیوەندی ——← سیفەت و وەسفکراوە،چەند سیفەتێکی خوای گەورە لە بری ناوی خوا
هاتوون

٨. **پەیوەندی دەرخەرو دەرخراو ـ المضاف و مضاف إليه ـ نـ** بۆ نموونە وەك ئەو شیعرەی خوارەوە: ـ

**کەس نەما کەس ، کەس !!**

**کوا شێرزادی گوڵی ڕەش ، لە ڕۆژێکی بەفرانبارا**

**کە بەفر لە ژێر کەوشەکانماندا گرمەی دەهات**

**بە قەمصەڵەیەکی ڕەش و ملپێچێکی ڕەنگاو ڕەنگەوە**

**تووشم بێت و پێم بڵێ :**

**قوباد گیان باژنەکانمان یەگدی بناسن   ل ٣٧٥ ، ٣٧٦**

*واتای دروست ⟵ شێرزادی گوڵی ڕەش*

*واتای خوازراو ⟵ شێرزاد حەسەن نووسەری نۆڤلێتی گوڵی ڕەش*

*نیشانە ⟵ تووشم ببێت و پێم بڵێ قوباد گیان ...نیشانەیە بۆ گفتوگۆی نێوانیان*

*پەیوەندی ⟵ تەواو کەر لە پاڵ تەواوکراودا هاتووە*

٩. ***پەیوەندی زۆربەیی ـ الأكثرية ـ*** :ـ واتە کەم بە واتای زۆریی بەکاردێت، وەك ڕستەی :ـ ***خەڵکی وڵاتمان موسڵمانن*** ،کە مەبەست زۆربەی خەڵکی وڵاتە، هەروەها قوباد لە شیعرێکدا دەڵێ :ـ

**مەمکەکان ،**

**ئەو ملیۆن مەمکە سپی و پەمەیی و گەنمییە**

**نە ساوایەک دەیان مژێ نە جحێڵێک !؟**

**بە بەژنی درەختەوە چرچ دەبن و ە ە ڵ دە**

**و ە ر ی**

**ن ل ٣٠٩ ، ٣١٠**

*واتای دروست ⟵ ملیۆن مەمك هەڵوەرین*

*واتای خوازراو ⟵ زۆر ئافرەتی ئەو نەتەوەیە لەناودەچن پێش ئەوەی شوو بکەن*

*نیشانە ⟵ بەبەژنی درەختەوە چرچ دەبن ، نیشانەیە بۆ بوونی واتای خوازەیی*

*پەیوەندی* ⟵ *زۆربەیی ، ملیۆن لە بڕی زۆربەی خەڵکی نەتەوەکە بەکارهاتووە*

١٠. ***پەیوەندی کاتی ـ الزمانية ـ*** : ـ لەم جۆرەیاندا کاتێکی دیاریکراو دەبێتە پەیوەندی نێوان واتای دروست و خوازەیی ، وەك قوبادی شاعیر دەڵێ :ـ

**مێو**

**ترسنۆکترین درەختی باخچەکەمان ،**

**مێوە**

**هێشتا پاییز ،**

**لە شاخ شۆڕ نەبۆتەوە**

**کەچی هەر چوار پەلی، لە داری کەپرەکە**

**ئاڵاندووەو دەلەرزێ !** ل ٥٩٨

*واتای دروست* ⟵ *پاییز لە شاخ شۆڕنەبۆتەوە*

*واتای خوازراو* ⟵ *سەرمای وەرزی پاییز نەهاتووە*

*نیشانە* ⟵ *شۆڕ بوونەوە لە شاخ دراوەتە پاڵ وەرزی پاییز*

*پەیوەندی* ⟵ *کاتی یە، کاتی هاتنی وەرزی پاییز نزیك بووە*

١١. ***پەیوەندی خاوەنداریەتی ـ المملوكيّة ـ*** :ـ واتە دەرکەوتنی کەسێك کە مەبەست بەرهەمەکەی بێت ، هەروەکو شاعیر دەڵێ :ـ

**ئەو هەموو ڕەنگانە لە کوێوە دەهێنێ !؟**

بەفر ئەو دەمەی دادەکات ،

سپییە

سپی و بەس

کەچی وەختێ دە ت

وی ̌

ت

ە وە ،

دەیان ڕەنگ

پێم سەیرە ، خۆ

نە چیمەن سمایل

لە تاقی ئاسمانە وە

نە ڕۆستەم ئاغالە ! ل ٦٠٧

واتای دروست ← چیمەن سمایل ، ڕۆستەم ئاغالە کە دوو هونەرمەندی شێوەکارن لە ئاسمانن و بەشداری دەکەن لە ڕەنگینی بەفر

واتای خوازراو ← تابلۆ ڕەنگینەکانی ئەم دوو شێوەکارە

نیشانە ← تابلۆ ڕەنگینە کە لەگەڵ ڕەنگی بەفر بەراورد کراوە

پەیوەندی ← خاوەنداریەتی ، دوو کەس گوتراوەو مەبەست بەرهەمی ئەو دووکەسەیە کە خاوەنی تابلۆی ڕەنگینن

١٢. ***پەیوەندی ئەوەی هەبووە ـ علاقة ما کان ـ*** : ـ واتە ئەو کردارە خۆی لەمەوپێش ڕووی داوەو هەیە، هەروەکو قوباد دەڵێ : ـ

**گوڵە بەڕۆژەیەک گوتی :ـ**

**خۆر،**

**کە بەسەر هەڵەبجەدا ڕەت دەبێ ،**

**قیناع دەکاتە سەر !؟** ل ٧٢٣

*واتای دروست ←خۆر لە ئاسمانی هەڵەبجەدا لە ترسی گازەکە دەمامك دەکات*

*واتای خوازراو پیس بوونی ئاسمانی هەڵەبجە بە گازی کوشندە لە کاتی کیمیا باران*

*نیشانە ← خۆر قیناع لەسەر دەکات ، سیفاتی مرۆڤە و دراوەتە پاڵ خۆر*

*پەیوەندی ←پەیوەندی ئەوەی هەبووە، ئەو ڕووداوە ڕووی داوە کە ئاسمانی هەڵەبجە بە گازەکە پیس بووە لە کاتی کیمیابارانەکەی ساڵی ١٩٨٨ و خۆرو ئاسمان بەرگەی گازەکەیان نەدەگرت و لێ ی دەترسان*

سەرەڕای هەموو ئەو پەیوەندی یانەی باس کران، زۆر پەیوەندی تـریش لـە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو لە شیعرو ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێت کـە دەبنـە هـۆی دروست بوونی وێنەی خوازەیی ڕەها، بـەڵام بـەهۆی بەرچـاو نەکـەوتنیان لـەم کۆمەڵە شیعرەی قوبادی جەلی زادە، بە پێویستمان نەزانی بە درێـژی باسـیان لێوە بکەن تەنها بەچەند ووشەیەك گرنگترینیان دەناسێنین : ـ

١. ***پەیوەندی ئەوەی دەبێت ـ علاقة ما یکون ـ :*** ـ واتە بۆ دروست بوونی پێویستە ئەو کردارە بەو جۆرە ڕووبدات کە ئاماژەی پێ دەکرێت لە واتا خوازراوەکەدا .

٢. ***پەیوەندی بەشی و گشتی ـ الجزئیة و الکلیة ـ****[*]* بۆ نموونە: ـــ ***سەرم دەتاشم*** ، کە مەبەستی ***مووی سەرە***.

٣. ***پەیوەندی ئامێری ـ الآلیة ـ :*** ـــ لەم حاڵەتەدا ئەندامێکی لەش دەگووترێت کە هۆکاری دروست بوونی کردارێکە، و لە ناوهێنانی ئەندامێکی لەش مەبەست ئەنجامی کارەکەیەتی.

٤. ***پەیوەندی هۆزو بنەماڵە ـ القبیلة و العائلة ـ:*** ـ وەك ئەوەی ***باوك بەهۆی خۆشەویستی بە کوڕەکەی دەڵێ ( باوکە).***

٥. ***پەیوەندی ڕێزگرتن ـ الإحترام*** : ـ وەك بەکارهێنانی زاراوەی ***(ئێوە)*** لە شوێنی ***(تۆ)*** ، ***(بفەرموون)*** بە واتای ***(تۆ بفەرموو)...هتد***[(١)]،و بێ گومان گەر لە زماندا بگەڕێین پەیوەندی تریش زۆرن.

---

[*] هەرچەندە ئەو جۆرە پەیوەندی یە لەگەڵ پەیوەندی ( گشتی و تایبەتی) تا ڕادەیەك لێك نزیکن بەڵام لەبەر ئەوەی بیروڕای ڕەوانبێژان جیاوازە لە ناونانی و هەندێك بە( پەیوەندی گشتی و بەش) و هەندێك بە( پەیوەندی گشتی و تایبەتی ) ناوی دەنێن ، بۆیە بە پێویستمان زانی ئاماژە بە هەردوو شێوە بکەین ، بڕوانە: المیسر في البلاغة العربیة ـ علم البیان ، علم المعاني ، علم البدیع ، إبن عبد الله شعیب ، ص ٨٤ ، ٨٥.

(١) بڕوانە: بیان ـ با تجدید نظرو إظافات ، دکتور سیروس شمیسا ، ص ٤٦ ـ ٥٧.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەبێ ئـەوەش بخەینـە ڕوو کـەوا بـە پـێ ی هەنـدێ بۆچوون خوازەی ڕەها بۆ دروست بوونی وێنەی ڕوونبێـژی ئـەو ڕۆڵـە نابینێـت کە خواستن دەبینێـت، بۆیـە دەگوترێـت (( خواسـتن بـڵاوە لەبەرئـەوەی وێنـە پێشکەش دەکات، بـەڵام خـوازەی ڕەهـا وێنـە پێشـکەش ناکـات تـەنها لـە هەندێ حاڵەتی تایبەت و دەگمەن نەبێت ))[1]،کەواتـە خـوازەی ڕەهـا کـەمتر دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنـەی ڕوونبێـژی بـە بـەراورد لەگـەڵ خواسـتن، سەرەڕای ئەوەش هەندێ بۆچوونی تریش بە پێچـەوانەی ئـەو ڕایـە گرنگیـەکی زیاتر بە وێنەی خوازەی ڕەها دەدەن و پـێ یـان وایـە کـە (( وێنـەی خـوازەیی ڕەها کاریگەری خۆی هەیە لە شیعری نوێ دا، چـونکە لایەنێکـە لـە شـێواز کە شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆ گەیاندنی ڕێبازەکـەی بـە خـەڵکانی تـر کـە لـە دەوروبـەری دەبـن ))[2]، لـە لێکۆڵینەوەکەمانـدا پشـتگیری بۆچـوونی دووەم دەکەین ، چونکە زۆر وێنەی ڕوونبێژی جوان لە شیعری هاوچـەرخی کوردیمـان دەبینین کە لەسەر بنەمای خوازەی ڕەها پێك هـاتوون ، هـەروەکو ئـەم چـەند نموونە شیعرەی قوباد کە لەمەوپێش شی کرایەوە.

## دووەم :ـ وێنەی خواستن ـ الصورة الإستعارية

---

(٢) الإستعارة و المجاز المرسل ، ميشال لوغورن ،ت ـ حلا ج صليبا، مراجعة ـ هنري زغيب ،سوشبرس ، الدار البيضاء ، منشورات عويدات ، بيروت ـ باريس ،الطبعة الأولى ، ص ١٩١، ١٩٢.

(٣) جماليات الأسلوب ـ الصورة الفنية في الأدب العربي ، الدكتور فايز الداية ، ص ١٦٥ .

وەك لەمـەوپێش ئاماژەمـان پـێ كـرد، خواسـتن جۆرێكـە لـە دوو جـۆرە سەرەكی یەكەی خوازە، و (( خواستن بە شـێكە لـە بەشـەكانی ڕوونبێـژی و لـە (لێكچواندن) بەهێزترو پاراوترە، ئەگەرچی ئـەویش لـە بازنـەی لێكچـواندندا دەسووڕێتەوە، بەڵام بەم شـێوە سـاكارە نایێتـەدی، بـە لّكـو لـە ئـەنجامی لێ ووردبوونەوە هەست بەوە دەكەین كە (لێچـوو) یـەك لـە ئـارادا هەیـە بـەڵام نادیارە...، ئەگەر بەراوردێك ـ لە ڕووی سیمانتیكەوەـ لە نێوان (خواسـتن) و (لێچواندن) بكەین، دەبینین لێكچـواندن زۆربـەی زۆری بـۆ ئاشـكرا كـردن و ڕوونكردنەوە بەكاردێت كە دەچێتە خانـەی یـا بابـەتی وەسـف بـۆ دەربڕینـی ئەندێشە. بەڵام خواستن زۆربەی بۆ هێـزو تونـدی دەربـڕین و كـارتێكردنی لـە گـوێگران بـەكاردەهێنرێ لـەم ڕووەوە لـە (لێكچـواندن) بـەهێزترە ))[1]، بـۆ پێناسە كردنی وێنەی خواستنیش دەگوترێت:ـ(( وێنەی خواستن ئاسۆی بـەرزی ڕەوانبێژی و نیشانەی داهێنانـەو هونەرێكـە لـە هونـەرەكانی وتـن و زمـانی نائارامی و هەڵچوونی دەروونە، چونكە یارمەتیـدەری مرۆڤـە بـۆ ئـەوەی بـە بەرزی ئاستی ئەو هەڵوێستە توندە دەربـڕێ كـە ووروژانـدوێتی و شـێوەیەكی چڕی چـواندنە، هەنـدێ لـە لێكۆڵـەرە هاوچـەرخەكان بـە مـەزنترین قۆنـاغی خوازەی لە قەڵەم دەدەن ))[2].

---

(١) ڕوونبێـژی لە شیعری كلاسیكی كوردیداـ بە نموونەی مەلای جەزیری و نالی ، نامەی ماسـتەر، نوزت أحمد عثمان ،كۆلیجی ئاداب ، زانكۆی سەلاحەدین ، كانونی یەكەمی ١٩٩١، ل ٩٦.

(٢) وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نووری شێخ سـالّح )، نامـەی دكتـۆرا، عبـدو لسـەلام سـالار عەبدو ڕەحمان ،كۆلیجی زمان، زانكۆی سلێمانی ،٢٧٠٦ ك ـ ٢٠٠٦ز، ل ١٠٨.

کەواتە بۆ دروست بوونی خواستن پێویستە هەمان مەرجی جۆرەکەی تری خوازەی تێدا بەرجەستە دەبێت سەبارەت بە بوونی دوو واتاو بوونی پەیوەندی یەك لە نێوانیاندا، بەلاّم ئەو خالّەی خواستن لە خوازەی ڕەها جیادەکاتەوە بریتی یە لە پەیوەندی نێوان ووشەی دروست و ووشەی خواستراو، هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد کە ((جیایی لە بەینی (خوازەی بەرەڵلاّ ـ مەجازی مورسەل) و خواستن دا ئەوەیە کە ئەگەر پەیوەندی لە بەینی دوو شتەکەدا لێکچوون تەشبیەو موشابە بوو ئەوا خواستنە، ئەگەر غەیری لێکچوون بوو خوازەیە، خوازەی بەرەڵلاّش لەوەیە کە نە بەستراوێ بە هیچ پەیوەندی یەکەوە))[1]، ئەمە خالّی جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو جۆرەیە.

خواستن هونەرێکی زۆر کۆنە لە شیعردا، هەروەکو دەگوترێت ((شیعر... کردەیەکی مێشکی مرۆڤە، و پێش ئەوەی مرۆڤ بگاتە قۆناغی دروست بوونی شتە گشتیەکان بۆچوونی خەیاڵی دروست کردووە، ... و پێش ئەوەی بتوانێ قسەبکات توانیوویەتی گۆرانی بڵێت، و پێش ئەوەی قسە بکات توانیوویەتی شیعر بڵێت، و پێش ئەوەی زاراوەی هونەری بەکاربهێنێت توانیوویەتی خواستن بەکاربهێنێت))[2]، ئەمەش هۆیەك بووە بۆ ئەوەی خواستن زیاتر پەرە بسێنێت، تا ئەو ڕادەیەی کە دەبێتە جێگر بۆ واتای دروست و ڕەسەنی ئەو وشەیە یان ئەو دەستەواژەیەی خواستنەکە دەهێنێتە

(٣) ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ، علاء الدین سجادي ، ل ٩٤.

(١) طبيعة الصورة الشعرية ، تأليف : ـ سي دي لويس ، ت : أحمد نصيف الجنابي ، م. الثقافة الأجنبية ،ع ١، ١٩٨٠، ص ٧٨.

دی، بۆ نموونە:ـ ***( قاچی مێز)*** خواستنە، ئەم دەستەواژەیە چەند قۆناغێکی لە کردەی فەرهەنگی بڕیوە، تا لەم واتایەدا جێگیر بووەو وەك واتای دووەم و خوازراو بۆ ئەو بەشەی مێز بەکاردێت [1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاگاداری ئەو خاڵە بین کە هێزو جوانی خواستن دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی لە ئاخاوتندا، هەروەکو دەگوترێت (( جوانی خواستن دەگەڕێتەوە بۆ دارشتنە زمانەوانیەکەی و جوانی دەربڕین و داهێنانەکەی ، و لەبەرئەوەی پەیوەستە بە خەیاڵی شیعری هەر لەسەرەتاکانی دروست بوونی بیری ڕەخنەیی ، بۆیە لێکۆڵینەوەکانی بواری خوازە ڕاستەوخۆ بەرەو خواستن دەچن ، لەبەرئەوەی بەکارهێنانەکانی هەردەم شیعری یەو هێنانی شیعریەتی زیاتر دەداتە بابەتە ڕاستەقینەکە ))[2]، ئەمانەش هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە(( هەر دەلالەتێك ئاماژە بۆ مەدلولەکەی دەکات لە ساتی یەکەمی دا، بەڵام ناشێت شاعیر بڵێ ***(مانگ)***و تەواو، چونکە ئەو ووشەیە بە شێوەیەکی ئاسایی کردەیەکی هۆشی سادەمان دەهێنێتە بەرچاو... و بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان بۆ مانگ بێتە دی شاعیر پەنا دەباتە بەر وێنەو بۆ ئەمەش پێویستە یاسا ببەزێنێ و دەڵێ :ـ ***پارچەیەك لە زێڕ لە ناو کێڵگەیەك ئەستێرە***، و ئەم ووشانە بە پێ ی یاسای بەکارهێنان ئەوها

(٢) بڕوانە :ـ الإستعارة و المجاز المرسل ، ميشال لوغورن ، ترجمة : حلا ج صليبا ، مراجعة : هنري زغيب ، ص ١٦٨.

(٣) البنية الشعريّة في مسرحيات محي الدين زنكنه ـ دراسة أسلوبيّة ، رسالة دكتوراه ، باوەدين كريم مولود، جامعة سليمانية ، كلية اللغات ، ٢٠٠٧، ص ١٦٠.

کۆ ناکرێنەوە ))[1] وگەر لە خواستندا نەبێت ئەم ڕێزبوونــە شــیاو نــی یــە، لــەم بۆچوونەدا مەبەست ئەوەیە دەشێت شاعیر واتایەکی دوور لــە واتــای دروســت بۆ ووشەیەکی وەك **مـانگ** بـەکاربهێنێت، ئەمــە دەبێــت بــە هــۆی دروســت بوونی وێنەی خواستن، چونکە بناغەی خواســتن بریتــی یــە لــە لێچــواندن لــە نێــوان دوو شــت یــان دوو کــەس، و لەوچــوو دەهێنیــت و لێچــووی پــێ دەچوێنیت، وەك دەگوترێ :ـ ***شێرم بینی*** لە بڕی ئەوەی بگوترێت :ـ ***پیاوێکم بینی وەك شێر بوو لە ئازایەتی دا***، بەڵام ئەم دوور بەکارهێنانەی واتا لە خواستندا ئەوە ناگەیەنێت کە بە درۆو نـا ڕاسـت دابنرێـت، بـەڵکو (( بـوونی نیشانەیەك کە ڕێگرە لە بەردەم بوونی واتا ئەسڵی یەکـە خـوازەو خواسـتن لـە درۆ جیادەکاتەوە، لەبەرئـەوەی لـە درۆدا قسـەکەر نیشـانە ناهێنێـت بـەڵکو هەوڵ دەدات بۆ زیاتر جەختکردن لەسـەر قسـەکانی ))[2]، ئەمــەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە شیعر بە گشـتی زیـاتر بـۆ واتـای دوورو شـاراوە دەچـێت و (( شیعر زمانی ئاسایی تێك دەشکێنێت بۆ ئـەوەی وێنەیـەکی تایبـەتی بنیـات بنێت و لە نوێ زمان بنیات بنێتەوە، ئەمەش لە سـەر خواسـتن دەچەسـپێت، لەبەرئەوەی داڕشتنێکی زمانی تایبەتەو دەیەوێت ووشە لە ژینگەی ناسـراوی خۆی بگوازێتەوە بۆ ژینگەیـەکی تـری نەناسـراو، ئەمــەش بـەهرەی شـاعیری

(٤) بنية اللغة الشعرية ، جان كوهن ، ت : ـ محمد الولي و محمد المعمري ، تم نشر هذا الكتاب ضمن سلسلة المعرفة الأدبية ، دار توتعال للنشر، المغرب ، دار البيضاء ، الطبعة الأولى ، ١٩٨٦، ص ٢١٤، ٢١٥.

(١) مختصر المعاني ، لسعد الدين التفتازاني ، الناشر إنتشارات دار الفكر، إيران ، قم ، ١٣٣٦ ، ص ٢٢٤، ٢٢٥.

پێویستە بۆ ئەوەی بمانخاتە بەردەم کردەیەکی لەپڕو سەرنج ڕاکێش لە ڕێگەی دارشتنە تازەکەی کە شاعیر ووشەکانی تێدا ڕێزکردووەو شتێکی داهێنەرو تازەی بۆ دەرخستووین ))(١)، ئەمەو سەرهەڵدانی گروپ و کۆمەڵەی ئەدەبی هۆکاری تر بوون بۆ زیاتر تەشەنەکردن و بلاوبوونەوەی ئەو هونەرە، وەك لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی عەرەبی دا باسی ئەوە کراوە، لە وولاتە عەرەبیەکاندا چەند شوێنێك هەبوو بۆ کۆبوونەوەی شاعیرو ڕەخنەگران ،(( وەك (بازاڕی عُکاظ)ی نزیك مەککە،جێگایەك بوو شاعیرو ئەدیبان ڕوویان تیَ دەکردو هەریەکەیان شیعرو بەرهەمی خۆی پێشکەش دەکردو بیروڕای لەسەر ئالۆگۆڕ دەکرا،کە ئەمەش بە بناغەی ڕەوانبێژی عەرەبی دادەنرێت، شیعرەکانیان پڕ بوو لە لێچواندنی جوان و خواستنی بەهێزو پڕ واتا بەلاَم لەم سەردەمەدا ناویان بەم شێوەیە لیَ نەنرابوو و دابەش نەکرابوون، بەلْکو دابەشکردن و جیاکردنەوەیان حالَەتێکی بەدەستهێنراوەو لەمەودوا ووردە ووردە سەری هەلْدا ))(٢)،کەواتە لەم سەردەمانە لە ئەدەبی عەرەبی دا زیاتر گرنگی بە هونەرە ڕەوانبێژیەکانی وەك خواستن درا، سەرەڕای ئەمانەش هۆیەکی تری سەرهەڵدانی خواستن دیسان دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزی لاسایی کردنەوە،کە بایەخێکی زۆری لە ئەدەب و هونەر پیَ دراوە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەفلاتون و ئەرەستۆی فەیلەسوف و بیرمەندانی یۆنان، هەروەکو دەگوترێت: ـ(( لاسایی کردنەوە سیَ جۆرە:ـ لاسایی کردنەوەی

---

(٢) البناء الشعري عند كشاجم ، ضياء عبدالرزاق أيوب العاني ، ص ١٥٥.

(٣) بلاغت، أصغر داديه و بابك فرزانه، كتابخانه‌هاى ديجتال، مركز دائره المعارف بزرگ إسلامي، إنترنيت :ـ w.w.w.Cgie.org.

لێچــواندن، لاســایی کردنــەوەی خواســتن، لاســایی کردنەوەیــەکی کوشــندە ))[1]،کەواتە کردەی لاسایی کردنەوە هۆکارێکە بۆ ئــەوەی ووشــەیەك بــە هــۆی لێچواندنی بە شتێکی تر لە واتای خــۆی دوور دەخرێتــەوەو بــۆ واتــای دووەم بەکاربێت،ئەمەیە کە بە خواستن دەناسرێت،بۆ نموونە:ـ (( ووشــەی ***ڕێــوی*** واتــا فێڵبــازی نەدەگەیانــد تــا ئــەو کاتــەی فێڵبــازی لــە ڕووی دەلالەتــە زمانەوانیەکانەوە کەوتە بیری بەکارهێنەرەکانیــەوە، بۆیــە دەتــوانیین دەلالــەتی ***ڕێوی*** شی بکەینەوە بۆ ***(ئاژەڵ + فێڵباز)*** کە بەرەنگاری کردووە لــە واتــای دووەمی کە بەکارهێنراوە خواستەیی یەکەیە ))[2]، هەروەها چــەندین نموونــەی تری وەك :ـ ***ئازاد پارچەیەك سەهۆڵە***، واتا ئەو کەسە هیچ سۆزو بەزەیی نی یە، ***ئارام پارچەیەك حەڵوایە***، واتا خۆشەویستەو شیرینە لە دڵان ، هەروەها: ـ ***کاتژمێرەکان خێرا دەخشین و ئێمە هەر چاوەڕێمان دەکرد***، واتا کات خێرا دەڕۆی و تێ دەپەڕی، ڕستەی یەکەم و دووەم تا ڕادەیەك ڕوونــترن لــە ڕســتەی سێ یــەم ... وەك دەبیــنین پەیوەندیــەك هەیــە لــە نێــوان خێرایــی ڕۆیشــتن و بەسەربردنی کات[3]، هەروەها لە زمانی ئاســایی ڕۆژانــەدا زۆر نموونــەی تــری خواستن بەرچاو دەکەوێت،(( وەك: ـ ***بن باڵی دۆڵ ، باڵی کۆشکەکە، قاچی کورسی ، سەری ساڵ ، پشتی کتێب، قەدی درەخت، چاوی ڕووبار***، ئەوانە هەموویان خواستنن و بەکارهاتوون بۆ داپۆشینی ئەو شتانەی کــە لەمــەوپێش

---

(٤) معجم النقد العربي القديم ، الدكتور أحمد مطلوب، الجزء الثاني ( ر- ي)، ص ٢٥٧.

(١) بنية اللغة الشعرية ، جان كوهن ، ت : ـ محمد الولي و محمد المعمري ، ص ١٢١.

(٢) بڕوانە:ـ النظرية الإستبدالية للإستعارة ، د. يوسف مسلم أبو العدوس ، جامعة كويت ، حوليات كلية الأداب ، الحولية الحادية عشرة ، ١٩٩٠م ، ص ٦١ ،٦٢.

ناویان بۆ دانەنراوەو وەزیفەی ئەم بریتی یە لە ناونانی ئەوەی ناوی نەبووە ))[1]، نموونەیەکی تر لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت :ـ(( ***کەشتی یەکە دەریاکەی کێڵا***، هەموو واتایەکی ئەم ڕستەیە لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە ***کەشتی یەکە لە ناو دەریادا دەستی بە جووڵە کرد***، و هیچ کردارێکی کێڵانْ بە واتای خۆی بوونی نی یە، و هیچ شتێك جگە لە کەشتی یەکە لە بەرچاومان نی یە، کە وردە وردە تەنانەت کەشتی یەکەش لە ناو کردارەکەی دا وون دەبن، و خواستن دەبێتە ئاماژەیەکی خواستراو بۆ جووڵانەکەی و بیرمان بۆ هیچ شتێکی تر ناچێت و ئاوڕ لە هیچی تر نادەینەوە ))[2].

لەم چەند نموونەیەی سەرەوەدا لە چەمك و واتای خواستن تێ دەگەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوونی چەند بەشێك دەکەین کە بەشداریان لە دروست بوونی خواستنەکان کردووە، ئەمانە بە بنەڕەتەکانی خواستن ناسراون ، کە بریتین لەم چوار بنەڕەتەی خوارەوە :ـ

٤. ***لێ خواستراو ـ المستعار منه:ـ*** کە بەرامبەر لەوچوو دەوەستێ .
٥. ***بۆ خواستراو ـ المستعار له:ـ*** کە بەرامبەر لێ چوو دەوەستێ لە لێچواندن دا.
٦. ***خواستراو ـ المستعار:ـ*** بەرامبەر ڕووی لێکچوون دەوەستێ.
٧. ***نیشانەی خواستن ـ القرينة.***

(٣) الصورة الفنية في الخطاب البلاغي و النقدي ، تأليف : الولي محمد، ص ٢٥٦.
(٤) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب، د.جابر عصفور، ص ٢٤٧.

یەکەمیان واتای ووشە خواستراوەکەیە کە لە شوێنی خۆیەتی، ئەوەی تر واتا خواستراوەکەیە، واتە ئەوەی گواستراوەتەوە لە لەوچوو بۆ لێچوو کە لە شوێنی خواستراو بەکاردێت ،کاتێك کە دەڵێین :ــ ***خۆر تووشی وون بوونی کردم*** ، ناشێت ***خۆر*** بە واتای دروستی خۆی تێ بگەیت، ***خۆری*** ڕاستی وونت ناکات، کەواتە ووشەی ***وون کردن*** ڕێگرە لە بەردەم بوونی واتا ڕاست و دروستەکەی، بۆیە بە ***نیشانە*** دادەنرێت کە دەلالەت لە بوونی واتا خوازراوەکە دەکات و ڕێگرە لە بەردەم بوونی واتای دروست [1].

لێرەدا شتێکی تر دێتە ڕێگەمان و پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، دەبینین بۆ دروست بوونی خواستن چەند مەرجێك پێویستە هەبێت و هەنگاوێك دەبێت بهاوین ،کە گرنگترینیان بریتین لە :ـ

١. پێویستە لە بنەڕەتدا لێچواندنێکی نهێنی هەبێت ، لێچواندنێك نەبێت خواستن نایەتە دی ، واتە پێویستە پەیوەندی یەکی لێچواندن لە نێوان بۆ خواستراوو لێ خواستراو دروست بکەین.
٢. پێویستە هەردوو لایەنەکە تەواو تێکەڵ بکەین و ئاشکرا نەبێت کە دوو لایەن هەیە، بەڵکو دەبێت تەواو وەك یەك شت دەرکەون، لەم حاڵەتەدا لێ چوو (لێ خواستراو) دەخرێتە شوێنی لەوچوو (بۆ خواستراو)و دەکرێن بە یەك شت.

(١) بڕوانە ـ بيان ، دكتر سيروس شميسا، ص ١٩٦، و البلاغة الواضحة ، البيان و البديع، للمدارس الثانوية ، تأليف ـ علي الجارم و مصطفى أمين ، ص ٧٠.

٣. پێویستە نیشانەیەك هەبێت و ڕوونی بکاتەوە کەوا واتای دروست مەبەست نی یە، بەڵکو مەبەست واتای خواستراوە(١).

ئێستا نموونەیەکی شیعری شی دەکەینەوە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەو پێناسەو هەنگاوانەی لە سەرەوە باسکران ، هەروەك قوبادی جەلی زادە لە شیعرێکی دا دەڵێ : ـ

پایز ،
لە جامخانەی زێڕینگەرانەوە
هەڵدەکات
نێو قەدی دارستانەکان ،
ڕادەوەشێنێ
دنیا دەکات ،
بە یەک پارچە ئاڵتوون ! ل ٦٤٠


بۆ لێکدانەوەی وێنەی خواستن دوو شێوە شی کردنەوە هەیە، پێویستە ئاماژە بە هەردوو شێوە بکەین :ـ

(٢) بڕوانە : ـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٧٣ـ ٧٦.

### ١. شی کردنەوەی ڕەوانبێژی کۆن :ـ

لەم کۆپلە شیعرەدا ***ووردە زێڕی زێڕنگەران*** خواستراوە بۆ ***گەڵای زەردی پایز***، لە وێنەکەدا ئاماژە کراوە بە ***هەڵکردنی بای پایز لە جامخانەی زێڕنگەرانەوە، کە نێوقەدی درەختەکان ڕادەوەشێنێت و دنیا پڕ دەکات لە پارچە ئاڵتون***، ئەمە وێنەیەکی خواستنەو شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو خواستنەوە دەری بخات کە ووردە گەڵای پایز وەك ئەو پارچە زێڕانەیە کە لە جامخانەی زێڕنگەران داندراوە، وەك ئەوەی پایز لەو جامخانانەوە هاتبێت و ئەو پارچە زێڕانەی لەگەڵ خۆی هێنا بێت و پەرش و بلاوی کردبێتەوە، ئەمە ئەو جۆرە وێنەیە کە بە ***وێنەی خواستن*** ناودەبرێت.

### ٢. شی کردنەوەی نوێ :ـ




**پایز ،لە جامخانەی زێڕینگەرانەوە هەڵدەکات .... دنیا دەکات ،بە یەک پارچە ئاڵتوون**

١. ***چرکەساتی یەکەم:ـ*** دوورکەوتنەوە لە ووردە گەڵای پایز بەرەو پارچە ئاڵتونی جامخانەی زێڕنگەران.

٢. ***چرکەساتی دووەم:ـ*** گواستنەوە لە واتای یەکەم (پارچە ئاڵتون )ەوە بۆ واتای دووەمی خواستراو: ( ووردە گەڵای پایز)[١]، و لەم گواستنەوەیەوە وێنەی خواستن پێکهاتووە، هەروەك لەم هێڵکاری یەی خوارەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:ـ

*لێ خواستراو* ⎱ *ڕەشەبایەك هەڵی کردووە، جامخانەی زێڕنگەران دەشکێنێت و پارچە زێڕ پەرش و بڵاودەکاتەوە و دنیا دەکات بە یەك پارچە ئاڵتون*

*بۆ خواستراو* ⎱ *پایز گەڵای زەردی وەك پارچە زێڕ دەهێنێت و بڵاوی دەکاتەوەو دنیا پڕدەکات*

*لە گەڵای زەردی وەك ئاڵتون*

*نیشانە* ←*هەڵکردن و ڕاوەشاندنی قەدی درەختەکان سیفاتی ڕەشەبایە و دراوەتە پایز*

*پەیوەندی* ←*لێچواندنە، گەڵای زەردی پایز لێچووە، پارچەی زێڕی زێڕنگران لەوچووە*

لەم نموونەیەی سەرەوەدا هەست بە گرنگی خواستن دەکەین بۆ پێك هێنانی وێنەی ڕوونبێژی ، لەبەرئەوەیە کە (( خواستن بە مەزنترین

(١) بۆ لێکدانەوەی وێنەی خواستن ئەم دوو جۆرە شی کردنەوەیە لە لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژیەکاندا بەکارهاتوون ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا جۆرێك شی کردنەوە بەکاردەهێنین کە زیاتر لە شێوەی یەکەم نزیکترەو ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە ڕوونترو ئاسانترە بۆ تێگەیشتن بەبەراورد بە شێوەی دووەم ، بڕوانە:ـ وێنەی هونەری لە شیعری ( شێخ نووری شێخ ساڵح )، عبدو لسەلام سالار عەبدو ڕەحمان ، ل ١١٧ـ ١٢١.

کەرەستەکانی وێنە کێشانی وێنەی شیعری دادەنرێت، چونکە توانای وێنە کێشانی هەست و سۆزە کپ کراوەکان و بەرجەستە بوونی هەیەو دەتوانێت دەریان بخات و کاریگەریمان بەسەردا دروست بکات، بەمەش ئامێرێکی گەیاندنی باش دەبێت بۆ دەرخستنی ئەوەی لە سینگی شاعیردا هەیەو دەیگوازێتەوە بۆ وەرگرەکان لە شێوەیەکی جوانی کاریگەر))[١]، سەرەڕای ئەوەش سوودێکی تری خواستن ئەوەیە کە زۆرجار(( خواستن بەکاردێت بۆ دانانی ڕوونکردنەوەیەکی بەرجەستەیی ئەو شتانەی کە واتایین، هەرچەندە ئەمە تاکە فرمانی خواستن نی یە بەڵکو فرمانێکی تری ئەوەیە کە شێوەیەکی جوان بە نووسین دەدات))[٢]، ئەم گرنگی پێدانەی خواستن وەك هونەرێکی ڕوونبێژی دەبێتە هۆیەك بۆ ئەوەی وێنەی خواستن بە گرنگترین جۆرەکانی وێنەی ڕوونبێژی دابنرێت، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین: (( خواستن و لێکچواندن بەشداری دەکەن لە دروست بوونی وێنە، بەلاّم بناغەی دوو لایەنەی خۆیان لە دەست دەدەن لەگەڵ ئاوێتە بوونیان بە کەرەستەکانی وێنە،...و شێوازەکانی ڕەوانبێژی لە سەرووی هەموویانەوە لێچواندن و خواستن هەردەم خزمەتی وێنەی هونەری دەکەن و دوو بنەمای سەرەکین بۆ

(١) التصوير الشعري ـ رؤية نقدية لبلاغتنا العربية ، الدكتور عدنان حسين قاسم ، الدار العربية للنشرو التوزيع ، دار الحنان للطباعة ، دار السلام ،شارع عباس العقاد ، مدينة نصر ، د. ت ، ص ١١١.

(٢) Modern Rhetoric Harcoutt, Brooks, cleanth, Robert pem warren ,P 444.

دروست بوونی بەلاّم شێوازێکی تازەیان وەرگرتووە ))[1]، ئەم خالّە هاوبەشانەی نێوان خواستن و لێچواندنیش دەبێت بە هۆی نزیك بوونەوەی ئەو دوو هونەرە لە یەکترو زۆرجار خواستن بە بەشێك لە لێچواندن دادەنرێت یان تێکەلّی لە نێوان ئەو دوو هونەرەدا دروست دەبێت و لێك جیا ناکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە خالّە جیاوازەکانی نێوانیان دەست نیشان بکەین، کە گرنگترینیان لەم چەند خالّەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە : ـ

١. خواستن لە لێچواندن بەهێزترە لە ڕووی ڕەوانبێژی یەوە، بە تایبەتی لە شیعری نویّ و هاوچەرخدا خواستن زالّترە بە سەر لێچواندن، چونکە لێکدانەوەی شاراوەترە، ئەمیش بە هۆی ئەوەیە کە خواستن لە لێچواندنێکی بەهێز دروست دەبێت کە تەنها هەر لە لەوچوو، لێچوو پێك هاتووە[2]، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی زۆرجار بۆ بەراورد کردن لە نێوان ئەو دوو هونەرە گوتراوە:ـ ((خواستن قولّترە لە لێچواندن لە ڕووی خەیالّ و وێنەکێشان و بەهێزترە لە دارِشتندا،... شاعیر لە خواستندا سنووری پەیوەندی یە لۆجیکی و ئاشکراکان دەبەزێنێت و هەولّی دروست بوونی پەیوەندی تازەو سەرنج ڕاکێش دەدات کە مێشك و

(٣) الصورة في قصيدة الرؤيا ـ تجربة الحداثة في مجلة ( شعر)و( جيل الستينات في سورية )، د. عبد الله العساف ،الناشر : دار دجلة ، سورية ، القاميشلي ، الطبعة الأولى ،٢/ ١٩٩٦، ص ٦٧.

(١) بڕوانە:ـ الصورة الشعرية ، تأليف: ـ سي دي لويس ، ت: د.أحمد نصيف الجنابي ، مالك ميري ، سلمان حسن إبراهيم ، مراجعة : د. عناد غزوان إسماعيل، الجمهورية العراقية ، منشورات وزارة الثقافة و الإعلام ، دار الرشيد للنشر، بغداد،١٩٨٢، ص ٤٤، و خۆشخوانی ، گوزارەکاری ـ ڕەوانکاری ـ جوانکاری ، علاء الدين سجادي ، ل ٣٤.

دەروون پێ ی سەرسام دەبـن و ئـەو قـوڵی و ئـەو هێـزە لـە لێچـواندندا بەرچاو ناکەوێت، بۆیە خواستن کـورتتروووردتـرە بـۆ سـەلماندنی واتاکـان ))(١).

٢. بنەڕەتـەکانی دروسـت بـوونی هەریەکـەیان خـاڵێکی تـری جیاکـەرەوەی نێوانیانە، و هەر کاتێك (( لێچواندنێك هەبوو لێچووەکەی لابرا بـوو و لـە شوێنی ئەو لەوچووەکەی خواسترا بوو کە شوێنی بگرێتەوە لـە سـەر ئـەو بنەمایەی کە لەوچوو هەمان لێچووە،کە ئەمـەش... زیـاتر هووشـەکاری تێدایـە بـە(خـوازەی خواسـتن) ناودەبرێـت ))(٢)، بـە شـێوەیەکی ڕوونـتر دەتوانرێت بگوترێت، بوون و نەبوونی هـەردوو بنەڕەکـە سـەرەکی یەکـە( لێچوو، لەوچوو) هونەری خواستن و لێچواندن لە یـەکتر جیـا دەکەنـەوە، هـەروەکو(( پێناسـەی خواسـتن وا کـراوە کـە لێچـواندنێکە یـەك لـە لایەنـەکانی لادراوە، هـەروەها بریتـی یـە لـە خوازەیـەك پەیوەندیەکـەی لێچواندنە،...شێوازی لێچـواندن دروسـت نابێـت جگـە لـە بـوونی دوو لایەنەکەی لێچواندن بە یەکەوە، و گەر یەکێکیان لابـرا دەبێتـە شـێوازی خواستن ))(٣).

---

(٢) البناء الشعري عند إبن زيدون ، رسالة ماجستير، عمر خليل إبراهيم المحمدي ، كلية التربية ، جامعة الأنبار،١٩٩٦، ص ١٦٦.

(٣) البلاغة الواضحة، البيان و البديع ، للمدارس الثانوية ، تأليف : علي الجارم و مصطفى أمين ، ص ٧٦.

(٤) تهذيب البلاغة، الدكتور عبد الهادي ، ص٩٠.

٣. بۆ دروست بوونی وێنـەی خواسـتن پێویسـتە لـە سـەرەتادا لێچـواندنێك هەبووبێت، دواتـر لایـەنێك لـە لایەنـەكانی لادراوەو بـووە بـە خواسـتن، واتە ((هەموو خواستنێك بۆ لێچواندن دەگەڕێتـەوە، بـەڵام پێچـەوانەكەی ناشێت و هەموو لێچواندنێك خواستن نی یە))[١]، هۆی ئـەم خاڵـەش بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە (( خواستن ئەوەیە كە لایەنێكی لێچـواندن بگووترێـت و مەبەست لایەنەكەی تـر بێـت، بـە نیـازی بـوونی لێچـوو بـە ڕەگـەزی لەوچوو وەك دەلالەتێك بۆ سەلماندنی لێچوو بە لەوچـوو...، واتـە كاتێـك كە بانگهێشەی بوونی لێچوو بە هاوشێوەی لەوچـوو دەكـەین و دەیكـەین بــە تاكێــك لــە تاكــەكانی و لــە ڕووی ڕەگــەز یــان پەیوەســتێك لــە پەیوەستەكانی كە دەرخراوە لە لێچوو))[٢] ئەمە دەبێت بـە خواسـتن و لـە لێچواندن جیا دەبێتەوە.

٤. لە لێچواندن دا ڕووی لێچوون لـە لەوچـوو زەق و ئاشـكراترە، بـەڵام لـە خواسـتن دا ئـەو زەقەیـە نـامێنێ هـەردووكیان تێكـەڵاو دەبـن و ئـەو تێكەڵاویە دوو سەری شتەكە زیاتر لێك نزیك دەكاتەوە[٣]، بۆ نموونـە :ـــ ***(شێرێكم لە قوتابخانە دی)*** ئەمە خواستنە نەك لێچواندن[٤].

---

(٥) الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبـن عبـد الله شـعيب ، ص ١٢٩.

(١) مفتاح العلوم ، تأليف ـ أبي يعقوب بن أبي بكر محمد بن علي السكاكي ، ص ٥٩٩ .

(٢) بڕوانەـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٧١ .

(٣) بڕوانەـ جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ٢٧٤.

٥. لێچواندن زیاتر درێژبڕی تێدایە بە بەراورد لەگەڵ خواستن، و دەکرێت خواستن بە کورتکردنەوەی لێچواندن دروست بێت [١].

٦. هەر سەردەم و قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی، بە یەکێك لەم دوو هونەرە زیاتر ناسراوە، هەروەکو (( گووتراوە لێچواندن بلاۆترە لە خواستن لە سەردەمە کلاسیکیەکاندا کاتێك شاعیر هەندێ جارـ کەمتر خۆی بە خەیاڵ ماندوو دەکرد،و زیاتر خۆی پەیوەست دەکرد بە حوکمی ئەقڵ و لۆجیك،بەلاّم خواستن زیاتر پەرەی سەند لای ڕۆمانسیەکان کە خەیاڵیان سەربەست کردوخۆیان نەدەبەستەوە بە ڕێساکانی ئەقڵ و لۆجیك بەو شێوەی کلاسیکیەکان ))[٢].

ئەم خالانەی سەرەوە خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەو دوو هونەرەی ڕوونبێژی بوو، پێویستە لێرەوە بۆ جۆرو بەشە جیاوازەکانی وێنەی خواستن بچین. خواستن هونەرێکی فراوانی بەشی ڕوونبێژی یەو چەندین جۆرو بەشی جیاجیای لێ دەبێتەوە، و پێویستە ئاماژە بەو بەش و جۆرانە بکەین تا زیاتر لەم هونەرە تێ بگەین، بەلاّم پێش ئەو دابەشکردنە بۆ جۆرەکانی خواستن چەند پێویستە چەند شتێکی تر بخەینە ڕوو کە بە شێوازەکانی دروست بوونی وێنەی خواستن ناویان دەبەین .

وەك لە ناسینی خواستندا دەرکەوت ئەو هونەرە بریتی یە لە گواستنەوەی واتایەك بۆ شوێنێکی دوور لە شوێنی ڕەسەنی خۆی ، ئەم گواستنەوەی

(٤) بڕوانە: النظرية الإستبدالية للإستعارة ، د. يوسف مسلم أبو العدوس ، ص ١٧.

(٥) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور، ص ١٩٩.

واتایە زۆرجار دەبێت بە هۆیەك بۆ دروست بوونی پەیوەنـدی یـەکی بـەتین لـە نێوان خواستن و خەیاڵ ،کـەواتە(( خواستن پەیوەندیەکی بـەهێزی بـە خەیاڵـەوە هەیە، جیهانی خەیاڵ ئەو تاکە هێزەیە کە داهێنان دەداتە شـاعیر...، خـەیاڵ توانایەکی سەیری هەیە بۆ ئاوێتە بـوونی بنەڕەتـەکان بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵێکی گونجاو دروست بکات ، هەر ئەمەش وای کردووە کـە پەیوەنـدی خواسـتن بـە خەیاڵەوە لە سێ لایەندا دەردەکەوێت :ـ

١. هاوشـێوەبوون و هاوڕەگـەز بـوون لـە نێـوان شـتەکان کـە هەنـدێ جـار بەیەکـەوە دەبەسـترێن و خـەیاڵ بـەراوردیان دەکـات و لـە شـێوازی جۆراوجۆری تاك و لێکدراودا وێنەیان دەکات.

٢. بەخشینی ژیان بە شتە هەسـتەیەکان و بەخشـینی ژیـانی مـرۆڤ و ئـاژەڵ پێ یان .

٣. گواستنەوەی بیر لە واتایەك بۆ واتایەکی تر لە ڕێگەی وێنـەی خواسـتەیی.))(١)

ئەم خاڵانەی سەرەوە کە بریتین لە پەیوەندی نێـوان خـەیاڵ و خواسـتن، دەبـن بە هۆی ئەوەی(( شاعیر بە وێنەی خواستن زمان لـە چوارچـێوەی بـەکارهێنانی ئاسایی خۆی دەگوازێتەوە بۆ چوارچێوەی داهێنـان و نەناسـراوی، کـە تیایـدا ڕێساکانی زمان دەبەزێنێت بۆ ئاڵۆگۆڕکردنی ووشەو ئاڵوەڵناوەکـان لـە نێـوان بەرجەستەیی و واتاییەکان ، و لەمەشدا پشت بە سێ کۆڵەگە دەبەسـتێت :ـــ بەکەس کردن ـ التشخیص ، بەرجەسـتەکردن ـ التجسـید، بـە تـەن کـردن ـ

(١) البلاغة و الأسلوبية ـ مقدمات عامة ، يوسف أبو العدوس ( إعداد) ، ، ص ١١٧.

التجسيم ))[1]، سەرەڕای شێوازی هەستگۆڕکێ و دەسەڵاتداری هەستەکان ـ تراسل الحواس و سلطان الحواس ـ کە ئەمانە هەموویان دەبن بە کۆڵەگەی دروست بوون و بنیاتنانی وێنەی خواستن، و کەم وێنەی خواستن هەیە بە بێ بوونی یەکێك لەم شێوازانە دروست ببێت، هەروەکو لە خوارەوە بە پاڵپشتی نموونەی شیعری باس لە هەریەکەیان دەکەین :ـ

## ١. *شێوازی بەتەن کردن ـ التجسيم* * :ـ

یەکێکە لەو شێوازانەی وێنەی خواستنی پێ بنیات دەنرێت، وەك ئاشکرایە (( هەموو هەست پێکراوێك جەستەیەکی هەیە جا ئاقڵ بێت یان بێ ئەقڵ ، زیندوو بێت یان مردوو،... و زاراوەی (بەتەن کردن ـ التجسيم ) هەوڵی ئەوە دەدات واتاییەکان بکاتە هەست پێکراو... واتە بەهۆی بەتەن کردنەوە واتاییەکی ڕووت دەکەین بە هەستپێکراو کە بەریەك دەکەون و دەبیستن و بۆن و چێژ دەکەن ))[2]، واتە شاعیر دیاردەیەکی ژیری و ناهەستی دەکات بە هەستی و لە شێوەی تەنێکی هەست پێکراو نیشانی دەدات و دەیکات بە بابەتی وێنە خواستنەکە.

---

(٢) مستويات البناء الشعري عند الطغراني ، أحمد عبد الله محمود العاني ، ص ٢٠٢.

* بۆ بەکارهێنانی ئەو زاراوانە بە زمانی کوردی سوودم وەرگرتووە لە : ـ بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا ـ (١٩٧٠ـ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل١٣٠ـ ١٤٤.

(٣) الصورة الفنية معياراً نقدياً ـ منحنى تطبيقي على شعر الأعشى الكبير، د. عبد الاله الصائغ ، العراق ، بغداد، أعظمية ، دار الشؤون الثقافية العامة ، مطبعة آفاق العربية ، ط. الأولى ، ١٩٨٧، ص ٤١٧.

ئەو جۆرەیان لە هەموو شێوازەکانی تر گرنگترەو گرنگیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (( ووشەی وێنە لە ئەسڵدا واتای بەتەن کردن دەگەیەنێت ... دواتر واتاکەی فراوان بوو لە ڕەخنەی ئەدەبی تازەدا، لەبەرئەوەی لەم قۆناغەوە بەکارهێنانی تەنها پەیوەست نابێت بەوەی چاو دەیبینێت، بەڵکو فراوان کرایەوە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە کار لە سەرجەم یان لە بەشێك لە هەستەکانمان دەکەن، چونکە هەر هەستێك جۆرە وێنەیەکی لێ دێتە بەرهەم ،... لەسەر بنچینەی لێچواندن یان خواستن یان هونەرە ڕەوانبێژیەکانی تر، جا ئەو هەستەی پشتی پێ دەبەستێت هەر کامیان بێت ))[1]، ئەمە بناغەو بنچینەی سەرهەڵدانی ئەو شێوازەی بنیاتنانی وێنەی خواستننە، و نموونەی ئەمەش لە شیعری هاوچەرخی کوردیمان زۆرە، هەروەکو قوبادی جەلی زادە دەڵێ :ـ

**کۆترە شینکەکانی زانکۆ**

**شیعرم ..**

**کیژۆڵەیەکی پارچەڵەی سواڵکەرەو**

**ڕۆژ تا ئێوارە**

**لە زارکی کۆلیژەکانا**

**لە نێو بازاڕی (سیروان) دا**

**یەخەی بەزەییتان دەگرێ**

---

(١) الشعر العربي المعاصر روائعه و مدخل لقرأته ، الدكتور طاهر أحمد المكي ، ص ٨٢ .

## بە داوێنی تەنوورەی خۆڵەمێشییا

## بە لیڤیسکا هەڵدەگەڕێ    ل ٢٢٣

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی خواستن لەسەر بنچینەی ئەو شێوازە بنیات نراوە:ـ

***١) وێنەی یەکەم :ـ***

*واتای دروست ←شیعر یەخەی بەزەیی کچانی زانکۆ دەگرێت*

*واتای خواستراو ← شیعر دەچێتە بەردەم کچانی زانکۆ و داوای بەزەییان لێ دەکات*

*نیشانە ← بەزەیی شتێکی ژیری یەو جەستەی نی یە تا یەخەی هەبێت و یەخەی بگیرێت*

*پەیوەندی ←لێچواندنە، بەزەیی لێچووە، مرۆڤێك کە یەخەی دەگیرێت لەوچووە*

***٢) وێنەی دووەم :ـ***

*واتای دروست ← شیعر بە تەنوورەو لڤیکسا هەڵدەگەڕێت*

*واتای خواستراو ← شیعر دەچێتە بەردەم کچانی زانکۆ و لێ یان نزیك دەبێتەوە*

*نیشانە { شیعر ناتوانێت بە تەنوورەو لڤیکسا هەڵبگەڕێت ، شیعر شتێکی ژیری یەو جەستەی نی یە تا سیفاتانەی بدرێتە پاڵ کە تایبەتن بە شتێکی هەستی*

*پەیوەندی ←لێچواندنە، شیعر لێچووە، زیندەوەرێك بە شتدا هەڵدەگەرێت لەوچووە*

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی خواستن لە سەر بنچینەی ***بەتەن کردن ـ التجسیم ـ*** هاتۆتەدی، وەك ئاشکرایە ***بەزەیی*** ، ***شیعر*** شتێکی ژیرین و لە ڕێگەی ئەو شێوازەوە کراون بە هەستی و سیفەتی ***بە سەردا هەڵگەران ، یەخەگرتن*** ی زیندەوەری پێ دراوە، ئەم کردارەی کە ***بەزەیی*** ، ***شیعر*** لە شتێکی ژیری و ناهەستی دەگۆڕن بۆ شتی هەستپێکراو بە ***شێوازی بەتەن کردن ـ التجسیم ـ*** ناودەبرێت.

٢. ***شێوازی بەرجەستە کردن ـ التجسید ـ:***

ئەو شێوازەش وەك شێوازی پێشوو خاسیەتی هەستی دەدات بە شتە واتایی یەکان بۆ بنیاتنانی وێنەی خواستن ، بۆیە زۆرجار ئەو دووانە تێکەڵ دەبن، بەڵام جیاوازی نێوان ئەو دوو شێوازە ئەوەیە:ـ (( ***بەتەن کردن ـ التجسیم*** جیاوازە لە ***بەرجەستەکردن ـ التجسید*** لەم ڕووەوە کە تەن (جسم) واژەیەکە بە گشت شتە هەستیەکان لە بێ گیان و ڕووەك و ئاژەڵ و ئادەمیزاد دەوترێ، بەڵام بەرجەستەکردن تەنیا بۆ ئادەمیزاد دەوترێ بە شێوەیەکی تایبەتی ))(١)، بە شێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین بۆ پێناسەکردنی

(١) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠ـ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ١٣٧.

شێوازی بەرجەستە کردن بلّێین :ـ(( شێوازێکە کە لەلایەن ڕەخنـەگرە تازەکـان هاتە کایەوە، لەبەرئەوەی تەن گشتگیرە بـۆ هـەموو شـتێکی هەسـتی، بـەلاّم جەستە تایبەتە بە مرۆڤ ... ئەگەر تەن ئەو قەبارەیە بێت کە هـەر تـەنێك لـە بۆشایی دا دەیگرێـت، ئـەوا جەسـتە تـەنها تایبەتـە بـە جەسـتەی مـرۆڤ، و بەرجەستەکردن خاسیەت وکردەکانی مرۆڤ دەدات بـە وێنـە واتاییـەکان ))(١)، جا لەبەرئەوەی شێوازی بەرجەستەکردن گرنگی کەمترە نی یە لـە شـێوازەکەی پێشوو، بۆیە دەبینین لـە ئـەدەبی جیهـانی و ئـەدەبی عـەرەبی دا گرنگیـەکی زۆری پیّ دراوە، و بەهۆی ئەو گرنگی پێدانەش زۆرجار ڕەخنـەگرانی عـەرەب بناغەی سەرهەلّدانی بۆ ئەدەبی عەرەبی دەگەڕێننەوەو پـیّ یـان وایـە ناشـێت بە بەرهەمی ئەدەبی بیانی دابنرێت، هەروەکو لـە بۆچـوونێکدا سـەبارەت بـە سەرهەلّدان و گرنگی پێدانی دەگوترێـت:ــ(( هەلّـەن ئەوانـەی پـیّ یـان وایـە (بەرجەسـتە کـردن ـ التجسـيد Personification)* زاراوەیـەکی بیـانی یـەو ناسین و کار پیّ کردنـی لـە دوای پەیوەنـدی کـردن بـە ئەوروپیـەکان هاتۆتـە کایەوە...، دەتوانین بپرسین چ ڕوو دەدات گەر بەرجەسـتە کـردن دامـالّین لـە سەرجەم شیعری عـەرەبی ، وەلاّم :ـ ئەوە ڕوو دەدات هیچ شـیعرێك نامێنیـت

(٢) الصورة الفنية معياراً نقدياً ـ منحنى تطبيقي على شعر الأعشى الكبير، د. عبد الاله الصائغ ، ص ٤١٧ ، ٤١٩.

* زاراوەی Personification بە واتای بەکەس کردن ـ التشخيص ـ دێـت ، بـەلاّم لـەم سەرچـاوە عەرەبی یەدا بە واتای بەرجەستەکردن بەکارهاتووە، جیّ سـەرنج و ئامـاژە پێکردنـە، بـەلاّم مـافی دەستکاری کردنی دەقە وەرگێراوەکەمان نەبوو.

))[(١)]، ئەم ڕایــە گرنگــی شــێوازەکە لــە شــیعری عــەرەبی دەردەخــات، بــەڵام دەتوانین هەمان بۆچوون بە سەر شیعری کوردیشدا بســەپێنین ، و بیکــەین بــە خاڵێك بۆ دەرخستنی گرنگی ئەم شێوازە، و ئەمانە بــە هۆیــەك ســەرهەڵدانی لە شــیعری تــازەی کوردیشــدا دابنرێــت، هــەروەکو قوبــادی جــەلی زادە لــە شێوەی ئەوەدا دەڵێ :ـ

**دیــل**

**بەیانییەك**

**چۆڕێ ئاوی کانیلەیەکی ئازادم**

**خستە زیندانێ* گۆزەیێ**

**کە نیوەڕۆ ویستم بینی پێوە نێم ،**

**ئاوەم بینی ..**

**تەنافێکی لە تیشکی هەتاو چنیوە**

**گیانێکی* پێوە هەڵواسیوە !** ل ١٧٠

*واتای دروست ←——— ئاوم بینی بە تیشکی خۆر گیانی هەڵواسیووە*

---

(١) الخطاب الشعري الحداثوي و الصورة الفنية ـ الحداثة و تحليل النص ، عبد الاله الصائغ ، الناشر المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء ، بيروت ، الحمراء ، الطبعة الأولى ،١٩٩٩، ص ٢٢٥.

* بە گوێرەی واتاو کێشی دێرە شیعرەکان لێرەدا هەست بە بــوونی دوو هەڵــەی چــاپ دەکرێــت لــە کێتبەکەداو بە پێویستمان زانی ئاماژەی پێ بکەین ، لە نیوە دێری یەکەمدا نووسراوەـ ( زیندانێ ) دەبێت بریتی بێت لە (زینداني )، وە لە نیوە دێــری دواتــر نووســراوە ــ ( گیــانێکی ) ڕاســتر وایــە بنووسرێت ـ (گیانی ) ، و بە پێویستمان زانی ڕاست بکرێنەوە.

*واتای خواستراو ⟵ ئاوەکە بە هۆی تیشکی خۆر بۆتە هەڵم و لەناوچووە*

*نیشانە { ئاو گیانی نی یە تا خۆی هەڵواسێت و تیشکی خۆریش نابێت بە تەناف بەڵکو هەندێك مرۆڤ لەو کاتەدا کە بێ ئومێد ئەبێت و بڕیاری خۆکوژی دەدات خۆی بە تەناف هەڵدەواسێت، واتە سیفات و خاسیەتی مرۆڤ دراوە بە ئاو*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، ئاو لێچووە، مرۆڤێك کە خۆی هەڵواسیووە لەوچووە*

لەم وێنە خواستنەدا وا پیشان داوە کە قومێك ئـاو تـەنافی هەڵخستووەو جەستەی خۆی پێوە هەڵواسیوە، واتە ***خۆ هەڵواسین*** کە تایبەتە بە جەستەی مرۆڤ دراوەتە پاڵ ***قومێك ئاو*** ، واتە قومیـك ئـاو وەك مـرۆڤ جەستەی پـێ بەخشراوە، ئەوەیە ناودەبرێت بە ***شێوازی بەرجەستەکردن ـ التجسید*** .

### ٣. ***شێوازی بە کەس کردن ـ التشخیص :ـ***

ئەمەش شێوازێکی ترە لەو شـێوازانەی وێنـەی خواسـتنی لەسـەر بنیـات دەنرێت،(( بەکەس کردن خستنە سەری سروشتی مرۆڤی یـاخود زیـاد کردنـی خاسیەتی ئادەمیزادە بۆ سەر ئـەو شـتانە یـاخود ئـەو گیـان لەبەرانـەی کـە ئادەمیزاد نین، جا ئەو شتانە زینـدوو بـن یـاخود بـێ گیـان بـن ، ژیـری بـن یاخود هەستی))[1]، واتە زۆرجـار شـاعیر چـەند وێنەیـەکی خواسـتن بنیـات

(١) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠ــ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، ل ١٤١.

دەنێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی بەکەس کردنەوە (( کە بریتییە لەوەی سیفەتی ئادەمیزاد بدەی بە بێ گیانێك یان گیانلەبەرێك،کە خۆی ئەو سیفەتەی نەبێت ))(١)، قوبادی جەلی زادەش وەك هەر شاعیرێکی تر ئەو شێوازەی بەکارهێناوە، هەروەکو لە کۆپلەیەکی دا دەڵێ :ـ

**بڕیارم دا .. ئەگەر شاخیش بە لادا بێ**
**ڕووی حەسرەتی لێ وەرگێڕم**
**گەرمە شینی بۆ نەگێڕم**
**بەڵام چی بکەم بە خۆم نییە**
**کە منداڵێ بە کوڵ دەگری**
**<u>وشە دێ دەخیلم دەبێ</u>**
**<u>شیعر دێ داوێنم دەگری</u>** ل ١٦٣

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی خواستن هەیە لەسەر بنچینەی ئەو شێوازە وێنەکانیان دروست کردووە:ـ

**١) وێنەی یەکەم :ـ**

*واتای دروست ⟵ ووشە دەخیلی شاعیر دەبێت و لێ ی دەپاڕێتەوە*

*واتای خواستراو ⟵ ووشە دێ دەخیلی شاعیر دەبێت ، واتە سروشی شیعر لەدایك بووە*

---

(٢) شێوازی شیعری گۆران ، پەخشان عەلی ئەحمەد، ل ٢٣٤.

*نیشانە ←——— ناشێت ووشە دەخیلی شاعیر بێت بەڵکو هۆیەکە بۆ لەدایك بوونی شیعر*

*پەیوەندی ←——— لێچواندنە، ووشە لێچووە، مرۆڤێك کە دەخیلی شاعیر دەبێت لەوچووە*

**٢) وێنەی دووەم : ـ**

*واتای دروست ←——— شیعر داوێنی شاعیر دەگرێ*

*واتای خواستراو ←——— شیعر لە دایك دەبێت و داوا لە شاعیر دەکات دەری ببڕێت*

*نیشانە } ناشێت شیعر داوێنی شاعیر بگرێت ، شیعر شێتکی ژیریەو لە دەروونی شاعیر لەدایك دەبێت و دەبێت دەببڕێت*

*پەیوەندی } لێچواندنە، شیعر لێچووە، مرۆڤێك کە داوێنی شاعیر دەگرێ لەوچووە دەبێتە هۆ بۆ دروست بوونی شیعر*

لێرەدا ***شاعیر*** باس لەو ***ووشە***یە دەکات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی شیعر، بەڵام هاتووە ڕوح و گیانی پێ داوەو بە هۆی زاراوەی :ـ ***دەخیلم دەبێ*** سیفاتێکی مرۆڤی داوە بە ***ووشە***، هەروەها لە نیوە دێری دواتر ئاماژە بە ***شیعر*** کراوە و سیفاتێکی مرۆڤی پێ دراوە کە لە دەستەواژەی ***داوێن گرتن*** دا دەردەکەوێت، ئەمەیە کە بە ***شێوازی بەکەس کردن ـ التشخیص ـ*** ناسراوە، کە هۆیەکە بۆ هاتنە دی وێنەی خواستن.

لەبەرئەوەی ئەو سێ شێوازەی باسکران زۆر لەیەکترەوە نزیکن و جۆرێك لە تێکەڵیان لە نێواندا دروست دەبێت، باشتر وایە جیاوازی نێوان هەرسێکیان لە خشتەیەکدا دیاری بکەین :ـ

| ***بە تەن کردن ـ التجسیم ـ*** | ***بەرجەستە کردن ـ التجسید*** | ***بە کەس کردن ـ*** |
|---|---|---|

| | ـ | ***التشخيص*** |
|---|---|---|
| شاعیر بەهۆی بەتەن کردنەوە واتاییەکان دەکات بە هەستپێکراو، واتە دیاردەیەکی ژیری و ناهەستی لە شێوەی تەنێکی هەست پێکراو نیشان دەدات . | تەن (جسم) واژەیەکە بە گشت شتە هەستیەکان لە بێ گیان و ڕووەك و ئاژەڵ وئادەمیزاد دەوترێ، واتە بەرجەستەکردن تەنیا بۆ مرۆڤ دەوترێ بە شێوەیەکی تایبەتی ، بەڵام بەتەن کردن بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران بەکاردێت . | بریتی یە لە خستنە سەری سروشتی مرۆڤ بۆ سەر ئەو شتانە یاخود ئەو گیان لەبەرانەی کە ئادەمیزاد نین، جا ئەو شتانە زیندوو بن یاخود بێ گیان بن، ژیری بن یاخود هەستی. |

٤. ***شێوازی هەستگۆڕکێ و دەسەڵاتداری هەستەکان ـ تراسل الحواس و سلطان الحواس :ـ***

شاعیران هەردەم لە گەڕان دابوون بۆ هێنانە کایەی شێوازی تازە بۆ دروست بوونی وێنەی شیعری، و لەمەوە شێوازێکی تریان بەدەست هێنا کە بە ***شێوازی هەستگۆڕکێ و دەسەڵاتداری هەستەکان*** ناسرا، ئەمە ئەو شێوازە داڕشتنەیە کە زانایانی دەروونناسی بە ***هەستگۆڕکێ ـ تراسل الحواس*** یان ***داماڵێنی هەستەکان ـ تجريد الحواس*** ناویان بردووە، هەروەکو لە ئەدەبی جیهانی دا زۆر نموونەی ئەدەبی هەر لە ناونیشانەکانیانەوە بەر ئەم شێوازە دەکەون ، بۆ نموونە :ـ ***شیعری شین ـ بۆدلێر***، ***چاوی ئەرخەوانی ـ ڕامبۆ***، ***ئاسمانی سەوز ـ ڤالیری***، وەك دەبینین ووشەی ڕەنگ بە واتای ڕەنگ نەهاتووە،بەڵکو لە واتای یەکەمی دەرچووەو لە ساتی دووەمدا ڕەنگ خۆی

دەبێتە ناوێکی تازە کە کاریگەرێکی زیاتری هەیە کاریگـەرتری هەیـە[(١)]،جـا بۆ ئەوەی باشتر هـەردوو شـێوەی ئـەو شـێوازە بناسـین باشـتر وایـە هـەردوو شێوەکەی بە جیاجیا باس بکەین:ـ

### أـ *شێوازی هەستگۆڕکێ ـ تراسل الحواس :ـ*

وەزیفەیەکی شـیعری یـەو ئـاڵوگۆڕ بـە هەسـتەکان دەکـات لـە وەزیفـەی خۆیانـەوە بـۆ وەزیفەیـەکی تـر لـە ڕووی خـوازەیی و خواسـتن و لـە شـێوەی وێنەیەکی هونەری کە لە سنووری هەستەکان دەرناچـێت، وەك ئـەوەی دەنـگ کاریگەریەکی هاوشێوەی ئـەوە جـێ دەهێڵێـت کـە ڕەنـگ یـان بـۆن جـێ ی دەهێڵێت، لێـرەدا هەسـتگۆڕکێ هەڵدەسـتێت بـە دامـاڵینی هەسـتێك لـە هەستێکی تر[(٢)]، ئەم شێوازە مێژوویەکی کۆنی هەیـە لـە ئـەدەبی بیـانی دا، هەروەکو سـەرەتای سـەرهەڵدانی دەگەڕێننـەوە بـۆ:ـ (( ***(جـول مییـە)*** لـە ***( نامەیەك دەربارەی بیستنی ڕەنگـاوڕەنگ ١٨٩٢)*** و هـۆی تەشـەنە کردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو شیعری (سۆناتا:ـ شـیعرێك لـە ١٤بـەیت ) کە هاوشێوەی ئەوانەی (بۆدلیر)ەو (پیتـی بـێ دەنـگ)ی ڕامبـو ))[(٣)]،کەواتـە

(١) بڕوانە :ـ بنية اللغة الشعرية ، جان كوهن ، ت : ـ محمد الولي و محمد المعمري ، ص ١٢٣، ١٢٤، ٢٠٦.

(٢) بڕوانە :ـ الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الإسلام ـ دراسة ، د. صاحب خليل إبراهيم ، ص١٨٣.

(٣) الخطاب الشعري الحداثوي و الصورة الفنية ـ الحداثة و تحليل النص ، عبد الاله الصائغ ، ص ٢٣٠.

شێوازی هەستگۆڕکێ (( لـە ڕووی زاراوەیـی یـەوە بریتـی یـە لـە دامـاڵینی وەزیفـەی هەسـتێك بەسـەر هەسـتێکی تـردا ، وەك ئـەوەی شـاعیر بەچـاو ببیستێت، و بە زمان ببینێـت، و بـە دەسـت لێـدان چـێژ بکـات ))[1]، ئـەم هۆیانەش وای کردووە لە شـیعری کوردیشـدا بـەکارهێنانی ئـەو شـێوازە وەك بناغەیەك بۆ دروست بوونی وێنەی خواستن دەگمـەن نـی یـە، هـەروەك قوبـاد دەڵێ :ـ

**ئەمشەو هەرچی بە سەر هاتی (پاپای ) هەیە**

**بۆتی دەکەم**

**بە پوولەکەی سەوز و سوور و**

**بەسەر تاڤگەی قژی ڕەشتا**

**دەیپڕژێنم** **ل ٢١٧**

*واتای دروست ←ـــــ بەسەرهاتی (پاپا ) ی دەپڕژێنێتە سەر قژی کچەکەی*

*واتای خواستراو ←ـــــ بەسەرهاتی (پاپا) ی بۆ دەگێڕێتەوە*

*نیشانە ←ـــــ بەسەرهات گێڕانەوەیەو ناشێت لە شێوەی پوولەکە دابنرێت*

*پەیوەندی { لێچواندنە، بەسەرهات لێچووە، یا رچەی ڕەنگاوڕەنگ کە پوولەکەی لێ دروست دەکرێت لەوچووە .*

(٤) الصورة الفنية معياراً نقدياً ـ منحنى تطبيقي على شعر الأعشى الكبير، د. عبد الاله الصائغ ، ص ٤١٥.

وەك ئاشكرايە ***بەسەرهات*** كە بە هۆی دەنگ دەردەبڕێت و بەر هەستی بیستن دەكەوێت ، بەڵام لەم وێنەيەدا شاعير لەسەر بنەمای شێوازی هەستگۆڕكێ وێنەيەكی خواستنی پێك هێناوە، و كرداری ***بەسەرهات*** لە هەستی بيستن داماڵراوەو دراوەتە پاڵ هەستی بەريەك كەوتن ، هەروەكو لە زاراوەی : ـ ***بۆتی دەكەم بە پوولەكەی سەوزو سوور ...*** هتد دا دەردەكەوێت ، ئەم ئاڵوگۆڕەی لە نێوان ئەو دوو هەستەدا دروست كراوە بە شێوازی هەستگۆڕكێ ناسراوە.

### *ب ـ دەسەڵاتداری هەستەكان ـ سلطان الحواس ـ :ـ*

ئەم شێوازە بريتی يە لە ترازاندنی هەستێك لە هەستەكان بۆ شتێكی تر جگە لە هەست ،سەبارەت بەو شێوازەی بنياتنانی خواستن،(( إزرا باوند وا دەبينێت كە... هەوڵدانەكانی وێنەی هونەری بێ بەش نابێت لە دەسەڵاتداری هەستەكان ـ سلطان الحواس ـ لەبەرئەوەی پەنجەرەيە كە بيروهۆش لە ڕێگەيەوە شنەبای ژيانی پێ وەردەگرێت، و ئەزموون بريتی يە لە هەست وە بيروهۆش لە زۆر كاتدا پێويستی بە هەستەكان هەيە بۆ وەرگێڕانی ئەو ئەزموونانە، لەم كاتانەدا هەستەكان بەهێزترين هۆكاری بيروهۆش دەبن بۆ وەرگرتن و پەخش كردن ))[١]، هەروەكو قوبادی جەلی زادە زادە لە شيعرێكی لەم شێوەيەدا دەڵێ :ـ

(١) الصورة الفنية معياراً نقدياً ـ منحنى تطبيقي على شعر الأعشى الكبير، د. عبد الاله الصائغ ، ص ٤٠٦.

ئەگەر هاتی دەستم بگرە و

یەکەیەکە

ئەو باخچەیەم پێ بگەڕێ

لەبن هەر دارە ماچێکم پێ ببەخشەو

منیش شیعرێ

بەڵام گیانە ..

گەر دەرگەیان لێ داخستی و

پەنجەرەیان ،

لە سەرنجی بزێویتدا کوێر کردەوە

دەڕۆم لەگەڵ بێترمەدا

بە کوڵ دەگریم

ئەو بە چاوێ من بەدووان

ئەو بەتەنێ

ئەمن لە گەڵێ شیعری ڕەوان ل ١١٠ ، ١١١

*واتای دروست ← دەرگەیان لە سەرنجی بزوێتدا کوێرکردەوە*

*واتای خواستراو ← دەرگەیان بە سەر سەیرکردنتدا داخست*

*نیشانە ← بزێو سیفاتی مرۆڤ و گیانلەبەرەو دراوەتە پاڵ سەرنج و بنیین*

*پەیوەندی ← لێچواندنە، سەرنج لێچووە، گیانلەبەرێکی بزێو*

***لەوچووە.***

وەك لــە شــی کردنەوەکــەدا دەرکــەوت ، ***هەســتی بیــنین*** لــە شــێوەی ***گیانلەبەرێکی بزێودا*** دەرکەوتووە، واتە بۆ دروست بوونی ئەو وێنە خواستنە هەستی بینین لە وەزیفــەی ئەســڵی خــۆی دامــاڵڕاوەو وەزیفەیــەکی تــری پــێ دراوە، ئەوەیە بە ***شێوازی دەسەڵاتداری هەستەکان*** ناودەبرێت .

## ***جۆرەکانی وێنەی خواستن :ـ***

وێنەی خواستن لە چەندین جۆرو شێوەی جیاجیــادا دەردەکــەوێت و بــەهۆی ئەو جیاوازی دەرکەوتنەی چەند جۆرو شــێوەیەکی جیاجیــای لێ دەردەکــەوێت ، جا بۆ ئەوەی باشتر لە جۆرەکانی وێنەی خواســـن تــێ بگــەین و ئــاڵۆزی و تێکەڵاوی لە نێوانیان دروســت نەکــەین ، باشــتر وایــە لــە چــەند ڕوویەکــەوە دابەشی بکەین بەسەر جۆرەکانی دا :ـ

### ***یەکەم :ـ لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی دوولایەنەکەی :ـ***

وەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسکرا وێنــەی خواســتن لــە چــەند بنــەڕەتێك پێك دێت، دوو لەو بنەڕەتانە سەرەکین و بە دوو لایەنەکەی ناسراون ، جــا لــەم ڕووەوەو« لە ڕووی لابردنی یەکێك لە دوو لایەنەکەی خواستن دابــەش دەکرێــت بۆ دوو جۆر: ـ خواســتنی ***ئاشــکراو خواســتنی درکــاو ( التصــريحية و المكنية)*** (١).

(١) بڕوانە :ـ علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ٢٤٨.

١. ***خواستنی ئاشکرا ـ الإستعارة التصريحية :ـ*** ئەو جۆرەیە کە ڕاستەوخۆ ناوی لێ خواستراو (لەوچوو) وەردەگیرێت و مەبەستی بۆ خواستراو (لێچوو)ە، بۆ نموونە :ـ ***ئەم شێرە چەکی هەڵگرتووە***، لەم ڕستەیەدا خواستن لە ***شێر*** دایە، کە مەبەستی مرۆڤێکی ئازایەو بە شێر دەچێت ***بۆخواستراو*** نەگوتراوە کە مرۆڤە ئازاکەیەو تەنیا ***لێ خواستراو*** باسکراوە کە شێرە، ئەویش ڕاستەوخۆ هاتووە، وە نیشانە بۆ خواستنەکە ئەوەیە کە دەڵێ : ***ـ چەکی هەڵگرتووە***، ئەو کردارە دیارە کاری مرۆڤە نەك شێر،کەواتە هەر کاتێك لە گوتندا ووشەی لەوچوو بە تەنها دەرکەوت ئەوا بە ***خواستنی ئاشکرا ـ الإستعارة التصريحية*** دادەنرێت[1]،هەروەکو قوبادی جەلی زادە لە شیعرێکدا دەڵێ :ـ

سمۆرەکانی ه ەڵ ەب ج ە،
به عەرەبانەی کە
م
ئەن دام
بە گۆچان ،
بە دار شەق ،
دەچنە بەر خوێندن !!    ل ٥٦٦

(١) جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٨٦.

***واتای دروست*** ⟵ ***سمۆرەکانی هەڵەبجە کەم ئەندامن***

***واتای خوازراو*** ⟵ ***منداڵانی هەڵەبجە کەم ئەندام بوون***

***نیشانە*** { ***عارەبانەی کەم ئەندام ، گۆچان ، دار شەق ، تایبەتن بە مرۆڤی کەم ئەندام و نیشانەن بۆ ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارە کە وەك سمۆرە بێ زیان بوون و بەو کارەساتە کەم ئەندام بوون***

***پەیوەندی*** ⟵ ***لێچواندنە، سمۆرەکان لەوچووە، منداڵانی هەڵەبجە لێچووە***

وەك دیارە لەم کۆپلە شیعرەدا تەنها لێ خواستراو کە بریتی یە لە ***سمۆرەکانی هەڵەبجە*** گوتراوە، و بۆ خواستراوکە ***منداڵانی هەڵەبجەیە*** دەرنەکەوتووە، ئەم جۆرەی خواستن بە خواستنی ئاشکرا ناودەبرێت. ئەو جۆرە خواستنە هەموو جارێك بە یەك شێوە دەرناکەوێت ، بەڵکو چەند جۆرێکی لاوەکی لێ دەبێتەوە :ـ

***أ) خواستنی گونجاوو خواستنی نەگونجاو*** * ***ـ الإستعارة الوفاقية و الإستعارة العنادية :ـ***

هەندێك لە زانایانی بواری ڕەوانبێژی خواستنی ئاشکرا بە پێ ی کۆکردنەوەی دوو لایەنەکە یان نەبوونیان دابەش دەکەن بۆ هەردوو جۆری :ـــ ***خواستنی گونجاو ـ الإستعارة الوفاقية***، ***خواستنی نەگونجاو ـ الإستعارة العنادية***، هەرچەندە ئەو دابەشکردنە سوودێکی زۆری نی یە، بەڵکو وەك

* بۆ ئەم دوو جۆرە ( مامۆستا عزیز گەردی ) لە کتێبەکەی دا :ـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، ب ١، هەردوو زاراوەی ( ***خواستنی ڕێك و خواستنی بە پلار***) ی بەکارهێناوە.

پێشەکی یەکە بۆ دوو جۆرە خواستنی تر کە ناسراون بە ***خواستنی سەرزەنشت ـ التهكمية*** لەگەڵ ***خواستنی ستایش ـ التمليحية***، وەك لە خوارەوە هەریەك لەمانە دەناسێنین : ـ

١. ***خواستنی گونجاو ـ الإستعارة الوفاقية*** :ـ ئەو جۆرەیە کە دەشێت تیایدا دوو لایەنەکە لە یەك شتدا کۆ بکرێنەوە، واتە هەموو خواستنێك ئەگرێتەوە کە هەردوو لای پێکەوە گونجاو بێت، وەك :ـ ***مردن و نووستن***، ***ڕووناکی و باوەڕ***، بۆ نموونەی شیعریش بڕوانە ئەو شیعرەی قوباد :ـ

**مەمك**

**بەردەوام <u>مەمكت</u> ،**

**<u>تك ..</u>**

**<u>تك ..</u>**

**<u>دەڕژێتە نێو دەمم</u> .**

**کەچی ،**

**نە مەمکت بچووك دەبێتەوە**

**نە دەمم تێر دەبێت !!** **ل ٥٤٤**

*لێ خواستراو ⟵ مەمكت تك تك دەڕژێتە نێو دەمم*

*بۆ خواستراو ⟵ مەمكت مەتارەیەك ئاوەو دڵۆپ دڵۆپ ئاو دەڕێژێنێتە دەمم*

*نیشانە ⟵ تك تك ، ڕژاندن ، تایبەتن بە ئاوو دراونەتە پاڵ*

*مەمك*

*پەیوەنـدی ⟵ لێچـواندنە ، مـەمکی ئافرەتێـك لێچـووە،مەتارەیەك ئاو لەوچووە*

لەم وێنەیەدا دوو لایەنەکە بریتین لە :ـ ***مـەمك ، مەتارەیـەك ئـاو***، ئـەو دووانە دوو شتی تا ڕادەیەك لە چەند سیفاتێکدا هاوبەشن ، واتـە پێچـەوانەو نەگونجاو نین لەگەڵ یەکتری ، بۆیە ئەو جۆرە وێنەی خواسـتنە بـە ***خواسـتنی گونجاو*** ناو دەبرێت .

٢. ***خواستنی نەگونجاو ـ الإستعارة العنادية:ـ*** ئەوەش وا ئەبێ کە نەشێ هـەردوو لای خواسـتن پێکـەوە کۆببنـەوە چـونکە دژی یـەکترن وەك :ـ ***ڕوناکی و تاریکی*** ،کە بە هیچ شێوەیەك پێکەوە هەڵناکەن ، هەروەکو قوبادی شاعیر لە شیعرێکی تری دا دەڵێ : ـ

**هێلین**

**لە هێلانەی سینگی تۆدا**

**مەمکەکانت**

**دوو چۆلەکەی ساوای برسین**

**هەر کە فڕەی پەنجەکانی من دەبیستن**

**جووك ،**

**جووك ..**

**دەنووك دەکەنەوە !** ل ١٦٦

*لێ خواستراو هەست کردن* ← *لە هێلانەی سینگتدا مەمکەکانت دوو چۆلەکەن لەگەڵ بە هاتنی پەنجەکانم دەنووك دەکەنەوە*

*بۆ خواستراو* ← *مەمکەکانت دوو چۆلەکەی ساواو برسین ، پەنجەکانم وەك چۆلەکەی دایك دەفڕێت و لێ یان نزیك دەبێتەوەو چۆلەکە ساواکان دەنووك دەکەنەوە*

*نیشانە* ← *هێلانە، فڕین ، دەنووك ، تایبەتن بە چۆلەکەو دراونەتە پاڵ مەمك*

*پەیوەندی* ← *لێچواندنە ، مەمکی ئافرەتێك لێچووە، چۆلەکەی ساواو برسی لەوچووە*

وەك ئاشکرایە ئەو دوو لایەنەی لەو وێنە خواستنەدا هاتوون ، ***مەمك ، چۆلەکەی ساواو برسی*** ، دوو شتی جیاوازن و لەگەڵ یەکتردا کۆناکرێنەوە لە ڕستەیەکدا ، بۆیە بە ***خواستنی نەگونجاو*** دادەنرێت .

دواتر **خواستنی نەگونجاو ـ *الإستعارة العنادية*** ـ دابەش دەکرێت بۆ :ـ

أ) ***خواستنی سەرزەنشت ـ الإستعارة التهكمية*** :ـ بریتی یە لەبەکارهێنانی ووشەکە لە دوور لە واتای خۆی بە مەبەستی گازاندەو سووکایەتی پێ کردن، واتە بریتی یە لە بەکارهێنانی ئەو زاراوانەی کە بۆ ستایش داندراون لە واتای داشۆرین و ناشرین کردن و پەسەند نەکردن ، بۆ نموونە بڕوانە ئەو کۆپلە شیعرە:ـ

**بەرۆچکەی خەم**

**نە ئاسمان چاوی لێکدەنێ و**

**نە وەنەوزێ**

**خۆی لە باوەشمی* دەکوتێ !**

**هێندە تەنیام ،**

**بگرە بەفریش**

**بۆ تەنیایی من دەسووتێ** ل ١٢١

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی خواستن بەرچاو دەکەوێت :ـ

***١) وێنەی یەکەم :ـ***

*لێ خواستراو ←—— ئاسمان چاوی لێك نانێت و ناخەوێت*

*بۆ خواستراو ←—— ئاسمان هەر نەنووستووەو هەر ڕۆژەو شەو نایەت*

*نیشانە ←—— چاولێکنان ، سیفاتی مرۆڤەو دراوەتە پاڵ ئاسمان*

*پەیوەندی ←—— لێچواندنە ، **ئاسمان** لێچووە، **مرۆڤ** لەوچووە*

***٢) وێنەی دووەم :ـ***

*لێ خواستراو ←—— وەنەوزێ خۆی لە باوەشی ئاسمان ناکوتێ*

*بۆ خواستراو ←—— ئاسمان هەر نەنووستووەو هەر ڕۆژەو شەو نایەت*

*نیشانە ←—— وەنەوز ، سیفاتی مرۆڤەو دراوەتە پاڵ ئاسمان*

*پەیوەندی ←—— لێچواندنە ، **ئاسمان** لێچووە، **مرۆڤ** لەوچووە*

---

* بە گوێرەی واتاو کێشی دێرە شیعرەکە دەبێت لێرەشدا هەڵەیەکی چاپ لە کتێبەکەدا هەبێت ، نووسراوە :ـ **باوەشمی** ، دەبێت بریتی بێت لە :ـ **باوەشی** ، چونکە شاعیر لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئاسمان و مەبەستی **باوەشی** ئاسمانە.

ئاشکرایە مەبەست لەو دوو وێنەیە بریتی یە لە دەربڕینی نارەزایی و پەسەند نەکردنی ئەو کردارە کە ئاسمان هەر ڕووناکەو تاریك نابێت ، ئەم جۆرەیە بە وێنەی ***خواستنی سەرزەنشت*** ناودەبرێت.

ب) ***خواستنی ستایش ـ الإستعارة التمليحية*** :ـ ئەو جۆرەیە کە مەبەست لە هێنانی بۆ دڵخۆشی گوێگرو لادانی دڵتەنگی و خەم بێت لە رێگەی هێنانی شتێکی گونجاوو دڵخۆشکەر[1] .

**بە سەرخۆشی وەرە ژووری**

**نوێنەکەم لەگەڵی بەشکە**

**وەک دوو ماری عاشق و ماشق**

**با تێکئاڵێین**

**چون *گیانەکەم**

**نێڵەی هەناسەی تۆ نەبێ**

**پشکۆ دڵم نادەنەوە**

**شیعرو ..**

**یادو ..**

(١) بڕوانە :ـ الإيضاح في علوم البلاغة ، المعاني و البيان و البديع ، مختصر تلخيص المفتاح ، تأليف الخطيب القزوينى ، ص ١٦٥، و بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، ص ٢١٤ ،٢١٥، و الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، ص ١٣٩، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٧٦ .

* لە کۆمەڵە شیعرەکەدا لەم شوێنەدا نووسراوەـ ( ***چۆن*** ) بەڵام بەپێ ی واتای لەتە دێرەکە دەبێت بریتی بێت لە ووشەی ( ***چون*** ) بە واتای ***چونکە***،واتە هەڵەیەکی چاپ لەو شوێنەدا هەیە، شاعیر خۆشی لە نامەیەکی دا پشتگیری لە بوونی ئەو هەڵەیە دەکات.

**بەرۆچکەی خەم**

**لەشم گەرم ناکەنەوە !؟** **ل ١٢٣**

*لێ خواستراو* ← *هەناسەی ئەو کەسە شاعیر گەرم دەکاتەوە*

*بۆ خواستراو* } *لەشی ئەو کەسە ئەوەندە نزیکە لە شاعیر کە هەست بە گەرمی هەناسەکەی دەکات*

*نیشانە* } *هەناسە نابێتە هۆی گەرم کردنەوەو نیشانەیەکە بۆ نزیک بوونەوەی ئەو دوو جەستەیە لە یەکتر*

*پەیوەندی* ← *لێچواندنە ، هەناسە لێچووە، پشکۆ لەوچووە*

ئاشکرایە مەبەست لەو وێنەیە بریتی یە لە ستایش کردن و بەرز *ڕاگرتنی ئەو کەسە، بۆیە بە **خواستنی ستایش** ناو دەبرێت.*

***ج )*** وەك لەمەوپێش باس کرا ووشە زۆرە لە زماندا و بەهۆی بەکارهێنانی ووشەکان لە زۆر شوێن و ڕستەی جیاجیادا زۆر جۆری جیاواز لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دروست دەبێت و بەهەمان شێوەش زۆر جار جگە لەم جۆرە سەرەکیانەی خواستن چەند جۆرێکی تری خواستن دەست نیشان دەکرێت ، چونکە ئەو ووشە خواستراوانەی دەبن بە هۆی دروست بوونی خواستنی ئاشکرا، مەرج نی یە هەموویان وەك یەك ناسراو بن ، لەسەر ئەم بنەمایە خواستنی ئاشکرا دەکرێت بۆ دوو جۆر[١] : ـ

(١) بڕوانە:ـ جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ل ٢٩٥ـ ٢٩٨.

١. ***خواستنی ئاشکرای گشتی* ـ الإستعارة التصريحية العامة** :ـ ئەو خواستنەیە کە پێویستی بە بیرکردنەوەو لێکدانەوە نی یە بۆ گەڕان بەدوای ووشەی خواستراو، چونکە ووشەی هاوبەشی نێوان بۆ خواستراوو لێ خواستراو ئاشکرایە، و ئەو جۆرە نزیکەیە کە سواوە لە زمانداو پێوست بەبەدوادا گەڕان ناکات ، وەك ***شێرێکم بینی*** ، یان هەروەك ئەم شیعرەی خوارەوە: ـ

**ئەو حەلە ڕۆژ سەری ساڵ بوو**

**لەگەڵ پۆلێ منداڵی ڕووت و برسیا**

**هەڵزنایتە تۆقەڵەی گردی مرازان ل ١٤٢**

*لێ خواستراو* ⟵ *ئەو کاتە ڕۆژ سەری ساڵ بوو*

*بۆ خواستراو* ⟵ *ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی ساڵ بوو*

*نیشانە* ⟵ *سەر ، تایبەتە بە مرۆڤ و نیشانەیە بۆ بوونی واتای خواستراو*

*پەیوەندی* ⟵ *لێچواندنە ، ساڵ لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

لەم وێنەیەدا وەك لە شی کردنەوەکەدا دەرکەوتووە، ساڵ وەك مرۆڤێك پیشان دراوەو ***سەری ساڵ*** خواستراوە بۆ یەکەم ڕۆژی ساڵ و سەرەتای ساڵ ، لەبەرئەوەی سەری ساڵ زاراوەیەکی زۆر باوو سواوەو ڕۆژانە زۆر بەکاردێت ، تا ڕادەیەك هەست بەوە ناکەین کە واتایەکی خواستراوە، بۆیە ئەو جۆرەی وێنەی خواستن بە وێنەی ***خواستنی ئاشکرای گشتی*** ناودەبرێت .

٢. ***خواستنی ئاشکرای تایبەتی ـ الإستعارة التصريحية الخاصة***: ـ ئەو جۆرەیە کە هاوبەشەکە واتە خوستراو چڕ دەکرێتەوە، و تەنها خاوەن زانیاری و تایبەتەکان نەبن تێ ی ناگەن، واتە هاوبەشیەکەیان شاراوەیەو تەنها خاوەن بەهرەکان دەیناسن و هەموو کەس پێ ی ناچنرێت تەنها خاوەن بەهرەو توانای بەرز نەبن[١]، بۆ نمونە : کاتێك کە نازناوی کەسێکی دیار دەکرێت بە خواستن دەبێ بە ***خواستنی ئاشکرای تایبەتی***، وەکو ئەم دێرە شیعرەی خوارەوە: ـ

**ئیدی <u>سەمای ئەم سەفەری سیزیفە</u>[٢] هەتا کەی**

**ئیدی <u>سەدای ئەم سترانی سەرابە</u> هەتا کەی ؟ !     ل ٣٥٤**

لەم دێرەدا دوو وێنەی خواستن لەم جۆرە هەیە : ـ

(١) بڕوانە : ـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٧٨، ٧٩، جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٩٣، و البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني بلاغة العربية ، ص ٢١٦ ، ٢١٧.

(٢) **سیزیف** :ـ کەسایەتی یەکی ئەفسانەیی یۆنانی یە، سیزیف بە هۆی یاخی بوونی لە ڕێنمایی خواوەندەکانی یۆنان ، لەلایەن خواوەندەکانەوە سزادرا، سزاکەی بریتی بوو لە هەڵگرتنی بەردێکی زل بەسەر پشت بۆ سەر چیاکەی بەرز، چەند جارێك ئەو کردارەی ئەنجام دا، بەڵام هەموو جارێك بەردەکەیان دەهێنایەوە ژێر چیاکەو دەبوایە هەمان کردار دووبارە بکاتەوە، ئەم ئەفسانەیە بووە بە ڕەمزێك لە ئەدەبدا بۆ ئەو کردارانەی کە زۆر دووبارە دەکرێنەوەو هەرگیز تەواو نابن ، بڕوانە : ـ ئەفسانەی سیزیف ، ئالبر کامۆ ، وەرگێڕانی : ـ هدى إبراهيم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، چاپخانەی هێمن ، چ.یەکەم ، ٢٠٠٦.

**١ ) وێنەی یەکەم : ـ**

*لێ خواستراو ⟵ سەمای سیزیفی هەر بەردەوامە*

*بۆ خواستراو ⟵ ئەو کردارانەی مرۆڤ کە هەر دووبارە دەبنەوەو کۆتایی یان نایەت*

*نیشانە ⟵ سیزیف ئەفسانەیەکی بەناوبانگەو ڕەمزە بۆ زۆر دووبارەکردنەوەی کارێك*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، کردارەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ لێچووە، سەمای سیزیف لەوچووە*

وەك ئاشکرایە ئەو وێنەی خواستنەی لێرەدا هەیە بۆ هەموو کەس ئاشکرا نی یەو پێویستە ئەو کەسەی گوێ بیستی زاراوەی ***سیزیف*** دەبێت پێویستە زانیاریەکی لە بارەیەوە هەبێت تا لە واتای وێنەکە بگات ، بۆیە بە ***خواستنی ئاشکرای تایبەتی*** ناودەبرێت .

**٢) وێنەی دووەم : ـ**

*لێ خواستراو ⟵ ستڕانی سەراب هەر بەردەوامە*

*بۆ خواستراو ⟵ ئەو کردارانەی مرۆڤ کە لەسەر بناغەی خەیاڵ دروست بووە*

*نیشانە ⟵ سەراب دیاردەیەکی خەیاڵی یە دراوەتە پاڵ ستڕان و گۆرانی*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، کرداری مرۆڤ لێچووە، سەمای سیزیف لەوچووە*

***سەراب*** دیاردەدەیەکی سروستی یە لە شێوەی ڕووبەرێکی ئاو بە تایبەتی لە شوێنە گەرم و بیابانەکاندا بە هۆی ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆر پەیدادەبێت ، زۆر جار مرۆڤی تینوو بەرەو سەرابەکان دەچێت بە نیازی ئاو خواردنەوە، کە نزیك دەبێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئەمە دیاردەیەکی

خەیاڵی یە، لەم وێنەیەدا سەراب کراوە بە تەواوکەری ***ستران*** بە واتای ئـەوەی هەر سترانێك دەگوترێت لە شتێکی خەیاڵی وەك سـەراب تێپـەڕناکات ، ئـەم زاراوەیە زۆر ڕوون و ئاشکرا نی یەو هەموو کەس بـە ئاسـانی پـیێ ی ناگـات، بۆیە ئەو وێنەیە بە وێنەی ***خواستنی ئاشکرای تایبەتی*** ناودەبرێت .

٢. ***خواستنی درکاو (شاراوە) ـ الإستعارة المكنية :ـ*** ئەو جۆرەیە کە لێ خواستراو تێیدا دەرنەکەوتووە تەنها درکانـدنێکی بـۆ کـراوە بـە یـەك لـە پەیوەستەکانی یان بە خاسیەتێك لە خاسیەتەکانی، لەگەڵ دەرکـەوتنی بـۆ خواستراو، واتە ئەو خواسـتنە بـەوە دادەمـەزرێت کـە پەیوەسـتێکی بـۆ خواستراو وەردەگیرێت و دەدرێت بە لێ خواستراو، بۆیە بە درکـاو ناسـراوە لەبەرئـەوەی درکانـدنێکی بـۆ کـراوە بـۆ لێ خواسـتراوەکە بـە هـۆی پەیوەستێك یان خاسـەتێکی ، هـەروەها بـە ***خواسـتنی درکـەیی*** یـش ناودەبرێت[١]، بۆ نموونە :ـ

**پرسگەکانی زانکۆ نەیانتوانی**

**<u>جانتای بەفر بپشکنن</u>**

**<u>ئەو بە پەڕەشووت هاتە خوار</u>** ل ٦٠٥

(١) بڕوانە :ـ جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ل ٢٨،و تهذيب البلاغة ، الدكتور عبد الهادي ، ص ٩١.

لەم دێرە شیعرەدا دوو وێنەی خواستن هەیە :ـ

**١) وێنەی یەکەم :ـ**

*لێ خواستراو ⟵ پرسگەکانی زانکۆ نەیانتوانی جانتای بەفر بشکنن*

*بۆ خواستراو { بەفر وەك ئافرەتێکی جانتا لەشان بە هەموو پرسگەیەك تێ دەپەڕێت*
*بێ ئەوەی هیچ لەم پرسگانە بتوانن ڕایبگرن و نەهێڵن تێپەڕ بێت*

*نیشانە ⟵ جانتا تایبەتە بە ئافرەتان و دراوەتە پاڵ بەفر*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، بەفر لێچووە، ئافرەتێك کە جانتای پێ یە لەوچووە*

**٢) وێنەی دووەم :ـ**

*لێ خواستراو ⟵ بەفر بە پەڕەشووت هاتە خوار*

*بۆ خواستراو ⟵ بەفر هەموو پرسگەو شوورەیەك دەبڕێت بێ ئەوەی هیچ لـەم پرسـگانە بتوانن ڕایبگرن و نەهێڵن تێپەڕ بێت*

*نیشانە { پەڕەشووت هۆی هاتنە خوارەوەی مرۆڤە لە ئاسمان و دراوەتە پاڵ*
*بەفر کە دیاردەیەکی سروشتی یە*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە،بەفر لێچووە،مرۆڤێك بە پەڕەشووت دێتە خوار لەوچووە*

لەم هەردوو وێنەی خواستن لەم کۆپلەیەدا وێنەی خواسـتن ڕوون و ئاشـکرا نی یە، هیچ پرسگەیەك ناتوانێت بەفر بشـکنێت و بـەفر لـەودیو شـوورەکانی زانکـۆ دەبارێـت و پرسـگە ناتوانێـت ڕێگـەی لێ بگرێـت، وەك ئـەوەی لـە ئاسمانـەوە بـە پەڕەشـووت هاتبێتـە خـوار، وەك دیـارە جانتـا هـەڵگرتن و تێپەڕبوون بە پرسگەکان و هاتنە خـوارەوە بـە پەڕەشـووت سـیفاتی مرۆڤـەو

درکاندنێکە بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو وێنەیە بە وێنەی ***خواستنی درکاو*** دادەنرێت.

### د) خواستنی ڕاستەقینەو خواستنی ڕامانی ـ الإستعارة التحقيقة و الإستعارة التخيلية :ـ

لە دابەشکردنێکی تردا خواستنی ئاشکرا لەلایەن خۆیەوە دابەش دەکرێت بۆ: ـ

١. ***خواستنی ڕاستەقینەـ الإستعارة التحقيقة***[*] :ـ مەبەست لە ڕاستەقینە ئەوەیە کە لێچوو لە ڕووی هەستی یان عەقڵی بێتە دی و شتێکی ژیری و نا هەستی نەبێت.

بۆ نموونە بڕوانە ئەو شیعرەی قوبادی جەلی زادە کە دەڵێ :ـ

**گەڕانەوە**

**دابڕام و خۆم کوتایە دارستانێ ..**

**سێبەرێکم تێ نەئاڵا**

**کلۆرایی پیرە دارێ قوتی نەدام**

**دەوەنێ بۆنی نەکردم** **ل ٢٥**

[*] بۆ وەرگێڕانی ئەو زاراوانە بۆ زمانی کوردی سوود لەو فەرهەنگانەی وەرگیراوە کە لە بەشی یەکەمی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان پێ کرد، بە تایبەتی فەرهەنگۆکی کۆتایی کێبەکەی مامۆستا عزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا،ب ١، ل ٩٦، ٩٧.

لەم کۆپلە شیعرەدا زیاتر لە وێنەیەکی خواستن هەیە :ـ

**١) وێنەی یەکەم : ـ**

*لێ خواستراو ⟵ هیچ سێبەرێك لە شاعیر نەئاڵاوە*

*بۆ خواستراو ⟵ هیچ شتێك لەو شوێنە نەبووە کە سێبەری لێ بکات و بیپارێزێت*

*نیشانە ⟵ تێ ئاڵان سیفەتی مرۆڤە، سێبەر جەستەی نی یەو لە شاعیر نائاڵێت*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، سێبەر لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

**٢) وێنەی دووەم : ـ**

*لێ خواستراو ⟵ کلۆرایی هیچ درەختێك نەیتوانی شاعیر قووت بدات*

*بۆ خواستراو ⟵ هیچ دارو درەختێك لەم شوێنەدا نەبوو کە شاعیر پەنا بدات*

*نیشانە ⟵ قووت دان سیفاتی مرۆڤ و گیانلەبەرە نەك دارو درەخت*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، داری بەتەمەن لێچووە ، مرۆڤ لەوچووە،*

**٣) وێنەی سێ یەم : ـ**

*لێ خواستراو ⟵ هیچ دەوەنێك بۆنی شاعیری نەکردووە*

*بۆ خواستراو ⟵ هیچ دەوەنێك لە نزیك شاعیر نەبووە لەم شوێنەدا*

*نیشانە ⟵ بۆن کردن سیفاتی دارو دەوەن نی یەو سیفاتی مرۆڤە*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، دەوەن لێچووە ، مرۆڤ لەوچووە*

لەو سێ وێنەیەدا لێچووەکان بریتین لە :ـ ***(سێبەر، داری بەتەمەن ، دەوەن )*** هەریەك لەمانەش هەستین و بەر هەستی بینین و بەریەك کەوتن دەکەون بۆیەبە ***وێنەی خواستنی ڕاستەقینە*** دادەنرێت .

٢. ***خواستی ڕامانی ـ الإستعارة التخيلية***: ـ ئەو جۆرەیە کە لێچوو شتێکی وەهمی یەو بەردەست ناکەوێت ، واتە بریتی یە لەوەی کە بۆ خواستراو نەکەوێتە بەر هەست یان ژیری بەڵکو وێنەیەکی وەهمی ڕووت بێت [١]، بۆ نموونە بڕوانە ئەو شیعرە : ـ

**پایز**

**دەسبڵاوترین**

**زێڕینگەرە.** **ل ٦٤٣**

*لێ خواستراو* ⟵ *پایز زێڕنگرێکی دەست بڵاوە*

*بۆ خواستراو* ⟵ *پایز گەڵای زەرد دەڕژێنێت وەك زێڕنگرێك کە زێڕ بڵاوکاتەوە*

*نیشانە* ⟵ *دەست بڵاوی سیفاتی مرۆڤەو دراوەتە پاڵ وەرزی پایز*

*پەیوەندی* ⟵ *لێچواندنە، پایز لێچووە ، مرۆڤ لەوچووە*

لەو وێنەیەدا لێچوو بریتی یە لە: ـ ***پایز***، کە شتێکی ژیری یەو بەر هیچ یەکێك لە هەستەکان ناکەوێت ، ئەوەیە بە خواستنی ڕامانی ناودەبرێت .

***دووەم :ـ لە ڕووی چۆنیەتی ووشە خواستراوەکە :ـ*** لەم ڕووەوە وێنەی خواستن دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر :ـ

١. ***خواستنی بنەڕەتی ـ الإستعارة الأصلية*** :ـ (( ئەو جۆرەیە کە خواستراو ووشەیەکە دەلالەتێکی گشتی دەبەخشێت و تەنها وەسفێك نابێت بۆ

(١) بڕوانە :ـ المجاز في البلاغة العربية ، الدكتور مهدي صالح السامرائي ، ص ١٢٢، ١٢٣.

دەلالەتەکە، جا ئەو ووشەیە ناو بێت ، وەك ***شێر*** بۆ پیاوی ئازا، یان کردار بێت وەك ***کوشتن*** بۆ لێدانی بەهێز، یان لە ڕاستی دا ناوی ڕەگەز بێت وەك ***مرۆڤ*** ، یان داندراو بێت وەك ئەوەی هەندێ کەس ناو ناوبانگیان دەرکردووە بە سیفەتێك ، وەك ***حاتەم*** لە ڕستەی :ـ ((***ئەمڕۆ حاتەمێکم بینی*** ، کە مەبەست پیاوێکی بەخشندەی وەك حاتەمە))[1]، واتە ئەو جۆرەی خواستنە کە لێ خواستراوەکەی ووشەیەکی ڕووت بێت و داتاشراو نەبێت[2]، هەروەکو لەم شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :ـ

**چاو**

**هەتاکو تۆ**

**لە دوورترین هەرێما بیت**

**نزیکترین برادەرم دەرگا دەبێت**

**لە سۆراغتا خۆڵەمێشی ،**

**لێڕەوارەکەم پشکنی**

**دوو کەڵای سەوزم دێتەوە !!** ل ١٢٨

*لێ خواستراو* ← *دوو کەلای سەوزم دێتەوە*

*بۆ خواستراو* ← *ئەوەندەی چاوەڕێ بکەم چاوەکانم لە دەست دا*

*نیشانە* ← *سۆراغ ، پشکنین ، تایبەتن بە چاوو دراونەتە پاڵ کەلا*

---

(١) بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، ص ٢١٦،٢١٥.

(٢) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا ، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٨٠.

*پەیوەندی* ——— *لێچواندنە، دوو کەلا لێچووە، دوو چاو لەوچووە*

لەم وێنەیەدا ووشەی ***کەلا*** خواستراوە بۆ ***چاو***، ووشە خواستراوەکە ووشەیەکی داڕێژراو نی یە، بۆیە بەو جۆرەی وێنەی خواستن بە ***وێنەی خواستنی بنەڕەتی*** دادەنرێت .

٢. ***خواستنی پاشکۆیی ـ الإستعارة التبعية*** :ـ ئەم جۆرەیان ((بە پێچەوانەی (خواستنی نەژادیی )ە واتە ووشەی بنچینەیی لە داڕشتنەکەدا بەکار نایەت، بەڵکو کۆمەڵە شتێك بەکاردەهێنرێ کە سەر بە هەندێ ناوی ترن یاخود بە یارمەتی ئەوان واتا دەگەیەنن و وەك پاشکۆیەك بۆ ئەوان دێن))[(١)]، واتە لێ خواستراوەکەی داتاشراو بێت[(٢)]، هەروەکو لەم شیعرەی خوارەوەدا هاتووە کە قوبادی جەلی زادە دەڵێ :ـ

**بۆت دەگریەم**

**ئەگەر <u>شیعر بۆ تۆ نەگری</u>**

**<u>بۆ کێ قژی بڕنێتەوە</u>** ل ٩٥

لەم دێرە شیعرەدا دوو وێنەی خواستن بەرچاو دەکەوێت :ـ

---

(١) ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ـ بە نموونەی مەلای جەزیری و نالی ، نوزت أحمد عثمان ، ل ١١٨.

(٢) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٨٠ .

***٢) <u>وێنەی یەکەم :ـ</u>***

*لێ خواستراو ⟵ شیعر دەگری*

*بۆ خواستراو { شیعر پڕە لە ئێش و ئازار، و شاعیر بە شیعر خەم و خەفەت دەردەبڕێت بۆ لە دەست دانی ئەو کەسە*

*نیشانە ⟵ شیعر توانای گریانی نی یە، و گریان بۆ مرۆڤەو دراوەتە شیعر*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، شیعر لێچووە، مرۆڤێك کە دەگری لەوچووە*

***٢) <u>وێنەی دووەم :ـ</u>***

*لێ خواستراو ⟵ شیعر قژی دەرنێتەوە بۆ لە دەست دانی ئازیزێك*

*بۆ خواستراو { شیعر پڕە لە ئێش و ئازار، و شاعیر بە شیعر خەم و خەفەت دەردەبڕێت بۆ لە دەست دانی ئەو کەسە*

*نیشانە ⟵ شیعر جەستەی نی یە، و قژڕنینەوە بۆ ئافرەتەو دراوەتە شیعر*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، شیعر لێچووە، ئافرەتێك قژی دەرنێتەوە لەوچووە*

وەك لە شی کردنەوەکاندا دەرکەوت ، ئـەو دوو وێنەیـەی لـەم نموونەیـەدا دەرکەوتوون هچیان لەووشەیەکی سادەو ڕووت پێك نەهاتوون ،بـەڵکو بـریتین لە چەند بەشێك، بۆیە بە ***خواستنی پاشکۆیی*** ناودەبرێن .

پێش چوونە ناو جۆرە دابەشکردنێکی تر، پێویستە ئاماژە بـەوەش بکـەین دەشێت یەك وێنەی خواستن دوو جۆر لـەم بەشـانەی سـەرەوە بگرێتـەوە، بـەو

مەرجـەی لەگـەڵ بەرامبەرەکـەیا نـەبێت، واتـە هـەر جارێـك یـەکێك لـە جووتێکدا دەردەکەون و هەردوو جۆری یەك جووت لە هـەمان کاتـدا پێکـەوە نایەن ، وەکو ئەوەی دەشێت خواستنێك نەژادی و ئاشکرایی بێت لـە هـەمان کاتدا، یا درکاو و ڕامانی بێ یان هەردوو جۆری ***خواستنی درکاوو پاشکۆیی*** بێت [1]، بەڵام خواستنێ کە ***ئاشکرا*** بێ ناشێت ***درکاو*** یش بێت لـە هـەمان کاتدا، چونکە ئەو دوو جۆرە پێکەوە جووتن ، بەڵام دەشێت ئـەو خواسـتنەی ***ئاشکرایە ڕاستەقینە*** بێت یان ***نەژادی*** یش بێت ، بـۆ نموونـە بڕوانـە ئـەو شیعرەی خوارەوە کە هەردوو جۆری ***خواسـتنی درکـاوو پاشـکۆیی*** تێـدا دەرکەوتووە :ـ

**ئێستێ لە سەر گۆڕەکەتم ..**

**تۆ نامبینی**

**بەڵام لەو زەیتوونە پرسە**

**چۆن وشە دەنووزێتەوە** **ل ١٠٣**

*لێ خواستراو ← ووشە دەنووزێتەوە*

*بۆ خواستراو ← ووشەکان نووزانەوەو پاڕانەوە دەگەیەنن*

*نیشانە ← نووزانەوە، سیفاتی مرۆڤەو نیشانەیە بۆ بوونی واتای خواستراو*

*پەیوەندی ← لێچواندنە، ووشە لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

---

(١) س. پ. ل ٧٦.

لەو وێنەیەدا لێخواستراو ڕوون و ئاشکراو بێ پێچ و پەنا نی یە، بەڵکو گوێگر پێویستی بە بیرکردنەوەو ماندوو بوون دەبێت تا لەوە دەگات کە زاراوەی ***ووشە دەنووزێتەوە*** واتایەکی خواستراوە بۆ ئەو ووشانەی نوزانەوە دەدەبڕن ، لە هەمان کاتیشدا خواستنەکە لە ووشەیەکی داڕێژراو پێك هاتووەو ***ووشە دەنووزێتەوە*** ووشەیەکی سادەو ڕووت نی یە بەڵکو داڕژاوە، بۆیە بە ئەو وێنە خواستنە بە وێنەیەکی ***خواستنی درکاوو پاشکۆیی*** دادەنرێت ، چونکە هەردوو ئەو جۆرەی پێکەوە تێدا دەردەکەوتووە.

## ***سێ یەم : ـ لە ڕووی گونجاندنی خواستراوەکە لە گەڵ دوو لایەنەکە:ـ***

بە پێ ی گونجاندنی ووشەی خواستراو لەگەڵ بۆ خواستراوو لێ خواستراو، یان لەگەڵ هەردووکیان، یان نەگونجان لەگەڵ هیچیان ، چەند جۆرێکی تر بۆ خواستن دیاری دەکرێت، و لەسەر ئەم بنەمایە خواستن دەکەن بۆ[1] : ـ

١. **خواستنی پاڵێوراوـ الإستعارة المرشحة :ـ** ئەو جۆرەیە کە پەیوەستە بە ئاوەڵناوێکی گونجاو لەگەڵ لێ خواستراو، واتە ئەو خواستنەیە کە شتێکی وای لەگەڵ گوتراوە لە ڕستەکەدا کە لەگەڵ لێ خواستراو بگونجێت ، هەروەکو لەم دێرە شیعرەدا هاتووە :ـ

(١) بڕوانە: ـ علم أساليب بيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ٢٦٤، ٢٦٥، و بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي، ص ٢٠٥ ـ ٢٠٨.

**تەنیا ،**

**دڵداریمان لەگەڵ تفەنگ کردو شەڕمان بە جوانی**

**فرۆشت ل ٥٢٣**

*لێ خواستراو ⟵ دڵداریمان لەگەڵ تفەنگ کرد*

*بۆ خواستراو ⟵ تەنها هەر دۆست و هاوڕێی تفەنگ بووین و لە تفەنگ نزیك بووین*

*نیشانە ⟵ دڵداری ، سیفاتی مرۆڤەو دراوەتە تفەنگ ،نیشانەیە بۆ واتای خواستراو*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، تفەنگ لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

وەك لە شی کردنەوەکەدا دیارە، لێ خواستراو بریتی یە لە ***تفـەنگ***، و بـۆ خواستراو بریتی یە لە ***مرۆڤ***،و لە ڕستەکەدا ووشـەی ***شـەڕ*** دەرکـەوتووە کـە پەیوەستە بە لێ خواستراوەکەو لەگەڵ ئەو بەشـە دەگونجێـت ، ئـەم گونجانـەی نێوان ئەو دووانە ئەم جۆرە وێنەیە دەکات بە ***وێنەی خواستنی پاڵێوراو***.

٢. **خواستنی پەتی ـ الإستعارة المجردة :ـ** ئەو جۆرەیە کە گونجاوە لەگەڵ بۆ خواستراو ( لێچوو)، واتە ئەوەیە کە لە ڕسـتەکەدا شـتێکی وای لەگـەڵ وترابـێ ئـەو شـتە پەیوەنـدی بـە (بـۆ خواسـتراو)ەوە هـەبێت لەگـەڵیا بگونجێت ، هەروەکو قوبادی جەلی زادە لە شیعرێکی تری دا دەڵێ : ـ

## چ شاعیرێ بەسەر تەرمی

## شیعرێکی جوانەمەرگی دا

## نەگریاوە .                ل ٨٢

*لێ خواستراو ← چ شاعیرێ بەسەر تەرمی شیعرێکی دا نەگریاوە*

*بۆ خواستراو ← چ شاعیرێك هەیە هەندێك شیعری لەناونەچووبن و خەفەتی بۆ نەخواردبن*

*نیشانە ← تەرم ، جوانەمەرگ ، سیفاتی مرۆڤەو دراوەتە شیعر، نیشانەن بۆ خواستنەکە*

*پەیوەندی ← لێچواندنە، شیعر لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

لەم وێنەیەدا بۆ خواستراو (لێچوو ) بریتی یە لە :ـ **شیعر**، کە لە شێوەی مرۆڤێکدا پیشان دراوە کە جوانەمەرگ بووەو شاعیر بۆی دەگری، وە لە هەمان ڕستەدا ووشەی ***شاعیر*** دەرکەوتووە کە پەیوەستە لەبە بۆخواستراو (لێچوو) و لەگەڵی دەگونجێت ، ئەمە بە وێنەی خواستنی **خواستنی پەتی** ناودەبرێت.

٣. **خواستنی ڕەها- الإستعارة المطلقة :ـ** لەو جۆرەیاندا خواستراوەکە بە تەنها دەهێنرێ و هیچ شتێکی وای لەگەڵدا نابێ لەگەڵ لێ خواستراو یان بۆخواستراو بگونجێت و پەیوەندداریان بێت، واتە خواستراو داماڵڕاوە

لە گونجان لەگەڵ لێ خواستراوو بۆ خواستراو یان لەگەڵ هەردووکیان، بۆ نموونە قوبادی جەلی زادە لە شیعرێکی تری دا دەڵێ :ـ

**کۆچ**

**وەک ئەو کیسە نایلۆنانەی ،**

**ڕەشەبا**

**لە دڕکەزی ، دەری شاری ئاڵاندوون**

**دڵمان**

**لە تەلبەندی سنوورە سوورەکان گیر دەبێ**

**ئەوەی لە ڕۆح و جەستەشماندا ئاودیو دەبێ ،**

**تەنیا**

**کەوشەکانمانن !!     ل ٤٠٤**

*لێ خواستراو ←دڵمان لە تەلبەندی سنوورە سوورەکان گیردەبێ*

*بۆ خواستراو ← دڵمان نایەت تەلبەندی سنوور بەجێ بهێڵین*

*نیشانە ← گیردەبێ ، نیشانەیە بۆ واتای خواستراو*

*پەیوەندی ← لێچواندنە، دڵ لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

لەم وێنەی خواستنەدا، تەنها بۆخواستراو و لێ خواستراوو بنەڕەتەکانی تری خواستن دەرکەوتوون ، و هیچ شتێك لە ڕستەکەدا نەگوتراوە کە پەیوەست بێت بە یەکێك لە دوو بنەڕەتەکە سەرەکیەکە، و لەگەڵ یەك یان

هـەردوو ئەمانـە بگونجێـت ، ئەمـە ئـەو جـۆرەی وێنـەی خواسـتنە کـە بـە **خواستنی ڕەها** ناودەبرێت .

دوای باسکردنی ئەم سێ جۆرە پێویستە ئەوەش دەربخـەین کـە ڕەوانبێـژان ***خواستنی پاڵێوراو*** بە بەهێزتر دادەنێن لە ***خواستنی پەتی*** بـەهۆی بـوونی ڕەوانیەکی گونجاو لەگەڵ لـێ خواسـتراوو پشـت بەسـتنی بـە بەدەسـتهێنانی هووشەکاری لە خواستندا، وە پێ یان وایـە ***خواسـتنی ڕەهـا*** بـەهێزترە لـە ***خواستنی پەتی*** لەبەرئەوەی لە ***خواستنی پەتی*** دا لێچواندن دەردەکەوێت کە هێزی یەکبوونی دوو لایەنەکە لـە نـاو دەبـات، بۆیـە ***خواسـتنی پـەتی*** لـە هەمووان بـێ هێزتـرە، چـونکە بانگهێشـەی بـوون بەیەکەکـەی بـێ توانایـە، لەبەرئەوەی هەرچەندە پڕوپاگەندەی بوونی لێچوو بە لەوچوو بکـات ئـەوا هـەر لێچواندنێکی ئاشکرا دەردەکـەوێت، بـە پێچـەوانەی خواسـتن کـە پێویسـتە لێچواندنەکەی شاراوەو نادیار بێت [1].

## ***چوارەم : لە ڕووی سادەیی و لێکدراوی خواستراوەکە : ـ***

خواستن لە ڕووی سادەیی و لێکدراوی دابەش دەکرێت بەسەر دوو جۆردا : ـــ تاك ، لێکدراو : ـ

١. (( ***خواستنی تاك ـ الإستعارة المفردة*** :ـ ئەوەیە کە خواسـتراو تێیـدا ووشەیەکی سادە ـ تاکە، وەك ئەوەی لە خواستنی ***ڕووناکی*** بۆ زانسـت ،

(١) جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ٢٠٥.

و ***تاریکی*** بۆ نـەزانین ، و ***ڕۆژ*** بـۆ ***ڕووی جـوان***دا دەردەکـەوێت ))[١] ، هەروەها هەروەکو قوباد لە شیعرێکیدا دەڵێ : ـ

**عەرعەر**

**کوژانەوەی سەدو هەشتاو دوو هەزار مۆمە**

**لە دەم ئێوارەیەکی نەورۆزدا**

**ل ٤٤٩**

*لێ خواستراو ←—— عەرعەر شوێنی کوژاندنەوەی سەدو هەشتاو دوو هەزار مۆمە*

*بۆ خواستراو ←—— عەرعەر شوێنی لەناوبردنی ی سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کورد*

*نیشانە ←—— عەرعەر، لەدەم ئێوارەیەکی نەورۆزدا، نیشانەن بۆ کارەساتی ئەنفال*

*پەیوەندی ←—— لێچواندنە، قوربانیانی ئەنفال لێچووە، مۆم لەوچووە*

وەك ئاشـکرایە خواسـتن لـە ووشـەی **مـۆم** دا هـاتووە، ئەمـەش تـەنها ووشەیەکی تاك و سادەیە، بۆیە ئـەم جـۆرە وێنـەی خواسـتنە ناودەبرێـت بـە وێنەی ***خواستنی تاك***.

(١) بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، ص ٢٢٠.

٢. ***خواستنی لێکدراو ـ الإستعارة المركبة أو التمثيلية*** : ـ ئەو جۆرە خواستنەیە کە پێك هاتووە لە بریتی یە لە لێکدراوێك بەکارهاتووە لە شێوەی خواستندا، بە شێوەیەك هەریەکە لە لێچوو و لەوچوو دارشتنێکی لێکدراو بێت [1]، هەروەها قوباد لەم شێوەیە دەڵێ : ـ

**مەم**

**بەرە.. بەرە ..**

**بە شاخێکدا سەردەکەوتن**

**دڵی چیرۆکێکی (مەم) یان**

**مەتارە بوو.**

**ئەنگوتکە شیعرێکی (من) یان**

**تویشە بەرە !** ل ١٥٣

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی خواستنی لێکدراو دەرکەوتوون :ـ

١) **وێنەی یەکەم :ـ**

*لێ خواستراو* ← *دڵی چیرۆکێکی (مەم) مەتارەیان بوو*

*بۆ خواستراو* } *بە خوێندنەوەی چیرۆکی محمد مولود مەم کاتیان بەسەردەبردو هەستیان بە توێنوویەتی نەدەکرد لە کاتی سەرکەوتن بە*

(٢) بڕوانە:ـ جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ١٩٧.

*شاخێکدا*

*نیشانە ⟵ مەتارەبوو، نیشانەیە بۆ بوونی واتای خواستراو*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە،چیرۆکێکی مەم لێچووە، مرۆڤ لەوچووە*

**٢) وێنەی دووەم :ـ**

*لێ خواستراو ⟵ ئەنگوتکە شیعرێکی (من) یان توێشەبەرە*

*بۆ خواستراو { بە خوێندنەوەی شیعری (قوباد) کاتیان بەسەردەبردو هەستیان*

*بە برسیەتی نەدەکرد لە کاتی سەرکەوتن بە شاخێکدا*

*نیشانە ⟵ ئەنگوتك ، نیشانەیە بۆ بوونی واتای خواستراو*

*پەیوەندی ⟵ لێچواندنە، شیعری قوباد لێچووە، نان لەوچووە*

وەك لە شی کردنەوەکەدا هەردوو وێنەکەدا دەرکەوت، خواستن لە هەردووکیاندا لە شێوەی دەربڕینێکی لێکدراوو نادادەدا هاتووە، کە بریتین لە :ـ ***دڵی چیرۆکێکی (مەم)*** ، ***ئەنگوتکە شیعرێکی (من)***، هەر وێنەیەکی خواستن بەم شێوەیە لە زاراوەیەکی ناسادەو لێکدراو پێك هاتبێت بە **خواستنی لێکدراو** دەناسرێت .

## پێنجەم : جۆری تری خواستن :ـ

جگە لە هەموو ئەو جۆرانەی خواستن کە لەمەوپێش باسکران ، زۆر جۆری تریش لە ئەدەبی جیهانی بۆ خواستن دەست نیشان دەکەن ، بۆ نموونە لە بۆچوونێکدا پێ یان وایە (( چەند خواستنێك هەیە کە پشت نابەستێ بە هیچ لێکچونێکی ووشەیی وەك : ـ

١. ***خواستنی گەرم و سارد ـ إستعارة الحرارة و البرودة:ـ*** بۆ نموونە ***(پێشوازیەکی گەرم )، (ساردی سێکسی)... .***
٢. ***خواستنی کاتی ـ الإستعارات الزمانية:ـ*** بۆ نموونە ***(کاتژمێرەکە دەخشێ ) .***
٣. ***خواستنی چێژکردن ـ الإستعارات الذوقية:ـ*** بۆ نموونە ***(ئەحمەد تاڵە)*** ))[١] .

ئەمانە چەند جۆرێکی ترن لە جۆرەکانی خواستن ، بەلاّم سەرەڕای ئەوانەش گەر زیاتر ووردبینی سەرچاوە ڕەخنەیی و ئەدەبیەکان بکەین چەندین جۆری تر بەرچاو دەکەون ، بە شێوەیەك جۆرەکانی خواستن ئەوەندە زۆرن و تەواو نابن ، و وەك دەگوترێت (( تەنها خواستن کتێبێکی گەورەی پێویستە ))[٢] ، بۆیە تا باس لەم هونەرەی ڕوونبێژی بکەین ئەوا مافی خۆی پێ نەدراوە بەلاّم بە پێویست نازانین لەوە زیاتر درێژە بەو بەشە بدەین و لەمەوە کۆتایی پێ دەهێنین .

---

(١) بڕوانە : النظرية الإستبدالية للإستعارة ، د. يوسف مسلم أبو العدوس ، ل ٥٣ ـ ٥٧ .

(٢) بنية اللغة الشعرية ، جان کوهن ، ت : ـ محمد الولي و محمد المعمري ، ص ٤٨.

# بەشی سێیەم :

# وێنەی درکەیی

# ﴿ الصُّورة الكْنائيَّــة ﴾

## باسی یەکەم : ـ پێناسەیەکی گشتی بۆ وێنەی درکەیی

درکە هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بە پێ ی ئـەم دابەشـکردنانەی بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی کراوە دەکەوێتە بـەر بەشـی ڕوونبێـژی، لــــە ڕووی زمانەوانی یەوە ئەو زاراوەیە (( لە زمانی کوردی دا لە بـاری ڕەوانبێـژی یـەوە بەکارئەهێنرێ بۆ ئەو چـەمکە کـە لـە زمـانی عـەرەبی دا بـە(کنایـە) نـاوی دەرکردووە ))[1]، و بـۆ پێناسـە کردنـی ئـەو هونـەرە دەگوترێـت :ــ(( درکـە ئەوەیە ووشەیەك یا کۆمەڵە ووشـەیەك بێنـی کـە واتایـەکی دروسـتی خـۆی هەبێت هەر لەو کاتـەدا لـە ڕسـتەکەدا مانایـەکی تـر بـدا بـە دەسـتەوە وە مەبەست ئەم مانایەی بەم دوایـی یـە بێـت، دیسـان ئەشـێ واتـا دروسـت و نەژادی یەکەت مەبەست بێ چونکە هیچ نیشانەیەك نی یـە بەرهەڵسـتی ئـەوە بکات کە مانا نەژادی یەکەت مەبەست بێت ))[2]، سەبارەت بـە ڕۆڵـی درکـە وەك هونەرێکی ڕوونبێژی بـۆ پێکهێنـانی ئـەو وێنـە شـیعریانەی بـە وێنـەی ڕوونبێژی ناسراون ، پێناسەیەکی قوڵتر بۆ درکە کراوەو دەگوترێت ((درکـە :ــ وێنەیەکی ڕوونبێژی یە بنیات دەنرێت لەسـەر بنچـینەی پەیوەنـدی یـەك لـە نێوان دوو واتا، پەیوەندی یـەکی بەسـتراوە لـە نێـوان ئـەو واتـا ئاشـکرایەی زاراوەکە خـۆی دەیگەیـەنێت لەگـەڵ ئـەو واتایـەی کـە لـە گواسـتنەوەکەدا

(١) خۆشخوانی ، علاء الدین سجادي ، ل ٥٥.

(٢) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٨٨.

مەبەستیەتی ، چونكە بەهایەكی ڕاستەقینە نی یە بۆ ئاشكرایی زاراوەكە لە خودی خۆی دا بەڵكو تەنها هەنگاوێكە كە ڕێڕەو ڕۆشن دەكاتەوە بۆ واتایەكی تر، ئەو واتایەی كە ئاخاوتنەكە مەبەستیەتی ))[(١)]،كەواتە واتای دروست دەبێتە پردێك بۆ پەڕینەوە بۆ واتایەكی ترو ئەو گواستنەوەیە دركە پێك دەهێنێت، بەڵام بەو مەرجەی دەشێت هەریەكە لە واتای دووەم یان واتای یەكەم مەبەست بێت، هەروەها لە بۆچوونێكی تردا سەبارەت بە پێناسە كردنی دەگوترێت : ـ دركە ئەوەیە كە قسەكەر دەیەوێت واتایەك لە واتاكان بسەلمێنێت بەڵام بەو زاراوەیە دەری نابڕێت كە لە زماندا بۆی داندراوە بەڵكو پەنا دەباتە بەر واتایەكی تر كە سێبەرێكە لە بوونی واتای یەكەم و لەمەوە بۆی دەچێت و دەیكات بە بەڵگەیەك لە سەری ، زاراوەیەكە دەردەبڕێت و مەبەست ئەو پەیوەستەیە كە لەگەڵ واتاكەی دەوەستێت ، هەروەها دەشێت واتای دروست مەبەست بێت[(٢)]، واتە دركە پەیوەندی یەكە لە نێوان دوو واتادا بە شێوەیەك (( پەیوەندی نێوان دوو لایەنەكەی دركە لە پەیوەندی نێوان واتاو پاشكۆكەی دا خۆی دەبینێتەوە، پەیوەندی ئەو واتایەی كە زاراوەكە بە ئاشكرایی دەیبەخشێت لەگەڵ ئەو واتایەی لە گواستنەوەكەی دا مەبەستیەتی ))[(٣)]، چونكە وەك دەركەوت لە پێكهێنانی

---

(٣) مستويات البناء الشعري عند الطغراني ، أحمد عبد الله حمود العاني ، ص ٢١٥.

(٤) بڕوانە :ـ البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، ص ١٩٧، و حسن التوسل إلى صناعة الترسل ، شهاب الدين محمود الحلبي ،٧٢٥ هـ ، تحقيق و دراسة :ـ أكرم عثمان يوسف ، ص ١٤١.

(١) التصوير الشعري ـ رؤية نقدية لبلاغتنا العربية ، الدكتور عدنان حسين قاسم ، ص ٢١٤.

درکەدا دوو واتا بەشداری دەکەن ، واتای دروست و نزیکـی ئـەو شـتەی کـە دەبێتە درك پێ کراو، لەگەڵ واتایـەکی تـر کـە قسـەکەر مەبەسـتیەتی واتـە درك بۆ کراو.

ئــەو هونــەری و ووردەکاریـــەی کــە پێویســـتە لــە پێکهێنــانی درکـــەدا بــەکاربرێت، وای کــردووە هــەموو قســەکەرێك نــەتوانێت بنیــاتی بنێــت ، بەڵکو(( درکە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕین ، وە شێوەیەکە لـە شـێوەکانی ڕوونبێژی، ئامانجێکە تەنها ڕەوانبێژی خاوەن ئـەزموون و بـەهرە دەسـتی پـێ دەگات، بە ووردی و ئـاڵۆزی دەناسـرێت، بـە هـۆی مانـدووکردنی مـرۆڤ بـە بیرکردنـــەوەو کـــردەی زەهنـــی تایبـــەت بـــەو هونـــەرە. درکـــە بـــە ســـەرجەم جۆرەکانیـــەوە ئامـــانجی زمانـــەوانی و هونـــەری و زەهنـــی دەهێنێتـــە دی کـــە دەتوانین لە دەربڕینێکدا ئەوە بەرجەستە بکەین کـە هونـەرێکی قسـەیی یـە، دەناسرێت بە جوانی دەربڕین و قوڵی کاریگـەر بـوون))[1]، ئەمــەش بــووە بــە هــۆی زیــاتر گرنگــی پێــدانی لەلایــەن ڕەخنــەگرو ڕەوانبێــژان و زۆر بــاس و لێکۆڵینەوەیان بۆ تەرخان کردووە، چـونکە لـە بنەڕەتـدا (( بناغـەی زانسـتی ڕوونبێژی دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەما: بنەمای گواسـتنەوە لـە پەیوەسـتراو بـۆ پەیوەست، وە بنەمای گواسـتنەوە لـە پەیوەسـتەوە بـۆ پەیوەسـتراو، کەواتـە زانستی ڕوونبێژی پێك دێت لـە خـوازەو درکـە ، خـوازە لـە پەیوەسـتراو بـۆ پەیوەستن دەگوازرێتەوە... درکە لە پەیوەسـت بـۆ پەیوەسـتتراو))[2]، لێـرەدا

(٢) بداية البلاغة ، الدكتور إبراهيم الديباجي ، ص ٢٣٤، ٢٣٥.

(٣) البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تـأليف الأستاذ الـدكتور حميـد آدم ثـويني ، ص ٢٥٦ ، ٢٥٧.

پێویستە ئاگاداری ئەو خاڵە بین کە ئەو لێکدانەوەیە بۆ جۆرەکانی ڕوونبێژی جێگەی سەرنجە، چونکە تەنها ئاماژە بۆ خوازەو درکە دەکات و باس لە هونەری لێچواندن ناکات کە یەکێکە لەو هونەرانەی بەشی ڕوونبێژی لێ پێك دێت ، بەڵام مەبەست لە ئاماژە کردن بۆ ئەو بۆچوونە بریتی یە لە دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو هونەری درکەو خوازە لە ڕووی گواستنەوەی واتا، بەڵام سەبارەت بە دابەشکردنی جۆرەکانی ڕوونبێژی ئەوە ڕاستترە کە دەگوترێت وێنەی ڕوونبێژی پێك دێت لە(( وێنەی لێچواندن و خوازەیی و خواستن (کە جۆرێکە لە جۆرەکانی خوازە) و وێنەی درکەیی))[1]، هەروەکو لە بنیاتنانی وێنەی ڕوونبێژی دا بایەخ و بەهایەکی گەورە بە درکە دراوە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە هونەری یەی کە لەم هونەرەدا هەیە، لەبەرئەوەی درکە بە بەراورد بە هونەرەکانی تری ڕوونبێژی لە هەموویان زیاتر ئاڵۆزی و هونەرکاری تێدا دەبینرێت، ئەمە بووە بە هۆی بایەخ پێدانی ،((بە دەربڕینێکی ڕوونتر وێنەی شیعری گەر ئاشکرا بوو لە ناو خەڵك ئەوا نیشانەی شاعیریەت نی یە کە شاعیر لە قەسیدەکەی دا پشتی پێ ببەستێت ، خواستن و لێچواندن و درکە نابن بە بەرزکردنەوەی مەبەستی شیعر تەنها ئەگەر تایبەت و دەگمەن نەبن))[2]، هەربۆیەش بە شێوەیەکی تایبەت سەبارەت بە گرنگی و بایەخەکەی دەگوترێت :ـ(( گەر لێچواندن بریتی بێت لە هەست کردن بە پەیوەندی یەك لە نێوان دوو لایەنی

(٤) جماليات الأسلوب ـ الصورة الفنية في الأدب العربي ، الدكتور فايز الداية ، ص ١٩.

(١) الصورة الفنية في الخطاب البلاغي و النقدي ، تأليف : الولي محمد، الناشر: المركز الثقافي العربي ـ بيروت ـ الحمراء ، الدار البيضاء ،١٩٩٠م ، ص ٥٤.

دیاریکراو کە لە سەر بنچینەی گونجاندنی زەهنـی و هەسـتی بنیـات نـراوەو هەریەك لە دوو لایەنەکە پارێزگاری لە سنوورو تایبەتمەنـدی یـەکانی دەکـات، وە گەر خواستن لە بنـــەڕەت دا بریتی بێت لەسەر بنەمای گونجاندن و ئاوێتـە بوونـی و کارلێکردنی نێوان دەلالەتەکان ، بـــە شێوەیەك هـەر شـتێك تێیـدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە لە سـەر بنچـینەی بانگهێشـە کـردن بـۆ گـۆڕین و ئاڵوگۆڕکردن ، ئەوا درکە شـێوەیەکە لـە وێنـە کێشـان کـە لەسـەر بنـەمای داپۆشین و شاردنەوەو پێچانەوەی واتای مەبەست بە داپۆشـراوەیەکی ناسـك و تەنك هاتۆتە دی ))[1] ، لەمەوە لـە پێکهاتـەی وێنـەی درکـەیی دەگـەین کـە بریتی یە لە(( پێکهاتەیەك پشت دەبەستێت بـە دەرخسـتنی شـتێك بـە هـۆی دەرخستنی شتێکی پەیوەسـتی تـا بـە هـۆی ئـەو دەرخـراوەوە بگوازرێتـەوە بەرەو جێ هێشتراوەکە،وەك ئەوەی دەڵـێ ی: ـــ لـەیلا کـراس سـپی یـە، تـا لەوەوە واتـا بگوازرێتـەوە بـۆ پەیوەسـتەکەی کـە بریتـی یـە لـە دڵپـاکی، و دەچێتە چوارچێوەی خوازە ئەگەر مەبەست پاکی کراس نـەبێ بـەڵکو دڵپـاکی بێت ))[2].

هەموو ئەو خاڵانەی لێرەدا ئاماژەیان پێ کراوە لـە دەوری ئـەو بۆچـوونەدا دەخولێنەوە کە پێ ی وایە بـۆ دروسـت بـوونی وێنـەی ڕوونبێـژی(( واتایـەکی ڕووت هەیە لە پێش دەرکەوتنی وێنە، دواتر وێنە دێت ئەو واتایـە لـە خـۆی دەگرێت یان ئاماژەی پـێ دەکـات، و کاریگەریـەکی تایبـەتی و تایبەتمەنـدی

(٢) التصوير البياني في شعر المتنبي ، دكتور الوصيف هلال الوصيف إبراهيم ، ص ٥٨ .

(٣) الخطاب الشعري الحداثوي و الصورة الفنية ـ الحداثة و تحليل النص ، عبد الاله الصائغ ، ص ٢٤١.

یەکی دیاریکراوی بە سەریەوە دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوها بـە تـەنهاو دەسـت بەستراوی دەری ناخات، بەڵکو ئەو واتایە بـە هاوکـاری چـەند ئاماژەیـەك بـۆ پەیوەسـتی تـری تایبـەت بـەو واتایـەوە دەردەخـات، بـەڵام بـە شـێوەیەك پەیوەستە پێیەوە بە شێوەی شـوورەیەك، لـەم ڕێگەیـەوە وێنـە شـێوەیەك لـە سەرنـــج و تێڕامانێك بەسەر وەرگـر دەسـەپێنێت...، و وەرگـر لـە خـوازەوە بەرەو دروست دەڕوات، وە لـە خواسـتن بـەرەو ڕەسـەنەکەی دەچـێت، وە لـە لێچوو بەرەو لەوچوو، وە لە نـاوەڕۆکی هەسـت پێکـراوی ڕاسـتەوخۆی درکـە بەرەو واتای ڕووتی ڕەسەن ))[١]، لەم پێناسانەوە دەتوانین پێناسـەیەکی گونجـاو بۆ ئەو هونەرە هەڵبژێرین و بڵێین :ـ درکـە هونـەرێکی ڕوونبێـژی یـەو پێـك دێت لە درکاندنی واتایەك بۆ شتێك یـان کەسـێك لەلایـەن قسـەکەرەوە، کـە ئەم واتایەی درکاوە واتایەکی دووری ئەم بابەتەیـە ، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا دەتوانرێت بە واتای نزیکی خۆی وە بـەو واتـا دوورە لێـك بدرێتـەوە، چـونکە هیچ نیشانەیەك لە ئارادا نی یە بۆ ئەوەی کە کام واتات مەبەستە.

لە ڕێگەی پێناسینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زاراوەکـە واتـای چـی یـە و چی دەگەیەنێت، و هەر لەمەشەوە دەگـەین بـەو ئەنجامـەی کـە بـۆ دروسـت بوونی وێنەی درکەیی پێویستە چەند بنـەڕەتێك هـەبێت و بـێ بـوونی ئەمانـە درکە دروست نابێت، بە شێوەیەکی گشتی(( درکە سێ بنەڕەتی هەیە:ـ

٣. ***درك پێ کراو ـ المکنی بە***:ـ بریتی یە لە واتای دروست کە زاراوەکە بۆی بەکارهاتووە لەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەستەکەی.

---

(٤) الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د. جابر عصفور ، ص ٣٢٨.

٤. ***درك بۆكراو ـ المكنى عنه:*** ـ بريتى يه له پەيوەستى درك پێ كراوەكە.

٥. ***نيشانه ـ القرينة :*** ـ بۆ بوونى واتا دركەيى يەكـه ))(١)، ئـەو بنەڕەتـەى دركە بە بنەڕەتێكى گرنگ دادەنرێـت ، نيشـانە لـه دركـەدا دەبێـت بـه هۆيەك بۆ بەرگرى كردن لە بوونى واتا دركەييەكە، واتـه نيشـانەى دركـه جيايـه لـه نيشـانەى خـوازە، وەك لـه دواتـردا زيـاتر ئـەم خاڵـه ڕوون دەكەينەوە.

سەبارەت بە چۆنيەتى سەرهەڵدانى ئـەم هونـەرەش زۆر ڕاى جيـاواز هەيـە، عەرەبەكان قورئانى پيرۆز بە كۆنترين و سـەرەكى تـرين سەرچـاوەى ڕەوانبێـژى دەزانــن و زۆر نموونــەى هونــەرەكانى ڕەوانبێــژى لــه قورئــانى پــيرۆزدا دەدۆزنەوە،و بەهەمان شێوەش بۆ هونـەرى دركـه قورئـانى پـيرۆز دەكـەن بـه بەرزترين سەرچاوە و زۆر نموونـەيان لـه قورئانـدا دەركردووە،بـەلاّم سـەرەڕاى سەيركردنى قورئانى پيرۆز وەك يەكەم سەرچاوە بـۆ پەيـدابوونى دركـه زۆر ڕاى تـر سـەبارەت بـه يەكـەم سـەرهەڵدانى ئـەو هونەرە،هـەروەكو دەگووترێـت كۆنترين جۆرى دركە لە ناو عەرەبدا ئەم جۆرەيە كە بۆ ناونانى بـاوك بـه نـاوى كوڕەكانيان بەكاردێت هەروەكو كە دەڵێن (أبـو محمـد، أبـو علـى ... هتـد)، هەروەها بۆ پەيدابوونى دركە لە زمـانى كـوردى دا دەگـووترێ (( گـەلێ جـار وابووە ئەو گوزارەيە لە سـەردەمى خۆيـا بـۆ ووشـەيەكى تايبـەتى بـووە ئـەو گوزارەيە لە ناو چووە ووشەكە كراوە بە قالب بۆ گوزارەيـەكى تـر،... وشـەكە بێجگە لـه گـوزارە ڕەسـەنيەكەى خـۆى گوێزراوەتـەوە بـۆ گوزارەيـەكى تـرو

(١) دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العاملي ، ص ١٣٨.

ئاشنایەتی لەگەڵ گوزارە بناغەیی یەکەی خۆیا نەپچڕاوە، جا بە هۆی ئەم تاوتوەوە خوازەو خواستن و درکەو شتی تر پەیدا بووە ))[1]، ئەم سەرهەڵدانەش هەر بەردەوامی هەبووەو بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە ناو نەچووە، بەڵکو(( لەگەڵ بەرەو پێش چوونە زەمەنی یەکەو گەشەسەندنی فکری لە چاخە جیاجیاکان شێوازی درکەیی هەر زیندووە،...وەك دیاردەیەك لە دیاردەکانی ڕەوانبێژی تەنها ئەوانە دەیگەیەنێ کە بە توانان ، بەڵام نهێنی ڕەوانیەکە چی یە؟ زۆربەی ڕەوانبێژان بۆ ئەوە چوون کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاستیەکمان پێ دەدات بە پاشکۆی بەڵگەیەك...، شێوازی درکە دەتوانێت ژیریەکان لە شێوەی هەستی دەربخات، بێ گومان ئەمەش تایبەتیەکی هونەری یە ))[2]، ئەمانەش هۆی گرنگ بوون بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی وەك هونەرێکی گرنگی بەشی ڕوونبێژی.

لەم بۆچوونانەوە بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەیەکمان دەست کەوت سەبارەت بە ناساندنی هونەری درکەو وێنەی درکەیی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی و پێویست ناکات زیاتر بەرەو شی کردنەوەی ئەو بابەتانە بچین ، بەڵام هەر بە شێوەی بەشەکانی پێشوو بە پێویستی دەزانین بە نموونەیەکی شیعری لە شیعری قوبادی جەلی زادە وێنەی درکەیی زیاتر ڕوون بکەینەوە،بۆ نموونە هەروەکو دەڵێ : ـ

(٢) خۆشخوانی ، علاء الدین سجادي ، ل ٥٢.

(١) التصویر البیاني ، د.حفنی محمد شرف ، ص ٢٣٨، ٢٣٩.

**لەوساوە هاواری هەڵاج**

**ئەسپێکی بێ سەرو شوێنە**

**لەو ساتەوە نەک هەر گورگ**

**مەلیش دندووکی بە خوێنە** !! ل ٤٠

لـەم دێـرە شــیعرەدا وێنەیـەکی درکـەیی هەیـە، وەك لـە خـوارەوە شـی دەکەینەوە :ـ

*درك پێ کراو ـــــــ◄ نـەك هــەر گــورگ تەنانــەت باڵنــدەکانیش دەم و دندووکیان بە خوێنە*

*درك بۆ کراو } ڕۆژێکی نـا ئاسـایی یـە، شـەڕو ئـاژاوە بـەرپا بـووە، بـە شێوەیەك باڵندەکانیش بـوون بـە دڕنـدەو دنـدووکیان بـە خوێنی گیانلەبەران سووره*

*نیشانە ـــــــ◄ مەل دندووکی بە خوێنـە، نیشـانەیە بـۆ بـوونی واتـای درکەیی*

وەك لە شـیکردنەوەی نموونەکـەدا دەرکـەوت، لێـرەدا وێنەیـەکی درکـەیی هەیە، ئەویش لەوەدا دەردەکەوێت کە دوو واتا هەیـە بـۆ ئـەو دەسـتەواژەیەو هەر یەك لەم واتایانە دەشێت مەبەست بێت، و نیشـانەکە بەربەسـت و ڕێگـر نی یە لەبەردەم بوونی هەریـەك لـەم واتایانـە بـەڵکو ئـەو نیشـانەیە پاڵشـتی بوونی واتا درکەییەکە دەکـات ، ئـەو جـۆرەی وێنـەی ڕوونبێـژی یـە کـە بـە ***وێنەی درکەیی*** ناو دەبرێت.

## باسی دووەم : جیاوازی نێوان هەردوو هونەری درکەو خوازە

زۆرجار هونەری درکە لەگەڵ هونەری خوازە لێك نزیك دەبنــەوە، ئــەم نزیــك بوونەوەیە وای کردووە هەندێك خاڵی هاوبەش لــە نێوانیانــدا دروســت ببێــت، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆجار ئەو دوو هونەرە تێکەڵ دەکرێــت، ئەمــەش بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــە بــە ڕای هەنــدێك لــەم بۆچــوونانە ((ئاخــاوتن سێ جۆرە:ـ

**أ ـ *دروست*:ـ** لەمەدا مەبەست لە ئاخاوتنەکــە تــەنها دانــانی یەکــەمی و ڕەسەنە.

**ب ـ *خوازە*:ـ** لەم جۆرەدا قسەکەر لە پاڵ دانانی یەکەمی پشت دەبەستێت بە نیشانەیــەك

و پەیوەندی یەکی ڕێگر لەبەردەم بوونی واتای دروست .

**ج ـ *درکە*:ـ** جۆرێکە لە خوازە بەڵام نیشانەکەی ڕێگــر نــی یــە لــە بــوونی واتای دروست))[1]، بەڵام ئەم ڕایە جێ ی سەرنجەو بە پەسەندی نــازانین و لــەم لێکۆڵینەوەیەدا هەردوو هونەری خوازەو درکە بە جیا باس کراوە، چــونکە بــە دوو هونەری جیاو سەربەخۆ داندراون هەرچــەندە دەکرێــت چــەند هاوبەشــیەك نێوان ئەو دوو هونەرە دیــاری بکــەین بــەڵام بــەو ڕادەیــە کــە دوو هونەرەکــە تێکەڵ بکرێن، بە شێوەیەکی گشــتی گــرنگترین جیاوازیــەکانی نێوانیــان لــەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:ـ

(١) البلاغة و الأسلوبية ـ مقدمات عامة ، يوسف أبو العدوس ( إعداد )، ص ١٢١.

١. وەك لە پێناسەکاندا ئاماژەمان پێ کرد درکە هیچ نیشانەیەکی تێدا نی یە کە دەری بخات واتا دوورەکە مەبەستە،((بە دەربڕینێکی تر لە درکە ڕێگری نی یە لە بوونی هەردوو واتاکە، پەیوەست و پەیوەستراو بەیەکەوە،... بەڵام لە خوازەدا ڕێگری یەکی تەواو هەیە لە بوونی دوو واتاکە ـ پەیوەست و پەیوەستراو پێکەوە ـ))(١)، کەواتە نیشانەیەك هەیە لە خوازەدا کە دەبێتە ڕێگر لە بوونی واتای دروست ، بەڵام نیشانەی درکە ڕێگر نی یە .

٢. هونەری درکە ((بەرهەڵستی ئەوە ناکات کە واتا دروست و نەژادی یەکەمان مەبەست بێت ...کەچی لە خوازەدا بە پێچەوانەی ئەمە نیشانەیەك هەیە بەرهەڵستی ئەوە ئەکا واتا دروستەکەمان مەبەست بێ))(٢)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەو نیشانەیەی لە هەر دوو هونەرەکەدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ((هەردوو هونەری خوازەو درکە پێویستی یان بە نیشانە هەیە، بەڵام لە خوازەدا ڕێگرەو لە درکەدا ڕێگر نی یە))(٣)، واتە بوونی جیاوازی لە ئەرکی نیشانە لە هەردوو هونەرەکەدا، بووە بە هۆی ئەوەی گرنگترین ((جیاوازی نێوان درکەو خوازە ئەوەیە کە یەکەمیان ڕێگرنی یە کە مەبەست واتای ئەسڵی بێت...، بەڵام خوازە ڕێگرە بۆ ئەوەی کە واتای ئەسڵی مەبەست بێت

---

(٢) البلاغة العربية الواضحة ، علم البيان ،إبن عبدالله شعيب ، دار الهدى للطباعة و النشرو التوزيع، عين مليلة ـ الجزائر، د.ت، ص ١٩٥.

(٣) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٨٩.

(١) بداية البلاغة ، الدكتور إبراهيم الديباجي ، ص ١٨٦.

))[1]، ئەمەش پەیوەستە بە چۆنیەتی نیشانەکەیان.

٣. پەڕینەوەی واتا لە نێوان پەیوەست و پەیوەستراو دەبێتە خاڵێکی تری جیاکەرەوەی نێوان ئەو دوو هونەرە، بە جۆرێك (( درکە بە هۆی گواستنەوە لە پەیوەست بۆ پەیوەستراو بنیات دەنرێت ، بەڵام خوازە لە گواستنەوە لە پەیوەستراو بۆ پەیوەست بنیات دەنرێت ))[2]، چونکە لە خوازەدا لە واتای نزیك بۆ واتای دوور دەچیت، بە پێچەوانەوە (( لە درکە زەین لە پەیوەست ـ لازم ـ ەوە بۆ پەیوەستراو ـ ملزوم ـ ئەچێ... بەڵام لە خوازە ئیش بە پێچەوانەیە، زەین و بیر لە پەیوەستراو ـ ملزوم ـ ەوە بۆ پەیوەست ـ لازم ـ ئەچێ ))[3]، درکە لە واتایەکی تا ڕادەیەك دوور لە واتای ڕەسەنی ووشەکە بەرەو واتای ڕەسەنت دەبات، بەڵام خوازە بە پێچەوانەوە لە واتای ڕەسەنی ووشە بەرەو واتایەکی دوورترت دەبات.

ئەم خاڵانەی لێرەدا ئاماژەی پێ کرا جیاوازی یە هەرە گرنگەکانی نێوان ئەو دوو هونەرەی ڕوونبێژی بوون ، لە داهاتوودا بە هۆی ئاماژەکردن بە جۆرەکانی وێنەی درکەیی و بە پاڵپشتی هەریەك لەم جۆرانە بە نموونەی شیعری زیاتر ئەم بابەتە شی دەکەینەوە.

(٢) علوم البلاغة ـ البيان و المعاني و البديع ، تأليف المرحوم ، أحمد مصطفى المراغي ، راجعه و أشرف على تصحيحه : أبو الوفا مصطفى المراغي ، ص ٣١٣.

(٣) س. پ. ل ١٩٤.

(٤) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٨٩ .

## باسی سێ یەم : ـ جۆرەکانی وێنەی درکەیی

وێنەی درکەیی بە هۆی ئەرك و ڕۆڵی درك پێ کراوەکە لە ڕستەدا بە سەر چەند جۆرو شێوەیەکدا دابەش دەبێت و زۆر لەو جۆرانەش لە ناو خۆیاندا بەسەر شێوەو جۆری لاوەکی دابەش دەبن ، جا بۆ ئەوەی باشتر لە جۆرەکانی وێنەی درکەیی بکەین، پێویستە جۆرەکانی وێنەی درکەیی بە پێ ی چەند تەوەرەیەك دابەش بکەین، بەڵام پێش چوونە ناو جۆرەکانیەوە، پێویستە ئاماژە بەو بۆچوونە بکەین کە پێ ی وایە (( درکە بەسەر دووبەشی بنەڕەتدا دابەش دەکرێت :ـ

**یەکەم :ـ** بە گوێرەی واتا ـ مەبەست ـ علی أساس المعنی

**دووەم :ـ** بە گوێرەی پەیوەندی شێواز ـ علی أساس الوسائط و السیاق ))[(١)]، ئەم دابەشکردنە بە بۆچوونی پەیڕەوکەرانی پەسەندە، بەڵام لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەم ڕایە بە پەسەند نەزانراوە، چونکە لەم دابەشکردنەدا هەندێك هونەری سەربەخۆ لەگەڵ هونەری درکە تێکەڵ کراون ، وەك لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت و شی دەکەینەوە کە ئەو هونەرانە ناشێت بە جۆری درکە دابنرێن، بۆیە بە پەسەندتری دەزانین کەوا جۆرەکانی درکە بەم پێ یەی خوارەوە دابەش بکەین: ـ

(١) ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ـ بە نموونەی مەلای جەزیری و نالی ، نوزت أحمد عثمان ، ل ١٣٤.

***یەکەم : ـ جۆرەکانی وێنەی درکەیی بە پێ ی مەبەستی درك پێ کراوەکە :ـ***

لەم ڕووەوە وێنەی درکەیی بەسەر سێ جۆری سەرەکی دابەش دەبێت، و هەریەك لەمانەش لقی لاوەکیان لێ دەبێتەوە، (( جۆرێکیان مەبەست زاتی ووشەکەیە، جۆرێکیان مەبەست بەو سیفەتی شتە، جۆری سێ یەم درکەیە لە هاوگری ـ نسبەت ))(١)، بەم شێوەیەی لە خوارەوە هاتوون : ـ

١. ***درکە لە سیفەت ـ الكناية في الصفة :ـ***

وەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، ئەو جۆرەی درکە تایبەت دەبێت بە سیفەتی شتێك یان کەسێك، و(( درکە لە سیفەت درکەیەکە مەبەستی سیفەتێك لە سیفەتەکانە، وەك ڕەسەنی، بەخشندەیی،...واتە درك پێ کراو سیفەتێکی پەیوەستە بە وەسفکراوەکە ))(٢)، ئەم جۆرەیان وا دەبێت کە درکەکە سیفەتێکی دیاری کراوی کەسێك یان شتێك بدرکێنێت وەك سیفەتەکانی ( ئازایەتی ، جوانی ، گەرمی ... هتد)، واتە ڕاستەوخۆ ئەو سیفەتەت بۆ دەرناخات کە مەبەستیەتی ، بەڵکو هەڵوێستێکت پیشان دەدات و لەوەوە تۆ سیفەتەکە هەڵدەێنجیت. واتە سیفەتەکان بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ دەرناکەون ، هەروەکو لەم شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، هەروەکو قوبادی شاعیر دەڵێ : ـ

(٢) خۆشخوانی ، علاء الدين سجادي ، ل ٥٢.

(٣) البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، ص ٢٩٠.

**چەند تاریکن ئەو ماڵانەی**

**دایک لانکیان لێ ناژەنێ** **ل ٨٦**

*درك پێ کراو* ⟵ *ئەو ماڵانەی دایك لانکیان لێ ناژەنێ تاریکن*

*درك بۆ کراو* ⟵ *ئەو ماڵانەی منداڵیان تێدا نی یە تاریکن*

*نیشانە* ⟵ *لانکیان لێ ناژەنێ ، نیشانەیەکە بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە*

وەك دەردەکەوێت لەم وێنەیەدا درکە لە سیفەتێك کراوە،کە بریتی یە لە سیفەتی ***بێ منداڵی*** ، ئەو جۆرەی درکەیە کە بە درکە لە سیفەت ناو دەبرێت ، بەڵام درکە لە سیفەتدا هەر بە یەك شێوە نایەت بەڵکو دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆری لاوەکی کە بریتین لە :ـ

أ) ***درکە لە سیفەتی نزیك ـ كناية عن الصفة القريبة : ـ***

ئەو جۆرەی درکەی سیفەتە کە گواستنەوە بۆ مەبەستەکە لە نێوان ئەو واتایەی بۆی گواستراوەتەوەو ئەو واتایەی لێوەی گواستراوەتەوە بە بێ هۆکارو یارمەتی دەبێت،(( ئەوەیە هیچ هۆ (واسطة)ی تیا نەبێ بۆ گواستنەوەی بیر لە پەیوەستەوە بۆ پەیوەستراو، بۆیەش درکەی نزیکی پێ دەووترێ چونکە پیاو ڕاستەوخۆ تێ ی ئەگا و وەری ئەگرێ))(١) . واتە بیرکردنەوەیەکی زۆری پێویست نی یە و گوێگر زوو بۆ مەبەستەکە دەچێت و

(١) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل٩٠.

بۆی ڕوون دەبێتەوە مەبەست لەو شـتە چـی یـە کـە سـیفەتەکەی دەرخـراوە، هەروەکو قوبادی جەلی زادە لە شیعرێکی لەو شێوەیەدا دەڵێ :ـ

**ئۆقیانووس**

**قژت ڕەشتر بوو لە چاوت**

**لە نێوانی ، خواحافیزی و**

**هاتنەوەتدا .**

**لرفەی بەفر پرۆشاندی و**

**عومرت بوو بە ماش و برنج .** ل ٣٠

*درك پێ کراو ⟵ لە نێوان ماڵئاوایی کردن و هاتنەوەی دا بەفر بەسەر سەریەوە باریووە*

*درك بۆ کراو { ئەو قژەی لە چاوەکانی ڕەشتر بوون لە ماوەی نێوان ماڵئاوایی کردن و هاتنەوەی دا پڕ بووە لە مووی سپی ، واتە لەم ماوەیەدا ڕەنگی پیری گرتووە*

*نیشانە ⟵ عومرت بوو بە ماش و برنج ، نیشانەیە بۆ بوونی واتای درکەیی لە پیربوون*

لەم وێنەیەدا شاعیر دەیەوێت باس لە دەرکەوتنی دیاردەی پیر بـوون و بـە ساڵا چوونی کەسێك بکات ، بەڵام ئەو سیفەتەی ڕاسـتەوخۆ پیشـان نـەداوەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەمەی دەرخستووەو ئاماژە بەوە دەکـات کـە ***قـژی وەك ماش و برنجە***، واتە بەشـێك لـە مووەکـانی قـژی وەك مـاش ڕەشـن و بەشێکی تریشی وەك برنج سپی بوون ، ئەمـەش درکەیـە لـە سـیفەتی سـپی بوونی بەشێکی قژی ئەو کەسەو دیارکـەوتنی دیـاردەی پـیری لـەو کەسـەدا،

سیفەتە درکاوەکەش بە ئاسانی و بێ پێچ و پەنا دەرکەوتووە، بۆیە ئەو جۆرە درکەیە بە ***درکە لە سیفەتی نزیك*** ناو دەبرێت.

**ب) درکە لە سیفەتی دوور ـ *کنایة عن الصفة البعیدة* : ـ**

ئەو جۆرەی درکەی سیفەتە کە گواستنەوە لە نێوان واتای دروست و واتای مەبەست بە هۆی هۆکارێك یان چەند هۆکارێك دەبێت، وە بە پێ ی زۆرو کەمی ئەو هۆکارانە ئەوا پلەکانیان لە ئاشکرایی بەرەو نا ئاشکرایی بەرزو نزم دەبێت [١] ،کەواتە بۆ پێناسە کردنی بە شێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین ئەویش جۆرێکی لە درکە لە سیفەت، لەم جۆرەدا ڕاستەوخۆ گوێگر لە مەبەستەکە ناگات، چونکە ئەم جۆرە درکەیە وا دروست دەبێت کە (( زەین بە هۆی چەند سەبارەت و باسێکەوە لە پەیوەستەوە بۆ پەیوەستراو بچێ ... هەر لەبەر ئەمەشە کە پێ ی ئەووترێ درکەی دوور چونکە ئەبێ ماوەیەکی درێژ ببڕی تا بە مەبەست ئەگەی ))[٢] ، بۆ نموونە : ـ ***ئەوماڵە زۆر بە خۆڵەمێشن*** ،کە درکەیە لە مێوانداری، لەم نموونەیەدا بیرو هۆش لە واتای زۆری خۆڵەمێش دەگوازرێتەوە بۆ زۆری ئاگر، لەویشەوە بۆ زۆری چێشت لێنان و نان کردن ، لە مانەوە بۆ زۆری مێوانداری ، لەمانەوە بۆ مەبەستەکە کە بریتی یە لەو واتایەی کە ماڵێکی بەخشندەن و هەردەم

(١) بڕوانە ـ س. پ. هـ. ل .
(٢) س. پ. ل ٩١.

میوانداری خەڵکێکی زۆر دەکەن[1]،واتا درکەیە لە سیفەتی ***بەخشندەیی ئەو خێزانە***، هەروەکو قوبادی شاعیر لە شێوەی ئەمەدا لە شیعرێکدا دەڵێ :ـ

**دەگری و**

**دەگری .. !**

**دڵت توورەکەی بزمارە و**

**بە کوڵ دەگری .** **ل ٣٠**

*درك پێ کراو ←— دڵت تورەکەی بزمارە*

*درك بۆ کراو ←— دڵی ئەو کەسە پڕە لە خەم و خەفەت و بەم خەمانەوە بریندار و دڵتوندە*

*نیشانە ←— بە کوڵ دەگری ، نیشانەیەکە بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە*

لێرەدا شاعیر باس لە کەسێك دەکات کە دڵتوندەو دڵی بە خەم و خەفەتەکانی بریندار بووە، بەڵام ئەو سیفەتەی ڕاستەوخۆ دەرنەکەوتووە بەڵکو لە ڕێگەی واتایەکی درکەیی ئەمەی دەرخستووە،و گوێگر بۆ گەیشتن بە مەبەستی ئەو واتا گواسترایەوە پێویستی بە ماندوو بوون و بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە تا بە مەبەست دەگات،کاتێك وەسفی کەسێك بەوە دەکات دڵی وەك تورەگەی بزمارە، کە مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسە دڵی بە خەم و خەفەت بریندارە، واتە درکە لە سیفەتی ***دڵ توندی یە***، واتا دوای

(١) بڕوانە ، جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ٢٠٨، ٢٠٩، و خۆشخوانی ، علاء الدين سجادی ، ل ٦٢.

چەند پێچ و پەنایەك ئنجا بە واتا درکەیی یەکە دەگەین، ئەو جۆرە درکەیە بە ***درکە لە سیفەتی دوور*** ناو دەبرێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین مەرج نی یە هەموو جارێك درکەی سیفەت لە شێوەی داڕشتنی ئەرێ دا دەربکەوێت، بەڵکو لەم ڕووەوە دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر: ـ

١. ***درکەی سیفەتی ئەرێ*** :ـ لەم جۆرەدا سیفەتەکە لە شێوەی ئەرێ دا دەردەکەوێ .

٢. ***درکەی سیفەتی نەرێ*** :ـ لەمەیاندا سیفەتەکە لە شێوەی نەرێ دا دەبێت [١].

بۆ نموونەی جۆری ئەرێ بڕوانە ئەو کۆپلە شیعرەی خوارەوە کە قوبادی شاعیر دەڵێ :ـ

**باسی خەمی خۆت بۆ کردم ..**

**لە چاوانتا**

**جەنگەڵی خەمێکی سەوزو**

**دوو ڕووباری سوورم بینی .** ل ٧٨

لەم کۆپلەیەدا شاعیر ئاخاوتنێك لەگەڵ شاعیرێکی هاوڕێی دەکات و باس لە خەمەکانی ئەو هاوڕێ یەی دەکات، بەڵام بەو بابەتە بە هۆی دوو وێنەی

(٢) بڕوانە : التصوير البياني في شعر المتنبي ، دكتور الوصيف هلال الوصيف إبراهيم ، ص ٦٥.

درکەیی لە جۆری درکەی سیفەت دەردەخات و ئـەو سـیفەتانەش لـە جـۆری سیفەتی ئەرێ پیشان دراون : ـ

١) ***وێنەی یەکەم :ـ***

*درك پێ کراو ⟵ شاعیر جەنگەڵی خەمی لێ دیارە لە چاوانی ئەو کەسەدا*

*درك بۆ کراو ⟵ چاوی ئەو کەسە خەمێکی قوڵی پێوە دیارە*

*نیشانە ⟵ باسی خەمی خۆت بۆ کردم .. لە چاوانتا*

*نیشانەیە بۆ بوونی واتا درکەیی لە خەمباریەکی زۆر*

٢) ***وێنەی دووەم :ـ***

*درك پێ کراو ⟵ شاعیر لە چاوانی ئەو کەسەدا دوو ڕووباری سووری لێ دیارە*

*درك بۆ کراو ⟵ هەردوو چاوی ئەو کەسە بە هۆی خەم و خەفەت سوور هەڵگەڕاون*

*نیشانە ⟵ باسی خەمی خۆت بۆ کردم ... لە چاوانتا*

*دیسان نیشانەیە بۆ بوونی واتا درکەیی لە خەمباریەکی زۆر*

هەروەك ئاشکرایە لەم نموونەیـەدا دوو وێنـەی درکـە لـە سـیفەت کـراوە، هەردوو درکەکەش لە سیفەتێکە و لە شێوەی ***ئەرێ*** دەرکەوتووە، ئـەو جـۆرە درکەیە بە ***درکەی سیفەتی ئەرێ*** دادەنرێت.

هەروەها بۆ نموونەی شیعری لە شێوەی ***درکەی سیفەتی نەرێ*** دا، بڕوانە ئەو کۆپلە شیعرە: ـ

**عەودالی بویت و**

**عەودالی خۆر و لوتکەی بووی**

**بە هەورازی کولە مەرگی هەڵگژایت و**

## نانێ گەرم

## پەنجەکانی داغ نەکردی ، ل ٧١

*درك پێ کراو ←—— نانێکی گەرم پەنجەی ئەو کەسەی داغ نەکردووە*

*درك بۆ کراو ←—— هەرگیز نانێکی گەرمی نەخواردووە*

*نیشانە ←—— بە هەورازی کولە مەرگی هەڵگژایت ، درکەیە لە نەبوونی و هەژاری*

شاعیر لەم وێنەیەدا دەیەوێت پیشانی بدات ***سامی عەودالّ*** ی شاعیر ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و هەژاری ژیاوە، بەلاّم ئەم سیفەتەی بە ڕاستەوخۆیی پیشان نەداوە، بەڵکو لە واتایەکی درکەیی دا دەری خستووە کە بریتی یە لە:ـ ***نانێ گەرم پەنجەکانی داغ نەکردی*** ، ئەمەش درکەیە بۆ ***سیفەتی هەژاری و نەهامەتی*** ناوبراو، ئەمەش بە هۆی نیشانەیەکەوە دەردەکەوێت کە بریتی یە لە: ***بە هەورازی کولە مەرگی هەڵگژایت***، وەك دیاریشە سیفەتە درك پێ کراوەکە لە داڕێژاوێکی نەرێ دا دەرکەوتووە ***نانی گەرم پەنجەکانی داغ نەکردی*** ، بۆیە بە ***درکەی سیفەتی نەرێ*** دادەنرێت.

### ***٢. درکە لە خود ـ كناية عن الموصوف :ـ***

ئەم جۆرە کاتێك دروست دەبێت کە درکەکە لە خودی کەسێك یان شتێك هاتبێت و بە درکە خودی کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو دەربخات ،(( درکە لە وەسفکراو(خود): ئەو درکەیەیە کە مەبەست لێ ی

خودی وەسفكراوەیە، مەرجە كە دركە تایبەتمەندی یەكی درك پـێ كـراو بێـت و لیێ ی تێپەڕ نەبێت، بۆ ئەوەی گواستنەوەكە لەمـەوە بـۆی بچـێت ))[1]، بـۆ نموونە دەگوترێت (( ***باڵایەكی ڕاست و هۆشێكی تەواوی هەیـە***، ئەمـەش دركەیە لە ئادەمیزاد، چونكە هیچ شتێكی تر نی یە كە هـەردوو وەسـفەكەی پێكەوە تێدا بێتە دی جگە لە ئادەمیزاد نەبێ ))[2]،واتە ئـەم دركەیـە تـەنها خودی ئادەمیزاد دەگەیەنێت و هـیچ شـتێكی تـر شـوێنی ئـەم دركەیـە پـڕ ناكاتەوە.

دركە لە خود بەشێكی زۆر لە بەرهەمی فۆلكلۆری كوردی پێـك دەهێنێـت لە جۆری مەتەڵ ، (( ئەتوانین بڵێین ئەم مەیل و مەتەڵانەی لـە نـاو كـوردەواری شەوی درێژی زستانی پێ ئەكەنەوە هەموویان بەر ئەم جۆرە دركەیـە ئەكـەون، چونكە ئەو كەسەی مەیلێ یا مەتەڵێ دێنێ دوو سـێ سـیفەتی وا دێنـێ كـە تەنها لە شتێكدا هـەن ، ئەگـەر چـی تاكـەتاكی ئـەم سـیفەتانە ڕەنگـە بـاڵ بەسەر شتی تریش بكێشن بەڵام تێكڕایی تەنها شـتە مەبەسـتەكە ئـەدركێنن و هیچی تر ))[3]، ئەمەش هۆكارێكە بۆ زیـاتر بڵاوبوونـەوەی لـە نـاو ئـەدەبی كـوردی بـە گشـتی لـە سـەردەمێكی زۆر كۆنـەوە تـا ئـەمڕۆش ، هـەروەكو قوبادی جەلی زادە وەك شاعیرێكی هاوچەرخ لە شیعرێكی دا دەڵێ :ـ

**بەیانییەک .. منداڵدانی دایکم تەقی و**

**نۆبەرەکەی کەوتە خوارێ !**

---

(١) البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، ص٢٩٠.

(٢) خۆشخوانی ، علاءالدین سجادي ، ل ٦١.

(٣) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٩٢.

ڕەشەبایێ ، بوو بە پەلی خەری زیندوو
گرتمیەوە !
مەشخەڵێ هات ناوکی بڕیم
چەند کۆرپەیەکی سەیر بوو ..
یەکەم هاوارم زریان بوو ..
یەکەم دایانم چیا بوو
یەکەم پووشینەم بەفر بوو .
مرۆڤێکی چەند سەیرم ..
بە سەقەتیش لە دایک بووم
بە سەقەتی هەنگاو دەنێم
بە سەقەتیش دەبێ بمرم !!! ل ٥٤

لەم کۆپلەیەدا وێنەیەکی درکەیی هەیە، و ***درك پێکراو*** بریتی یە لـە: ـــ ***لە دایك بوونی منداڵێك کە ڕەشەبایەك گرتیەوە، و مەشخەڵێك ناوکی بڕیوەو یەکەم هاواری زریان بوو، و یەکەم دایانی چیا بوو، وە یەکەم پووشینەی بەفر بووە، مرۆڤێکی سەیرە بە سەقەتی لە دایك بووەو دەژی و دەمرێت.***

***درك بۆ کراو*** بریتی یە لە:ـ ***خاکی کوردستان***،کە سەرجەم ئەو خاسیەتانەی تێدا کۆبۆتەوە.

***نیشانە:ـ*** ئەو سیفەتانەی باسکراون لـە خـودی کوردسـتاندا دەردەکـەون، ئەمانە نیشانەن بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە لە خودی وولاتی کوردستان.

واته لەم وێنه درکەیی یەدا کۆمەڵێك سیفەت پیشان دراون و هەموویان خودی شتێك دەردەخەن کە ئەویش وولاتی کوردستانە، ئەوە ئەو جۆرەی درکەیە کە بە ***درکە لە خود*** ناو دەبرێت.

لەبەرئەوەی درکە لە خودی شتدا دەکرێت ڕوون و ئاشکرا بێت و دەشکرێت بە پێچ و پەنا بێت و بیرکردنەوەی زۆری پێویست بێت، بۆیە ئەم جۆرەش بە سەر چەند جۆرێکی تری لاوەکی دابەش دەکرێت ، و بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم جۆرانە بەسەر دوو لقدا دابەشیان دەکەین : ـ

.

***أ ـ درکەی خودی لە ڕووی ئاشکرایی و نا ئاشکرایی درك پێکراوەکە:ـ***

١. ***درکەی خودی نزیك ـ کنایة عن الموصوف القريبة***: ـ ئەم جۆرەیان کاتێك دروست دەبێت کە درکە لە خودی شتێك یان کەسێك دەبێت، بەڵام بە شێوەیەك کە شێوەیەکی ڕوون و بێ پێچ و پەنا خودی شتەکە دەردەخرێت و (( سیفەتەکە یان سیفەتەکان ڕاستەوخۆ پیشان بدەن ))[(١)]، واتە هەر کاتێك درکە بە بێ هیچ پاڵپشت و هۆکارێك خودی شتەکە بگەیەنێت ئەوا ***درکەی خودی نزیکە***، هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**ئاخ .. گەراجی قەت نەخەوتوو..**

**من تێ ناگەم ،**

**تۆ جیێژوانی**

---

(١) س.پ. هـ. ل.

**یا دووڕیانی دابڕانی ،**

**هەر ئێستا و .. دەمێکی کەیە**

**هەرەس دێنێ پردی خوایی .**

**لێک دادەبڕێن ،**

**کچە شۆخێکی ئەسمەر و**

**کوڕە شاعیرێکی چیایی** ل ٤٩ ، ٥٠

لەم کۆپلەیەدا دوو وێنەی درکەیی لە خودی کەسێك دا دەردەکەون ،کە بریتین لە :ـ

١) ***وێنەی یەکەم :ـ***

*درك پێ کراو ← کچە شوخێکی ئەسمەر*

*درك بۆ کراو ← کچێکی عەرەب کە ڕەنگی پێستیان ئەسمەرە*

*نیشانە ← لێك دابڕان ، نیشانەیە بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە*

٢) ***وێنەی دووەم :ـ***

*درك پێ کراو ←کوڕە شاعیرێکی چیایی*

*درك بۆ کراو ← کوڕە کوردێك ، کە قوبادی شاعیرە*

*نیشانە ← لێك دابڕان ، نیشانەیە بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە*

وەك لە شی کردنەوەکەدا دەرکەوت، ئەو دوو درکەیەی لەم کۆپلەیەدا دەرکەوتن هەریەکان درکەن لە خودی کەسێکدا هاتوون ، لە هەریەکە لەم دوو درکەیەدا سیفەتێکی ئەو کەسانە ووتراوە تا لە ڕێگەیەوە خودی ئەو

کەسانە دەربخات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واتا درکەییەکە لە خودی ئەو دوو کەسەدا ڕوون و ئاشکرایەو بە ئاسانی بە واتای مەبەست دەگەین ، بۆیە ئەو جۆرەی درکەی بە ***درکەی خودی نزیك*** ناودەبرێت.

.

٢. ***درکەی خودی دوور ـ کنایة عن الموصوف البعیدة*** :ـ جۆرێکە لە درکەی خود کە بە ڕاستەوخۆ کەسەکە یان شتەکە پیشان نادرێت، بەڵکو لە ڕێگەی هۆکارێکەوە بۆ خودی ئەو کەسە یان ئەو شتە دەچێت، واتە ئەم جۆرەی درکەی خودی (( ئەوەیە سیفەتەکە یا سیفەتەکان ڕاستەوخۆ بێ ووردبوونەوە خودی شتەکە نەدرکێنن بەڵکو چەند هۆو سەبارەتێك هەبێ کە ئەو سیفەتە یا ئەو سیفەتانە بگەیەنێ بە شتەکە ))[١]، واتە ئەو جۆرەی درکە (( وا ئەبێ کە خاسەویژێك یا پتر بێنیت کە هەموویان پێکەوە بە تێکڕایی هەر خودی شتەکە بدرکێنن و بەس ))[٢]، واتە هەر کاتێك درکەی خودی بە پاڵپشتی هۆکارێك خودی شتەکە دەربخات ئەوا بە ***درکەی خودی دوور*** دادەنرێت ، بۆ نموونە قوباد دەڵێ :ـ

**چاوەڕێ ......... ین**

**چاوەڕێی سەفەرو سیاحەتێکی ترین لە گەراجێکی گەورەدا**

**کە ناوی کوردستانە**

**چاوەڕێین**

---

(١) ڕەوانبیژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ب ١، ل ٩٣.

(٢) س.پ. ل ٩٢.

## لە نێوان شەڕە قۆچی دوو کەڵە کێویدا

**چاوەڕێین ل ٥٣١**

*درك پێ کراو ←——— چاوەڕێین لە نێوان شەڕە قۆچی دوو کەڵە کێویدا*

*درك بۆ کراو ←——— چاوەڕێی ئاوارە بوون و دەربەدەربوونێکی ترین لە نێوان شەڕی براکوژی نێوان دوو حیزبە گەورەکە*

*نیشانە ←——— لە گەراجێکی گەورەدا کە ناوی کوردستانە*

*نیشانە بۆ بوونی واتای درکەیی لە خودی شەڕی براکوژی کوردستان*

لەم کۆپلەیەدا درکە لە ***خودی شەڕی براکوژی کوردستان*** کراوە، و دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە بکات کوردستان وای لێ هاتووە وەك گەراجێکی گەورە بێت و هەردەم لەوێوەوە بەرەو سەفەر بڕۆین ، واتە هەردەم خەڵکی ئەو وڵاتە ئاوارەو سەرگەردانن، بەڵام هەموو ئەو شتانەی بە ڕاستەوخۆیی دەرنەبڕیووە بەڵکو لە ڕێی دەرخستنی ئەو سیفەتانەوە بە هۆی واتای درکەیی خودی ***شەڕی براکوژی کوردستان*** دەردەخات، درکە خودی یەکەش بە ڕوون و ئاشکرایی دەرنەکەوتووە، بەڵکو پێویستی بە بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر هەیە تا بە مەبەستە درکەیی یەکە دەگەیت ، بۆیە بە ***درکەی خودی دوور*** ناودەبرێت.

***ب ـ درکەی خودی لە ڕووی سادەیی و لێکدراوی درك پێکراوەکە[1] : ـ***

لەم ڕووە دیسان درکەی خودی بە سەر دوو جۆری لاوەکی دا دابەش دەکرێت :ـ

١. ***درکەی خودی سادە ـ کنایة عن الموصوف المفرد*** :ـ لەم جۆرەدا درك پێ کراو بریتی یە لە وەسفکراوێك کە تەنها واتایەك دەبێت،و بەسادەترین و نزیکترین شێوە بۆی دەچین، واتە یەك تاکە سیفەت تایبەتمەند دەبێت بۆ وەسف کراوێکی دیاریکراوو ئەم سیفەتە دەردەخرێت وەك درکەیەك بۆ وەسفکراوەکە،وەك:ـ ***نیشتمانی نهێنی یەکان***،کە درکەیە لە ***دڵ*** ، هەروەها قوباد لەم شێوەیە لە شیعرێکدا دەڵێ : ـ

**بەفر بەفر بەفر**

**شارە <u>ڕەشپۆشەکەم</u> بکەرەوە بە بەلقیس و**

**منداڵە پرچ ڕەشەکانیش ، بە <u>پیرەمێرد</u>** ل ٢٨٣

لەم کۆپلە شیعرەدا زیاتر لە وێنەیەکەی درکەیەکی هەیە :ـ

١) **<u>وێنەی یەکەم :ـ</u>**

*درك پێ کراو* ← *شارە ڕەش پۆشەکەم*

*درك بۆ کراو* { *شارێك کە ڕەشپۆشەو هەموو دانیشتوانی بەرگی ڕەشیان پۆشیوەو پرسەیان پێوە دیارە ( تازیە بارن)*

(١) بڕوانە :ـ البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، ص ٢٩٥.

*نیشانە ← بەفر ئەو شارە بکاتە بەو بووکەی بە بەلقیس ناسراوە*

*نیشانەیە لە بوونی واتای درکەیی لە خودی ئەو شارە*

۲) **وێنەی دووەم :-**

*درك پێ کراو ← بەفر شارەکەم بکات بەو بووکەی بە بەلقیس ناسراوە*

*درك بۆ کراو ← بەفر شارەکەم سپی سپی بکات وەك بووکێکی تارا سپی*

*نیشانە ← پیرەمێرد، کە شاعیرێکە شیعری بەسەر بەفرو بەلقیسدا گوتوە*

*نیشانەیە بۆ بوونی واتای درکەیی لە خودی ئەو بووکە (بەلقیس)*

۳) **وێنەی سێ یەم :-**

*درك پێ کراو ← بەفر منداڵە پرچ ڕەشەکانی شارەکەم بکاتە پیرەمێرد*

*درك بۆ کراو ← پرچی ڕەشی منداڵەکانی ئەو شارە سپی ببێت بە بەفر*

*نیشانە ← بەفر، بەلقیس ، نیشانەن بۆ بوونی واتای درکەیی لە سیفەتی سپی بوونی قژی ڕەش بە بەفر*

لەم کۆپلەیەدا سێ وێنەی درکەی خودی دەرکەوتوون ، وێنەی یەکەم درکەی لە ***خودی شارێك***، و وێنەی دووەم درکەیە لە خودی کەسێك کە بە ***بووکی بەلقیس*** ناو دەبرێت، بەڵام وێنەی سێ یەم درکەیە لە خودی ئەو شاعیرەی کورد کە بە ***پیرەمێرد*** ناوی دەرکردووە، لەبەرئەوەی هەموو درکەکان لە خودی ئەو کەس یان شتانە تەنها بە هۆی دەرخستنی یەك سیفەتەوە دەرکەوتوون کە بریتی یە لە سیفەتی ***سپی یەتی*** ، بۆیە بە ***درکەی خودی سادە*** ناودەبرێت.

٢. ***دركەی خودی لێكدراو ـ كناية عن الموصوف المركب :ـ***كۆمەڵێك واتا بە شێوەی واتایەك وەردەگیرێت، واتای دووەم و سێ یەم دەخرێتە سەر واتای یەكەم و هەموویان تایبەتمەند دەبن بە وەسفكراوەكە، وەك ئەوەی كە دركە لە خودی مرۆڤ دەكرێت و دەگوترێت:ـ ***باڵا بەرزێكی هۆشدارم بینی*** ، ئەم سیفاتانە بەسەر یەكەوە لێكدراون و تایبەتن بە مرۆڤ ، واتە درك پێ كراو بریتی یە لە كۆمەڵێك واتاو لە تایبەتمەندی دا پێویستی بە وەسفكراوی درك بۆ كراوە، بە هۆی پەیوەندی پەیوەستەكان یەك لەگەڵ یەك، هەروەكو قوباد لە شیعرێكی دا دەڵێ :ـ

**پرچ**

**شەوان بە خۆمی دادەم ..**

**نیوەڕۆیان ،**

**شیعری لە سایە دەنووسم**

**سەری ساڵان ،**

**بخوورە و دایدەگیرسێنم ..**

**كەمەندە و**

**پێی بە قەڵایان هەڵدەگەڕێنم .**

**ئەو دەمەیش گەمارۆ دەدرێم ،**

**پەتەو خۆی پێ دەخنكێنم !!** **ل ١٥٧**

لەم وێنەیەدا ***درك پێکراو*** بریتی یە لە: ***شتێك کە شاعیر شەوان بە خۆی دا دەدات، نیوەڕۆیان شیعری لەبەر دەنووسێت، سەری ساڵان وەك بخوور دایدەگیرسێنێت، هەروەها وەك کەمەند پێ ی بە قەڵایان هەڵدەگەڕێت، و کاتی گەمارۆدانیش وەك پەتێك خۆی پێ دەخنکێنێت.***

***درك بۆ کراو*** بریتی یە لە :ـ ***قژی ئافرەتێك***، کە سەرجەم ئەو خاسیەتانەی سەرەوەی تێدا کۆبۆتەوە.

***نیشانە :ـ*** ئەو سیفەتانەی سەرەوەیە،کە تەنها لە خودی قژی ئافرەتدا دەردەکەون ، ئەمانە نیشانەن بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە لە خودی قژی ئافرەت.

لەبەرئەوەی لەم وێنە درکەیی یەدا درکەی خودی لە ڕێگەی کۆمەڵێك سیفەتی یەك بە دوای یەکدا هاتوو بنیات نراوە، واتە کۆمەڵێك سیفەت بوون بە هۆی هاتنەدی درکە خودی یەکە، بۆیە بە ***درکەی خودی لێکدراو*** ناودەبرێت.

سەبارەت بەو دوو جۆرەی درکە خاڵێك ماوە باسی لێوە بکەین ، ئەویش ئەوەیە لای زانا ڕەوانبێژەکان لەم دوو جۆرەی درکە کە لەم دوایی یە باس کران،جۆری یەکەم بە ***نزیك*** دانراوە بە هۆی ئاسانی گەیشتن لە پەیوەست بۆ پەیوەستراو تێیدا، وە جۆری دووەم بە ***دوور*** دانراوە بە هۆی ئاسان نەبوونی گواستنەوە لەم جۆرەیاندا، هەروەك لە شی کردنەوەی نموونەکاندا دیارە [(١)].

(١) بڕوانە: ـ جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ٢٠٩، و بداية البلاغة ، الدكتور إبراهيم الديباجي ، ص ٢٣٠، ٢٣١.

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە زۆرجار سەبارەت بە ڕۆڵـی درکـە لە پێکهێنـانی وێنـەی ڕوونبێـژی زۆر ڕای نـاکۆك سـەرهەڵدەدەن ، تـا ئـەو ڕادەیەی دەگوترێت‹‹ گەر بشێت پرسیار بکەین لەو شوێنەی کە درکە داگـیری دەکات لە پێناسەی وێنەی شیعری ،لـێرەدا تەنها گفتوگۆ لە بارەی درکـە لـە سیفەتدا دەکـەین ، چـونکە دوو جۆرەکـەی تـر ناشـێت بـە وێنـەی شـیعری دابنـرێن بـە واتـای دیـاریکراوی ڕابـردوو، ئـەو جـۆرە درکەیـە نـزیکترە لـە سروشتی خوازەی ڕەها، لەبەرئەوەی وەك ئـەو پشـت دەبەسـتێت بـە هاوسـێ یەتی نەك بە هاوشێوەیی ››(١)، بە پێ ی ئەو بۆچوونە بێت تـەنها جـۆری درکـە لە سیفەت وێنەی شیعری لێ پێك دێت، بەڵام ئەو ڕایەی بـە پەسـەند نـازانین چونکە لەمەوپێش بە پاڵشتی نموونەی شـیعری ئـەو ڕاسـتیە سـەلمێنراوە کـە درکەی خودی وێنەی درکـەیی جـوانی لێ پێـك دێـت، هـەروەها بـە هـەمان شێوەش لە داهاتوودا پیشانی دەدەین کە درکەی هاوگری بێ بـەش نابێـت لـە پێکهێنانی وێنەی درکەیی بە هەمان شێوەی درکە لە سیفەت.

٣. ***درکە لە هاوگری (نیسبەت)ـ کنایة عن النسبة :***ـ ئەمەش جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی درکـە و بەشـێوەیەك دروسـت دەبێـت کـە واتـای هـەموو ڕسـتەکە بـە سـەریەکەوە درکەکـە دروسـت دەکـات ، ئـەو جۆرەیـان ‹‹ ئامانجی ئەوەیە سیفەتی وەسفکراوێك بسەلمێنێت بەڵام بـۆی ناگونجـێـت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆی بچێت بەڵکو بەرەو شتێکی تر دەچـێت کـە

(٢) الصورة الفنية في الخطاب البلاغي و النقدي ، تأليف : الولي محمد ، ص ٢١.

پەیوەندە پێیەوە یان هاوسێ یەتی،ئەو پێکهاتە بە ***درکـە لـە هـاوگری*** ناودەبرێت ))[1]،کەواتە ئەو جۆرە کاتێـك دروسـت دەبێـت کـە(( کۆمەڵـە سیفەت وگوزارەیەك نسبەت ئەدەی بە یەکێك بەلاّم لـە ڕێگـای درکـەوە، ڕێگای درکەکەش ئەمەیە کـە نـاوی کەسـەکە نـاهێنی بـەڵکو شـتەکان نسبەت ئەدەیتە لای شتێك کە ئەو شتە هی کەسـەکەیە،دیارە موبالەغـە و هاشە لەمەدا زۆرتر ئەبێ تا ئەوە کە ڕاستەو ڕاست سـیفەتەکان بکـەی بە هی کابرا خۆی))[2]، ئەم جـۆرەش بـە هـەمان شـێوەی جۆرەکـانی تـر گرنگی و بایەخی خـۆی هەیـە لـە دروسـت بـوون و پێکهێنـانی وێنـەی ڕوونبێژی، ئەمەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە(( مەبەست لـەو جۆرەیـان بریتی یە لە سەلماندنی شتێك بە شتێکی تـر یـان نـەهی لێ کردنـی یـان تایبەتمەندی کردنی خاسیەتێك بـە وەسـفکراوێك))[3]، هـەروەکو قوبـادی جەلی زادە لە شیعرێکی دا دەڵێ :ـ

**شەڕ بوو بە شەکر و ڕژایە، پیاڵە سپییەکانی**

**چایخانەی مەچکۆ**

**و**

**گازینۆی شەعب !** ل ٤٠٥

---

(١) البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، ص ١٩٨.

(٢) ئەدەبی کوردی و لێ کۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی ، علاء الدين سجادي ، بەغداد ، چـاپخانەی مـەعارف ، ٢٦٦٧ ك ـ ١٩٦٧ز، ل ٩٢.

(٣) البلاغة العربية ـ المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، ص ٢٩٣.

*درك پێ کراو* ⟵ *شەڕ ڕژایە ناو پیاڵەی ئەو چایخانانەش*

*درك بۆ کراو* } *شەڕی ناوخۆی کوردستان کەوتە نێوان ئەو خەڵکە ڕۆشنبیرانەش*
*کە لەو گازینۆیەدا دووو شوێنە دادەنیشن*

*نیشانە* ⟵ *شەڕ بوو بە شەکر، کە نیشانەیە بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە*

وەك لای هەمووان ئاشکرایە بە داخەوە شەڕی ناوخۆی ئەو دوایی یەی ئەم پارچەیەی کوردستان هەموو ژیانی خەڵکی گرتەوە، تەنانەت شەڕ گەیشتە ناو هەموو چین و توێژەکان و سەرجەم خەڵکی ناو بازاڕەکانیشی گرتەوە، شاعیر دەیەوێت باس لەم حاڵەتە بکات، بەڵام ئەو ڕووداوە لە ڕێگەی دەربڕینێکی درکەیی پیشان دەدات و ئاماژە بەوە دەکات کە شەڕەکە گەیشتە ناو پیاڵەکانی چایخانەی مەچکۆ لە هەولێرو گازینۆی شەعب لە سلێمانی ، ئەو دوو شوێنە هەریەکەیان بنکەیەکن بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژانەی ڕۆشنبیرانی ئەو دوو شارە، شاعیر دەیەوێت دەری بخات کە شەڕ ئەم خەڵکە ڕۆشنبیرەشی گرتەوە، لەو وێنە درکەیەدا کۆمەڵێك سیفەت وەك هاوگری دراوەتە پاڵ کردارێك کە بریتی یە لە کرداری گەیشتنی شەڕی ناوخۆ بۆ ناو خەڵکی ئەو دوو شوێنە، واتە ناوی ئەو کردارە نەگوتراوە بەڵکو کۆمەڵێك سیفەتی ئەو ڕووداوە دەرخراوە تا لە ڕێگەی ئەمانەوە ئەو کردارە بناسرێت، ئەمە ئەو جۆرەی درکەیە کە بە ***درکەی هاوگری*** ناو دەبرێت.

**دووەم :ـ جۆرەکانی وێنەی درکەیی لە سەر بنەمای جوانی و ناشرینی :ـ**

لەبەرئەوەی هەر وێنەیەکی درکەیی کە دروست دەبێت واتایەك دەپێکێت ، ئەو واتایەی درکە دەیبەخشێت هەندێ جار واتایەکی جوان و پەسەندە، هەندێ جار واتەیەکی نەشیاو و نا پەسەندە، لە سەر ئەم بنەمایە وێنەی درکەیی دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر[1] :ـ

١. ***درکەی باش ـ الكناية الحسنة:ـ*** ئەو جۆرەیە کە بە شێوەیەکی جوان و دڵگیر دەردەکەوێت، هەروەکو قوبادی جەلی زادە لەشیعرێکیدا دەڵێ :

**ـ بۆ هێندە <u>هەناسە سوارن</u> .. ؟**
**+ جاری ڕوباری پشووی دا**
**بۆگەنی کرد** **ل ٥٩**

*درك پێ کراو ـــــــــ← هەناسە سوارن*

*درك بۆ کراو ـــــــــ← پەلەکردن و خێرایی لە ڕۆیشتندا*

*نیشانە { جاری ڕوباری پشووی دا بۆگەنی کرد، واتە نابێ پشوو بدەین ، بۆیە پەلە دەکەین لە ڕۆیشتنداو هەناسەمان سوار دەبێت، ئەمەش نیشانەیە لە بوونی واتای درکەیی لە سیفەتی **خێرا ڕۆیشتن و پەلە کردن***

(١) دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العاملي ، ص١٤٠.

لەم نموونەیەدا وێنەیەکی درکەیی هەیە کە لە جۆری درکەیە لە سیفەت، بەڵام لەبەرئەوەی درکەکە بە شێوەیەکی جوان و دڵگیر دەرکەوتووەو هیچ شتێکی دزێوو نەشیاوی تێدا نی یە، بۆیە لەم دابەشکردنەدا بە ***درکەی باش*** دەناسرێت.

٢. ***درکەی دزێو ـ الكناية القبيحة***: ـ ئەو جۆرەیە کە بە شوورەیی لە قسەکردن دادەنرێت ، بە هۆی ئەوەی واتا درکەیی یەکە خراپترو ناشرینترە لە ئاشکراکە، هەروەکو قوباد دەڵێ :ـ

**ڕووخان**

**چوار دیوارو منی تەنیا ..**

**چەقۆیەکیان لێ هەڵکێشام**

**داڕووخام و .. دانم پیانا !!**

**یەک .. چوار**

**حەوت .. دە .**

**دە هاوڕێیان تووڕدا ژوور .**

**هەرچی تفی دەدا لە ڕووم !**

**ئەوەی بە سەرما ڕەت دەبوو**

**پێڵاوەکەی تێ هەڵدەسووم !**

**کە مردیشین .. ئەوانم دی**

**لە زامی هەریەکێکیانا**

**گوڵ دەپشکوت !**

**خۆشم بینی کەلاکێک بووم .**

**ڕەوە سەگێ**

**سەری برسیان تێکرد بووم !!؟** ل ٦١

درك پێ کراو | *کەسێك لە نێوان چوار دیوار بووەو بە هۆی ئازاردان داڕووخاوە، دوای مردنیش هاوبیرانی دیوە لە زامەکانیش گوڵ دەپشکووت، بەڵام خۆی بووە بە کەلاکێك و بووە بە خۆراکی سەگەکان*

درك بۆ کراو | *کەسێك لە زیندان بووە بە هۆی ئازاردان دانی ناوە بە کارەکانی و خیانەتی لە هاوبیرانی کردووە، دوای مردنیش هەستی بە ئارامی نەکردووەو مردنێکی ئاسایی نەمردووە، بەڵام ئەوان بە پاکی و ئارامی مردوون*

نیشانە | *داڕووخام و دانم پیانا ، نیشانەیە بۆ بوونی واتای درکەیی **لە خودی کەسێکی خیانەتکار***

لەمەیاندا درکەکە وا پێك هاتووە کە پڕیەتی لە سیفەتی ناپەسەندو ناڕێك و دزێو بۆ ئەو کەسەی خیانەت لە بیروباوەڕێك دەکات و دەبێت بە هۆی لە ناوچوونی هاوبیرەکانی، بە شێوەیەك ئەو مەبەستەی لەو درکەیەدا دێتە دی ناشرینترو ناڕێکترە لە واتای دروست و ڕاستەقینەکەی ، بۆیە ئەو جۆرە درکەیە بە ***درکەی خراپ*** دادەنرێت.

پێش کۆتایی هێنان بە باسی جۆرەکانی درکە، نابێت ئەوەش پشتگوێ بخەین کە هەندێك لە شارەزایان جۆرێکی تر بۆ درکە زیاد دەکەن کە لە عەرەبی دا بە (التعریض) و لە کوردی دا بە (تەوس) ناسراوە، ئەمیش

هونەرێکی ڕەوانبێژی یە، تەوس ـ التعریض ـ ئەوەیە کە شتێك دەڵێ ی بە زاراوەی دوور لەوەی لە زماندا بۆ ئەو شتە داندراوە بە شێوەیەك کە تەوس لێدراوەکە بە شێوەیەکی درکاندراو لە واتای مەبەست تێ بگات و خەڵکی تر تەنها بۆ واتای ئاشکراکە دەچن... ئەوەیە کە شتێك دەڵێ ی و نەشتگوتوە، و لە مەبەستت تێ دەگەن جگە لەو ووشانەی گوتووتە... واتە ئەو شتە بگووترێت کە مەبەستتە بە زاراوەی تر جگە لەوەی لە زماندا بۆی داندراوە[1]، ئەو هونەرەی ڕەوانبێژیش وەك هونەرەکانی تر ڕۆڵ و سوودی خۆی هەیە، واتە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی چەند مەبەست و ئامانجێکی لەدوایە، بەڵام هەرە گرنگترینیان بریتین لە:ـ

((١) هەڕەشەکردن بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ، کە ڕەوانترە لە هەڕەشەی ئاشکرا...

٢) شاردنەوەی ناوی کەسانی گوێگرەکان ))[2]، هەندێك لەو خاسیەتانە وای کردووە نزیکی و هاوبەشیەك لە نێوان ئەو هونەرە لەگەڵ هونەری درکەدا ببینرێت،(( وە ئەوەی وای لە ڕەوانبێژان کردووە درکە بەراورد بکەن بە تەوس وەك لە بۆچوونەکانیاندا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە دەلالەتی درکە وەك دەلالەتی تەوسە،کە هەردووکیان زاراوەیەکی بە ئاشکرا تێدا دەرنەکەوتووە بۆ واتای مەبەست، و هەر لەسەر ئەم بۆچوونە ڕۆیشتن ، تا

---

(١) بڕوانە: الصورة في الشعر المتنبي ( المجاز) ، الدكتور منير سلطان ،أستاذ النقد و البلاغة ، كلية البنات ، جامعة عين شمس ، مصر، منشأة المعارف جلال حزي و شركاه بالأسكندرية ، مطبعة عصام جابر، ٢٠٠٢م ، ص ٣٥٣ ، ٣٥٤.

(٢) دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العالمي ، ص ١٤١.

ڕەوانبیێژی تر هاتن و هەوڵیان دا بـۆ جیاکردنـەوەیان و جیـاوازی کـردن لـە نێوان درکەو تەوس ))[1]،بەڵام ئەو هاوبەشیانە نابێـت بـە هـۆی یـەکبوونیان، بەڵکو درکە باسی شتێك دەكات بـە بـاس کردنـی پەیوەسـتەکانی ، وەك ئـەو نموونەیەی لەمەوپێش باسکرا :ـ ***ماڵێکی زۆر بە خۆڵەمێشن*** ، بەڵام لە تەوس دا قسەیەك دەکرێ کە لەوانەیە مەبەستت بێت و لەوانەیە مەبەسـتت نـەبێت، بەلاّم نیشانەکان دەری دەخەن کە مەبەستتە، واتـە بریتـی یـە لـە داپۆشـینی ووتەیەك بە دەلالەتێك کـە دەرنـەخراوە،وەك ئـەوەی بـە کەسـێکی چاوچـنۆك بگوترێ:ـ ***چاوچنۆکی چەند شتێکی ناشرینە***[2] .

کەواتە بە شـێوەیەکی گشـتی دەتـوانین بـۆ جیاکردنـەوەی ئـەو دوو هونـەرە بڵێین:ـ(( یەکێ قسەیەك یـا ئیشـێك بکـا تـۆش ئیشـەکەیت بـە دڵ نـەبێت و پەندێ یا هۆنراوەیێ یا قسەیەکی وا بکـەیت کـە پێچـەوانەی ئیشـەکەی ئـەو بێت و رسوای بکا... وەکو ئەوەی یەکێ درۆ بکات و تۆش ئەمـەی بـە سـەرا بخوێنی ـ ***درۆ پیاو سووك ئەکا***ـ... لەمەوە بۆمان دەرئەکـەوێ کـە تـەوس (التعريض) هەر ئەوەندەیە هێمـا بـۆ مەبەسـت ئـەکا ئـەو هێماکردنـەش لـە قسەکەوە دەرئەکەوێ ... بە هیچ جۆرێ ناتوانین تـەوس بـە درکـە دابنـێین یـا بە بەشێکی ئـەوی بدەینـە قەلـەم وەکـو ئـەوەی هەنـدێ کـەس (تـەوس) بـە بەشێکی درکە دائەنێن ئـەو کاتـەی کـە بـەم جـۆرە درکـە دابـەش ئەکـەن : ١.التعـريض ـ تـەوس ٢. الرمـز ٣. التلـويح ٤. الإيمـاء ))[3]،کەواتـە

(٣) البلاغة العربية الواضحة ـ علم البيان ، إبن عبدالله شعيب ، ص ٢٠٥، ٢٠٦.

(١) فخرالدين الرازي بلاغياً ، تأليف : ماهر مهدي هلال ، ص ٢٢٩.

(٢) ڕەوانبیێژی لە ئەدەبی کوردی دا، عزیز گەردی ، ل ٩٥.

جیاوازی هەیە لـە نێـوان هـەردوو هونـەری درکـەو تـەوس ، و هەریەکـەیان هونەرێکی سەربەخۆن و هیچیان بە شێوەو جۆری هونەرەکەی تر دانانرێن .

## باسی چوارەم: ـ سوودو گرنگی وێنەی درکەیی

بێ گومان هەر هونەرێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە دروسـت بـووە چـەند سوودێکی دیاری کراوی هەیەو بە هۆی ئەوانەوە چەسپاوەو جێگـەی خـۆی لـە زمـان و ئەدەبـدا گرتـووە، درکـەش وەك هـەر هونـەرێکی ڕەوانبێـژی چـەند سوودێکی هەیە کە لە کاتی بەکارهێنانی دا دەردەکەوێت، بـە شـێوەیەك کـە دەتـوانین گرنگترینیـان سـوودەکانی وێنـەی درکـەیی لـەم خاڵانـەی خـوارەوە کورت بکەینەوە :ـ

١. زۆرجار ئەو شـتەی کـە بـە درکـە دەردەبڕێـت بـەهێزترە لـەوەی کـە بـە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە هێزێك هەیە لە واتاکەی ، چونکە کە دەگووترێـت:ـــ ***فـلان خانەدانـە،*** بەڵگەکەی ئەوەیە کە: ـ ***زۆر بە خۆڵەمێشن*** ، ئەو دەستەواژەیە درکەیە لە خانەدانی و گەر ڕاستەوخۆ بگووترایە خانەدانـە ئـەم هێـزەی نـەدەبوو کە بە هۆی زۆری خۆڵـەمێش گوزارشـتی لێ کـراوە، نموونەیـەکی تـر: ـــ وەك ئەوەی شاعیرێك دەڵێ :ـ ***ڕمەکانتان لە سینگی خۆتاندا مەشکێنن*** ، شکاندنی ڕم لە سینگی خاوەنەکەی دا درکەیە بۆ ئەو کەسـەی ئـازاری خۆی دەدات بە هـۆی ئـازاردانی بنەماڵەکـەی[1]، هـەروەها نموونەیـەکی

---

(١) بڕوانە: جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن

تری لەم شێوەیە بریتی یە لە دەستەواژەی: ـ(( ***پێغەمبەری خراپەکاری***، درکەیە لە گاڵتەچی یەتی ، واتە درکە دەبێتە هۆیەك بۆ گوزارشت کردن لەو شتەی کە توانات نەبێت گوزارشتی لێ بکەیت بە شێوەیەکی ئاشکرا ))(١)، هەروەها قوبادی جەلی زادە سوودی لەمە وەرگرتووەو بەشێك لە شیعرەکانی زیاتر پێ ڕازاندۆتەوە، هەروەکو لە شیعرێکدا دەیەوێت باس لە دوا شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکات و دەری بخات ئەو شەڕە گەیشتە ناو بازاڕو چایخانەکانیش و خەڵك و دانیشتوانی ئەو شوێنانەشی گرتەوە، بەڵام ئەو باسە بە شێوەیەی ڕاستەوخۆ پیشان نادات بەڵکو بە وێنەیەکی درکەیی دەری دەبڕێت کە زۆر بەهێزترە لەوەی بە واتای دروست ئاماژەی پێ بکرێت، هەروەکو قوبادی شاعیر لە شیعرێکی دا دەڵێ : ـ

**نەمدەزانی ،**

**گیانی بێ گەردت تێکناوەو**

**ڕێی <u>سەفەری یەکجارەکیت</u>**

**گرتۆتە بەر !** ل ١٠٠

وەك ئاشکرایە زاراوەی ***سەفەری یەکجارەگی*** درکەیە لە خودی ***مردن*** ، شاعیر لەم دێرە شیعرەدا دەیەوێت باسی مردن بکات،بەڵام ئەو مەبەستەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لە ڕێگەی واتایەکی درکەیی دەرخستووە،و وەك

---

مصطفى الهاشمي ، ص ٣١٦،و الصورة الفنية معياراً نقدياً، د. عبد الاله الصائغ ، ص ٣٩٦، ٣٩٧.

(٢) تعريف الكناية ، إنترنيت : ـ w.w.w.alsharazi.com .

دیارە ئەو واتا درکەیی یەی کە مەبەستەکە دەردەخات زۆر جـوانترو بـەهێزترە لە واتا دروستەکە، و گەر بە ڕاستەوخۆ ووشەی **مردن** بگوترایە ئـەو هێـزەی نەدەبوو.

٢. ئەوەی بە درکە دەگووترێت زۆرجار ناشـێت ڕاسـتەوخۆ بگووترێـت ، لـەم بارەیەوە گوتراوە (( درکە زۆر مەبەستی هەیە سەرەڕای سـوودە ڕوونبێـژی یەکەی ، وەك داپۆشینی زاراوەی دزێو یان ئەوەی شـەرمەزاریی دروسـت دەکات بۆ قسەکەر، وە ئامـاژە بـۆ کردنـی بـە زاراوەیـەکی نزیـك ، وەك زاراوەکانی تایبەت بە پیسی و داشۆرین یان پەیوەنـدار بـە سـێکس ،... هەروەك چۆن ئەندامەکانی زاوزێ لە هەموو زمانێکـدا ووشـەی ناشـیرین و ووشـەی بـەڕێزی بـۆ دانـدراوە، وە کـردە سێکسـیەکان لـە هـەموو زمانێکـدا هەنـدێك ووشـەی بـۆ بـەکارهاتووە کـە خەڵـك لێ ی ڕا دەکات وە هی تری هەیە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خـەڵك بـۆ ئـەو کردانەی بەکاردەهێنن ، هـەروەها هـەموو ئـەو شـتانەی پەیوەنـدارن بـە زیناو ئەتك کردن و تەنانەت جلوبەرگی نـاوەوەی مـرۆڤیش ))[1]، ئەمانـە هـەمووی بـوون بـە هـۆی ئـەوەی کـە درکـە جێـی خـۆی بگرێـت ، بـە شێوەیەك (( لە ئاشـکراترین خاسـیەتەکانی درکـە گوزارشـت کردنـە لـە شتێکی ناشیرین بەو شـتەی کـە گـوێ یـەکانمان پـێ ی ڕاهـاتوون ، و نموونەی ئەمەش لە قورئانی پـیرۆزو ووتـەی عەرەبەکانـدا زۆرە کـە هـیچ

(١) البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، رسالة دكتورا ، نجم مجيد علي ، ص ١٩٨.

شتێكی ناشایستەیەیان دەرنەدەبڕی بە دركە نـەبێت ))[1]، واتـە زۆرجـار شتێك بە دركە دەگووترێت كە شیاوی باس كردنی نـی یـە بـە ئاشـكرایی ، چـــونكە دركە ((گوزارشت كردنە لـە شـتێك كـە مـرۆڤ ناتوانێـت بـە ئاشكرا دەری ببڕێت وەك ڕێزگرتنێك لـە گـوێگر))[2]، ئەمـەش یـەكێكی ترە لە سوودو گرنگیەكانی دركەو وێنەی دركـەیی ، ((لەوانەیـە شـێوازی دركەیی لە نێوان شێوازەكانی ڕوونبێژی تاكە شێواز بێـت كـە دەتوانیـت دەربڕین لە واتا ناشیرینەكان بكەیت بە واتایەك كـە نە چـێژ تێـك دەدات بۆ گوێگرتن نـە ناڕێـك بێـت ))[3]، لـەو كاتـەدا كـە بـە هـۆی دركـەوە دەرفەت بە مرۆڤ دەدرێت بۆ دەسـت بـەردان لـە هەنـدێ زاراوەی دزێـوو ناشرین و واتـای نـا پەسـەند، بـەرەو هەنـدێك واتـای جـوانترو ئاسـانتر، چونكە هەوڵدان بۆ شاردنەوەو ناڕاستەوخۆیی دیاردەیەكە لـە دیاردەكـانی ئەو هونەرە، لـە ڕێگـەی ئـەو هونـەرەوە شـاعیر دوور دەكەوێتـەوە لـەو ئاشكرایی یـەی كـە چـێژ تێـك دەدات و گوێگرەكـان ئەزیـەت دەدات و هەست و سۆز دەشێوێنێت، و یـەكێك لـەم شـێوازانەی ئـەو زاراوە بۆیـە نەكراوانە دادەپۆشێت، دركەیە[4]، بۆ نموونـە قوبـاد لـە شـیعرێكدا بـاس

(٢) جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، ص ٣١٨.

(٣) تعريف الكناية ، إنترنيت : ـ w.w.w.alsharazi.com .

(٤) الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، ص ١٣٨.

(١) بڕوانە : ـ علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، ص ٣٠٦ ، ٣٠٧ ، ٣٠٨.

لەو بارودۆخە نالەبارە دەکات کـە کـاری کـردە سـەر پـاکی هەنـدێك لـە ئافرەتانی کورد، بـەڵام ئـەو ڕووداوەی لـە ڕێگـەی وێنەیـەکی درکـەیی دەرخستووە، هەروەکو دەڵێ : ـ

**بێ ئومێد بووم**

**لەو کچە لادێ نشینانەی ، داوێنیان بەفری یەک شەوە بوو**

**کەچی خیوەتی برسیەتی ئۆردووگا و بریقەی موغازە**

**ڕەنگینەکانی شار**

**دۆخینی کردن بە بێژینگ** ل ٥٢٥

ئاشکرایە ڕستەی :ـ ***دۆخینی پێ کردن بە بێژینگ***، درکەیە لە سیفەتی ***لەش فرۆشتنی ئافـــرەت***، وە دەستەواژەی :ـ ***داوێنیان بەفری یەك شەوە بوو***، نیشـانەیە بـۆ بـوونی واتـا درکـەیی یەکـە، شـاعیر ئـەو سـیفەتەی بـە ڕاستەوخۆیی دەرنەبڕیوەو لە ڕێگەی ئەو ڕستەیە درکەیی یـەوە مەبەسـتەکەی دەرخستووە، لێرەدا درکە سوودی هەبووە بۆ ئەوەی شاعیر بیکات بـە هۆیـەك بۆ دەرخسـتنی ئـەو ووتەیـەی کـە بـە ئاشـکرا شـیاو نـی یـەو ناکرێـت بـە ڕاستەوخۆ دەری ببڕێت ، بـەڵکو جـوانترو شـیاوترە بـە شـێوازی درکـە ئـەو مەبەستە دەربڕێت.

٣. زۆرجـار درکـە سـوودی هەیـە بـۆ پلارگـرتن و ڕەخنـەگرتن لـە کەسـی بەرامبەر، چونکە (( ئـەوەت بـۆ بەدەسـت دەهێنێـت کـە دەتـەوێت بـە

بەرامبەرەکەی بڵێیت بێ ئـەوەی بەسـەر خـۆت بێنـی ))[1]، واتـە درکـە جۆرە ((تۆڵە سەندنێکە لە دوژمن بێ ئەوەی دەروازەیـەکی پـێ بـدەی تـا هەستی پێ بکات ))[2]، و لە ڕێگەی درکەوە دەتـوانین پـلار لـە کەسـێك بگرین و بێ ئەوەی ئەو کەسە هەست بکات، بۆیـە دەگوترێـت(( شـێوازی درکە نزیکترین شێوازە بۆ هونەری داشۆرین ( الهجاء) بە هۆی بـوونی بـە ڕێڕەوێـك بـۆ دەربڕینـی ئـەو شـتەی شـاعیر هەسـتی پـێ دەکـات بـە شێوەیەکی شاراوە و کپ و ناڕاسـتەوخۆ، لەمـەوە واتاکـە دەگوازرێتـەوە بـۆ جیهـان لـە شـێوەی وێنەیـەکی بەرجەسـتەیی هەسـت پـێ کـراو ))[3]،کەواتە کورتەی ئەو خاڵە ئەوەیە(( درکە توانا بـە ئـەدیب دەدات بـۆ دەربڕینی ئەوەی مەبەستیەتی بێ ئەوەی بە ئاشـکرایی دەری بخـات، یـان تووشـی گازانـدەو هەڵـدێرانی بکـات، و ڕێگـە دەدات بـە ئـەدیب بـۆ قسـەکردن بـۆ دەرخسـتنی مەبەسـت بـە بـێ برینـداربوونی هەسـت و شـەرمەزاری یـەك بـۆ گـوێگر ))[4]، هـەروەکو قوبـاد وەك پلارێـك بەرامبەرکەسێك دەڵێ : ـ

---

(٢) كتاب أحسن الصياغة في حلية البلاغة ـ في فن البيان و المعاني و البديع ، علم و أخلاق و حكم ، المؤلف : ـ عبدالله الفرهادي الواعظ ـ أربيل ، بغداد ـ مطبعـة سلمان الأعظمـي ، ١٩٦٧م ، ص ٢٥.

(٣) تعريف الكناية ، إنترنيت : ـ w.w.w.alsharazi.com .

(١) شعر جرير بن عطية ـ دراسة بلاغيـة أسلوبية ، رسالة دكتـورا، أمينـة حسين الموسـوي ، كليـة التربية ، الجامعة المستنصرية ، ١٩٩٧ ، ص ١٨٥.

(٢) البلاغة و الأسلوبية ـ مقدمات عامة ، يوسف أبو العدوس ( إعداد)، ص ١٢٢.

**من پتر فرمێسکی سوورم بۆ عومەری خاوەر و**

**جگەر گۆشەکەی داباراند**

**کەچی تۆ گەرمەشینت ، تەنیا، بۆ (محمد**

**الدرە) گێڕا !        ل ١٦**

شاعیر دەیەوێت دەری بخات کە دڵسۆزە بۆ نیشتمان و فرمێسك دەڕێژێت بۆ شەهیدانی وەك عومەری خاوەری هەڵەبجە، و ئەو سیفاتانەشی پێچەوانەیە لەگەڵ سیفاتی ئەو کەسەی بەرامبەری، بەڵام ئەو کردارەی بە هۆی ڕستەیەکی درکەیی دەربڕیووە کە بریتی یە لە: ـ ***گوێ نەدانی ئەو کەسە بە گەل و وولاتەکەی خۆی و کاریگەر بوونی بە خەڵکی تر لە دەرەوەی گەلەکەی*** ،و دەستەواژەی: ـ ***تۆ گەرمەشینت تەنیا بۆ(محمد الدرە) گێڕا*** ، نیشانەیە بۆ بوونی واتا درکەیی یەکە، واتە شاعیر بە هۆی بەکارهێنانی درکە بۆ ئەو پلارو ڕەخنەگرتنە شێوازێکی جوانتری بەو وێنەیە داوە کە بەواتای دروست ئەو جوانی یە بەدەست نەدەهات ، ئەمەش یەکێکی ترە لە سوودو گرنگیەکانی ئەو هونەرە.

٤. زۆرجار لە ڕێگەی درکەوە کەسێك دەناسرێت، واتە سیفاتی کەسێك بە شێوەی درکە دەردەخرێت و لەمەوە ئەم کەسە دەناسرێت گەر ناویشی نەبرێت، هەروەها زۆرجار درکە سوودی هەیە بۆ ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی کەسێکی دیاری کراو،کاتێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لەم کەسە بکرێت ئەم بەرزی یەی پێ نابەخشرێت کە درکە پێ ی

دەدات،واتە(( بۆ جیاکردنەوە لەنێوان کەسەکان بەهۆی دەربڕینی درکە وەك نیشانەیەك بۆ وەسفی ئەو کەسە ))(١)، هەروەکو لەم شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت،کە قوباد دەڵێ : ـ

**نە خەزنەی قارووونم لەبەر پێ ڕژاوە ..**

**نە بەلّقیس بە تارای سپییەوە ،**

**بۆ کۆشکی زاواییم**

**کەحێلی تاوداوە !** ل ٢٥٣

شاعیر لەم کۆپلەیەدا دەیەوێت دەری بخات کە توانای دارایی باش نی یەو بەخت و چارەنووسی باشی بۆ نەهێناوە، و ئەم سیفەتانەی بە پاڵپشتی دوو وێنەی درکەیی دەربڕیووە: ـ

١) ***وێنەی یەکەم : ـ***

*درك پێ کراو ←——— خەزنەی قارووونم لەبەر پێ نە ڕژاوە*

*درك بۆ کراو ←——— خۆ من خەزنەی قارووونم نەدۆزیووەتەوە، پارەو سامانم لەکوێ بوو ؟!*

*نیشانە { نە خەزنەی قارووون لەبەر پێم ڕژاوە، واتە خەزنەی لەبەر پێ نەڕژاوە، نیشانەیە بۆ بوونی واتای درکەیی لە سیفەتی هەژاری و نەبوونی*

) ***وێنەی دووەم : ـ***

*درك پێ کراو ←——— نە بەلّقیس بە تارای سپییەوە، بۆ کۆشکی زاواییم کەحێلی تاوداوە !*

---

(١) مجلة تراثنا، العدد ١٧، ص ٢٩، إنترنيت : w.w.w.rafed.net

| | |
|---|---|
| درك بۆ كراو | *بەخت و چارەنووسم وا باش ناهێنێت كە بووكی بەناوبانگی بەلقیس بە خێرایی ئەسپی كەحیلی تاوداو بەرەو كۆشكی زاوایەتیم بێت* |
| نیشانە | *نە بەلقیس بەرەو كۆشكی زاوایەتیم ئەسپی تاوداوە نیشانەیە بۆ بوونی واتای دركەیی لە سیفەتی نەبوونی بەخت* |

وەك لە شی كردنەوەكەدا دەركەوت ، ئەو واتا دركەییانەی لەو دوو وێنەیەدا هاتوون بوون بە هێزو پاڵپشتێك بۆ ناسینی ئەو كەسەی كە شاعیر باسی دەكات ، واتای دروست ئەو هێزەی نەدەبوو كە ئەو واتا دركەیی یە بەو بابەتەی بەخشیوە.

٥. شێوازی دركە ڕەوانترو بەهێزترە لە هونەرەكانی تری ڕوونبێژی ، هەرچەندە(( هەموو هونەرێكی ڕەوانبێژی واتا دەگەیەنێ بەلاّم لە دركەدا داهێنانی زیاتر لە شێوەی گەیاندن و چەسپاندنی واتاكەدایە بە شێوەی هەندێك شاراوە دەگەیەنرێت، بەلاّم ئەو شاراوەییە دیاردەیەكی هونەرییەو زۆر لە گەیاندنی ڕاستەوخۆ ڕەوانترەو بەهای هونەریی دركە كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لە پێكهێنانی وێنەی هونەری و دەرخستنی سیما هونەریە شاراوەكانی كە لە دیاردەی جوانی و داهێناندا دەردەكەوێ، پێوەندی هەردوو واتا(حەقیقی ـ دركەیی ) لەم هونەرەدا هاوتایی و پاشكۆیە نەك گواستنەوە (النقل) و واژە

بەکارهاتوەکانیش بۆ واتای ڕاستی خۆیان بەکار هاتوون ))[1]، ئەم خاسیەتانە بووە بە هۆی بە هێزبوونی درکە بەسەر هونەرە ڕوونبێژی یەکانی تردا، هەروەکو لەم شیعرەی خوارەوە ئەو هێزو ڕەوانی یەی درکە دەردەکەوێت کە قوباد دەڵێ :-

**( گیا )**

**تۆ نەبوویتایە نەمری**

**چ کۆستێکی مەزن دەبوو**

**بێنە با ڕاتمووسم**

**چۆکم لەبەر بەژنت دادەم**

**لە کێڵی مردووان**

**لە کێڵی زیندووان ، بە تیشک ناوت بنووسم**

**تۆ نەبوویتایە دەبوو من ، لە سۆراغ گیای مردنێ**

**خۆم لە دەریایان نقووم کەم**

**بێنە با ڕاتمووسم**

**ئەی مارە پیرۆزەکە**

**بێنە با ..        ل ١٧٥**

(١) وێنەی هونەری ( لە شیعری شێخ نوری شێخ صالح ) دا، عبدو لسەلام سالار عەبدو ڕەحمان ،ل ١٤٨.

لەم شیعرەدا زاراوەی :ـ ***چۆکم لەبەر بەژنت دادەم*** ، درکەیە لە سیفەتی پاڕانەوەو داواکردنی شتێك، وەك دیارە ئەو هێزەی لەو وێنە درکەیی یەدا هەیە هەرگیز لە واتای دروست یان لە هونەرەکانی تری ڕوونبێژی دا دەرناکەون، بۆیە هونەری درکەو وێنەی درکەیی بە بەهێزترو ڕەوانتر دەزانرێت بە بەراورد بە جۆرەکانی تری وێنەی ڕوونبێژی .

# ئـــەنجـام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بـە چـەند ئـەنجامێك گەیشـتین کـە گرنگترینیـان لـەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە :ـ

١. وێنـەی شـیعری ڕۆڵێکـی گـرنگ و سـەرەکی دەبینێـت بـۆ ڕازاندنـەوەو جوانترکردنی شیعر، و شاعیران دەیکەن بە بنەمایـەك بـۆ دەربڕینـی ئـەو بیروڕایانەی لە دڵ و دەروونیان پەنگی خواردووەو وێنـەی شـیعری دەکـەن بە هۆیەك بۆ گەیاندنی ئەو بیروڕایانە بە خوێنەرو گوێگران.

٢. ڕوونبێژی وەك بەشێك لە بەشەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گـرنگ دەبینێـت لە دروست بوونی وێنەی شیعری،و هونەرەکانی بەشی ڕوونبێژی دەبـن بـە بناغەی دروست بوونی ئەو وێنـە شـیعریانەی کـە بـە وێنـەی ڕوونبێـژی ناودەبرێن و بە جۆرێکی بڵاوی وێنەی شیعری دادەنرێن .

٣. شـیعری نـوێ و هاوچـەرخی کـوردی هـەروەك شـیعری کلاسـیکی ، وە هاوشێوەی شیعری گەلانی دەوروبەر بێ بـەش نـی یـە لـە بـەکارهێنانی هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی بـە گشـتی و هونـەرەکانی بەشـی ڕوونبێـژی بـە تایبـەتی، و شـاعیرانی هاوچـەرخی کـورد پشـت دەبەسـتن بـە هونـەرە ڕوونبێژیەکان بۆ بنیاتنانی وێنە شیعریەکان و بە هـۆی بـەکارهێنانی ئـەو هونەرانەوە شـیعرەکانیان پـڕن لـە وێنـەی شـیعری ناسـك و دڵگـیر کـە شیعرەکانی جوانتر کردوون.

٤. قوبادی جەلی زادەی شاعیر وەك نموونەیەکی شاعیرانی نوێگەرو هاوچەرخ بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە سەر بنەمای هونەرەکانی ڕوونبێژی بنیات ناوەو شیعرەکانی پڕن لەو وێنە شیعریانەی لەسەر بنەمای هونەرەکانی ڕوونبێژی بنیات نراون کە بە وێنەی ڕوونبێژی ناودەبرێن.

٥. وێنەی لێچواندن وەك یەکێك لە جۆرەکانی وێنەی ڕوونبێژی بەشێکی زۆرو بەرچاو لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە پێك دەهێنێت و زۆربەی وێنە ڕوونبێژیەکانی لە جۆری وێنەی لێچواندنەو شاعیر خاوەنی چەندین وێنەی لێچواندنی زۆر جوان و دڵگیرەو لە بەکارهێنانی زۆربەی شێوەکانی لێچواندن دەستێکی بالای هەیە، هەرچەندە زۆربەی لێچواندنەکانیشی تایبەت کردووە بە جەستەو لەشی ئافرەت و لە زۆر کۆپلەی شیعری دا جەستەو لەشی ئافرەتی کردووە بە لێچوو بۆ دیاردەکانی سروشت و لەم ڕووەو وێنەی لێچواندنی دەگمەن و بێ وێنەی بنیات ناوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر بابەتی تریش لە شیعرەکانی دا بەرچاودەکەون کە بوون بە بەشێك لە پێکهاتەی وێنە لێچواندنەکان.

٦. قوبادی شاعیر سەرکەوتووانە زۆربەی پەیوەندیەکانی نێوان واتای دروست و خوازەی بەکارهێناوە، و لە زۆر شیعریدا پشتی بەستووە بە بەکارهێنانی ئەو پەیوەندیانە کە دەبن                بە هۆی دروست بوونی وێنەی خوازەیی و لەم ڕووەوە شیعرەکانی بێ بەش نەبوون لە وێنەی خوازەیی جۆراوجۆر، بۆ زۆربەی جۆرەکانی خوازە نموونەی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێشی بنیات ناوە کە دەگمەن و سەرنج ڕاکێشن.

٧. لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی قوبادی شاعیر زۆر بـە ڕوونـی هەسـت دەکرێـت بە سەرجەم ئەو شێوازانەی شاعیران بـۆ دروسـت بـوونی وێنـەی خواسـتن دەیگرنەبەر، هەروەکو لە هەنـدێ شـیعریدا ڕۆح و گیـانی بەخشـیووە بـە دارودرەختـــی باخەکـــەی ، وە ئاخـــاوتنی ســـازداوە لەگـــەڵ باڵنـــدەو گیانلەبەران ، و گیـانی بـە بـەر بـەفرو بـەهارو پـایزدا کـردووە، ئەمانـە هەموویان ئەو شێوازانەن کە وێنەی خواستنی زۆرجـوان پێـك دەهێـنن و هەموویان لە شیعرەکانی قوباددا بە ڕوون و ئاشکرایی بەرچاو دەکەون .

٨. شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە پڕن لەو وێنە شـیعریانەی کـە بـە وێنـەی درکەیی ناودەبرێن و هونـەری درکـەش وەك هونـەرەکانی تـری ڕوونبێـژی بەشێکی زۆر لـە شـیعرەکانی شـاعیر پێـك دەهێنێـت و هـەموو جـۆرە باوەکانی درکە لە شیعرەکانی دا بەرچاو دەکەون.

٩. لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات کـە شـیعرەکانی قوبـادی جـەلی زادە هـەر تـەنها تایبـەت نـین بـە پیاهەڵـدان و وەسـفکردنی ئـافرەت و سـەرجەم شـیعرەکانی هـەر بـۆ ئـافرەت تایبـەت نـەکراوە کـە خـاڵی ناسـینەوەی شیعرەکانیەتی، و زۆرکەس وای بۆ دەچێت کە هـەموو شـیعرەکانی تـەنها لەو بابەتە پێك هاتوون و بایەخی بـە بابـەتی تـر نـەداوە، بـەڵکو شـاعیر زۆر بابەتی تـری تایبـەت بـە کـوردو کوردسـتان و شـارەکەی و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی پشتگوێ نەخسـتووەو ئـاوڕی داوەتـەوە لـەو شـەڕو نەهامەتیانـەی گەلەکـەی تووشـی هـاتووەو ئامـاژەی کـردووە بـە شەهید و بە شاعیرە ناودارەکان و بـە چـەندین بابـەتی تـریش ،و ئەمانـە هـەموویان و زۆر بابـەتی تـریش بـوون بـە نـاوەڕۆکی دروسـت بـوونی

شـــیعرەکانی ، هــەروەك لــەو نموونــە شــیعریانەدا دەردەکــەون کــە بــۆ جۆرەکانی وێنەی ڕوونبێژی شی کراوەتەوە و تیایدا دەردەکەوێت.

# بیبلۆگرافیای ســـەرچـــاوەکـان

## ١ ـ قورئانی پیرۆز

## ٢ ـ سەرچاوە کوردیەکان : ـ

### أ ـ کتێب : ـ


- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ، علاء الدین سجادي ، بەغداد ، چاپخانەی مەعارف ، ٢٦٦٧ ك ـ ١٩٦٧ ز.
- ئەفسانەی سیزیف ، ئالبر کامۆ ، وەرگێڕانی : ـــ هدی إبراهیم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، چاپخانەی هێمن ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٦ .
- بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا ، دکتۆر دڵشاد عەلی ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردە، سلێمانی ، چاپخانەی ڕەنج ، ١٩٨٨ز.
- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠ــ ١٩٩١) ، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٣ز.

- خۆشـخوانی ، گوزارەکـاری - ڕەوانکـاری - جوانکـاری ، عـلاء الـدین سجادی، بەغداد ، چاپخانەی مەعارف، ١٩٧٨م.
- دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، د. دڵشاد عەلی ، سـلێمانی ، دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ،٢٠٠٧ .
- ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، شـنۆ محەمـەد مەحمود ، چاپی یەکەم ، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٧ ز.
- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا ، عزیـز گـەردی ، بەغـداد ، چـاپخانەی دار الجاحظ ، چاپی یەکەم ، بەرگی یەکەم ، ١٩٧٢ .
- ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر بەناونیشانی ئـەدیب و ئەرکـەکانی قۆنـاغ ، دکتۆر کەمال مەزهەر، فوئاد مەجید میسـری کردوویـە بـە کـوردی ، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری - بەڕێوەبەرایـەتی خانـەی وەرگێـڕان ، چـاپخانەی شڤان ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٤ .
- شـەهید بـە تـەنیا پیاسـەدەکات ، قوبـادی جـەلی زادە، هــەولێر، بڵاوکـراوەی ئـاراس - چـاپخانەی دەزگـای ئـاراس ، چـاپی دووەم ، ٢٠٠٧ز.
- شیعرو ئەدەبیاتی کـوردی، ڕەفیـق حیلمـی ، أربیـل ، مطبعـة التعلـیم العالي ، بەرگی ١و٢ ، ١٩٨٨ ز.
- چەپکێك لە گوڵزاری نالی ، مەسعود محەمـەد ، هـەولێر ، بڵاوکـراوەی ئاراس ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٧ ز.

- گەشتێ لە عیلمی بەلاغة ـ معاني ، بيان ، بديع ، عروض ، قافية ، كوردي ـ فارسي ـ عربي ، تأليف محمد سعيد إبراهيم محمد ، أذربايجان غربي ، مهاباد ، ١٣٦٤ .
- لێكۆڵینەوەیەك لەشیعری حەمدی، د.عەبدوڵڵا خدر مەولود، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٤ز ، چاپی یەكەم .
- هونەری شیعر ـ شیعر ناسی ، ئەرەستۆ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەكی و پەراوێزی ، عزیز گەردی ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما ، ٢٠٠٤ .
- هونەری شیعر ، هۆراس ، وەرگێڕانی حەمید عەزیز، سلێمانی ، چاپخانەی چوار چرا، چ.دووەم ، ٢٠٠٥ .
- وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی كوردی دا، عبدالقادر محەمەد ئەمین ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٢ .

## ب ـ نامە ئەكادیمیەكان :ـ

- ڕوونبێژی لە شیعری كلاسیكی كوردیدا ـ بە نموونەی مەلای جەزیری و نالی ، نامەی ماستەر، نوزت أحمد عثمان ،كۆلیجی ئاداب ، زانكۆی سەلاحەدین ، كانونی یەكەمی ١٩٩١ .
- شێوازی شیعری گۆران ، پەخشان عەلی ئەحمەد، نامەی ماستەر ، كۆلیجی زمان ، زانكۆی كۆیە ،٢٠٠٧ ز.

- وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، عادل مەجید محمد گەرمیانی ، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی پەروەردە ـ إبن رشد ، زانکۆی بەغدا، ۲۰۰۰ز ، ل ١٨
- وێنەی هونەری ( لە شیعری شێخ نوری شێخ صالح ) دا ، نامەی دکتۆرا ، عبدو لسەلام سالار عەبدو ڕەحمان ، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، ۲۷۰٦ ك ـ ۲۰۰٦ ز.

## ج ـ گۆڤارەکان :ـ

- ئەوزاری لێکچواندن لە شیعری کوردیدا ، سەردار ئەحمەد گەردی ، گ. کاروانی ئەکادیمی ، ژ. ۲ ، بەهاری ۱۹۹۷ .
- ڕاگەیاندنی ڕێبازی وێنەیی ، د. عادل گەرمیانی ، گ. ڕامان ، ژ.٦٧، ۲۰۰۱ .
- شاعیرانی وێنەیی و چەمکی وێنەی هۆنراوەیی ، د.عادل گەرمیانی ، گ. ڕامان ، ژ. ٦١ ، تەمموزی ۲۰۰۱ ز.
- شیعری وێنەیی ، پەروین عەبدوڵلا، گ. ڕامان ، ژ. ٣٦ ، حوزەیرانی ١٩٩٦ .
- قوبادی جەلی زادەو هێنانەوەی جەستە لە مەنفا ، دیدار ـ گفتوگۆی تەلعەت تاهیر، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ،ژ.(٥)،ساڵی یەکەم ،کانوونی دووەم ، ١٩٩٨ .

هونەری لێکچوواندن لە شیعرەکانی ( بێخود) دا ، هەڵمەت حوسێین محێدین ( ١ ـ ٢ ) ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٦٢ ، ساڵی شەشەم ، ئاب / ٢٠٠١ .

وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردی دا ، کریم شارەزا ، گ. ڕامان ، ژ. ٩ ، ساڵی یەکەم ١٩٩٧ .

## ٣ـ بە زمانی عەرەبی : ـ

### أـ کتێب :ـ

أبحاث في بلاغة القرآن الكريم ، محمد كريم الكواز، مؤسسة الإنتشار العربي ، بيروت ـ لبنان ، الطبعة الأولى ، ٢٠٠٦ .

الإستعارة و المجاز المرسل ، ميشال لوغورن ، ت : حلاج صليبا ، مراجعة : هنري زغيب ، سوشبرس ، الدار البيضاء ، منشورات عويدات ، بيروت ـ باريس ، الطبعة الأولى .

إصداء دراسات أدبية نقدية ، أ.د. عناد غزوان ، كلية الأداب ، جامعة بغداد، من منشورات إتحاد كتاب العرب ، دیمشق ،٢٠٠٠ ، إنترنيت : w.w.w.awu-dom.org.

الإيضاح في علوم البلاغة ـ المعاني و البيان و البديع ، مختصر تلخيص المفتاح ، تأليف : الخطيب القزويني هو جلال الدين أبو عبدالله محمد قاضي القضاه سعد الدين أبي عبد الرحمن القزويني ، ( د.ت ).

- بداية البلاغة ، الدكتور السيد إبراهيم الديباجي ، إيران ، تهران ، چاپ : مهر- قم ، چاپ أول ، ١٣٧٦ .
- البلاغة العربية - المفهوم و التطبيق ، تأليف الأستاذ الدكتور حميد آدم ثويني ، كلية التربية - جامعة بغداد ، قسم علوم القرآن الكريم و التربية الإسلامية ، عمان - الأردن ، دار المناهج للنشر و التوزيع ، الطبعة الأولى ، ١٤١٧ هـ - ٢٠٠٧ م .
- البلاغة الواضحة ، البيان و البديع ، للمدارس الثانوية ، تأليف : علي الجارم و مصطفى أمين ، إنتشارات سيد الشهداء، مكتبة سيد الشهداء عليه السلام ، قم - پاساژ ، صاحب الزمان ، إيران ، چاپ دوم ، ١٣٧٤ هـ .ش .
- البلاغة و الأسلوبية ، د. محمد عبد المطلب ، دراسات أدبية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، ١٩٨٤ م .
- البلاغة و الأسلوبية - مقدمات عامة ، يوسف أبو العدوس ( إعداد )، المملكة الأردنية الهاشمية ، عمان ، الدار الأهلية للنشرو التوزيع ، الطبعة العربية الأولى ،١٩٩٩م .
- البلاغة و التطبيق ، الدكتور أحمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير، طبع بمطابع مديرية الدار الكتب للطباعة و النشر ، جامعة الموصل ، الطبعة الأولى ،١٩٨٢م - ١٤٠٢هـ .
- بنية اللغة الشعرية ، جان كوهن ، ت : - محمد الولي و محمد المعمري ، تم نشر هذا الكتاب ضمن سلسلة المعرفة الأدبية ، دار توتعال للنشر، المغرب ، دار البيضاء ، الطبعة الأولى ، ١٩٨٦ .

- التبيان في البيان ـ للطيبي ، شرف الدين الحسين بن محمد بن عبد الله ، المتوفي سنة ٧٤٢ هـ ، تحقيق : د. توفيق الفيل ، الأستاذ المساعد بكيلة الآداب جامعة الكويت و عبدالله لطيف لطف الله ، المدرس الأول للغة العربية بوزارة التربية بدولة الكويت ، مطبوعات جامعة الكويت ، الطبعة الأولى ، ١٩٨٦ .
- التصوير البياني ، د.حفنى محمد شرف ، الأستاذ المساعد للبلاغة و النقد الأدبي بكلية دار العلوم ، جامعة القاهرة ، الناشر مكتبة الشباب ، مطبعة العثمانية ، مصر، القاهرة ، شارع إسماعيل سرى بالمنيرة، الطبعة الثانية ، ١٩٧٢ .
- التصوير البياني في شعر المتنبي ، الدكتور الوصيف الهلال الوصيف إبراهيم ، أستاذ البلاغة و النقد بكلية اللغة العربية ، جامعة الأزهر ، مكتبة الوهبة ، القاهرة ـ ١٤ شارع الجمهورية ـ عابدين ، الطبعة الأولى ، ٢٠٠٦ م .
- التصوير الشعري ـ رؤية نقدية لبلاغتنا العربية ، الدكتور عدنان حسين قاسم ، الدار العربية للنشرو التوزيع ، دار الحنان للطباعة ، دار السلام ،شارع عباس العقاد ، مدينة نصر، د. ت.
- تهذيب البلاغة ، الدكتور عبد الهادي ، المجمع العلمي الإسلامي ، المطبعة نهضت ، ١٣١٨ـ ١٣٧٧ ، هـ .ش.
- جماليات الأسلوب ـ الصورة الفنية في الأدب العربي ، الدكتور فايز الداية ، دمشق ـ دار الفكر، بيروت ـ دار الفكر المعاصر ، مكتبة الأسد ، ١٩٩٦ .

📖 جمهورية أفلاطون ، نقلها إلى العربية حنا خباز، بغداد، منشورارت مكتبة النهضة ، مطبعة بابل ،( د.ت ).

📖 جواهر البلاغة ـ في المعاني و البيان و البديع ، تأليف : معلم البيان أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمي ، طبعة جديدة منقحة ، إعتنت بها نجوى أنيس ضو، مجازة في اللغة العربية ، نشر بخشايش ، إيران ، قم ، نوبة الطبع الأولى ، الصيف ١٤٢١هـ ١٩٩٨م .

📖 حسن التوسل إلى صناعة الترسل ، شهاب الدين محمود الجليي ، ٧٢٥ هـ، تحقيق و دراسة : أكرم عثمان يوسف، الجمهورية العراقية، وزارة الثقافة و الإعلام، دار الرشيد للنشر، سلسلة كتاب التراث (٨٦)، دار الحرية للطباعة ،١٩٨٠ .

📖 الحقيقة و المجاز في القرآن الكريم ، د. علي محمد حسن ، الطبعة الأولى ، مطبعة السعادة ، بيروت ، لبنان ، ١٩٧٤ .

📖 الخطاب الشعري الحداثوي و الصورة الفنية ـ الحداثة و تحليل النص ، عبد الاله الصائغ ، الناشر المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء ، بيروت ، الحمراء، الطبعة الأولى ،١٩٩٩ .

📖 دروس في البلاغة ، الشيخ معين دقيق العالمي ، مكتب التحقيق و تأليف الكتب الدراسية ، المركز العالمي للعلوم الإسلامية، مطبعة الأمير، قم ، إيران ، سنة الطبعة ١٣٧٧ش ، ١٤١٦ هـ ، ق.

📖 دير الملاك ، دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي الحديث ، د. محسن إطيمش ، بغداد ـ الأعظمية ، وزارة الثقافة و الإعلام ، دار الشؤون الثقافية العامة ، ١٩٨٦م .

📖 الشعر العربي المعاصر روائعه و مدخل لقرأته ، الدكتور طاهر أحمد المكي ، مصر ، طبع بدار المعارف ، ١٩٨٠م .

📖 الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الإسلام ـ دراسة ، د. صاحب حليل إبراهيم ، ديمشق ، من منشورات إتحاد كتاب العرب ، إنترنيت : .w.w.w.awu-dom.org

📖 الصورة الشعرية ، تأليف ـ سي دي لويس ، ت : د. أحمد نصيف الجنابي ، مالك ميرى ، سلمان حسن إبراهيم ، مراجعة : د. عناد غزوان إسماعيل ، الجمهورية العراقية ، منشورات وزارة الثقافة و الإعلام ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٢ .

📖 الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب ، د.جابر عصفور، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، بيروت ـ الحمراء، الطبعة الثالثة ،١٩٩٢م .

📖 الصورة الفنية في الخطاب البلاغي و النقدي ، تأليف : الولي محمد، الناشر: المركز الثقافي العربي ـ بيروت ـ الحمراء ، الدار البيضاء ،١٩٩٠م .

📖 الصورة الفنية في شعر الطائيين بين الإنفعال والحس ، الدكتور وحيد صبحي كبّابة ، من منشورات إتحاد كتاب العرب ، مكتبة الصيد الفوائد ، إنترنيت : .w.w.w.Saaid.net.

📖 الصورة الفنية معياراً نقدياً ـ منحنى تطبيقي على شعر الأعشى الكبير ، د. عبد الاله الصائغ ، عراق ، بغداد ، أعظمية

، دار الشؤون الثقافية العامة ، مطبعة آفاق العربية ، الطبعة الأولى ، ١٩٨٧ .

- صورة المرأة في الأدب الأندلسي في عصر الطوائف و المرابطين ، الدكتور محمد صبحي أسعد أبو حسين ، عضو الهيئة التدريسية بكلية الأداب جامعة الزرقاء الأهلية ، عالم الكتب الحديث ، إربد ـ الأردن ، ١٤٢٦ هـ ، ٢٠٠٥ م .
- الصورة في التشكيل الشعري ـ تفسير بنيوي ، الدكتور سمير علي سمير الدليمي ، وزارة الثقافة و الإعلام ، دار الشؤون الثقافية العامة ، مطبعة آفاق العربية ، بغداد، الطبعة الأولى ، ١٩٩٠ .
- الصورة في الشعر المتنبي (المجاز) ، الدكتور منير سلطان ،أستاذ النقد و البلاغة ، كلية البنات ، جامعة عين شمس ، مصر،منشأة المعارف جلال حزي و شركاه بالأسكندرية ، مطبعة عصام جابر، ٢٠٠٢م .
- الصورة في شعر بشار بن برد ، د. عبد الفتاح صالح نافع ، دار الفكر للنشر و التوزيع ، عمان ـ الأردن ، ١٩٨٣ .
- الصورة في قصيدة الرؤيا ــ تجربة الحداثة في مجلة (شعر) و (جيل الستينات في سورية)، د. عبد الله العساف ، الناشر: دار دجلة ، سورية ، القاميشلي ، الطبعة الأولى ، ٢/ ١٩٩٦ .
- علم أساليب البيان ، الدكتور غازي يموت ، أستاذ مادتي البلاغة العربية و المدارس العربية و الأنواع الأدبية في كلية الأداب والعلوم الإنسانية في الجامعة اللبنانية ، بيروت ـ لبنان ، دار الأصالة للطباعة و النشرو التوزيع، الطبعة الأولى ،١٤٠٣ هـ ـ ١٩٨٣م .

- علوم البلاغة - البيان و المعاني و البديع ، تأليف المرحوم ، أحمد مصطفى المراغي ، أستاذ اللغة العربية بكلية دار العلوم ، راجعه و أشرف على تصحيحه : أبو الوفا مصطفى المراغي ، مدير مكتبة الأزهر ، الطبعة الخامسة ، المكتبة الحمودية التجارية ، (د.ت).
- عيار الشعر، محمد بن أحمد بن طباطبا العلوي ، شرح و تعليق : عباس عبد الستار ، ماجستير في الأدب العربي ، مراجعة : نعميم زوزو - دبلوم دراسات العليا في اللغة العربية و آدابها، منشورات محمد علي بيضون ، دار الكتب العلمية ،بيروت - لبنان ، طبع ٢ ، ٢٠٠٥م.
- فخرالدين الرازي بلاغياً، تأليف : ماهر مهدي هلال ، منشورات وزراة الإعلام في الجمهورية العراقية، بغداد، دار الحرية للطباعة ، ١٩٧٧ـ ١٣٩٧ ، ص ١٣٤ ، و الايضاح في علوم البلاغة ، المعاني و البيان و البديع، مختصر تلخيص المفتاح، تأليف الخطيب القزويني .
- كتاب أحسن الصياغة في حلية البلاغة - في فن البيان و المعاني و البديع ، علم و أخلاق و حكم ، المؤلف : - عبدالله الفرهادي الواعظ - أربيل ، بغداد - مطبعة سلمان الأعظمي ، ١٩٦٧م.
- كتاب الصناعتين الكتابة و الشعر، تصنيف : أبي هلال الحسن بن عبد الله بن سهل العسكري ، توفي : ٣٩٥ هـ ، تحقيق : علي محمد البجاوي و محمد أبو الفصل إبراهيم ، دار الفكر العربي ، الطبعة ٢ ، كويت ، د. ت .

- كتاب نقد الشعر، لقدامة بن جعفر ، الكاتب البغدادي ، تحقيق : كمال مصطفى ، الناشر : مكتبة الخانجي بمصر و مكتبة المثنى ببغداد، ١٩٦٣ .
- المجاز في البلاغة العربية ، الدكتور مهدي صالح السامرائي ، ساعدت جامعة بغداد على نشره ، دار الدعوة ، حماه ـ سورية ، الطبعة الأولى ،١٣٩٤ هـ ـ ١٩٧٤م .
- مختصر المعاني ، لسعد الدين التفتازاني ، الناشر إنتشارات دار الفكر، إيران ، قم ، ١٣٣ .
- معجم النقد العربي القديم، الدكتور أحمد مطلوب، الجزء الثاني ( ر ـ ي)، وزارة الثقافة و الإعلام العراقية ، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامية ،١٩٨٩ .
- مفتاح العلوم ، تأليف : أبي يعقوب بن أبي بكر محمد بن علي السكاكي ، مطبعة مصطفى البابي و أولاده بمصر، الطبعة الأولى ، ١٣٥٦ هـ ـ ١٩٣٧م .
- موجز البلاغة ، للعلامة الشيخ الإمام محمد طاهر بن عاشور، إنترنيت : ـ مكتبة صيد لفوائد .w.w.w.Saaid.net.
- الميسر في البلاغة العربية ـ علم البيان ، علم المعاني ، علم البديع ، إبن عبد الله شعيب ، دروس و تمارين ، الجزائر ، دار الهدى ـ عين مليلة ،( د.ت ).

- نظرية الأدب ، الدكتور شفيق يوسف البقاعي ، منشورات جامعة السابع من أبريل ، الجماهيرية العربية الليبية ، الطبعة الأولى ،١٤٢٥م .
- النظرية الإستبدالية للإستعارة ، د. يوسف مسلم أبو العدوس ، جامعة كويت ، حوليات كلية الأداب ، الحولية الحادية عشرة ، ١٩٩٠م .

## ب ـ نامە ئەکادیمیەکان : ـ

- البناء الشعري عند إبن زيدون ، رسالة ماجستير ، عمر خليل إبراهيم المحمدي ، كلية التربية ، جامعة الأنبار ، ١٩٩٦ .
- البناء الشعري عند كَشاجّمْ ، ضياء عبدالرزاق أيوب العاني ، رسالة ماجستير ،كلية التربية ، جامعة الأنبار ،١٩٩٦ .
- البناء الفني في شعر الغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، رسالة دكتورا ، كلية الآداب ، جامعة بغداد، ١٩٩٦ .
- البنية الشعرّية في مسرحيات محي الدين زنكنه ـ دراسة أسلوبيّة ، رسالة دكتوراه ، باوەدين كريم مولود، جامعة سليمانية ، كلية اللغات ، ٢٠٠٧ .
- شعر جرير بن عطية ـ دراسة بلاغية أسلوبية ، رسالة دكتورا، أمينة حسين الموسوي ، كلية التربية ، الجامعة المستنصرية ، ١٩٩٧ .
- مستويات البناء الشعري عند الطغراني ، أحمد عبد الله حمود العاني ، رسالة ماجستير، كلية التربية ، جامعة الأنبار، ١٩٩٧ .

## ج ـ گۆڤارەکان :ـ


- طبيعة الصورة الشعرية ، تأليف : ـ سي دي لويس ، ت : أحمد نصيف الجنابي ، م. الثقافة الأجنبية ،ع ١ ، ١٩٨٠ .


## ٤ـ سەرچاوە فارسيەکان : ـ


- بيان ـ با تجديد نظرو إضافات ، دكتور سيروس شميسا ، تهران ، چاپخانه رامين ، ١٣٧٤ .
- مجاز در چند غزل حافظ شيرازي ، پايان نامەی تحصيلی جهت أخذ درجه كار شناسی در رشتەی زبان فارسی ، پشتيوان عمر محمد أمين ، دانشگاه صلاح الدين ـ أربيل ، دانشگده زبان ، رشتەی زبان فارسی ، ٢٠٠٦ م ، ١٣٨٥ هـ ش .


## ٥ـ سەرچاوە ئینگلیزیەکان : ـ


- ***A Study of metaphor, Moo I j ,J.J.A.(1976),North Holland , publishing company.***
- ***Modern Rhetoric Harcoutt ,Brooks , cleanth , Robert pem warren (1970 ), Brace and world .***
- ***Rhetoric , Peter Dixon, The Critical Idiom, Fonder Editor : John D. Jump( 1969-1976),Methuen London and New York.***

## ٦ـ فەرهەنگەکان : ـ


- فەرهەنگا گولی ، فارسی ـ کوردی ، مەسعود خالد گولی ، دهۆك ، دەزگایا سیپێرز یا چاپ و وەشانێ ، چاپا ئێکێ ، ٢٠٠٢ .
- فەرهەنگی بابان ـ فارسی ـ کوردی ، شکراللە بابان ، إنتشارات کردستان ، سنندج ، إیران ،١٣٨٤ .
- فەرهەنگی دەریا ، عەرەبی ـ کوردی ، ئا : ڕزگار کەریم ، ناشر : نەشری ئیحسان ،کتابخانە ملی إیران ، تهران ، ١٣٨٥ ، بەرگی ١و٢ .
- فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ، ئەدەب ـ ڕەخنەی ئەدەبی ـ تیۆری ئەدەبی ، دانانی : بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی ، هەولێر، بلاّوکراوەی ئاراس ، چ ١ ، بەرگی یەکەم ، پیتی ( ئـــ ) تا کۆتایی ( جێ ) ساڵی ٢٠٠٤ .


## ٧ـ ئێنتەرنێت :ـ


- w.w.w.alhawali.com.
- w.w.w.alsharazi.com.
- w.w.w.arabicnadwah.com.
- w.w.w.ar-wikipedia.org.
- w.w.w.awu-dam.org.
- w.w.w.droob.com.
- w.w.w.incompetech.com.
- w.w.w.Saaid.net.

- w.w.w.rafed.net. مجلة تراثنا، العدد ١٧، ص ٢٩
- w.w.w.Cgie.org. مرکز دائرة المعارف بزرگ إسلامی ، کتابخانەهای دیجتال

## ٨ ـ چەند نامەیەکی ئەلیکترۆنی قوبادی جەلی زادەی شاعیر.

# مُـلـخـص الـبـحـث

هذه الرسالة الموسومة بـ ( ***الصُّورة البيانية في المجموعة الشعرية-الشهيد يتفسح لوحده - للشاعر قوباد جلى زاده*** ) دراسة نقدية بلاغية.

حاول الباحث في هذه الدراسة إن يُـبرهِن علـى وجـود الفنـون البيانيـة لـدى الشـعراء المعاصـرين و الحداثيين ، كما كـان موجـوداً لـدى الشـعراء الكـورد الكلاسكيين .

هذه الرسالة تجيب على الرأي الخاطيء الذي يقـول : ـ إن الفنـون البلاغيـة مــن خاصــية الأدب العربـي فحسـب ، و في الوقـت نفسـه ردٌّ علـى اللـذين أختصوا الشعر الكلاسيكى الكوردي بهذه الفنـون لوحـده ،و يظنـون إن هـذه الفنون لاوجود لها في الشعر الحديث الكوردي.

هذه الدراسة تُبرهِـن علـى إن الشـعر المعاصـر الكـوردي شـأنه شـأن الشـعر الكلاسيكي و الشعر العربي زاخـر بـالفنون البلاغيـة ، و يسـتفيد منهـا ، لا سيَّما ( التشبية و المجاز و الكناية ) ، و كذلك تُبرهِن على إن الشـعر المعاصـر فيه الصور الشعرية الجميلة التي أساسُها هذه الفنون الثلاثـة ، و هـذه الصـور تعرف بالصور البيانية .

لقد ركز البحث على مجموعة الشعرية واحدة للشاعر ***قوباد جلـى زاده ــ الشهيد يتفسح لوحده -*** لكي تكون الدراسة المركزة، و تسـتطيع الغـوص و التقصي في الأعماق ، و لكي يعطي الموضوع حقه.

لقد حتمت المادة العلمية المجتمعة لدى الباحث بناء بحثه على مقدمة و تمهيد ، تليهما فصول الثلاثة ، و تتلوها نتائج البحث و قائمة المصادر و المراجع .

في التمهيد عرفنا الصورة الشعرية و أنواعها و فائدتها بالشكل العام .

خصص الفصل الأول لـ ( ***الصور التشبيهية*** ) ، و يضم التعريف العام للتشبية ، و للصور التي أساسها التشبية ، ثُّم بينا أساسيات التشبية و شروطه ، و أردفنا ذلك بذكر القصد من التشبية و أنواعه إعتماداً على النماذج الشعرية من شعر ***قوباد جلى زاده*** ، و في الخاتمة هذا الفصل ركزنا على قوة البلاغية للصورة التشبيهية .

أمّا الفصل الثاني ( ***الصورة المجازية*** ) فيدرس الصور الشعرية التي تعتمد على الفنون المجازية بأنواعها المختلفة ، في البداية عرفنا المجاز و الصور المجازية ، ثم تطرقنا إلى فوائد و أهمية المجاز، ثم عرجنا إلى أساس بناء هذه الصور، و أردفنا كل ذلك بذكر أنواع الصور المجازية و المجاز المرسل و الإستعارة مستنِداً على النماذج الشعرية في المجوعة الشعرية المذكورة .

أمّا الفصل الثالث و الأخير فعنوانه ( ***الصور الكنائية*** )، فيه ركز الباحث على الصور التي أساسها فن الكناية ، يبدأ هذا الفصل كالفصول السابقة بتعريف عام للكناية ، ثم تركز على الفروق الجوهرية بين الكناية و المجاز، ثم أتبع ذلك بذكر أنواع الكناية مع الإتيان بنماذج ملائمة لكل نوع من شعر المجوعة الشعرية المذكورة أعلاه للشاعر ***قوباد جلى زاده*** ، ثم عرضنا الفوائد و أهمية الصورة الكنائية .

و في الختام سجلنا أهم النتائج التي توصل إليها البحث ، و أتبعنا ذلك بتسجيل جميع المصادر و المراجع المعتمدة في هذه الرسالة .

# ABSTRACT

***Rhetoric Imagery in the collection of poems of (Martyr is walking alone) by Qubadi Jali Zada*** , is a rhetorical critical study in which we have tried to show that the use of rhetorical techniques is not restricted to classical Kurdish poetry alone; it has been utilized by modern poets as well. The study is a response to the mistaken view that belongs exclusively to Arabic literature, it is also intended as an answer to those who consider these techniques as specific classical poetry techniques and that they do not appear in modern poetry. This study shows that modern Kurdish poetry, like classical and Arabic Poetry is not far from capitalizing on rhetorical techniques such as " Similie, Metaphor, metonymy" and justifies the fact that there can be modern poetic imagery written on the basis of these techniques more commonly known as rhetorical imagery. This study deals with the collected poems of

*(Martyr is walking alone) by Qubadi Jali Zada* as an example on rhetoric. Moreover, to give sufficient and extensive detail on the subject, we have confined our study to the only collection mentioned above. The study is divided into three chapters as follows:

- In the first chapter entitled (Similie), after a general definition of the poetic imagery written on the basis of Similie, then the basis and qualifications of Similie have been covered. Following this, the purposes and types have been analyzed with reference to the Jali Zada's poems. At the end of this chapter the effect of Similie has been clarified.

- Metaphor is the title of the second chapter in which poetic imagery which depends on metaphor and its types have been treated, at the beginning of this chapter, the concept of metaphor is defined followed by its significance and its uses. Finally, the types of metaphor i.e. absolute metaphor and borrowing

with reference to the collected poems of Jali Zada have been analyzed.

- ❖ The third chapter entitled (metonymy) shows those imagery which depend on metonymy. Like the previous chapters, this core also starts with a general definition. Then the difference between metaphor and metonymy in addition to the types of metonymy have been clarified, an appropriate example for each one has been chosen from Jali zada's poems. Finally, the significance and uses of metonymy have been highlighted.

As a result the study sums up all the important points which have been concluded in the whole study. Finally, a list of references cited or consulted is given.



View publication stats